تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

بیری ئازاد لێکۆڵینەوە عەقڵانیەت

نما

ژمارە 5 ی
بەهاری 2001

وەرزنامەیەکی فیکریی ئەدەبی سەربەخۆیە
سەنتەری نما لەهەولێر دەریدەکات
ژمارە 5ی بەهاری 2001

راوێژکاری نما:
رەوشت رەشید

سەرنووسەر
ئیسماعیل کوردە

دەستەی نوسەران :
جەمال حوسێن   رێبین رەسول ئیسماعیل
نیهاد جامی   نوری بێخاڵی

دەستەی وەرگێران:
ئاسۆ جەلال   کاسترۆ مەجید

کاری هونەری و پیت چنین : نما

ئارنیشان: کتێبخانەی زانکۆ / هەولێر
کتێبخانەی بەستە/ سلێمانی
کتێبخانەی خێرکۆ/ رواندز

لەم ژمارەیەدا

* کاڵووڕۆژانە ..	نما	3
*جاك دریداو تیۆری هەڵوەشاندنەوە	ن:خالیدە حامد تسکام و : نوری بێخاڵی	7
* بۆدریارو ئەو جەنگەی کە ڕوونادا	ن: کریستۆفەر نوریس و: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل	28
*چاوخشانێك بەژیانو بەرهەمەکانی ئادۆرنۆ	ن: ڕامین جیهانبەگلو و: دلاوەری ڕەحیمی	61
* زیندان ..پرۆسەی سڕینەوەی خود	کاسترۆ مەجید	86
*پرسی کورد، حەقیقەت و مەنفاکانی لەبیرچوونەوە ..	ئیسماعیل کوردە	98
* ئاماژەی زمانەوانی و دۆزینەوەی دەلالەتی مانا	نیهاد جامی	121
*کەموزیقا لەوێ نەبێ پڕاو پڕ دەبێم لەگوناه	ڕەوشت ڕەشید	134
*گفتوگۆ لەگەڵ ئەحمەدی مەلا	سازدانی: نما	155
*لەکەناڵی ڕەنگەوە بۆ تێگەیشتن لەماناو دروست بوونی بابەت	ڕەگەز ڕەشید	163
نسیێی نما		171
*هانا ئارێنت ئەرێنتی شاراوە	ن: ڕامین جیهانبەگلو و: موراد حەکیم مزوری	173
*ژنو بلیمەتان	ن: هاشم صالح و: ڕەوشت ڕەشید	177
* گۆرانیەك بۆشەوا	زۆراب	187
*ڕانانی کتێب	ڕەگەز ڕەشید	190

---

*جگە لەکاڵووڕۆژنە بابەتەکان ڕاوبۆچوونی نوسەرەکانیان دەردەبڕن.

*ئەو بابەتەی بڵاوناکرێتەوە خاوەنەکەی بۆی هەیە داوای بکاتەوە.

کلاورۆژنە

بارو هەل و مەرجی سیاسی ئەم دواییەی کوردستان بەهەرشێوەیەک بێت رامان دەکێشێتە نێو قسەکردن و ئاشکرێ ئێمە وەک گۆڤارێکی فیکری لەکوردستاندا، چاو لەبەرامبەر واقیعو پێشهاتەکانی بنوقێنین، بەتایبەتی کە لەم دواییانەدا هاوکێشە سیاسییەکان بەرەو ئەگەری جوڵان دەچن، بەوەی لەلایەک تەرژمێکی بێئومێد و لەسەرخۆ وەبەر ئاشتی نێوان هێزە سیاسیەکانی بەشەرهاتووی کوردستان هاتۆتەوەو سەرجەمی ئەو بارەش پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە مانەوەو نەمانەوەی ئەو دەڤەرە ئازادەوە هەیە،کە کۆمەڵگای تازە گەشەسەندووی کوردیمان دەیەوێ لەسایەی ئازادیی بەدەست هاتوویدا بیر لەژیان و گوزەرانی خۆی بکاتەوەو هەناسەیەک لەدەروازەکانی ئومێدی بدات و خەونی لەدەستدانی ئەم دەستکەوتەش زیندەبەچاڵ بکات، وەلێ ئەوەی لەم ماوەیەدا دێتە بەر دیدی ئێمەی ئەوەکانی ئازادی، چەندین هاوکێشەی ترسناکی سیاسی و سەربازین، لەدەوروبەری هەرێمی کوردستان وجێگای پرسیاریشە کە بلێین ئاخۆ کەی حزبە سیاسیەکان لەرێگای ریفراندۆم لەنێو خەڵکدا ئامادەو رای زۆرینە بۆ بریارە سیاسیە چارەنووسسازەکان وەردەگرن، ئاخۆ گفتوگۆ لەگەل رژێمی عێراقی، پێویستی بە راپرسی خەڵکەوە هەیە، یان بەوەی کۆمەڵانی خەڵک لەسەر دەمی کاربەدەستانی رژێم بیزانن؟ لێرەوە دەڵێین ئەو بارودۆخەی ئێستا لەئارادایەو کەوتۆتە بەر منگەمنگی سیاسەت و سەرکردایەتی سیاسی کوردی و لەوانەیە هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەشێوەیەک لەشێوەکان موزایەدە لەسەر خەڵکی کوردستان بکەن و لەبەرامبەر یەکیشدا لەجیاتی پەلەکردن لەئاشتی یاری زەمەنی مردنی ئەو ئازادییە بەرێوەببەن، پێویستە لەوە تێبگەین کە دۆزی کورد تەنها دۆزی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان نییە، هەر دانوستانێکیش ئەگەر سەرجەمی ئازادییەکانی خەڵکی کورد لەمافی چارەخۆنوسین لەرێگای ریفراندۆمێک کە نەتەوەیەکگرتووەکان سەرپەرشتی بکات بەدەست نەهێنێ، ئەگەرێکە ئەمانباتەوە بەردابەش بوونی کۆمەڵگای کوردی لەلایەنی سیاسی و مەسەلەی هەڵبژاردنی ژیان لەگەڵ کێدا؟ بۆیە ئەو مەسەلەیە بەهیچ شێوەیەک کەمتر نییە لەچەندین ساڵ خەباتی سیاسی و

چەکداری کورد لەپێناو ئەو ئازادییەی ئێستا هەیە لەگەڵ هەموو کەم و کورتی و لایەنە جوان و ئیجابیەکانیشی، کە پاراستنی ئەرکی زێدەتری دەوێت. لێرەوە گەرەکە بڵێین دانوستانی سیاسی لەگەڵ ئاوەندێکی دیموکراتیدا کاتێک دەکرێ بوونی هەبێ بۆ کارکردن لەسەر خواستی لەبەدەستهێنانی مافی فیدراڵ لە کوردستان و، بەپێی گونجان لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە لە عێراقی ئایندەدا حوکمدەکات، بەپێچەوانەوە ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی ئێستای کورد، باوەڕی بەهەر شێوەیەکی گەرانەوەو دانوستانی جیا لەمە هەبێ لەگەڵ ڕژێمی ئێستای بەعس لەعێراق، ئەوا سەددەرسەد ئەو بۆچوونە جێگای قەبوڵ نییەو دژبەخواستی زیاتر لە 80٪ ی خەڵکی کوردستانە. ئەمەش لەو پێوادانگەوە قەبوڵ نییە کە ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی خۆی بەخاوەنی شۆڕش و ئازادی وەدەست هاتووی ئەم دەساڵە بزانێ ئەبێ درک بەوەش بکات کە ئەوەکانی ئەم سەردەمەی ئێستای کوردستان کە ڕۆڵیان لە بەکۆمەڵگا بوون و گەشەسەندنی کوردستان هەیە بەهیچ شێوەیەک ناتوانن، لەگەڵ ڕژێمی ئەنفالچی و کیمیاباران و جینوسایددا، هەڵبکەن و مەبدەئی پێکەوەژیان هەڵبژێرن ، بۆیە واباشە بیر لەمقاوەمەت لەهەموو لایەنەکانەوە بکرێتەوە بۆ ڕاوەستاوی ئەوبارە ئازادییەی کە هەیە لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی حکومەتەکانی داگیرکەری کوردستان.

ئەمەو لەلایەکی دیکەوە هاوکێشە سیاسییەکان ئاماژە بەو ئەگەرو ترسەی سەرەوە دەکەن کە ئێستا نێوەندی سیاسی و ڕاگەیاندنی کوردی گرتۆتەوەو ڕژێمی دیکتاتۆری عێراقیش کەوتۆتە هەڕەشە لەو هەرێمەی ئێمە، لەبەرامبەریشدا یەکگرتووی گوتاری سیاسی بوونی نییەو هەر حیزبەو بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی وەڵامی ئەو هەڕەشانە دەداتەوەو دۆزەکە لەسیاسەتی حیزب بەولاوە هیچیتر تێناپەڕێنن، کە بێشک ئەم مەسەلەیە، کاریگەری سلبی لەڕووی نەبوونی هێزێکی یەکگرتوو لەبەردەم ئەگەرەکان دەبێ و بێ ئومێدی دەخاتە ئەو متمانەیەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ئیدارە کوردییەکانیان داوە، بۆیە لەدوای ئەم ئاماژە کردنە ئەم بابەتە گرنگە بەچەند پرسیارێک جێدەهێڵین کە: ئاخۆ کەی ئیدارە کوردییەکان هەست بەهەڕەشە بەردەوامەکانی ڕژێمی عێراقی و داگیرکەرە هەرێمییەکان دەکەن؟ کەی سەرکردایەتی سیاسی لەمەسەلە چارەنووسسازەکان فێردەبن بەمانایەکی دیموکراسیانە ریفراندۆم لەگەڵ خەڵکی خۆیان بکەن؟ ئەو ئازادییەی ئێستا هەیە هی حزبە یان هی خەڵك؟ ئاخۆ خەڵکی کوردستان دوای دەساڵ گۆڕان و بەرهەم هێنانی کەلتوور و ژیارێکی جیاو زیندووکردنەوەی ڕۆحی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆی ئامادەیە ئەو ئازادییە بەئاسانی تەسلیمی حیزب وبەرنامە بێ بەرنامەکانی بکەن؟ ئەی کە هێزێکی نیشتیمانی یەکگرتوو

نەبێ دیفاع لەخاکی وڵات بکات، دەبێ چاوەڕێی چ ئەگەرێک بکەین؟ ئاخۆ تەسلیم بوونی سەرکردایەتی کورد بە بیرکردنەوە لەدانوستانە بێئەنجامەکان لەگەڵ ڕژێمە یەک بەدوای یەکەکانی عێراقی عەرەبی، تەسلیم بوونی ئیرادەی خەڵکە بەحیزب؟ لەگەڵ چ ڕژێمێک ئەکرێ کورد بژێت، ڕژێمێکی دیموکراتی کە دان بە مافی نەتەوەیی کورد دابنێت یان ڕژێمێک کە پێیوابێ" گەلی عێراق یەک گەلن و یەک مێژوون و یەک شارستانیەتن؟ ئەی سەرکردایەتی سیاسی نازانێ کورد نەتەوەی جیایە لەعەرەب و کەلتوور و شارستانیەت و مێژووی جیاوازی هەیە؟ ئەی نازانێ مێژووی ئێمە هەمیشە لەسەر دەستی ئەوانەی ئەمڕۆ پێیان وایە ئێمە یەک نەتەوەین ڕەش و تاریک کراوە، مێژووی ئازارو ئەهامەتیەکانە؟ نازانێ مێژووی ئەوان مێژوویەکە لەسەر داگیرکاری و لەناوبردنی ڕەگەزی ئێمە بونیادنراوە؟ بۆیە کورد لەم قۆناغەدا پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە لە چارەسەری مەنتقی و واقیع بینانە لەبەرامبەر دۆزەکەی و بەرپرسیارێتی مێژوویی بەرامبەر بەگەلی کوردستان پێویستیشە سامانی بەهەدەر چووی کورد لە مقاوەمەتی پارێزگاری لەئازادی و خاک سەرف بکرێت و لەپێناو گەشەی ژێرخان و سەرخانی ئابووری کوردستان بخەبتێن و مەسەلەو کێشە سیاسی و ناکۆکیەکانی ناوخۆ تاتەکرێ وەلا بنێن و لەبازنەی ستراتیژیەتی دۆزەکە کار بۆ یەکڕیزی نیشتیمانی و نەتەوەیی بکەین، تاوەکو کۆمەڵگای ئێمەش بزانێت کە حیزبە سیاسیەکان ئەگەر خاوەنی بەرنامەو پرۆژەی سیاسیی ڕزگاری بن، پێویستەکات پەلە لە ئاشتی و پێکەوەژیان بکەین و ڕێگا لەدابەش بوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەمان بگرین، لەبەردەم مەسەلەو پێشهاتە چارەنووسسازەکان.

(نما)

سوپاس و پێزانین

بەناوی گۆڤاری نماو دەستەی نوسەرانی سوپاسێکی پڕ بایەخی بەرێز کاک(ڕەوشت ڕەشید) دەکەین کە لەساڵی یەکەمی دەرچوونی گۆڤارەکەمان ئەرکی بەڕێوەبەری نوسینی گرتەدەست و بێ کەموکوڕی بەڕێوەی برد، ئێستاش کە گەڕی دووەمی دەرچوونی گۆڤاری نمایە لەسەر داواو بەرەزامەندی خۆیو لەبەر سەرقاڵبوونی بەخوێندنی دوا قۆناغی کۆلێژی پزیشکی، ئەم ئەرکەی دایەوە دەست گۆڤاری نما . سەنتەری نماو سەرجەم ئۆرگانەکانیشی وەك ڕێزلێنان لە بەرێزیو مانەوەی وەك خاوەنێکی پرۆژەکە پێی باش بوو وەك راوێژکاری نما ،کەشایەنی زیاتریشە بەشداربو درێژە پێدەری سەرکەوتنەکانی نما بێتو بەقەد تەمەنی جوانیەکانی پرۆژەکەو خۆشەویستی تایبەتی سەرنوسەری گۆڤاری نما ڕێز لەماندووبوونیەکانی دەگرین.

سوپاس و ڕێزمان بۆ:

(کاك فەروخ نیعمەت پوور و محەمەد نووری ئەحمەد) کە تاوەکو ژمارەی چوارەمی گۆڤارەکەمان لەگەڵماندا وەك دەستەی نووسەران بەشداربو پشتیوان بوون، لێرەوە سوپاسی ئەرکو ماندووبوونیان دەکەین. جیالەمەش لەسەرداوای ئێمەو ڕەزامەندی دەربڕینمان هەر (دەست لەکارکێشانەوەیەك) کرابێت لەرێکەوتی گەیشتنی قەبوڵ بووەو نما بەپێویستی نەزانیوە بەرەسمی وەڵام بداتەوەو کاتی خۆی بەو بابەتانە بەفیڕۆ بدات.

سەنتەری نما
بۆ پێگەیاندنی فیکری و [illegible]
لەهەولێر

جاك دريداو تيۆرى هەڵوەشاندنەوە

ن : خالده حامد تسكام

و: نووری بێخاڵی

لە دوای بونیادگەری،هەڵوەشاندنەوە بە گرنگترین بزاڤی نێو رەخنەی ئەدەبی دادەنرێ،رەنگبێ بزاڤێك لەناو رەخنەی ئەدەبیدا نەبێت وەك ئەوەی هەڵوەشاندنەوە لەم ساڵانەی دواییدا كردی،بەجۆرێك شەپۆلەكانی خەڵكی سەرسام كرد،ئەمەو وێرای ئەوەی كەلەهەر بزاڤێكی دی زیاتر گفتوگۆو وتوێژی ورووژاند.بۆ نموونە لەلایەك دەبینین هەندێك لە رابەرو كۆڵەگەكانی رەخنە،وەكو(ج.هیلیس میلەرو پۆڵ دی مان و جیفری هارتمان و هارۆڵد بلوّم) وێرای جیاوازی شێوازی كاركردنیان لەسەر هەردوو ئاستی بەرجەستەكردن و تیۆری،بەڵام هەڵوەشانەوەیین،لەلایەكی تر زۆر لەو رەخنەگرانەش دەبینین كەلە خانەی رەخنەی كلاسیكیدان،بێزاری خۆیان لەو بزاڤە دەردەبڕن و،ئەو تیۆرە بەشتێكی پوچ و دڕندەو تێكدەر دەزانن،ئەمە لەكاتێكدایە كە هیچ ناوەندێكی فكریش چ لە ئەورووپا یان ئەمریكا سەبارەت بەبەهای ئەو تیۆرە نوێیەی رەخنە لە گفتوگۆ خاڵی نەبوون.

ئایا بەراستی هەڵوەشاندنەوە وێرانكەرە؟ئەگەر وەڵامەكە نەرێیە ئەمە چۆنەو بۆ وایە؟ئەگەریش وەڵامەكەی نەرێیە،ئەو ترسە لەپای چی؟دیارە دوای تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی چەمكە بنەرەتیەكانی هەڵوەشاندنەوە نەبێت ناتوانرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە.پێدەچێ باشترین بابەتیش كەلێیەوە دەست پێبكەین بۆ بەدواداچوونی مەبەستەكەمان،پەرتووكی (زانستی نووسین–of grammatoiogy)بێت.ئەو پەرتووكەی كە بەزمانی هەڵوەشاندنەوە دادەنرێت و،ئەو كارە دیارو ناسراوەیە كەفەیلەسوف و رەخنەگری فەرەنسی(دریدا)جێبەجێی كردووە.

پێم وایە ئەمە لێكۆڵینەوەیەكە دەیەوێ دریداو تیۆرەكەی لە هەڵوەشاندنەوە بخوێنێتەوە،ڕووبەڕووی دوو ئاستەنگی سەرەكی دەبێتەوە.یەكەمیان دەرهاویشتەی شێوازی خودی دریدایە كەبە ووڕاندنی سەرسامی دەناسرێتەوە.ئەمە وێڕای ئەو چەمكانەی بەكاریدەهێنێ.دووەمیان زنجیرە راوبۆچوونێكی رەخنەیین كە بەچەند تەئویلێكی ئاتەواو، یان تەئویلی خراپی misinterp retations شیمانەكراو دادەنرێن. intereretations ئەمەو سەرەڕای تیشك خستنە سەر چەند چەمكێكی گران كە دریدا پێكیهێناون. كەدواتر خۆم بەر لەدەست پێكردنی پێشەكی وەسفیو هەڵسەنگاندنی چەمكەكانی هەڵوەشاندنەوە كار لەسەر بەدیارخستنی هەندێك لەو لێكدانەوە رەخنەییانە دەكەم.

(م.ە.ئەبرامز) جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە دیارترین بەش لەتیۆری دریدا بریتییە لە:

1-دریدا لێكۆڵینەوەی خۆی لەزمانەوە دەگوازێتەوە بۆ نوسین، واتا دەقی نوسراو یان چاپكراو.

2- دریدا دەق بەرێگایەكی دیاریكراوی نائاسایی وێنا دەكات.

(ئەبرامز) بەتەنها مەبەستی سادەكردنەوەی پێگەی دریدا نەبووە، وەكو هەڵوەشێنەرێك لەرێگای هاوتاكردنی لەگەڵ بونیادگەرە فەرنسیەكانی تر، بەڵكو تا ئاستێكی زۆر ئەوە بینراوە،لەكاتێكدا هەوڵی پێناسەكردنی هەندێ وشەی بنەڕەتی داوە لەرەخنەی هەڵوەشاندنەوەدا.وەكو (نوسین-ecriture)و (دەق- text)، ئەوەشی روونكردۆتەوە كە نوسین لای دریدا دەقی نوسراو یان چاپكراو دەگەیەنێ،چەمكی دەقیش بەشێوەیەكی نائاسایی چەمكێكی سنورداره.

لەدرێژەی هەڵسەنگاندن و قسەكردنم لەسەر دریدا، دەیسەلمێنم كە ئەو شتەی ئەبرامز هێناویەتە ئارا،شتێك نییە جگە لەكۆمەڵێك تەئویلی خراپ،كە تیایدا ماهیەتی هەڵوەشاندنەوەمان بۆ باس ناكات،بەڵكو باسی كۆمەڵێ شت دەكات كە هیچ پەیوەندیەك بەهەڵوەشاندنەوەیان نابەستێتەوە.

یەكێكی تر كە قسە لەسەر دریدا دەكات ، نیوتن گارڤەرە، گارڤەر جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە دریدا یەكێكە لەفەیلەسوفەكانی زمان،و، پێ لەسەر پێشینەی رەوانبێژی بەسەر

لۆژیك دادەگرێت: دریدا دەچێتە ژێر ئالأی ئەو بزاڤەی وا دەروانێتە ئەو كاریگەرییەی كە دەربڕینەكان(utterances) لەگوتاری پراكتیكدا هەیانە، بەو پێیە نوێنەری زمان و مانایە،ئەوەی دەبێتە هۆی ئەو پرۆسەیەش ئەوەیە كە لۆژیك بەهەڵێنجراوی هەندێ (ئیعتباراتی)رەوانبێژی دەزانێ.

ئەو بیانووەی كە دەڵێت هەڵوەشاندنەوە كایەیەكی ئەبیستمۆلۆژیی رەوانبێژییە، پاڵپشتی لەلایەن هیلیس میلەر- بەدەست هێناوە كە دەڵێ: هەڵوەشانەوە بریتییە لە گەڕان بەدوای ئەو میراتەی كە مەجاز و چەمك وگێڕانەوە یەك بۆ ئەوی‌تر جێدەهێڵن، لەبەر ئەوە هەڵوەشاندنەوە كایەیەكی ئەبیسمۆلۆژی رەوانبێژییە. موورای كریگەر پێیوایە كە دریدا بونیاگەرێكی رەخنەییەو بەسەر ئەو تیۆرەدا سەركەوتووەو شەكەتی كردووە، لەوانەیە لەكاریشی خستبێ، لەدرێژی قسەكانی‌دا دەڵێت : ئەو هێرشەی دریدا كرد، جۆرو شێوازێكی نوێكەرترە لەو هێرشە كلاسیكیەی كە ئافلاتوون كردییە سەر شاعیر ، بەوپێیەی دروستكەری ئەفسانەكانە.

هەروەها-فریدریك جێمسۆن- جەخت لەسەر ئەوەدەكاتەوە كە هێزی دریدا، وەهمی دەربازكردنی میتافیزیك و هەڵاتن لەنموونەی كۆن بەمەبەستی دۆزینەوەی نوێ‌و شتی نەدۆزراوە رەت دەكاتەوە.

دەكرێ ئەو قسانە چاوگی چاوبەستكردن بن، ئەگەر وەك بەیانێك یا هەڵسەنگاندنێكی ساغ بۆ تیۆری دریدا سەیریان بكەین، ئەمە وێڕای ئەو سوودەی لەبەردەوامی لێكۆڵینەوە لەهەڵوەشاندنەوەدا هەیە.كەواتا كاتێك ئێمە دریدا دەخەینە ریزی فەیلەسوفەكانی زمان كە پێیان وایە لۆژیك هەڵێنجراوی رەوانبێژییە، ئەوا بەم تێگەیشتنە رێگا لەبەردەم توانای درككردن بەنوێگەری بیرۆكەكانی دریدا دەگرین،بەهەمان شێوە بەراورد كردنی دریدا بەئافلاتوون و، جەخت كردنەوە لەسەر ئەوەی كە دریدا ململانێی كۆن لەگەڵ ئەفسانە(myth) دووبارە دەكاتەوە، زیان گەیاندنە بەپێگەی دریداو جەختكردنەوەیە لەسەرئەوەی كە دریدا شتێكی ئەنجام نەداوە جگە لەگواستنەوەی گرنگی (قسە) بۆ (نوسین)، ئەم تەسككردنەوەیەی دەقیش لەخانەیەكی تایبەتدا، لەراستیدا خراپ لێكدانەوەیە،بۆیە

پێویستە مرۆڤ لەکاتی نزیککردنەوەی ئەو سەرچاوە لاوەکیانەی هەوڵی تێگەیشتنی دریداو تیۆری هەڵوەشاندنەوە دەدەن وریا بێت. بۆیە دەبینین لەم نێوەدا رەخنەگرەکان بەسەر دوو گروپدا دابەش بوون.. یان ئەوەتا لەتێگەیشتنی دریدا کورتی دێنن یان ئەوەتا بیرۆکەکانی بەخراپی دەخوێننەوە،بۆیە لەو حاڵەتەدا ناکرێ پشت بەمادەو سەرچاوەی لاوەکی ببەسترێت و بەرێچکەو رێگایەك دابنرێت کە دەمانگەیەنێتە دونیای هەڵوەشاندنەوە.بەلام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ رەخنەگری وەك (هارۆلد بلۆم و هیلیس میللەرو پۆل دی مان و جێفری هارتمان) هەن کە لەئاستی رەسەنێتی دریدا دان، بەلام هەریەکەیان قوتابخانەیەك دادەمێن کە بەدەگمەن وەك یەکەم گەورە مامۆستای هەڵوەشاندنەوە (دریدا) دەخوێننەوە.

لەبەرئەوە تێگشیشتن لەدریدا بەیەکەم هەنگاو دادەنرێت لەسەر رێگای تێگەیشتنی هەڵوەشاندنەوە . کەواتە گومانیشی تێدا نییە کەهەنگاوی یەکەم پێویستی بەوە هەیە لەبیرۆکەکانی دریدا نزیك ببینەوە.

دەتوانین بڵێن کە تیۆری هەڵوەشاندنەوە پێویستی بەشیکردنەوەی زۆر و نوێ هەیە ، هەر هەوڵێکیش کە هەر رەخنەگرێك بیدات و بیەوێت ئەو تیۆرە شیبکاتەوە، پێویستی بەپێناسەکردنی هەڵوەشاندنەوە نییە. چونکە تیۆرێکی بەم چەشنەئاڵۆز و بەیەکدا چووە پێناسەی گەرەك نییە. بەپێچەوانەوە لەتوانای مرۆڤدا هەیە کە هەوڵی راڤەکردنی ئەو چەمکە بنەڕەتیانە بدات کە دریدا بۆ وێرانکردنی رەخنەی کلاسیکی و ئاسانکردنی کاری هەڵوەشاندنەوە دایڕشتووە.. ئەمەش یەکەم هەنگاو دەبێت کە لەم خوێندنەوەیەمدا ئەنجامی دەدەم و، دەمەوێ دوای وەسفکردن و راڤەکردنی ئەو چەمکانەی دریدا هێناویەتە ئارا، وەلامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە دەڵێ:هەڵوەشانەوە چۆن دەتوانێ سەرلەنوێ رەخنەی ئەدەبی ناراستەبکات؟ دوای ئەوە لەقۆناغەکانی کۆتایی شیکردنەوەکەمدا ئەوە روونەدەکەمەوە کە ئەو شتەی کە بەپوچ وەسفکراوە بەو شێوەیە نییە، بەڵکو هەڵوەشانەوە چەندین ناوەرۆکی رۆحی هەیە.

شایەنی وەبیر هێنانەوەیە(نوسین و قسەکردن) دوو پەیڤی تەوەرین کە دەتوانرێ بەهۆیانەوە تێگەیشتنمان بۆ ئەو تیۆرە دەست پێبکات.ئەم دوو پەیڤەش لە چەمکە

كلاسيكيەكانى زمان مانايەكى تايبەت بەخۆيانەوە دەبينن، ئەو چەمكانە باس لەپێشينەى قسەكردن لەسەر نوسين دەكەن و وشەى گوتراو (دەنگ–phone) وشەيەكى دەرەكى نييەو تواناى سڕينەوەى خودى هەيە، وەك چۆن وشەى گوتراو بەوێنەى دەنگى بيستراو پێناسەكراوە، وەزيفەكەى ئامادەكردنى ئەو چەمكەيە كە وێنەى دەنگى بەرامبەر دەبێتەوە،وشەى گوتراويش يان وێنەى دەنگى، لەكاتى ئامادەكردنى چەمكەكەدا لەبارێك هەڵدەوەشێتەوەو لەبەر ئەمەو بەو پێيەى كە دالە(signi fier) خودى خۆى لەبەردەوامى دەستنيشان كردنى مەدلول(cignified) دەسڕێتەوە، ئەو مەدلولەى كە لەهەر شتێكى تر گرنگترە، لەدرێژەى وێنەى دەنگى (دال) ئەبێت ناتوانرێ ئەو مەدلولە وێنا بكرێ. بۆيە لەو نێوەدا دەكرێ تێبينى شتێك بكەين كە لەم پەيوەندييەدا بە سيانەيەك(تالوت) دەچێت:زەينى مرۆيى، دال(وێنەى دەنگى)، مەدلول(چەمك).

ئێستا دەپرسين ئەو پێگەيە چييە كە وشەى گوتراو لەتێگەيشتنى كلاسيكى زماندا داگيرى دەكات؟ بەگوێرەى تێگەيشتنى كلاسيكى وشەى وتراو بەنواندنى نوسراوى وشەكە دەناسرێ. بەم پێيە دەبێتە دالى وشە گوتراوەكە، بەمەش دەبێت دالى مەدلول وسەبارەت بە وشەى گوتراو بەلاوەكى دادەنرێت، وشەى نوسراو جگە لەنواندنى وشەى گوتراو ناتوانێ هيچ رۆڵێكى تر ببينێ. ئەمە لەكاتێكدايە كە گوتراو دالە.بۆنموونە ئەگەر چەمكى گوڵ يان خونچە ئامادەبكەم، ئەو كاتە پێويستە دەنگى گوڵەكە دەرببڕم، دالەكەش وێنەى دەنگى و بيسراوەكەيە. بەلام كاتێ وشەى خونچە دەنوسم، جگە لەوێنەى دەنگى لەچوارچێوەى بونيادێكى نوسراوەوە(griaphic structure) شتێكيتر ناكەم، ئەم وێنە نوسراوەش بەهيچ پەيوەستێك بە چەمكەكە نابەسترێتەوە ، بگرە وێنەى نوسراو ناتوانێ ببێتە چەمك، چونكە بونيادێكى ديتراوى وێنەى دەنگى نەك تەنها نەبينراوە، بەڵكو شتێكە هاوشێوەى رەنگە. ئەمەش سەبارەت بەوێنەى دەنگى شتێكى لاوەكييەو دەكرێ فەرامۆش بكرێ لەوە زياتريش پێويستە بەتەواوەتى فەرامۆش بكرێت.

لێرەدا پێويستە ئاماژەى بەوە بكەين كە ئەو بەڵگە كلاسيكيانەى وێنێكى لاوەكيان بۆ پەيڤى نوسراوو پێگەيەكى سەرەكى بۆپەيڤى گوتراو دارشتووە، بەڵگەى ميتافيزيكى و

لاهوتین. دریداش لەدرێژەی قسەکانیدا لەسەر ئەو بنەمایە میتافیزیکیەی کە پەیڤی گوتراو جەختی لەسەر دەکاتەوە نوسیویەتی و دەڵێ:

چەمکی خودا ناوەکەی تری لۆگۆسە(logos)، بەو پێیەی ئامادەگیەکی خوییە، دەکرێ بێگۆتایی و ئامادەگیەکی خودیش بێت، هەروەها دەکرێ لەئەنجامی دەنگ بەو پێیەی خاسیەتێکی خودییەوە بهێنرێتە بوون، جۆشی دال ناکرێ لەدەرەوەی خودی خۆی ئەو داڵە بخوازێ کە دەیژێنێتەوەو کاری لێدەکات. هەمان حاڵەتیش لەگەڵ ئەزموونی دەنگدا دەشێت، بەجۆرێك ئەو ئەزمونە دەژێت بەوسیفەتەی نزیك بوونەوەیەکە لەنوسین و خۆی رادەگەیەنێ. بەمانایەکی تر دوور خستنەوەی ئەو دالە هەست پێکراوە شوێنییە کە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم ئامادەگی خودی.

دریدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەردوو چەمکی قسەو نوسینە کلاسیکیەکان سەنترال لۆگۆسن(logocentric). ئەمەش چەمکێکی ترە کە دریدا بەکاریدەهێنێ بەمانای ئەو شتەی کە بەشێوەیەکی میتافیزیکی یان لاهوتی ئاراستەکراوە.بۆئەوەی وردتر قسەبکەم دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە کە میتافیزیك هەردوو چەمکی قسەو نوسینی پێك هێناوەو بەمەرجی داناون وجڵەوکێشی کردوون، لەراستیشدا سنترالیزمی لۆگۆسی، فۆنۆ سێنترالە phono centrism ئەو باوەڕەی کە دەڵی دەنگ، واقیعی بالاکردن نزیك دەکاتەوە. لەتیۆری دریدادا ئەو دەبینین کە سەنترالیزمی لۆگۆسی و فۆنۆسێنترال دوو چەمکی جیاوازن و باس لەیەك دیارە دەکەن: کە ئەویش پێککەیشتنی میتافیزیکی (metaphysical genesis) چەمکەکانی قسەو تێگەیشتنە. سەنترالیزمی لۆگۆسی و فۆنۆ سەنترال جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە.لەبەر ئەوەی ئەو دوو چەمکە لەو باوەڕەوە قسە دەکەن کە دەڵی: دەنگ میانگیری نێوان عەقڵی مرۆیی و واقیعی بالاکردوو دەکات. دەتوانین بڵێین ئەو بەڵگەیە نزیککردنەوەیەکە لەتێگەیشتنی هیندی بۆ دەسەلاتی(مانتراس mantras)و ، دەتوانین(مانترا mantra) بەوە پێناسە بکەین کەبریتییە لە: دەنگێك یان زنجیرە دەنگێك . ئێمە پێمان وایە دەنگ دەسەلاتی هەیە،چونکە دەبینین لەتواناییدا هەیە دەسەلاتی بالاکردوو بوروژێنێ، لەو روانگەیەی گرنگی بەلەربینەوەی ئەو وشانە دەدات کە دەریان دەبرین. چۆن بۆ دەنگی

وشەيەكى دياريكراو كە بە (mantra) ناوزەدى دەكەين دەكرێ دەسەلاتى هەبێت ؟ لەوەلامدا دەڵێين مانترا ئەو خەسڵەتەى هەيە.چونكە دەبينين دەنگ وەك ميانگيريەكى عەقڵ و دەسەلاتى بالاكردوو كاردەكات و لێرەشدا هەوڵى جەختكردنەوە نادەم لەسەر ئەوەى كە تێكەيشتنى كلاسيكى رۆژئاوايى تايبەت بەسەنتراليزمى لۆگۆسى و فۆنۆسێنتراڵ هەمان ئەو تێكەيشتنەيە كە تايبەتە بە مانترا، بەڵكو جەخت لەسەر لايەنە وێكچووەكانى ئەو دوو چەمكە دەكەمەوە.

هەروەها لە هەڵوەشاندنەوەدا تێبينى رەگەزێكى تر دەكەين كە گرافۆسێنتراڵە(grapho centrism)، ئەويش چەمكێكى گرنگەو بەر لەوەىبێتە ناو قولايى تيۆرى دريدا پێويستى بەراڤەكردن هەيە. دەكرێ بەوە دەست بەقسە بكەين كە نوسين، نوسراوەييە(graphic) وگرافيم(graphame) پيتێكى ئەبجەدييە، يان كۆمەڵە پيتێكە كە دەكرێ ئاماژەبن بۆ فۆنيم(phoneme) .دەكرێ فۆنيميش بەوە پێناسە بكەين كە بچوكترين يەكەى قسەكردنە، دەربڕاوێك يان پەيڤێك لەيەكێكى تر لەنێو زماندا جيادەكاتەوە. ئەمەو ئەگەر بزانين كە نوسين نوسراوەييە ، ئەوا دەتوانين بڵێين گرافيم بەو پێيەى تێكەيشتنى كلاسيكى باسى دەكات، داڵێكى رووتە.مەبەستيش لەمەدا ئەمەيە كە نوسين و يەكەى نوسين جگە لەنواندنى وێنەى دەنگى هيچ پەيوەندييەكى ترى نييە لەبەر ئەم هۆيەش دەتوانين بڵێين كە مەبەست لە گرافۆ سەنتراڵ گواستنەوەى گرنگييە لەقسەكردنەوە بۆ نوسين. ئەمەش ناوەژووكردنەوەى ئەو تێكەيشتنە كلاسيكييە كە باس لەپێشينەى قسەكردن يان پەيڤى دەربڕاو بەسەر نوسين و پەيڤى نوسراودەكات.

هەندێك لەرەخنەگران پێيان وايە كە تيۆرى هەڵوەشانەوەى دريدا بريتييە لە گواستنەوەى گرنگى لە سەنتراليزمى لۆگۆس بۆ گرافۆ سێنتراڵ. ئەمەش سەرنجێكى بێتاوان نييە، بۆيە بەر لەچوونە ناو راڤەكردن پێويستە گوزارست لەواتاكەى بكرێت. بۆيە پێموايە باشترين رێگا بۆ روونكردنەوەى ئەم پرسە دەكرێ لەرێى پێوانە(قياس) هەوڵى سادەكردنەوەى شتەكە بدرێت، جا ئەگەر لەتوانا دابێت نوسين و قسەكردن و تێكەيشتنەكەيان لەگەڵ جەستەو گيان و واقيعى بالاكردوودا بەراورد بكرێت، ئەوا ئەو كاتە

پێداگرتنمان لەسەر قسەكردن پێداگرتنە لەسەر گیان-روح(پێداگرتنیش لەسەر قسەكردن پێداگرتنە لەسەر فۆنۆسینترالّ وسینترالیزمی لۆگۆس)، لەكاتێكدا پێداگرتن لەسەر نوسین پێداگرتنە لەسەر جەستە(ئەم حالّەتەش واتا گرافۆ سێنترالّ).ئەگەر هەلّوەشانەوە بریتی بێت لە گرافۆ سێنترالّ ئەو كاتە دەكرێ بەوە پێناسەی هەلّوەشاندنەوە بكەین كە بریتییە لە رەتكردنەوەی پێشینەیی روح ودەسەلاّتی میانڕەو دژایەتیكردنی شتە مۆراڵییەكان و ئاوێتە بوون لەژیانی دونیایی. ئەمەش بەمانای ونبوونی خودا دێت. كەواتە ئایا جێی باوەڕ پێكردنە بلّێین هەلّوەشاندنەوە عەدەمە (nihilistic)؟ دەكرێ بلّێین هەموو جەخت كردنەوەكانی ئەم بوارە راستن وەلاّمی ئەم پرسیارەش لەبری هەموو ئەو شتانەی كە دریدا دەیلّێت و مەبەستی سەركییەكەی هەلّوەشاندنەوەیە، نەرێیە(بەلّێ). دواتر دوای خوێندنەوەی چەمكەكانی دریدا لەم بوارە كە بەسیفەتی ئامێری هەلّوەشاندنەوە كاردەكەن لەشوێنێكی تر دەگەرێمەوە سەر ئەم كێشەیە.

دوای ئەوەی دریدا بنەرەتی میتافیزیكی ولاهوتی بۆ هەردوو چەمكی قسەكردن و نوسین دەخاتەروو، دێت بۆ پشكنینی پرسی وەسفی زمانی(liguistic) زمان‌و ئەو چەمكانەی وەسفەكە هەولّی بیناكردنیان دەدات . لەراستیشدا دریدا وەكو پەرچەكرداری ئەو تیۆرەی (سۆرسێر) دێت كە دەلّێت: نیشانەی (sign) زمانی، یەكەی‌دال‌و مەدلولەو، زمانییە نوێیەكان(اللسانيات الحديثه) كە پێی لەسەر چەكی دال و مەدلول دادەگرن، ئەو بونیادگەرییەش كە قەرزاری ئەو چەمكەیە، بانگەشەی ئەوە دەكات كە خوێندنی زمان و كاری رەخنەییان كردۆتە دوو مەیدانی ئەبیستمۆلۆژی‌وزانستی.دریداش ئەوەی رونكردۆتەوە كە ئەو بانگەشەیە تەنها فریودانێكەو بەس، چونكە چەمكی دال و مەدلولی زمان كە لەزمانییەكانەوە بۆمان هاتووە وێنەیەكی تری‌قسەكردن‌و نوسینی كلاسیكیەو ، دریدا لەكاتی خستنەرووی پەیوەندی دوولایەنەی میتافیزیك و لاهوت، سەرنجی ئەوەی داوە كە:چەمكی هێما لەخودی خۆیدا جیاوازی نێوان دال و مەدلول دەبەخشێ، ئەگەرچی بەشێوەیەك نیشان بدرێن كە دوو رووی یەك دراون. بۆیە ئەو تێكەیشتنە لەچوارچێوەی چەمكی سەنترالیزمی لۆگۆسیدا دەمێنێتەوە كە لەحەقیقەتی خۆیدا بریتییە لە فۆنۆسێنترالّ:

نزيككردنـەوەى رەهايـە بـۆ دەنـگ و كەينونـە(being) ،هـەروەها بۆدەنگ‌ومانـاى كەينونـە وميتاليەتى مانا.

لەبەر ئەم هۆيـە ئەونەسـەقەى زمـان كـەدەلێت:زمانييـەكان ئەمـەيان بەزانسـتى كـردووە بونيادگەريش بەجۆشەوە خواستويەتى،لەو روانگەيـەى كە روانگەيەكە بـۆ رەخنـە.ئەمـەى پێشـو هـەمان نەسـەقە كۆنەكەيـەن واتـا نەسـەقى سـەنترالیزمی لۆگۆسـى كـە بەرهـەمى ميتافيزيكە. شتێكى ئاشكرايە كە دريدا ميتـافيزيك و زمانييـەكانى خسـتۆتە يـەك چێـوە، ئەمەش بەم مانايە دێت كە ميتـافيزيك دەرفـەتى لەبـەردەم زمـان خۆشـكردووە بـۆ ئـەوەى ديارەى‌زمان لەبەر رۆشـنايى جەمسـەرگيرى دوانـەيى وێنابكـات. بەومانايـەى كـە چەمكـە ميتافيزيكيـەكان..چـەمكى واقيعـى وميتـالى ،چـەمكى جەسـتەو رۆح،چـەمكى چاكـەو شـەر..دەرفـەتيان لەبـەردەم زمـان خۆشـكردووەو توانـاى ئـەوەيان داوەتـێ لەبەرۆشـنايى جەمسەر گيرى دوانەيى وێناى خۆى بكات. ئەو زمانييە زبرەى (الحده اللسانيه) كە دەڵێ وێنەى بيستراو چەمك ئامادە دەكات (واتا دال وەدلول ئامادە دەكات) بريتييە لەپێداگرتن لەسەر پێشينەى وشەى گوتراو لەسەر وشەى نوسراو. ئەو فەرامۆش كردنەى كە بەرهەمى هـەلآتنى فەلسـەفى و ميتافيزكيە لـەرووكارى دەرەكـى و بيـنراو و بـەرەندەكراوى وشـەى نوسـراو، لەمەشـدا دەردەكـەوێت كـە ميتـافيزك لەلايـەن (سۆسـێر) لەپشـت تێگەيشـتنى كلاسـيكى بـۆ زمـان‌و چـەمكى هێمـاى زمـانى بەشـێوەى هـێزێكى سـەرجدارى بـەهێز شاردراوەتەوە.

دريدا چەمكى نوسينى بە(تێگەيشتنى بـازارى بۆنوسـين) نـاوزەدكردووە، ئـەو شـتەى تێگەيستنى كلاسـيكى زمـان و زمانييـەكانى نـوێ پشـت گوێيـان خسـت و وەك چـەمكێكى لاوەكيان سەيركرد، واتا شتێكە بۆ دەرخستنى ئەو دەنگەى كە نوسين بەرجەستەى دەكات نەبێ، بوون و ئامادەگى نييە.لەم رووەوە درێژە پێدەدات و دەڵێ: ئەو باوەرەى كـە لـەنێو كـەلپورى رۆژئـاواوە لەسـەر نوسـين بـاوە ئەوەيـە كـە نوسـين (پيـت)و(كۆلێنـى بينراو)و(جەستەومادده)ى عەقڵە. ئەمەش بەدياريكراوى چەمكى بـازارى نوسـينە.وێـراى ئـەوەى كـە ئـەمان دەزانـى، بـەلآم دريـدا ئـەو چەمكـە بازاريـەى تێگەيشـتنمانى بـۆ زمـان

ناراستەكردو بەتەواوى سترپەوەو نەيهێشت. هەروەكو چۆن ئەداى ئێمەى لەگۆرەپانى رەخنەدا ناراستەكرد، ئەويش لەرێگاى هاندانمان بۆ ئەو باوەرەى كە دەڵێ: هەر شتێك ئەو كاتە مانايەك دەبەخێشت كە پەيوەست بێت بەبيرۆكەيەكەوەو لەبەرامبەريشدا بە بيرۆكەيەكى ديكە بەسترابێتەوە. بەم شێوەيە هەموو ئەو بيرۆكانە لەنێو خودى بيرۆكەى خۆمان دەربارەى كەينونەى بالآكردوو كۆدەبنەوە.. هەر لەبەر ئەمەشە كە بيرۆكەمان دەربارەى كەينونەى بالآكردوو لەشوێنى بيرۆكەيەك لەەزمانددا حوكم بەسەر بيركردنەوەمان سەبارەت بەزمان و رەخنە دەكات.

هەر بەم چەشنە رەخنەگرتن لەچيرۆكێك بوو بەدۆزينەوەى ماناكەى.. .. ئەو مانايەى كە بەبيرۆكەيەك يان چەمكێك دادەنرێت كە لەتوانايدا هەيە بەبيرۆكەيەكى ديكە ببەسترێتەوە، دواتر پرۆسەى بەيەك بەستنەوەى بيرۆكەكان لە تێگەيشتنماندا بۆ كەينونەى بالآكردوو كۆدەبێتەوە. جێى باسە سەرجەم وردەكارى بيرۆكەكان كە دەكرێ لەچوار چێوەيەك دابرێنرێن ناوەندێك كۆيان دەكاتەوە كە گوزارشت لەبيرۆكەى ئێمە دەكات بۆ كەينونەى ئەوجگەرا. شيمانەى ئەسەقەكەش ئيلهام بەخشە بەبوونى كۆشتێك .دەكرێ پرەنسيپى نيوكۆيش بەوە پێناسە بكەين كە ئەو بيرۆكەيەى كەينونەيەيە كەبريتييە لەداهێنانى ميتافيزيك.هەوڵى دريدا بۆ رزگاركردنى تێگەيشتنمان بۆ زمان وكارى رەخنە لەوكاريگەرييە نێو كۆييەى دەرەدەكەوت كەميتافيزيك پيادەى كردوو ، لەرێگاى دارشتنەوەى دوو چەمكى نوێ گەيشتە ئەو پرۆسەى رزگاركردنە كە دەكرێ تێگەيشتنى كۆنى زمان ورێگاى كۆنى رەخنە پوچەڵ بكەنەوە، بەلأم زەينى ئێمە لەونێوەدا بۆ مەرجدارييەكانى تێگەيشتنى كلاسيكى زمان مليداو سرەوت،ئينجا بەو تێگەيشتنە هوشيار بووين يان نا. كاتێك بانگەشەى ئەوە دەكەين كە بيرۆكەى نوێمان دارشتووە، ئەوە لەراستيدا جگە لەدووبارە گواستنەوەى بيرۆكەكان هيچى زياترمان نەكردووە. بۆنموونە ئەو چەمكە زمانەوانيانەى كە سۆسێر دايهێنان و لەبارەيانەوە ئەوە دەگوترێت كە شۆرشيان لە تێگەيشتن بۆ زمان بەرپاكرد، ئەمانە بەرهەمێكى ميتافيزيكين. كاتێك دەڵێين ئەسەقى نوێى زمان زانستييە ، ئەوا ئێمە خودى خۆمان دووبارە دەكەينەوە، چونكە ئەوەى راستى بێت كاتێك زەين و ناوەزمان

بێلایەن دەبن ئەو کاتە لەتوانادایە یەزکەی نوێ لەدایك بین. مەبەستی دریدا لەپشت نمایشکردنی بنەڕەتی میتافیزیکی زمان ورەخنە هاندانی زەینمانە بۆ بێلایەنی، چونکە ئێمە درك بەوە دەکەین کە دیاردەیەکی تەواو سروشتی وەك زمان لەناخی خۆیدا تۆویی میتافیزیك هەڵدەگرێت، بگرە ئەو ڕاڤەکردنە زانستیەی سۆسێریش بۆ زمان، لەراستیدا بۆتە قوربانی میتافیزیك.

دوای خستنەرووی ئەو بنەما میتافیزیکیەی کە زمانی پێیەوە بەندە، ئێستا لەتوانادایە لەدارشتنەوەی چەمکە تایبەتیەکان تێگەیشتنێکی نوێ بۆزمان بەرهەم بێنین، کە ئەم هەنگاوانەش بونیادی هەڵوەشاندنەوە پێکدەهێنن. لێرەوە دەست دەکەم بەوەسفکردن و هەڵسەنگاندنی چەمکەکانی هەڵوەشاندنەوە.

چەمکی نوێی نوسین کە دریدا دایرشتووە پشت بەسێ وشەی یەکجار ئاڵۆز دەبەستێت، کە ئەوانیش بریتین لە: جیاوازی(differance)،مۆرك(trace) ،نوسینی رەسەن(arche-writing). لێرەدا بەزۆرترین توانا کە سنورەکانی ئەم پرۆژەیە رێگای دەدەن کار بۆ ڕاڤەکردنی هەریەکێك لەم چەمکانە دەکەم، ئەوەش روون دەکەمەوە کە چۆن ئەم چەمکانە کاری هەڵوەشانەوە ئەنجام دەدەن. جیاوازی ئاماژە بەدوو کار دەکات(actions) کە بریتین لە:

1-جیاواز بوون، واتا جیاواز بن نەك وێکچوو(differ) .

2-دواخستن، یان دوابخرێ deffer .

پێویستە تێبینی ئەوە بکرێ کە یەکەمیان چەمکێکی شوێنی(مەکانی-spatial) یەو دووەمیان کاتی(زەمانی-temporal)یە، دریدا وای دەبینێ کە هەر هێمایەکیش ئەو وەزیفە دوولایەنە رادەپەرێنێ(واتە جیاوازی و دواخستن)، لەبەر ئەوەی بونیادی وشە پەیوەستە بەجیاوازی دواخستن، نەك بەدال و مەدلول، واتا بونیادی هێما ئەو جیاوازیەیە کە بەو مانایە دێت هێمای شتێك لەهێمای شتێکیتر ناچێت و بەشێوەیەکی رەها نائامادەیە لەهێماکەدا. دەکرێ ئەوەی باسمانکرد بەم نمونەیە روون بکرێتەوە: ئێمە جیاوازی لە نێوان هەردوو وشەی(three)و(tree) دەکەین، کە یەکەمیان بەمانای(3)سێ و ئەوەی تریان بەمانای

(دال) دێت. ئەم دوو وشەیە لەقسەکردنو نوسیندا تەواو جیاوازنو لە نەسەقیش شوناسی خۆیان ئاشکرا دەکەن(identity). ئەم جیاوازییەش بەیەکێك لەمێزەکانی ناو هەر هێمایەك دادەنرێو، هێزەکەی تریش توانای هێماکەیە بۆ دواخستن. بۆ نموونە :وشەی(خونچە) لەنێو چامەیەکی شیعریدا سەرەتا جگە لەماناکەی هیچیتر ئاشکرا ناکات، ئەو کاتە نەبێت کە درك بەوە دەکرێ ئەوە ئەو خونچەیە نییە کە لە واقیعدا دەیبینین. بەڵکو مانایەکی دیکەی هەیەو پێویستە بدۆزرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەیە هێما نیوەی تەواوەو نیوەکەی تر ناتەواو، پێویستیشە ئەو راستییە لەسەرەتای تێگەیشتنمان بزانرێ، وەکو چۆن سۆسێریش جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هێما بریتی نییە لە دال و مەدلول، بەڵکو بریتییە لە جیاوازی+ دواخستنو، بێگومان هەریەکە لە سۆسێرو دریدا بەدوو تێڕوانینی جیا سەیری هێما دەکەن، سۆسێر وەك(یەکێتی /اتحاد و دواتریش وەك جیاوازی/ اختلاف).

جا لەبەر ئەوەی هێما ناتەواوە، بۆیە پێویستە وا تێبگەین لەژێر فەوتان و سڕانەوەدایە (undey erasure) . ئەمەش چەمکێکە دریدا وەك ئاماژەیەك بۆ ناتەواوی هێماکان دایڕشتووە. لەبەر ئەمە هەر هێمایەك ئەم ئامارژەیە لەخۆ دەگرێ. بۆ نموونە کە وشەی(بینراو–مرنی)ی بەکارهێناوە هیچ ئامارژەیەکی روونی نەبووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بۆخۆی هێمایە، بەلأم ئەگەر لەگۆشەی هەڵوەشاندنەوە سەیری بکەین، ئەوا لەو کاتەدا هێمایەکی سڕاوەو فەوتاو دەخاتەروو، پێویستە بیزکەی سڕینەوەی هێما بەشێوەیەکی پیتی وەرنەگرین، بەڵکو تەنها لەرووێکی ئیجابییەوە سەیری بکەین. ئەم سڕانەوەیە ناتەواوی هێماکانو بگرە دابڕانیان دەردەخات.واتە بەجۆرێکە ناتوانین بڵێین هیچ هێمایەك دالی شتێکی ئەزەلیە، چونکە هیچ بەهایەکی رەهای نییە، وەك چۆن شتێکی بالأکردووشی لەخۆنەگرتووە..هێما شتێکی سیاقییە(contextual) وسەرابی مەدلول دروست دەکاتو، باشترین شتیش کە جێبەجێی بکات ئەوەیە کە بۆگەڕان بەدوای ئەو شتەی پێویستی پێیەتی ئاراستەمان دەکاتو،ئەوەشمان بیر دەخاتەوە کە ئەو بەشێك نییە لەو شتەدا، لەبەر ئەوەش هێما مۆرکێکە، نەك نواندنی شتێکی بینراو یان نوسراوی هەستپێکراوی وێنەی دەنگی، بەڵکو ئەو مۆرکەیە کە دریدا بەشتێکی ناسروشتی وەسفی دەکات(یانە بەمانی هۆسرل،

ئاماژەو هێمای سروشتی یان نیشانەر index نیە)، بەڵكو زیاتر لەوە رۆشنبیرییەو، ئەوەندە ماددی نییە،هێندەی دەروونییە، هێندە بایۆلۆژی نییە ئەوەندەی زێتر رۆحییە.

ئەوەی لە هێمادا هەیە، ئەو شتەیە كە زەینی مرۆڤ بە ئاراستەی خۆی دەجوڵێنێ، لەبەر ئەوە، ئەوەی لە هێمادا ئامادەگی هەیە مۆركی ئەوە هەڵدەگرێ كە تیایدا ئامادەگی نییە، هێما دەتوانێ زەین كۆت بكات، چونكە لە توانایدا هەیە ئەوشتەمان بیر بخاتەوە كە تیایدا نییە، لەرێگەی ئەو بیرخستنەوەیەش دەتوانێ زەین بجوڵێنێ. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین هێما مۆركە(العلامە اثر). لەو مۆركەشیدا دوو هێز هەڵدەگرێ كە ئەوانیش (جیاوازی‌و دواخستن)ن. بەم پێودانگە شتێكی ئاسایی بوو كە چەمكی نوسین لەگەڵ دەركەوتنی چەمكەكانی(جیاوازی‌و دواخستن) گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمە ئەگەر بێت و بكرێت لەسەر پێناسەكەی خۆی بمێنێتەوە كە بریتییە لە (پیت حرف) و (كۆڵینی بینراو)و(جەستەومادده)ی دەرەكی عەقڵ. لەكاتی هەوڵدانی دریدا بۆ پێناسەكانی چەمكی نوسین ئەو شتەی روونكردۆتەوە كە: بەشێوەیەكی گشتی نوسین، هەڵكۆڵینە .. جائەمە بەنووسینی پیت بێت یان شتێكی تر، تەنانەت ئەگەر ئەوەی لە بۆشایشدا (شوێن) پەرش دەكرێت سەبارەت بەدەنگ ئامۆبێت.

بەومانایە بێت دەتوانین وێنەگرتنی سینەمایی و سەماو باڵێ و مۆسیقا و پەیكەر تاشی‌و هەموو ئەم شتانە بەنوسین بژمێرین. هەروەها دریدا لەكاتی بەرفراوانكردنی چەمكی نوسین تێبینی ئەوەی كردووە كە: لەوانەیە مرۆڤ قسە لە نوسینی وەرزشی (وەرزش بەگشتی) یان نوسینی سەربازی یان سیاسی بكات، ئەم باسكردنەش لەژێر رۆشنایی ئەو تەكنیكانە دابێت كەحوكمی ئەو بوارانە دەكەن. ئەمەش بەتەنها وەسفی ئەسەقی ئەو مانایە ناكات كە بەشێوەیەكی لاوەكی بەو چالاكیانە پەیوەستە ، بەڵكو ماهیەتی خودو ناوەڕۆكی ئەم چالاكیانەش وەسف دەكات.

كەواتە لە دووتوێی ئەم مانایە دابێت زمان لەخودی خۆیدا نوسینە. هەروەها (گیتاری سبیفاك) سەرنجی ئەوەی داوەكە: شتێك هەیە لەناوخۆدا مۆركی گۆڕانێكی ئەزەلی هەڵدەگرێت، كە ئەویش بونیادی دەروونییە، یان بونیادی هێما، دریداش ئەم بونیادە

بە(نووسین) نـاوزەد دەكـات. هـەروەها- سـیبفاك- لـەكاتی خسـتنەرووی روونكردنەوەكـەی سەبارەت بەچەمكی نوسین ئەو تێبینییەی باسكردووە كەبەردەوام نوسین ناوی ئەو بونیادەیە كە مۆرك تیایدا نیشـتەجێیە، ئـەم تێگەیشـتنەش بـۆ نوسـین لـە تێگەیشـتنی ئەزمونگـەری بەرفراوانترە كە لەسەر كرۆكی ماددی ئاماژە بەچوارچێوەی مانای ئەزمونگەری دەكات.

دریـدا نـاوی(نوسـنی رەسـەن)ی بۆجیاوازیكردن لەنێوان ئـەم چـەمكی نوسـینەو چـەمكی بازاڕیو تەسكی نوسین بەكارهێناوە، نوسینی كەوانەییش لەگوزارشتە نوسراوو نانوسراوی كاردەكاتو، نوسینیش بە مانا تەسكەكەی بە نوسـینێك(graphis) دەژمێردرێ كە پشت بەو چەمكی گرافیم دەبەستێ كە لەحەقیقەتدا دالێكی رووتە. بەلأم لەتیۆری هەڵوەشاندنەوەدا كە دریـدا رەهـەندەكانی دیـاریكردووە، سـیفەتی نوسـین مانایـەكی جیـاوازی لـەوەی كـە لەبەكارهێنانی كلاسیكیدا باو بوو وەرگرت. دەتوانین كە شێوەی نوسین(gtaphe) مۆركێكی دامەزرێنراوە.

ئاراستەی گرافۆسـەنترالیزمی تیـۆری هەڵوەشـاندنەوە مانایـەكی تێكچـڕاوی بـەرفراوانی بەخۆوەبینی، ئەمەش بەهۆی مۆركی دامەزرێنراو بوو. بۆیە ئەو گۆڕانەی دریـدا هێنایـە ئـارا، ئەوەندەی پەیوەندی بە تێگەیشتنی كلاسیكی ئەو چەمكانەوە هەبووە، هێنـدە گـۆڕان نـەبوو ئەو گرنگییـەی كـە چـەمكی نوسـین هـەیبوو. بـە جۆرێـك گرافۆسـێنتڕاڵ بـەو مانایـەی دریـدا دیـاری كـردووە، ئاماژەیـە بـۆ ئـەو ئاراسـتەیەی كـە بەچەشـنێك زەیـن دەیگرێتەبـەر بـۆ پێناكردنی مۆرك لە تەواوی جۆری ئەو پێناسانەی كە هوشیاریو درككردن بەرێوە دەبات. ئەمەش مۆرك لەوێنەی پۆرترێت (وێنەی كەسی) وپۆسـتەر و نـاوی ئاسراوو پـەیڤی گوتراو نوسراو دەردەكەوێ. لێرەدا گرافۆ سێنتڕاڵ رەنگدانـەوەی درككردنێكـی باشـی وەزیفـەی مۆركە. بۆیە كە وێنەی كەسێك دەكێشم یان ئیدراكم وەك ئارەزوویـەكی خـۆم بۆ تێگەیشـتنی مانای ئەو وێنەیە دەكەوێتەكار. پرۆسـەی هەڵیسانی زەین مـاددی نییـە، چونكە زەین بۆ گەڕان بەدوای شتێكی دوور كە لەوێنەكەدا بوونی هەیە دەجوڵێ(واتەگەڕان بەدوای شـتێك لەپشـت مۆركـە دیوەزمەییـەكانی وێنـەدا). ئەمەیـە وەزیفـەی جیـاوازی لـەكاتێكدا ئـەو وێنیپەنجە دیوەزمەییە خودی خۆی مۆركە. چونكە مۆرك(اثر) لەخودی خۆیدا ئامادە نییە.

لەم نێوەدا دەکرێ گرافۆسینتراڵ بەوە پێناسە بکەین کە ... دەرخستنە هەستیە نوێیەیە کە شتێك.. یاداشتێکی نادیار مۆرکی خۆی لەسەر ئەو بابەتانە جێهێشتووە کە جوڵەی دیاریکراو لەزەیندا دروست دەکەن و، مۆرکیش لەمیانی جیاوازی و دواخستن دەستبەکار دەکات(جیاوازی+دواخستن- جیاوازی).

چەمکی کلاسیکی زمان بەسیفەتی ئەفسانە نمایش دەکرێ.. بەجۆرێك کە لەناوخودی خۆیدا شتێکی شاراوەی هەیە.. وەکو نزیکی دەنگ لە مەدلول وشتی لەم بابەتە، لەم نێوەدا تێبنی ئەوە دەکەین کە رەگەزە شاراوەکە رەگەزی میتافیزیکە، چونکە لەرابردوودا میتافیزیك تێگەیشتنمانی بۆ زمان کۆنترۆڵ کردبوو.. دریدا بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی وا بۆ زمان بێنێتە ئارا کە لەچەمکی میتافیزیك رزگاری بێت ، هەندێك چەمکی نوێی دارشت. لەبەر ئەوە رزگارکردنی چەمکی زمان لە میتافیزیك بەلادانی شاراوەیی وسەرسوڕمان دەژمێردرێ. چونکە بەتەواوی لەرەگەزی شاراوە رزگار دەبێت، لادانی شاراوەیش لەحەقیقەتی خۆیدا بریتییە لەلادانی ئەفسانەگەرایی(رووکاری ئەفسانەیی).. قسەیەکی راستیشە ئەگەر بڵێین تیۆری هەڵوەشاندنەوە بەلادانی شاراوەیی و ئەفسانەگەرایی لەسەر چەمکی کلاسیکی زمان دەسپێدەکات.

ئەو خوێندنەوەیەی ئێمە بۆ هەڵوەشاندنەوە بەسێ قۆناغدا رەتبووە، قۆناغی یەکەم بریتییە لە تیشك خستنەسەر هەردوو چەمکی قسەو نوسین، کە ئەمەیش دوو پرسی سەرەکی لەخۆگرتووە: ئەو فاکتەرەی لەپشت ئەو باوەڕەوەیە کە باس لە پێشینەیی قسەکردن لەسەر نوسین دەکات، لەگەڵ ئەو رەهەندەی کە میتا فیزیك لەکاریگەریەکانی خۆیدا پێگەیشتووە. لەقۆناغی دووەمیشدا خوێندنەوەمان بۆ ئەو بانگەشە زمانییە کردووە کە دەڵێ: زمانییە نوێیەکان(اللسانيات الحديثه) رووکارێکی زانستیان بۆ خوێندنەوەی زمان زیادکردوەو کردویانەتە بوارێکی زانستی. ئەو دوو پرسە سەرەکییەش کە لەم قۆناغەدا باسمان کردوون لەو جەختکردنەوەیەدا خۆی دەبینێتەوە کە باس لە چەمکی زمانی بۆ هێما دەکەم. کەئەمەش وێنەیەکی تری تێگەیشتنی کلاسیکیە بۆ چەمکەکانی قسەکردن و نوسین، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە زمانیە نوێیەکانیش قوربانیەکی تری میتافیزیکین.

قۆناغی سێیەمیش لە وەسف و هەڵسەنگاندنی دریدا و چەمکە رەخنەییەکانی تیۆرەکەی پێك دێت: جیاوازی و مۆرك و نوسینی رەسەن. لەگەڵ تیشك خستنەسەر چەمکی گرافۆ سەنترال لەروانینی دریداوە.

کەواتە بەگوێرەی قسەکانی پێشو دەکرێ بڵێین کە ئێستا تێگەیشتنمان بۆ چەمکی زمان گۆڕان کەواتە بۆمان هەیە بپرسین: چارەنووسی رەخنە چییە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بەگریمانە دەست پێدەکات، بەوەی ئەدەب شێوەیەکە لە شێوەکانی نوسین و، چامەی شیعری یان چیرۆك یان هەرکارێکی ئەدەبی بونیادی مۆرك /پاشماوەکانە. ئەو مۆرکانەی بەو شوێنپەنجە دێومەزمەییانە پێناسەدەکرێن کەماهیەتیان نازانین.لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەکەینونەو بوونیان دڵنیاین، بەڵام بەپلەی یەکەم رەخنە بەوە دەناسرێتەوە کە لێکۆڵینەوەیە لەوشە.. دێر.. دەق..یان هەرشتێك کە زەین لەخاڵێکی درککردنی هەستی دیاریکراو بۆ دنیاکانی لێکۆڵینەوە دەجوڵێنێ، ئەمەش وەکو پاڵنانێکی بەهێز بۆ تەئویلکردن، کەواتە رەخنە بەگومان دەسپێدەکات،ئەو گومانەش پشت بە بڕوا بوون دەبەستێت. بەم جۆرە رەخنە گومان لەروخساری هێما دەکات جا هەرچییەك بێت (وشە-دێر- چیرۆك-پەیکەر-وێنە-پۆرترێت..هتد). ئەمەش لەبەر ئەوەی قەناعەتێك لەخۆی دەگرێ کەئەوەی دەریدەکەوێ و دەیبینین تەواوی شتەکە نییە، بەڵکو شتێکی تریش هەیە، بۆیە ئێمە بەشتەکان کۆتایی نامێنین وەك هەن، بەڵکو حەز دەکەین لێیان بکۆڵینەوەو تا دورترین سنوورەکان تیایاندا قوڵبینەوە، ئەمەش بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانیان، چونکە هەست دەکەین شتێکی ون یان نادیار هەیەو بەهەست درکی پێدەکەین، ئەو هەست کردنە ئەزەلیەش بەوەی شتێکی ون یان نادیار هەیە، نوسینی رەسەنە. ئەدەبیش بەیەکێك لەجۆرەکانی گوزارشتکردن لەم نوسینە دەژمێردرێ، لەهەمان کاتدا هەریەکە لەنیگارکێشان ومۆسیقاش بەجۆری سەربەخۆ دەژمێردرێن. نوسینی رەسەنیش بەشێوەی مۆرکێك لەسەر بابەتەکان کاردەکات، ئەو مۆرکانەش وەکو شوێنپێ وان..بۆ نموونە لەپرسیارێکدا دەڵێین: کێیە لەسەر لم رۆیشتووە؟ ئەوە یەکێك رۆیشتووەو لەدوای خۆی شوێنپێیەکانی لەهەموو شوێنێك جێهێشتووە، ئەو شوێنپێیانەی جێماون ئەوەمان بیردەخاتەوە کەوا کەسێك لەم شوێنە رۆیشتووە، بەڵام

بۆخۆی ون ونادیاره. بۆیه دەكرێ نوسینی رەسەن بەوە پێناسە بكەین كە بریتییە لە: درككردنمان بە حەقیقەتێك كە ون ونادیارە و بەدوای خۆیدا هەست كردن بەناسۆری دێنێ، ئەو ناسۆرییەی لەو ئەزموونانەمان دێت تیایاندا هەست بەكەم توانایی خۆمان دەكەین لەنەدۆزینەوەی شتە ونەكان.. كەچی هەموو ئەو نیشانانەی لەدوای خۆی جێماون شوێنەوارن، هەر ئەو مۆرك وشوێنەوارانەش وێڕای نادیاری بوونەكە، جەخت لەسەر ئامادەگی و بوونی ئەو نادیارە دەكەنەوە، لەراستیدا ئەمە هەڵوێستێكی سەیرو نامۆیە! (لەوانەیە دەستنیشان كردن.. واتە زیادكردنی سیفەتی كەسایەتی بۆ ناعاقڵ.. شێوەیەك لەشێوەكانی ئاسان یان سادەكردنەوەبێت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا یارمەتی تێگەیشتن دەدات.)

رەخنەی كلاسیكی وا راهاتووە لەگەڵ بیرۆكەیەك ولەرێگەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ كاری ئەدەبی دەربكەوێت. بۆیە رەخنەگرتن لەچامەیەكی شیعری بەگەڕان بەدوای دۆزینەوەی ماناكەی دادەنرێت، لەبەرئەوە مانا بیرۆكەییەكە یاخود چەمكێكە دەتوانرێ بەبیرۆكەیەكی‌تر یان چەمكێكی‌تر ببەستیرێتەوەو، ئەو پرۆسەی گرێدانە بەردەوام بێت تا بەیەكگرتنی بیرۆكەگەلێك لەبیرۆكەی كەینونە، یان حەقیقەتی باڵاكردوو. بەڵام ئێمە درك بەو حەقیقەتە ناكەین كە ئەو شتەی ناومان ناوە(مانا)، لەحەقیقەتی خۆیدا بیرۆكەیەكە میتافیزیك وەك رێگە دەربازێك بۆخۆی دەزانێ‌و، خودی بونیادگەریش كە لەبارەیەوە دەگوترێ بەردەوامی (سەیرورە)یەكی شۆڕشگێڕییە، لەچنگی میتافیزیك رزگار نەبووە، ئەو قسەیەش كە دەڵێ بونیادگەری نەسەقییە،واتا نێوەندێك لەشوێنێكدا هەیە.. ئەو نێوەندەش، ئەو چەمكە نێوەندییە كە دەكرێ بدۆزرێتەوە، بەو پێودانگەی چەمكی كەینونە یان دەسەڵاتی باڵاكردووە..چەمكی نەسەقیش ئەوە دەردەخات كە هەموو شتێك لەسەر باشترین شێوەیە، یان بەلای كەمی توانای تێگەیشتنی هەیە، بەم چەشنە لەهەر شوێنێك نەسەقێك هەبێت لەرزۆكی‌و تێكەڵكردن و ئاڵۆزی نامێنێت.

هەڵوەشاندنەوە جەخت لەسەر ئەو شتانە دەكاتەوە كە تەنها وەهمن و بەس، چونكە هەر شتێك كە پێمان وایە راستە یاخود كەینونەیە، بەتەنها بە ئامرازكردنەو بەس. ئەم وشانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی كە لە لێكۆڵینەوەكەمان دەربارەی مانا سەركەوتوونین. ئەمەش بەو مانایە

دێت كە لێكۆڵەرەوان لە قۆناغێك لەقۆناغەكانی مێژووی لێكۆڵینەوەی مانا ئەو راستیەیان راگەیاندووە، كەلەبەر هەر هۆیەك بووبێت نەیانتوانیوە بگەنە دواخاڵ و ئامانجی لێكۆڵینەوەكە، بۆیە پێویست ناكات بەلێكۆڵینەوەی تر خەریكبین نە نیازی تێپەراندنی ئەو خاڵە، ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی خاڵی كۆتایی لەسوكایەتی پێكردنی هەوڵەكان كە لەوانەیە لە لێكۆڵینەوەكانی ئایندە ئاراستە بكرێت و، بمانەوێت جۆرێك لەپیرۆزی بدەینە ئەو خاڵە و ناوی بنێین بەراستی(trutn) یان كەینونە(being) یان هەرشتێكی تر.لەم نێوەدا لێكۆڵینەوە لەخاڵی كۆتایی و چەمكی پیرۆز وەكو نێوەندێكی رەخنە بەهەردوو جۆری كلاسیكی و بونیادگەری لەگۆڕیانەكەدا كاری كردووە. بۆیە لەم نێوەدا چالاكی رەخنەیی ئێمەو تێگەیشتنمان بۆزمان لەسەر بنەمای فریودانێكی گەورە بەرێوەچووە.

لەكۆتاییدا پێویستە بگەرێینەوە سەركێشەی رەخنە.. رەخنە بەماناكلاسیكیەكەی خۆی پیادەكاری نموونەیەك بوو بە مەبەستی تێگیشتنی كاری ئەدەبی، رەنگبێ ئەو نموونەیەش (فەلسەفی–ئاینی–زمانی ..تاد) بوایە. پێدەچی ئەو كاتە رەخنەگر هێندە وشیار نەبووبێتن ئەمەش لەو راستیەدا دەردەكەوێ كە تەنها نموونەیەكی دیاریكراوی وەرگرتووە، بۆیە ئەو شتەی پێی دەڵێن هەڵسەنگاندنی خودی لەحەقیقەتدا خودی نییە، چونكە ئێمە بەدوای شتێكدا دەگەرێین كەوا لەكاری ئەدەبیدا بەشتێكی دیكە لەبەردەوامی ئەو تێگەیشتنەدا بوونی هەبێت كە دەبێتە هۆی هەڵسەنگاندن. كە دەكرێ ئەم شتەش نەسەقی ئەدەبی بێت كە توانای بەرهەمهێنانی مانای بەخشیوەتە وشەو كار(actions) دیار دەكات. بۆنموونە ئەگەر هەوڵی راڤەكردنی چامەی شیعری(the lake of innisfree) بدەم، دەتوانم لەمیانی بەیەكەوە گرێدانی ناوەرۆكی چامەكە بەو زانیارییە فەراهەمكراوانەی پەیوەستن بەژیانی شاعیرەكە ئەنجامی بدەم.. ئەو زانیاریانەی تایبەتن بەسەلیقە و حەزو رامانی شاعیر لەوسروشتەی كە بەردەوام و بەخێرایی لەگۆران دایە. هەروەها لەخێرایی شتەجوانەكان و، هەڵاتن لەدەستكەوتە ماددییەكان و خۆشەویستی ئەو بۆ ژیان دەسپێدەكەم، پاشان دەست بدەمە گرێدانی بیرۆكەكانی ناوچامەكە بەو بیرۆكە دەرەكیانەی كە بەسیفەتی نەسەقێك خۆیان دەنوێنن بۆ بەیەكەوە گرێدانی بیرۆكەكان لەناو چامە شیعرییەكەدا. بۆیە كاتێ بەپرۆسەی

بەیەکەوە گرێدانی بیرۆکەکان لەو شتەی لەدەرەوەی چامەکەدا هەیە هەڵدەستم، ئەوا ئەو بیرۆکانەی کە تەژی چامەکەیە، تەنها دەبنە خاوەن یەك ماناو بەس.

وێرای ئەمە دەست دەکەم بەلێکۆڵینەوە لەهۆی خەمۆکی شاعیرو خۆشەویستی ئەو بۆ ژیانو، ئەو هۆیانەی هانی دەدەن رقی لەدەسکەوتە مادديیەکان بێتەوە. لەم جۆرە رەخنەیەدا سەرنج دەدەین، کە ناکرێ تەنها جەخت لەسەر خودی تێکستەکە بکەینەوە، چونکە جەخت کردنەوە لەسەر تێکست بۆ خوێندنەوەی خودی تێکستەکە بەرەو بونیادگەریمان دەبات. بۆ نموونە مەبەستی ئەدەبی لەجێهێشتنی نیشتمانی سەرەکیو رووکردنە دوورگە چییە؟ئاخۆ لەم نێوەدا مەبەستی تر هەیە ؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بەدڵنیاییەوە دەڵێین بەڵێ، بۆ نموونە هەندێ لەکەسایەتییە کۆمیدییەکانی (شکسپیر) دەبینین کە شار جێدەهێڵنو روودەکەنە ئەو دارستانەی تیایدا ململانێکان چارەسەر دەکرێنو، پڕن لەپەند.هەروەکو لەشانۆگەرییەکانی (کما تحبها و حلم لیله منتصف صیف). هەر لەسەر ئەم رێچکەیە ژمارەیەك کەسایەتی لەنێو(چامەی شیعری و رۆمان)ەکان دەبینین کە رووەو دوورگە دابڕاوەکان، شارەکان جێدەهێڵن. نموونەی ئەمەش (پرۆسپیسۆ)یە لەشانۆگەری (رەشەبا)و کەسایەتی (جیلیڤر) لەرۆمانی (گەشتەکانی جیلیڤر). لەبەر ئەوە کە(ییتس)ی شاعیر لەپەنابردنە بەر دوورگەی(fnnisffree) باس لە حەزی نووسەران دەکات بۆ ئەم دابڕانە. رەنگە ئێمەش بڕوا بەمە دەهێنین کە وازیان لەشار و دیمەنەجوانەکانو پەنابردنە بەر دوورگە مانایەکی شیعری گەورە لەخۆی دەگرێ. بۆیە لەبەرڕوونی بڕوایەکی ئەدەبی یان رێککەوتێکی ئەدەبی بەوەی کە ئەم بیرۆکەیە مانایەکی هەیە، سەرنج دەدەین لەتوانای شیکردنەوەی بونیادگەریدا هەیە،کەلەپێناو خوێندنەوەی تێکستی شیعری جەخت لەسەر رەگەزەکانی تری شیعر بکاتەوە. لەنموونەی یەکەمدا، واتا پیادەکردنە نابونیادییەکە، کۆمەڵێ نموونەی دیاریکراوی ناسراوی نێو ئەدەب بەرەندە(بەرجەستە) کراون، بەڵام لەنموونەی دووەمدا ، واتە نموونەی راڤەکردنی بونیادگەریانە چامە شیعرییەکەو رەگەزەکانی لەخوێندنەوەی تێکستی شیعریی یان خوێندنەوەی نموونە ناسراوەکانی ئەدەب بەکارهێنراون. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەڵوەشاندنەوە هیچ کام لەم دوو

حاڵەتە ناگەیەنێ.هەڵوەشاندنەوە هیچ نموونەیەك ناداتە رەخنەگر، هیچ نموونەیەكیش لەسەر دەقە ئەدەبییەكان بەرجەستە ناكات، بەڵكو ئەو سەرجەم نموونە ئامادەكان وێرانیدەكاتو، هیچ نموونەیەكیش پێشكەش ناكات، لەبەر ئەوە نووسینی هەڵوەشاندنەوەیی سەرسوڕمانێیا زۆری ناوەتەوە. بەپێچەوانەی رەخنەی بونیادگەری، هەڵوەشاندنەوە بڕوای بەبوونی ئەسەقێك نییە كە بتوانێ لێی تێبگەین. لەم نێوەدا دوای ئەوەی كێشە ئەدەبیو زەینیەئاڵۆزەكان رووبەرووی بونیادگەری بووەوە كە لەپێش كارە ئەدەبیەكانەوەن، بونیادگەری رادەگەیەنێ كە دەكرێ ئاڵۆزی شیبكرێتەوەو تێیبگەین، هەروەها بانگەشەی ئەوەش دەكات كە ئەمەش لەئەسەقێكی ئەدەبیدا هەیەو لەتوانایدایە ئاڵۆزیەكان راڤەبكات ئەمەش جەختكردنەوەی ئەو ئیرادەیەیە كە بونیادگەرێك والێدەكات ئەو بانگەشەیە بكات، چونكە بونیادگەری جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە مرۆڤ ئیرادەو توانای چارەسەركردنی هەر شتێكی ئاڵۆزی هەیە، بەپێچەوانەی ئەمەش، هەڵوەشاندنەوە لەتواناكارییەكانی ئەسەق دەكۆڵێتەوەو، پرسیار لەو ئەسەقەو ئەو چۆنیەتیە دەكات كە دابونەریتو تایبەتمەندییە ئەدەبیەكان هێناویانەتە بوون. ئەو رووبەرووبوونەی لەنێوان هوشیاری مرۆیی و ئەسەقی هێماشدا هەیە، سەرچاوە لەو ئاڵۆزییە وەردەگرێت كە تێگەیشتنی ئەستەمە. لەبەر ئەوەو بەو پێیەی (دیفید ئەلسۆن) باسی لێوەدەكات، هەڵوەشاندنەوە جەخت لەسەر زەرووردتی پێداچوونەوە بە بیرۆكەكانو تەواوی‌كێشەی زمان دەكاتەوە. بۆیە رەنگە بۆ بەكارهێنانی رەچەڵەكی وشەكان(etymology)و دەروونناسی پێویست بە بوارێكی نوێی مەعریفی بكات. لێرەوەیە كەتێبینی دەكەین هەڵوەشاندنەوە قێز لەمیتافیزیكو فەلسەفە دەكاتەوە، لەو دیدگایەی دوو جۆری درككردنی فریودەرن ،هەروەها ئەو زمانیانەی كە میتافیزیكیان لەو نموونانەی خۆیان حەشارداوە كە تاریكن لەزمان لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە ناگونجێن. هەروەها هەڵوەشاندنەوە پەنا بۆ ئەو بونیادگەرییە نابات كە بەتوندی پێ لەسەر زمانیەكان دادەگرێت.

لێرەوەیە پێدەچێت تیۆری هەڵوەشاندنەوە بوارێك بێت چەندین رێساو سیستەم و زمانی تایبەت حوكمی تێدا بكەن، كە ئەمەش وا دەكات تێگەیشتنی لای ئەوانەی لەسەرەتای

خوێندنەوەیدان گرانبێت، بەڵام حەقیقەتەکە پێچەوانەیە، چونکە ئێمە زیاتر لەتیۆرە رەخنەییە کلاسیکییەکان کۆمەڵێ رێساو سیستەمو زمانی تایبەت دەبینین، وەك لەنێو هەڵوەشاندنەوە. لەم حاڵەتەدا ئەوەی کە سەرەتای خوێندنەوەی بێت بۆ هەڵوەشاندنەوە رووبەرووی هەندێ چەمك و زاراوەی تەکنیکی دەبێتەوە، لەوانە (کەسایەتی ،گرێ، بابەت، وێنە، هێما، شیعری لیریك، چامەی شیعری و.. تاد) کە هێندە بەکار دەهێنرێن، دواتر دەبنە شتێکی سروشتی. سەرەڕای ئەوە ئەگەر ئێمە لەو چەمکانە نەگەین کە وەکو (جیاوازی، مۆرك، نوسینی رەسەن)ن، ئەوا ناتوانین لە هیچ کارێکی نوسراو کەدەچێتە ژێر ئاڵای ئەو تیۆر تێبگەین، چونکە تێگەیشتنی شتی نوێ ئەستەمە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ زۆر سود لەفێربوونی ئەو تیۆرە وەردەگرێ. بەتایبەتی ئەگەر پێش وەخت هەوڵ و کۆششێکی باشی لەگەڵ دابێت. ئەم سودەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئێمە پرسیار لە پەیوەندی تێگەیشتنی مرۆڤ و جیهانەکەی بە ئەبیستمۆلۆژیاوە دەکەین و، هەڵوەشاندنەوەش تیشکێکی نوێ دەخاتە سەر چالاکیە هزرییەکانمان و، پێمان رادەگەیەنێ کەدەسەڵاتی ئەدەب نە لە دەسەڵاتی ئەدەب خۆی و، لەدەسەڵاتی زمان هاتووە، چونکە لەمەدا دەسەڵاتی زمان وەکو هەریەکە لە(مۆسیقاو نیگارکێشان و پەیکەرتاشی و سروتەکان و..تاد)وایە، کە بۆ هەستکردنێکی سەرەتایی رەسەن بەشتێکی ون یان نادیارو درککردنی مرۆڤ دەگەرێتەوە.

سەرچاوە :

گۆڤاری(الآداب الاجنبیه) ژ: 104 ی پاییزی 2000

تێبینی:

1- پێویست ناکات دووبارە پەراوێزەکان وەربگێڕدرێن.
2-سینتراڵیزمی لۆگۆسیە: التمرکز حول اللوغوس .
3- فۆنۆ سینتراڵ: التمرکز حول الصوت
4- گرافۆ سینتراڵ: التمرکز حول الکتابە

بۆدریار و نەوجەنگەی هەرگیز رووی نەدا

ن:کریستۆفەر نوریس

و : رێبین رەسول ئیسماعیل

کەنداوی واقیع

تاچ رادەیەك دەشێت هزرڤانێك رووبچێتە نێو مەڵەو لەسەر ئەوەش بەردەوام بێت کە سەرنجێکی جیدییانە بۆلای خۆی کێش بکات؟ ئەو حاڵەتەی کە(جان بۆدریار) پێشکەشی دەکات حاڵەتێکی بەسوودە بۆ ئەزموون وەرگرتن، (بۆدریار) لەنێو دیمەنی ئێستای هزری (پۆست مۆدێرنیست) کەسایەتیەکی ناسراوەو بڵاوکەرەوەی هزرێکە لەهەموو هزرەکانی‌دی بێهودەییترەو ئێستا لەنێو نێوەندی قوتابیانی خۆیدا پێگەیەکی سەرنج راکێش داگیردەکات، ئەو قوتابیانەی دەچنە ریزی مۆدێلی هزری فەرەنسی.

چەند رۆژێك بەر لەهەڵگیرسانی جەنگی کەنداو(بۆدریار) وتارێك لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەی (گاردیان) بڵاو دەکاتەوەو تیایدا ئەوە رادەگەیەنێت کە ئەم جەنگە هەرگیز روونادات، چونکە وەکو ئەوەی دیارە تەنها شتێکی دروستکراوەو دەرەنجامی ساختەکاری دەزگاکانی راگەیاندنی گشتیە و گوتاری وازی جەنگە یان سیناریۆیەکی خەیاڵییە کە سەرجەم سنورەکانی جیهانی واقیعی یا گریمانی راستەقینە تێپەر دەکات.

لەماوەی چل ساڵی رابردوودا سیاسەتی بەرپەرچدانەوە کارێکی وای کردووە بەشێوەیەك جەنگ بۆتە شتێکی ئەستەم، تەنها ئەوەنەبێت کە بەشێکە لە دیاردەیەکی گوتاربێژی، یا

جۆرێکە لە گۆڕینەوەی هەڕەشەی ئیستیفزازی بە جۆرێک سروشتی زیادەڕۆییکردن لە دەربڕینی زارەکیانە دەبێتە هۆی ئەوەی لەدەرەنجامدا ببێتە هۆی روونەدانی رووداوێکی لەم جۆرە، جگە لەوەش جەنگ تەنها وەکو نمایشێك و نواندنێك یا جەنگێکی وەهمی سەرکەوتنی بەندە بە رادەی توانای کارگێڕی وگونجاندن وهەڵسوراندنی ئەوەی بەڕای گشتی ناوزەد دەکرێت.ئەوەش تەنها کاردانەوەیەکی پێچەوانەییە لەئاست گوتار و وێنەی میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی راگەیاندن کە وەهمی پاڵپشتیکردنی گشتی جەماوەر لەجەنگ دەردەخات، ئەوەش لەسایەی پێشکەش کردنی پێشینەییانەی هەموو وەلام وهەڵوێستێکی راستەقینە.

جەنگ بەرپا نابێت، بەم شێوەیە (بۆدریار) بەلووت بەرزییەوە بۆ چوونی خۆی راگەیاند، ئێستا قسەکردن لەسەر جەنگ بۆتە ئەلتەرناتیڤی خودی رووداوەکە، دەربارەی رووداو و چرکەساتی دەستپێکردنی وەکو ئەوەی رۆژێك لەرۆژان زاراوەی (جەنگ) دەلالەتی لێ دەکرد، زۆر بەسادەیی ئێمە هەستی جیاکردنەوە یاخالی، جیاوازیمان لەدەست داوە، ئێمە لەنێوان جەنگی وشەو ئەو وەهمەی دەزگا راگەیاندنەکاندایین کە وەکو گریمانێك بەرهەمیان هێناوە ، ئەوەش بەو مەبەستەی بۆشتی راستەقینە ئامادەمان بکات، لەگەڵ خودی ئەو شتەی کە بۆخۆی روونادات تەنها لەنێو خەیاڵی تەماشاکەری تەلەفزیۆندا نەبێت، ئەو بینەرانەی کە دووچاری سەرسوڕمان هاتوون، ئەوانەی بۆخۆیان بەجۆرەها وێنەو یاری ڤیدیۆیی بۆردومانکران کاتێك شاشەکانیانی لەکاتی هەڵمەتی کۆکردنەوەی هێزەکانی بەر لەجەنگ داپۆشی. ئەی باشە واقیعی حاڵ ئەوکاتەی جەنگ دەسپێدەکات- ئەوە نییە کە هەر هەموو لەسەرۆك ولاتان وبینەرانی بەرنامەی سەرەکی سیاسەتمەداران و ژەنەراڵەکانی هێڵی پێشەوە، شارەزاو پسپۆڕانی پنتاگۆن و کەسانی تریش، ئەی هەر هەموویان پشت بە زانیاری هەڵچنراو و ناراستەوخۆ نابەستن کە گوایە رووداوەکان دەگوازێتەوە؟ لەبارێکی ئاوادا(بۆدریار) مەسەلەکە بەعەقلانی دەکات، ئێمە دەتوانین دەستبەرداری هەموو قسە و دیالۆگێکی وەهمی بین دەربارەی جیاوازی لەنێوان جەنگی وەهمی و جەنگی راستەقینەو

دان بەوە دابنێین کە واقیع وەکو پێشوتر نەماوە، ئەم راستییەی (واقیعی بێت یان خەیاڵی) کە خۆی لەدواوەی دیاردەکاندا حەشارداوە.

بەم شێوەیە (بۆدریار) ناکەوێتە نێو رووداوەکە- ئەورووداوەی کە روونادات، وەکو ئەوەی ئەو پێیوایە- کەواتە جەنگی کەنداو بەشێوەیەکی وا گەورە نابێت تادەگاتە ئەو خاڵەی وشەکانی جەنگ رێگایەك بۆکردەی بەریەککەوتن نادۆزنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەوە رووبداو جەنگیش هەڵگیرسایەوە کە ناتوانێت لەشوێنی خۆیدا بەووردی پێشبینی ئەوە بکات کە ئەو شتانەی دەیبینێت یا گوێی لێدەبێت یان دەیان خوێنێتەوە تەنهاو تەنها نواندنێکی ساختەکارانەو خایاڵکراوی ئەوشتە، راستەقینەیەو مکانیزمی پروپاگەندەو شێوازە جیاجیاکانی لەخشتەبردن و فریودانی راگەیاندنی بەشداریان لەدارشتنیدا کردووە.

لەواقیعدا ئەوە سادەییە گەر مرۆڤ بتوانێت لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا بیربکاتەوە، وەکو ئەوەی جیاوازییەکی کاریگەر مەعریفە راستگۆو دژەکانی ئەوانەی ستراتیژیەتی دەست بەسەراگرتنی راگەیاندن و را وەرگرتنەکانی رای گشتی و دیالۆگە پەرلەمانیەکان و زۆری تر لەیەکتر جیادەکاتەوە. چونکە ئەم کارتێکەرە راگەیاندنییە راستەقینەیە- توانای ئەوەی هەیە کار لەناراستەی رووداوە رۆژانەییەکان بکات- هەروەکو هەمووشتێکی تر دەشێت(بەپێی توانای خۆمان لە سەر مەعریفە) بەراستی روویدابێت، یا ئەوەتا ئێستا لە رووداندا بێت، لە دەرەوەی بازنەی داپۆشینی چرکراوەی تەلەفزیۆنیدا. زۆر بەکورتی گریان بۆ کەمی زانیاری واقیعی بابەتی و بێلایەن بێسوودە ئەو کاتەی ئێمە هیچ پێوەرێکمان لەبەردەستدانیە- یا هیچ شتێکمان بۆ بەراوردکردن لەبەردەستدا نییە، تاوەکو رێگا بەچاودێرە شارەزاکانی نێوانیان بدات و بگەن بەتێروانینێکی رەخنەیی(شوێنگەی ستراتیژی ئێمە شاشەی تەلەفزیۆنە، ئەویش رۆژانە دەکەوێتە ژێر بۆردومان).

خودی ئەوە تەنها لەسەر ئەو ملیۆنەها بینەرە ناسەپێت کە لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە دەروانن رووداوەکان، بەڵکو بەسەر کەسایەتیەکانی نێو دەسەڵات و ئەو کەسانەی لەپێگەیهزرێشدان دەسەپێت، ئەوانەی زۆرجار وا وەهم دەکەین- وەکو دیارە بەهەڵەدا ئەچین-(ناگاداری) زۆر شتی ئەهێنین کە لەلای زۆرینەی هەرە زۆری هاوولاتیانی داماو

ئاشكرانییە. چونكە حاڵەتی ئەوانەش هەروەكو حاڵەتی ئێمە وایە، ئەوانیش دیل و كۆیلەی وەكو خەڵكانیتر- سیستەمێكن كە پێیان وایە ئەوان بۆ خۆیان فرمانەكانی دەگرنە دەستو ئاراستەی دەكەن، بەمانای چەمك وپراكتیك كردنی وشەكە، بەڵام لەراستیدا خودی ئەوانیش بەكۆمەڵێكی بێكۆتایی لەوێنەی ساختە وهەواڵی بەپلەی پێشوتر ئامادەكراو بۆردوومان دەكرێن، باشە ئەی ئێمە ئەم زانیارییانە لەسەرچاوەی (باوەرپێكراو)ی وەكو دەزگای(cnn) وەرناگرین! بەڕاددەیەك یاریزانە سەرەكییەكانی ئەم مەسەلەیەش جۆرج بۆش، جۆن مێجەر،ستراتیژزانانی پنتاگۆن و كەسانی تریش- زۆر لەراستیەكان ئەوانەن لەمەیدانی جەنگدا رووبەدەن هەر لەم كەناڵە تەلەفزیۆنیانە وەرناگرن،(بێگومان) دوای ئەوەی هەموو ئەو ماددانەی دەگاتە شاشەكەی دەخرێتە ژێر چاودێری ئەمنی وتەكنیكی مەیدانی راستەوخۆن هەرچەندە بیر و بۆچوون و مەزەندەكانیان دەربارەی رووداوەكان راستەقینەش نەبن.

بەڵام وەك دیارە هەموو ئەو بڕیارانەی داڕێژراون و ئەو وشانەیەهێزی ئەم بۆچوونانە دەردەخەن و ئاشكرا دەكرێن دواتر بەردەوام بەشێوەیەكی حەقیقی بەتەنها كار لە(رای گشتی) ناكەن بەڵكو كار لەرەفتار وئەنجامدانی ستراتیژیەتی جەنگیش دەكەن لەنێو(جیهانی حەقیقیدا) هەموو ئەوانە بەڵگەن- ئەگەر پێویستیمان بە بەڵگە هەبێت- لەسەر ئەوەی كە ئێمە چووینە نێو قۆناغێك لەگوێ پێنەدان، بازماندا بەرەو ئەو قۆناغەی كە پەرینەوە بەرەو جەنگ وەكو جۆرێك لەناڕووداو وایە، - شتێك یا ئەوەتا رووناداتـ وەكو ئەوەی بۆدریار بڕوای وایە- یا رووداني شتێكی نەزانراوە مادام ئێمە لەسەردەمانێكی زۆرەوە هەموو شێوازەكانی لەیەكتر جیاكردنەوەی (واقیع) و دژە خەیاڵكراوەكانیمان لەدەست داوە. لەسەرەتا ئێمە بانگەشەی رەگەزی ئامنمان دەكرد. بەڵام ئێستا باس لەجەنگی ئامن دەكەین. (بەم شێوەیە جەنگێكی وەكو جەنگی كەنداو لەسەر پێوەری رێختەردا زیاتر لەدووپلە یان سێ پلە تۆمار ناكات، ئەوە جەنگێكی حەقیقی نییە، جەنگێكە بێ نیشانە و ئاماژەی جەنگ: (جۆرە جەنگێكە دەلالەت لەوە دەكات كە تۆ لەسەرت نییە لەرووی هیچ جەنگێكدا

بووەستیت، ئەوەش وادەکات جەنگ وا(وێنابکرێت) وەکو ئەوەی لەقوڵایی کونێکی تاریکدا روودەدات.)

بەکورتی سەرجەم هەڵمەتەکە ئیمتیازێکی تەواوی راگەیاندنییە، بەردەوامبوون و درێژکردنەوەی تەکنەلۆژیای یاری جەنگی ڤیدیۆیە بەڵام بەشێوازی ئەڵتەرناتیڤ، سیناریۆی(بان واقیع)ی(ئەمە گوتەیەکی بۆدریارە)، چونکە راستی بە موفرەداتی گوتاربێژی و ئەنجامدانی رووتی ئەمکردەیە پێناسە دەکرێت واتا تەنها ئەو شتەی لەحاڵەتی ئێستادا حیسابی بۆ دەکرێت و بەپێی ئەو مەرجانەی داکۆك بوونی راگەیاندنی بەردەست دەیسەپێنێت.

ئێمەش ناتوانین نارەزایی لەبەرامبەر شێوازی ئەم زەمەنە خاوەن شکۆیەدا دەربڕین (راستی بەردەوام یەکەم قوربانی جەنگە) وحکومەتیش زانیارییەکان پەردەپۆش دەکات- یا پشت بە شێوازی درۆودەلەسە و پروپاگەندە دەبەستێت- بەمەبەستی پەراوێزکردنی دەنگە جیاکان و دواتریش رێگە گرتن لە ئەنجامدانی دیالۆگێکی میللی رۆشن دەربارەی ئەم شتانەی روو دەدەن. چونکە لەحاڵەتێکی ئاوا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئێمە کەوتووینەتە نێو داوی پرەنسیپەکانی یاری پۆست مۆدێرنیستی چونکە لەواقیعدا شتەکان لەرۆژگاری ئەمرۆماندا گوازراونەتەوە بۆ خاڵێك کە لەگەڵیدا بەها کۆنە هەڵخەڵەتێنەرەکانی سەردەمی رۆشنگەری وەکو سەکۆی کۆتایی کاریگەری خۆی لەدەستدا، ئەو بەهایانەی رۆژێك لەرۆژان بەلایەنی کەم لەنێو هەندێك لەسێنتەرەکاندا باڵا دەست بوون.

هەرکەسێ سروش لەو پێوەرانە وەربگرێت بێگومان کەوتۆتە نێو چنگی نارەزوویێکی نوستالیژیانەی گوتاری رەها کە بەناوی راستیەوە قسە دەکات جا ئەفلاتوونی یا کانتی یا مارکسی یا هەرشتێکی تر بێت- ئەو گوتارە پەناگەیەکی فریودەری پێدەدات و تیایدا دوور دەستە دەبێت لەمەعریفەی ئەوەی کە ئەمرۆ ئێمە بەبێ سەرچاوە یان پرەنسیپێکی واین کە بتوانێت بەهاناماەنەوە بێت بۆ مەسەلەی لەیەکتر جیاکردنەوەی راستی و ساختە، لەلاوازترین حاڵەتیشدا، ئێستا ناتوانین بڵێین- بەلایەنی کەم دەربارەی ئەوەی کە پەیوەستە بەوەی لەم رۆژگارەدا روودەدات- کەجەنگ لەکەنداودا بەراستی دەستیپێکرووە: بەبەراورد لەگەڵ

شێوەو روخسارە قسەلۆکیە فرەو جیاوازەکاندا. سیناریۆیە خەیاڵکراوەکان، دەست نیشانکردنی شێوازەکانی راگەیاندنی گشتی بۆ ئەم جەنگە و شتی تر.

چونکە هەر بانگەشەکردنێکی لەم جۆرە بەردەوام هاوشێوەی ئەنتۆلۆژیایەکی واقیعی دەبێت کە تائێستاش دیلی هەندێك فرەجۆری دوولایەنی راستیە/ساختە یان راستەقینە/خەیاڵ. لەتێروانینی بۆدریارەوە لەنێو هزری پۆست مۆدێرنیستیدا ئەم زاراوانە بەو ئامارە بالاّ دەستانە بۆ واقیع دەگۆردرێنەوە (بان واقیع) کاریگەریەکەشی لەوەدایە کە دەتوانێت هەموو جیاوازییەك بەلاوە بنێت یا بیسرێتەوە لەنێوان حەقیقەت ونەوشتەی- لەبەر زۆر هۆکاری کردارەکیانە-(لەرێگا بڕوا پێکردنەوە گونجاوە). لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە ئێمە لەرێگای راست لابدەین ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری پێشبینیەکانی بۆدریارمان بەرەهایی بەهەڵەداناو بڕوامان کرد کە جەنگی کەنداویش بەپراکتیك وەکو راستیەکی بێ غوبار دەستی پێکردووە، بەم شێوەیەش بەچاوی پڕ گومانەوە بڕوانینە سەرجەم هزرەکانی، چونکە مرۆڤ بەردەوام لەتوانایدایە بەهانە بە بەهانە وەڵام بداتەوەو لەبانگەشە کردنێکی لەم جۆرانەدا پرسیار دەربارەی ئەوەش بکات کەدەشێت بەرووداو دابنرێت بەتایبەتیش ئەگەر مەعریفەی ئێمە بۆ ئەم رووداوانەی لەژێر وتووێژ و دیالۆگدان مەعریفەیەکی ساختە بێت و بەگشتی پشتی بەچەندین شێوەی جۆراو جۆری وەهمی راگەیاندنی بەستبێت: ئەو راگەیاندنانەی بەشێوەیەکی بەتوانا دروست دەکرێن. بەهەرحاڵ دیارە ئەوە هێڵی کشانەوەو تێکشکانی کۆتاییەتی لەرووی ئەم وەڵامە روونەی کە رووداوەکانی دواتر خستیانەروو.لەوەش زیاتر ئەو دێت بەکورتی ئەم قۆناغانەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لەسایەیانەوە بەپەلە پەرینەوە بەرەو (کەنداوی واقیع) و ئێستا، ئەم حاڵەتە لە بوون لەنێو گەردابێکی ئەبەدیانەدایە(بازنەی ئاوابوون) لەنێوان وەهمی یاری جەنگ و خودی رووداوی نامەعقوڵدا(خەونمان بەجەنگێکی ساف) بۆدریار دەنوسێت،(جەنگی ستراتیژیەتێکی ئاسمان خاڵی لەوردەکاری رۆچوونە نێو سیاسەت وناوەخۆ) ئەوە قۆناغی گواستنەوە بوو لە شێوەیەك لەسیناریۆی شێت(بەرپەرچدانەوە یان کاول بوونی هەردوولا) بەرەو فانتازیایەکی تری سوریالی تر و سەرسورهێنەر تر لەدەسپێشخەرییەکەی (رێگان) دەربارەی جەنگی ئەستێرەکان.بەلاّم ئێمە

ئەمرۆ بۆدریار دەڵێت- لەنێو ئەم قۆناغەدا دەژین و بەرەو حاڵەتێکی ترلە ئیستیفزازێکی هێمن وجێگیر تێپەر دەبین حاڵەتی ناموبالات و خۆ لەگێلی دانی بەکۆمەڵ ئەو کاتەی کە جەنگ تەنها وشەیەکە، دەلالەتێکی نقومبوو بەتاڵ لەهەموو بارگەیەکی دەلالی کە پەیوەست بێت بەجیهانی راستەقینە(پێویستە لەسەرمان وشیاربین) بۆدریار دەنوسێت(بەهۆی نەبوونی هیچ راگەیاندنێك دەربارەی دەسپێکردنی جەنگ، جەنگی راستەقینەش بەبێ راگەیاندن بوونی نابێت- ئەوە چرکەساتی گواستنەوەیە لە وشەوە بۆ کردار) بەئامادەنەبوونی راگەیاندنێکی ئاشکرای لەو شێوەیە- وەکو ئەوەی گوتارەکەی ئەو بۆی دەچێت- زۆر بەسادەیی ئێمە توانای مەعریفەی ئەوەمان نییە کە ئایا جەنگ بەکردارەکیانە دەستپێکردووە یان ئەوەتا ئێمە (ئەوەش زیاتر دەشێت) تەنها نواندنێکی ساختەو بەردەوامی کەرنەڤاڵی یاری جەنگ بەدی دەکەین چونکە حەقیقەتەکەی لەو توانایەی دایە لەسەر کۆپیکردنی هەموو نمونە پێویستەکان لەکاردانەوەی شێوازەکانی راگەیاندن. سەبارەت بەو کەسانەی بەدوای نووسینەکانی پێشوتری(بۆدریار)ەوە چوونەوە ئەوا ئەم رایە جێگای سەرسوڕمان نییە، ئەو پێیوایە ئێمە لەنێو فەلەکی کۆمەڵێك دیاردەی خەیاڵی یافریودەردا گوزەران دەکەین و پێیوایە کەوا حەقیقەت بۆ یەکجاری لە دەستچوو، وەکو چۆن عەقڵی رۆشنگەری لەدەست چووە، یاوەکو هزرە لەنێو چووەکان و ونبوون، واقیع ئەمرۆ مەرجدارە بەهەمەکێتی بەسەمای(وێنەی ساختە)ی زۆر یا کارتێکەرەکانی واقیع و رەخنەگرتن لەدیاردە ساختەکانیش بێسوودە.

(جا ئەم رەخنەیە لەروانگەیەکی ئەپیستمۆلۆژی یا کۆمەڵایەتی سیاسی)یەوەش بێت، چونکە ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت تەنها خاوەنی ئەم دیاردانەین، بۆیە واچاکترە لەمە بەدواوە ئاشتی لەگەڵ واقیعێکدا مۆر بکەین کەبە(بارودۆخی پۆست مۆدێرنیستی) ناو دەبرێت، لەبری ئەوەی خۆمان پەیوەستی ئەو جۆرە گوتارە کۆن و بەسەرچووانەی گوتەی حەقیقەت بکەین کە ئەمرۆ وای لێهاتووە هیچ راستگۆییەکی گوتاری و دەلالی نەماوە.

ماوەیەکی زۆرە - نزیکەی زیاتر لەدوو هەزارساڵ دەبێت- بیرۆکەیەکی وا لەنێو فەلسەفەکاران و هزرڤانە ئەخلاقییەکان و تیۆریستە کۆمەڵایەتیەکان و کەسانیتر بڵاوبۆتەوە

کە دەشێت حەقیقەت لەسایەیکوشتنی هێزی رەخنەیی توندا هەست پێبکرێت و بەوسیفەتەی کردارێکە بوار بەهەزرڤان دەدات لەدەرەنجامی کۆتاییدا بجوڵێت وجیاوازی لەنێوان گریمانی راستگۆ (یان بەها راستەکان) و جۆرها شێوەی وەهم بکات، وشیاری ساختە، بەهەڵە داچوونی ئایدیۆلۆژی و شتی تر هەر لەئەفلاتوونەوە تادەگاتە کانت، هیگل، مارکس وئەوانەی دوای ئەوانەش هاتن، ئەو بیروبۆچوونە بەتوندی جێگیربوو سەرەرای هەموو ئەم بەلاوەنان و بەلادا چوونەی دووچاری سیستەمە مەعریفییەکان هات کە بۆتە مۆرکێك بەمێژووی هزری خۆرئاواوە نووساوە،بەلام ئێستا کەبۆتە بیروبۆچوونێکی کۆنی بەلاوەنراو وەکو ئەوەی بۆدریار بۆی دەچێت، چونکە ئێمە هەموو هەستکردنێکمان بەجیاوازی جیاوازی ئەنتۆلۆژی یا ئەبیستمۆلۆژی لەدەستداوە،جیاوازی لەنێوان هەقیقەت و جۆرەها وێنەی ساختە، هاوشێوەو ئەلتەرناتیڤی فانتازیی کە لەم سەردەمەی ئێستاماندا نازناویان بەدەست هێناوە، بەم شێوەیە جەنگی کەنداو وا پۆلێن دەکرێت وەکو نموونەیەك کە دەخرێتە سەر کەتەلۆگی فرەو فراوانی (بۆدریار) دەربارەی واقیعی(یان واقیع) لەنێو هزری پۆست مۆدێرنیستیدا. جەنگ تەنها مملانێیەکە لەسەر ئەم ئاستەدا سەری هەڵداوە، ئاستی ساختەکاری ستراتیژی شێوەیەك لەشێوەکانی پێوە بوونی بینەر کە دەکشێت و بالادەست دەبێت هەر لەیاری جەنگی خەیاڵییەوە بۆ داپۆشینی چڕی رووداوێك کە لەبنچینەدا دەچێتە نێو خانەی(جیهانی حەقیقی) و ئێمەش وا لێدەکات توانای ئەوەمان نەبێت ئەم دوو نموونەیە لەیەکتر جیابکەینەوە.

"بەهەڵە لەدریدا تێگەیشتین "

گومان لەوەدا نییە کە گریمانی لەم جۆرە دەچێتە خانەی قسەی پڕو پووچ- گوتاری پۆست مۆدێرنیستی دەربارەی بابەتی ئالۆز و بەکاربراو- ئەمەش مەسەلەیەکە دەبێت لای هەموو خوێنەرێك کە شەپۆلی ئێستای هزری لولی نەداوە روون و ئاشکرابێت. من رەخنەم ئاراستەی ئەم سەرلێشێوانە فەلسەفیانەی بۆدریار کردووەبۆیە ئێرە شوێنێکی گونجاونییە بۆ ئەوەی وردتر ودرێژتر ئەو شتانەی راڤەبکەم.کە لەزۆربەی گریمانەکانیاندا هەڵەن، بەلام

واباشترە لێرەدا ئەو خاڵە سەرەکیانەی باسیان دەکات دووبارە بکەمەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر تێیان بگەین، یەکەم: بۆچی وتارەکەی دەربارەی جەنگی کەنداو لەم کاتەدا بڵاوکرایەوە و بۆچی ئەم هەموو وتووێژە جدییەی ئەنگێزەکرد؟

دووەم بۆدریار- لەپاڵ ئەو رەوتە پۆست مۆدێرنیستیەی کە لەبڕی ئەوان قسەدەکات- چۆن توانی ئەو باڵادەستیە و تاکگەراییە لەنێو هزری ئێستادا بەدەست بێنێت؟ لەبەر ئەوەی شتێکی قوڵ هەیە دووچاری دڵە راوکێمان دەکات بۆزانینی ئەو هۆکارە پاڵی بەرۆژنامەی (گاردیان)ەوەنا تاوەکو ئەم وتارە بۆ وتوێژکردن وەکو نموونەیەك بۆ راوبۆچوونی پێشکەوتنخوازانە لەنێو دەستەیەکی باش لە نێوخوێنەرانیدا، ئەوانەی کە بایەخ بەم مەسەلانە دەدەن، هەڵبژێرێت.

جگە لەوەش ئامارەی تریش زۆرن- بۆنموونە لەسەر لاپەڕەی(maixism today ,new le ft review،) و بڵاوکراوەی ناودارتریش- وادەردەخەن کە هزرەکانی بۆدریار بەبەربڵاوی بڵاوبوونەتەوەو بەجیددیش وەرگیراون(ئەگەر نەڵێین پێڕەو دەکرێن) لەلایەن تیۆریست و نووسەریناسراودا. بەکورتی، ئەو هزرڤانێکە بێگومان مافی ئەوەی هەیە لەسەری رابوەستین تەنانەت ئەگەر- من دەمەوێ گریمان بکەم- ئەم پایە بەرزەی ئێستایو کاریگەریەکەی تەنها نیشانەیە لەسەر بڵاوبوونەوەی قەیرانێکی هزری کەتیایدا (پۆست مۆدێرنیستی زاراوەیەکی دەستنیشانکراوی پەسووە.

سەرەکیترین ئاڵۆزی لەهزری بۆدریار لەو مەیلەیەتی بۆ یەکسانی کردن لەنێوان ئەوەی کە ئێستاو تەنها بەشێوەیەکی زۆر بەپەلە(لەرێگای بڕواکردنەوە دەشێت) و لەگەڵ ئەو سنوورانەی دەشێت لەسایەی هەڵوێستێکی رەخنەیی ئاڵودەیە بەدوای حەقیقەتدا. بێگومان ئەوەش لەگەڵ نموونەیەکی فراوانتر لە تیۆرەکانی مەعریفەی پراگماتی پشت ئەستوور بە بیروکەی کۆڕا(اجماع) کۆکە، تیۆری دوا کە گریمانی ئەوە دەکات گوایە حەقیقەت لەسەر باروDۆخێکی بیندراودا بریتییە لەکۆمەڵێك بەهاو بیروبۆچوون لەنێو کۆمەڵگایەکی تەئویلگەرای دیاریکراودا روویداوەو بڵاوبۆتەوە، هزری لەم شێوەیە دەنگدانەوەیەکی باش لەنێوەندی فەلسەفەکارانی(دوای شیکار)ی وەکو ریتشارد رورتی و هەندێك لەرەخنەگرانی

ئەدەب ئەوانەی خاوەنی بیرو بۆچوونی هاوشێوەن وەکو(ستانلی فیش) و هەندێکی تر ئەوانەی گەرەکیانە رۆڵی فەلسەفە یان تیۆر کەمتر و سنوردارتر بکەن ئەوەش لەسایەی گریمانەکانیان گوایە مەرجی حەقیقەت لەنێو گوتاردا تەنها زێدەرۆییەکی بەتاڵەو چەمك و بونیادەکانی بریتین لەکۆمەڵێك خوازەی پاك وسافکراو یا میراتی میتافیزیکی بەسالاچووە، کەواتە پێویستە لەسەرمان ئەو کۆششە فەلسەفیەخوازراوو کلاسیکیە لەگەڵ ئەم پراکتیك کردنەی ئێستاشی لەبواری سۆسیۆلۆژیا، یاسابەندی یاسایی، رەخنەی ئەدەبی و سەرجەم زانستە مرۆڤایەتییەکانیش هەر بەلاوەی بنێین، جگە لەوەش پۆست بونیادگەری هەڵسا بەهاندانی بیرۆکەی ئەوەی کە کەتولر(واقیع) تەنها وتەنها دیاردەیەکی گوتاربێژیەو بەرەنجامی چەندین کۆدی جیاواز و یاسا و یاری زمانەوانین یان سیستەمی ئاماژەیی وان کە بەتەنها لەتوانایاندایە ئەوشێواز وریگایانەمان نیشان بدەن بۆ تەنویلکردنی ئەزموون لەروانگەی (فۆکۆ) بۆ رێرەوتی مەعریفە/هێزی پاڵپشتیکراو: هەروەها بەو مێژووگەراییە نوێیەی کەوا باس لەمێژوو دەکات وەکو ئەوەی مەیدانێکی ئەکتێڤکراو بێت بۆکۆمەڵی گوتاری ئایدیۆلۆژی ناکۆك و دژیەك، جگە لەبەهەڵە خوێندنەوەی کارەکانی دریداو گریمانەکردنی- بەشێوەیەکی-ئەرسیسی کەم وێنە- گوایە ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هیچ شتێك ناکەوێتە دەرەوەی دەق- تۆ هەموو ئەو تیۆرە بەربلاوانە بخەرە نێو یەك شت(لەگەڵ ئەوەی کە بە(خولانەوەی زمانەوانی) بانگەشە دەکرێت و گەیشتۆتە کۆمەڵێك کایەی مەعریفەی هاوشێوە).

ئەرکات لەوە دەگەیت کە بۆدریار توانی کۆمەڵێکی باش لەخوێنەران بۆخۆی کێش بکات و وایان لێبکات ئەم گریمانە زێدە رۆییانە بلاوبکەنەوە، ئەوانەی کە دوور لەم سیاقەوە تەنهاوتەنها دەبنە پەراوێزێکی بچووك لەنێو پێکهاتەی بونیادیانەی زۆر بلێی ئەو رۆژانەمان.

بەهەرحاڵ ئەو هەقیقەتەی ناکرێ نکۆڵی لێ بکرێت ئەوەیە کە ئەم هزرانەی بایەخێکی جیدییان پێدەدرێت بەرادەیەك ئێستا بۆدریار لەتوانایدایە گریمانەکانی خۆی دەبارەی جەنگی کەنداو بەگشتی بکات بێئەوەی ترسی ئەوەی هەبێت دواتر ببێتە جادووکەرێك یان

وا ببینێت کە ئەم گریمانانە بەشێوەیەکی تۆخ و توند لەژێر رۆشنایی رووداوی نێو جیهانی حەقیقیدا دروستکراون. ئێستا دەتوانرێت بگوترێت بەرادەیەکی زۆر پاساو هێنانەوەش- کەبۆدریار ئەو کەسایەتییە نییە نوێنەرایەتی رەوتێك بکات و هزر وبیر وبۆچوونەکانی بەشێوەیەکی زۆر دوور رۆیشتن بەشێوەیەك سانانییە کەس قبوڵیان بکات، کەواتە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هیچ وپووچیانە نابێت وا رەفتاری لەگەڵدا بکرێت وەکو ئەوەی سەرزەنشتکردنی سەرجەم موغامەرەی هزری ئێستایە. حەزیش ناکەم- بەهەرحاڵێك بێت- ئەم خاڵە رەتبکەمەوە،لەبەر ئەوەی کاتێکی زۆرم لەم ساڵانەی رابردوودا بەسەربردوو لەهەوڵ و کۆششی ئەوەدا بووم هێڵی ئاڵۆزو فراوانی هزری دوای بونیادگەری لەیەکتر جیابکەمەوەو هەڵیبوەشێنمەوەو ئەوە پیشان بدەم هەڵوەشاندنەوەگەرایی دریدایی(بۆنموونە) پارێزگاری لەتریەی تەواوی رەخنەی رۆشنگەری دەکات، ئەوە لەکاتێکدا ئەم تەقلیدە کەوتۆتە ژێر سەرلەنوێ پێداچوونەوەیەکی رادیکاڵیانە بەشێوەیەك سەرجەم سیستەم و چەمکە دامەزراوەکانی دەگرێتەوە. شیکارکردنێکی ووردی ئەم جیاوازیانە پێویست دەکات بەیەکەوە جەخت بکرێتە سەر مەسەلەی ئەخلاقی وئەپیستمۆلۆژی چونکە لەهەردوو سیاقدا ئەوا دریدا هەوڵیدەدا پرۆژەکەی خۆی لەم جۆرە هەڵوێستە یان ناعەقڵانیانە دوور بخاتەوە کە بەشتێکی ساکار دادەنرێت لەشێوازی بۆدریار- هەر یەك لەعەقڵ و حەقیقەت بەهای دارسەن وخشینی واقیعی (سەرووی واقیعی) هزری پۆست مۆدێرنیستی لەناوی بردن بەم شێوەیە مرۆڤ دەتوانێت زۆر برگە لە کارەکانی دریدا بهێنێتەوە کە بەشێوەیەکی بێگومان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەڵوەشاندنەوە ئەو شتە نییە وەکو ئەوەی زۆرجار نەیارانی هەوڵیانداوە وێنای بکەن، گوایە گوتارێکە پێویستی بەدەلالەت و مەشروعیەت یان حەقیقەت نییە، هەڵوەشاندنەوە گەرایی زۆر بەتوندی قوتابخانەی (هەموو شتێك دەشێت) رەتدەکاتەوە، ئەو قوتابخانەیەی سەر بەهێرمۆنتیکای هزری پۆست مۆدێنیستیە. هەڵوەشاندنەوەی هزری بڵاو وسادە سەبارەت بەچۆنیەتی پەیوەست بوونی زمان بە واقیع مانای ئەوە نییە کە گریمانی ئەوە بکەین گوایە زمان بۆشاییەکە لە(وازییەکی ئازاد) و کراوەی‌دەقەکان، یا دالی نفرۆ بووی خاڵی لەهەر ناوەڕۆکێکی دەلالی بێت، بەدەربڕینێکی

ئەخلاقی تر، ئەومبەدحاڵی بوونێکی مەزنە کە تۆگریمانی ئەوە بکەیت گوایە هەڵوەشاندنەوە مەسەلەی بەرپرسیارێتی تەئویلی بەلاوە دەنێت وپشتگوێی دەخات یان دوای دەخات و پێیوایە کە دەق یان شتی سەر زارەکی- لەژێر رۆشنایی پێوەری تردا (نیازپاکی و رەچاوکردنی وردەکارییەکان..تاد) بەشێوەیەک رێگا نادات بگۆرێت بۆ تەنها یاریەکی جوان رێکخراو، یا شایەدبێت بۆ هەموو جۆرە زیادەرۆییەکی خوێنەر، بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەم هەڵوێستە لە(دانپیانان و رێزگرتن) دریدا لە نێو کتێبی(گراماتۆلۆژیا)دا وەکو پاڵپشتێک کەناکرێ دەستبەرداری بین باسی لێوە دەکات. ئەوە خاڵی دەسپێکی زۆر پێویستە بۆ هەر کردەیەکی تەئویلی کە ئاگاداری خۆیەتی تاوەکو(بەهەر رۆگەیەکدا حەز بکات، تەروات و رێگاش بەخۆی نەدات هەر شتێکی مەبەستیەتی بیڵێت) کاتێکیش (دریدا) بریار لەسەر ئەوە دەدات کە دیالۆگەکەی زیاتر ئالۆزتر بکات پێشنیاری ئەوە دەکات گەرانەوە بەرەو مەبەستگەرایی نووسەر بەردەوام کاری ئەوەی کردووە ، پارێزگاری لەخوێندنەوەی بکات ئەوەکو بیکاتەوە. بەم شێوەیە بەهەڵەدا دەچین ئەگەر ئەم وشانە وا تەئویل بکەین گوایە رەتکردنەوەی خاڵی بنەرەتییە چونکە یەکێک لەچاکەکانی نووسینەکانی دریدا- دەگەرێنەوەو خوێنەر دەگێرەوە بۆ ئەو شتەی کە پێشتر دەربارەی ئەم بابەتە لەشوێنێکی تردا نووسیوومە- ئەوەیە کە ئەنگێزی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی دەکات(هاوکات لەگەڵ پرسیارە ئەپیستمۆلۆژییەکان)دا کە لەگەڵ خۆیەیوەستکردنی راستەوخۆ بەگوتەی دەلالەت و نیاز ودەسەڵاتی دەق وخوێندنەوەی راست و هەڵە نەکردنی نووسەر و زۆری تر ژێرخاک نران. ئەوەی ئەیاران نەیانتوانی دەسگیری بکەن ئەوەیەکە دریدا کاتێک پشت بەم پێوەرانە دەبەستێت- پارێزگارییان لێدەکات بەو زمانەپاراوە مەزنەی خۆی گوایە ئەوانە (پاڵپشتن و ناکرێت پشتیان تێبکرێت)- لەکاتێکدا ئەوەش دەردەخات کە ئەوانە ناتوانن (بگرە دەبێت نەتوانن) کۆت و پێوەند بخەنە سەر پراکسیسکرنی هزریی رەخنەیی. ئەوەش بەرەوە ئەوەمان دەبات کە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە(دریدا) ناکەوێتە نێو داوی ئەو رەوتەی گوتاری پۆست مۆدێرنیستی کە کۆتایی سیستەمی واقیع و حەقیقەت و زەنییەتی رۆشنگەری رادەگەیەنێت ئەم خاڵەش زیاتر روونترکرایەوە کاتێک (دریدا) وەڵامی رەخنەگری

وەکو(هابرماس و سیل)ی دایەوە، ئەوانە گریمانی ئەوەیان کردبوو- ئەگەر چی زۆر کەم شارەزاییان لەکارەکانیدا هەبوو- هەڵوەشاندنەوە تەنها وتەنها فرە جۆریەکی دەق ئامێزە دەربارەی بابەتی دووبارەکراوو ئاڵۆز بەڵام لەدەرەوەی قوتابخانەکەدا.

پێموایە دریدا ئەم دیالۆگەی خۆی بەپشت بەستن بەهێزی بیرکردنەوەی خۆی وتێبینی کردنی وردی ئەم پنتە کوێرانەی نێو گوتاری نەیارەکانی هەڵسوراند، ئەوە جگە لەچالاکیو توانای لەرادەبەدەری بۆ گێرانەوەی تۆمەتەکان بەسەر خاوەنەکانیان ئەوەش لەسایەی توانایەکیسەرسورهێنەر کەسەرجەم دیالۆگەکانی دادەپۆشێت، بەهەرحاڵ زۆر ئەستەمە نەیارانی-بگرە خوێنکارە تێ ئاڵاوەکانیش- وا رەفتار لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە بکەن گوایە تەنها لقێکە لەرەوتی ئێستای هزری پۆست مۆدێرنیستی یان هزری نەیار بە رۆشنگەری، بەم جۆرە مرۆڤ دەبێت دان بەوە دابنێت کە هەندێك کەس بەم شێوەیە لەهەڵوەشاندنەوە گەیشتوون، ئەو کەسانەی کاتیان نییە و ئارەزووی شیکارکردنی دەق ورووبەرووکردنەوەیان نییە، یان بەشێوەیەکی وا بیخوێننەوە کەمەرجەعییەتی فەلسەفی ئاڵۆز وسیستەمی شاردراوەکان وشێوازە تایبەتیەکانی شیکارکردن..تاد لەبەرچاو بگرنو رەچاوی بکەن.

هۆکارێکی تریش هەیە بۆ ئەم بەدحاڵی بوونە سەرچاوەکەشی لەوەدایە کە ئەم دەقانەبەسەرگەرمییەکی زۆرەوە لەلایەن کۆمەڵگایەکی تەئویلگەرایی جیاوازدا هەڵقوزرایەوە-تیۆریستە ئەدەبیە ئەمریکی وبەریتانییەکان- بەشێوەیەکی وا پشت پێ بەستراو پراکتیك کرا کە لەپاڵنەر و پێشینەیی زۆر جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوەش تەنها بەسادەیی-نموونەیەکیزەقی دیار نییە لەسەر میکانیزمو شێواندنی ئاسایی. بەڵکو جۆرێکە لەبەدحاڵی بوونی بەکۆمەڵ یا بەهەڵەدا بردنی شارەزایانە کە ئەوکاتە ڕوودەدات کە پرۆژەیەکی دیاریکراو یا چالاکیەکی هزری وەردەگێردرێتە سەر زمانێکی تر، ئەو زمانەش تەنها ئامانجە تایبەتیەکانی خۆی رەچاو دەکات، لەواقیعدا (دریدا) ئەوەی رەتکردۆتەوە کە پراکسیس کردنی ئەو بۆ هەڵوەشاندنەوە دەبێت وەکو پێوەرێك وەربگیرێتو تێی بڕواندرێتو بە شوێنی دابچین یا دەبێت وا بڕوانرێتە شێوەکانی هەمان موغامەرەی یەکەم- وەکو ئەوەی بۆنموونە لە تیۆری ئەدەبی ئەمریکیدا یا نموونەی ئێستای (لاهوتیەتی

هەڵوەشاندنەوەگەرایی) وەکو ئەوەی بەرجەستەکراوی لادەر، یان مشەخۆر بێت وپشت بە خراپ لێکنزیکیەکی مەزنی دەقەکان ببەستێت. بەڵام ئەوەش ڕێگای ئەوەی لێنەگرت کە هەڵوێستێکی توند لە دژایەتی کردنەکە وەربگرێت، لەوەشدا مافی خۆیەتی کاتێک نەیارەکانی وەکو(سێرل وهابرماس) پەنایان بردە بەر کۆمەڵێک تەعمیماتی ساختەی هەڵوەشاندنەوە لە بری ئەوەی پەنا ببەنە بەر خودی هزری خۆی و لەسەر ئاستی دیالۆگی فەلسەفیدا کاری لەگەڵدا بکەن. ئەوانیش کاتێک وادەکەن پشت بەو بۆچونە بڵاوە دەبەستن کە ڕەخنەگرانی ئەدەب بەتەنها تەکریسیان نەکردووە، بەڵکو فەلسەفەکارانی دوای شیکارییش لە نمونەی وەکو(ریچارد رۆرتی) گوایە هەڵوەشاندنەوە ئەوەندەی دابڕان لەگەڵ بەها سەرابیە کۆنەکانی حەقیقەت وعەقڵ وزەینیەتی گومانکاری ڕۆشنگەری دروست بکات، ئەوەندە بایەخدارتر دەبێت. بۆیە هەریەک لە (رۆرتی و سێرل) لە کاتی خوێندنەوەی دریدادا لەسەر ئەوە کۆک و تەبان گوایە ئەو سۆفیستێکی دواترەو گوتار بێژێکی بەتوانایەو تاکە بەهرەی ئەوەیە کە دەتوانێت خاڵ لە دژی تەقلیدی ڕەسمی هزری بونیادنەر تۆماربکات، کە هەوڵدەدات کێشەکان چارەسەر بکات. خاڵی جیاوازی نێوانیان ئەوەیە (سێرل) پێیوایە هەڵوەشاندنەوە هەڵوێستێکی لادەرو دوورە لە ڕاستی، لە کاتێکدا(رۆرتی) هاوکات لەگەڵ بۆچونە پراگماتیکیەکانیدا-پێیوایە پێشوەچونێکی باشە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی فەلسەفە لە کۆتاییدا دەستبەرداری ئەو خۆبەزلزانینەی خۆی بوو بەوەی ڕۆڵێکی ئاسایی لە دیالۆگی کەلتوری ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا بگێڕێت.

پێم وایە ئەمە لەبەدبەختییە- بەتایبەتیش لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاگەیاندنە دواییانەی بۆدریاردا- کە دریدا ئایەتە دەنگ و بەتوندی بەرپەرچی ئەم گرموکردنە لەسەر هەڵچوونی پۆست مۆدێرنیستی نوێدا ناداتەوە، ئەوە هەوڵ وکۆششە بۆتێوەگلانی هەڵوەشاندنەوە بەرەوتی تەواو (رێژەگەرایی) چونکە کاریگەری هزرێکی ئاوا بەتایبەتیش ئەوکاتەی هاوشانی ئەو باڵابونەی ئێستای تیۆری ئەدەبی وەکو گوتارێکی (پێوەرخوان) دەبێت گوایە دەتوانێت کایەی مەعریفی تر دامەزرێنێت، ئەوە زیاتر هاندانی ئەو بیرۆکەیەیە کە پێیوایە(واقیع) دەبێت بەهەمەکی لەسایەی زمانەوە یان لەسایەی نەسەقی ئەم جۆرە یانەو

جۆرە لەپراکسیسکردنی ئاماژەکارییانەی(شوێنگەییدا) بخوێندرێتەوەو هیچ رێگایەکیش بەرەو حەقیقەت یا مەسەلەی بەبەڵگەکردنی مێژوویی نییە تەنها لەسایەی هەمان شێوەی نواندنی ئەم گوتارەوە نەبێت، کەواتە، وەکو ئەوەی بۆدریار بەنەشوەوە وەکو دەرەنجامێک پێیدەگات- ئەوەیە کە ئێمە لەنێو فەلەکێک لەیاری زمانەوانیدا نیشتەجێین(یان وێنەی بەیاناتی رووپۆشکراو) کە بەئازادی و بەبێ بەندەر دەسوڕێنەوە، بەشێوەیەک رەوانبێژی دەچێتەوە نێو دەشکەوتەکەی خۆی‌و هیچ شتێکیش سوودمەندنییە لەکاتی رەفتارکردن لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن یا ئامێری زانیارییە حکومییەکان و ئەو شتانەی گەرەکیانە وامان لێبکەن بڕوایان پێبکەین.

کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئەو هۆکارانەی رێگا لەمرۆڤ دەگرن رایەکی بەم شێوەیە دەربارەی هەڵوەشاندنەوە قبوڵ نەکات هۆکاری وان پەیوەندییان تەنها بەمەعریفەی وردو زۆری کارەکانی دریداوە نییە، بەڵکو پێویستی بەشارەزا بوونیش هەیە لەهەندێک مەسەلەی سێنتەری دەربارەی ئەو مەسەلانەی دەچنە نێو خانەی ئەپیستمۆلۆژیاو فەلسەفەی زمان و سیمۆتیکای مەرجدار بەمەعریفەی حەقیقەت..تاد، مەسەلەی وا کە بەدەگمەن فێرخوازانی ئەدەب بایەخی پێدەدەن، یا لەواقیعدا لەنێو نێوەندی تیۆرگەرایی ئەدەبیشدا کەم بایەخی پێدەدرێت، ئالێرەوە بەم سانایییە سەر سوڕهێنەرەی کەلەسایەیەوە دەقەکانی (دریدا) پەیوەستی رەوتی پراگماتیکی پۆست مۆدێرنیستی کرا، ئەو رەوتەی هەر زوو بەزوو دروشمەکانی کاتێک دەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەو پشکنینی شیکارییانە وەکو ئەوەی خودی (دریدا) بەسەرنووسینی فەلسەفەکاران لەئەفلاتوونەوە تاوەکو هیگل و هۆسرل‌و ئۆستنی‌ی دەکات، هەر زووبەزوو دەبن بەدروشم و قسەی پڕوپووچ. نموونەیەکی ئەم دروشمانە- جگە لەوانەی تازە باسمانکرد- دەشێت ئەم پێکهاتەو هەڵبژاردنانەی خوارەوە لەخۆی بگرێت:

هەموو خوێندنەوەیەک خراپ خوێندنەوەیە، هەموو تەئویلێک تەئویلی بەهەڵەدا چووە..تاد،(تیۆر) هەوڵ و کۆششێکی کوێرانەو بێدەرەنجامە،لەبەر ئەوەی هیچ زێدەیەکی جیاکاریانە بۆداب و نەریت و بیر وباوەڕی هزری چەسپاو لەلای ئێمەدا پێشکەش

ناکات. چەمکەکان تەنهاو تەنها خوازەی ڕێکخراو وچاککراون، ئامـاژەی ڕەوانبێژیـن و ئاشکراکردنی ناوەڕۆکەکانیان تەنهاو تەنها بەرەوگومان کردن لەسەرجەم موغامەرەکانی بیری عەقڵانی خۆرئاوامان دەبات (سێنترالیزمی لۆگۆسی)-لەکۆتاییشدا- ئەوبەسکەوتەی کە تیۆریستە ئەدەبییەکان بەدەستیانهێنا- پێویستە لەژێر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی باسمانکرد، بنەماکانی ئەم یارییە(پۆست مۆدێرنیستیە)بزانین.

مادام هەریەک لەحەقیقەت و واقیع ئێستا هەڵوەشێنرانەوە بەرادەیەک کە پێویستەهەر لقێکی مەعریفەی تر دان بەوەدابنێت کەدووچاری (قەیرانێکی) دەقگەرایی بۆتەوەو لێشی دەرباز نابێت، مرۆڤ دەتوانێت ئەم گریمانانە هەریەک بەتەنیا وەربگرێت و ساختەییەکەی یان پێداویستی بۆ توند و تۆڵـی و هـێز-ئەوکاتـەی بەهـەندێک لەبڕگـە گونجاوەکـانی تیۆرەکانی (دریدا)بەراورد دەکرێن- پیشان بدات و بیخاتەروو.

بەڵام ئەوەش بەجۆرێک پێویستی بەخوێندنەوەی ڕەخنەیی هەیە کە پەیوەست بەزانینی ئەو پێشوەچوونانە بێت لەدەرەوەی بازنەی سیحرلێکراوی دیالۆگی دوای بونیادگەریدا ڕوو دەدەن. هەیە کە بەدەگمەن خاوەنی تیۆرە ئەدەبییەکان هەوڵ دەدەن بیخەنەروو. ئـەوەبووە هۆی سەرهەڵدانی حاڵەتێک تاوەکو لەسایەیەوە هزرڤانی وەکو(بۆدریار)- لەگەڵ هەندێکی تر لەنێو دیمـەنی ئێستادا- گرەو لەسـەر بەدەسـتهێنانی وەڵامدانـەوەی فراوانـتری (ڕێـژە)ی خوێنـەران بکـەن دەربـارەی ئـەو هـزرەی پڕاوپـڕە لەنالۆژیکیـەت، ئەگـەر ئـەم گۆڕانـە لـە پێوەرەکانی دیالۆگی هزری ڕۆشنگەریدا ڕووی نەدابا ئەستەم بوو ئەوانەش سەرکەوتووبان. لەوەش خراپتر ئەو گریمانە ناماقوڵەیە کە لەلای زۆر لەهزرڤانە پێشکەوتوو خوازەکانی نێو کایەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ئەمڕۆکە ڕەگ وریشەی داکوتاوەو سەرچاوە دەگرێت، گوایە دەشێت هەموو دەقێک لەنێو خۆیدا پنتی سەردی یاحیکایەتێکی دیاریکراو لەناوەخۆیدا هەڵبگرێت، ئەوەش بووە هـۆی بەئەسـتەم کردنـی گشتی لەیەکترجیاکردنـەوەی نووسینی واقیعی، مێژوویی یاسەردی، لەلایەک ولەنێوان دەقی خەیاڵی یاخەیاڵکراو لەلایەکی دیکەوە کەتوخمی موحاکات لەخۆیەوە دەگرێت.

[illegible] کە بەروونی ئەمیو هەرری
مێژووگەرایی یا پراگماتیکی نوێ دوای بونیادگەریدا دەردەکەوێت، وەکو ئەوەی بەنێو سەیرورەتی نیچەییانەی(فۆکۆ)شدا دەربارەی دوولایەنی هێز/مەعریفەدا دەرکەوت، یا وەکو ئەوەی لەنێو لەیەکتر نزیکردنەوەکانی(هیدین وایت)دا دەربارەی گوتاری مێژوویدا دەرکەوت لەژێر دروشمی خوازەی بەگشتی کراودا- یاتوێژینەوەی نموونەی گرنی سەردی-کەمسەلەی راستگۆیی واقیعی یاراستبێژی بەلاوە دەنێت. ئەوی ئەو بیریارانە لەناو یەک سیاقدا سەرەرای جیاوازی راوبۆچوونیان رێک دەخات بیرۆکەی ئەوەیە کە هەرکایەیەک لەکایە مەعریفیەکاندا دەبێت لەروانگەی پێوەری دەقگەراییدا لێی بکۆڵدرێتەوە- ئەوەش واتا رەتکردنەوەی ئەنتۆلۆژیە واقیعیە(سادەکان)- کە مۆری سەر تیۆرە ئەدەبیە توێژەییەکان بووە لەماوەی ئەم سی ساڵەی دوایی.

ئەنجامەکەشی وەکو ئەوەی(تۆنی بنیت) تێبینی دەکات،سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی (مێژوو)بوو بەڵام لەسایەی مەرجی دەقگەرایی و دانانی ئەم مێژووە وەکو کایەیەک بۆکرداری تەواو گوتارییانە. بەڵکو بگرە دەلالەتێکی چەمکەرایی ئێمە تەنها لەسایەی کردنەوەوهەڵوەشاندنەوەی کۆدە ئەدەبیەکاندا یا سەر لەنوێ دۆزینەوەی سەردیدا. هەست بەناوەرۆکەکەی دەکەین (چونکە ئەو لەبنەرەتدا بەئەبستراکت کراوی مێژووییە.)

(بنیت) دەنووسێت:"بیری دوای بونیادگەریی کاریگەرییەکی زۆر کەمی لەسەر ئەم مەرجانە هەبوو کە لەسایەیانەوە دیالۆگە مێژووییەکان ئەنجام دەدران. چاوەڕوانیش ناکرێت ئەم بیرە چالاکیەکی لەم جۆرە پراکسیس بکات چونکە چەمکی ئەو بۆ مێژوو لەبنەرەتدا بەلایەنی ئەدەبیدا دەشکێتەوە. ئەو توخمەکانی دەقی ئەدەبی بەرەو رابردوو دەگێڕێتەوە.- لەژێر رۆشنایی ئەوەشدا وەکو دەقێک خۆی دەردەخات کە ناکرێت رۆبچینە ناوی یان بیخوێنینەوە لەگەڵ ئەوەی بەخۆی بەردەوام بێکۆتا خۆی دەنووسێتەوە-بیری دوای بونیادگەری ئەیتوانی هیچ مەعریفەیەکی پۆزەتیڤ دەربارەی ئەو رابردووە پێشکەش بکات کە لەتوانایدایە ببێتە سەر رووە کارتێکەرەکانی خۆی بسەپێنێتە نێو ئەم ئیجرائاتە میتۆدییانەی ئەکادیمیەتە مێژووییەکان لەبری ئەوەش مێژوو بوو بە بۆنەیەک

بۆفراوانترکردنی ئاسۆی پراکتیککردنی ئەم شێوازە ئەدەبیانەی لەخوێندنەوەدا بەکار دەهێنرێن، لەهەمان کاتیشدا وا دەڕوانرێتە رابردوو- دوای ئەوەی وەکو بابەتێکی ئەدەبی دارێژرایەوە- گوایە مەیدانێکی بێ ڕێکخەری یاریکردنی زمانەوانییە.

دەمەوێت کەمێك لێرەوە زۆر بەروونی و بەجوانی لەبەردەم ئەم بڕگەیەدا بوەستم. بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە بیرۆکەی(بنیت) دەربارەی ئەوەی چۆن بیری دوای بونیادگەری کاریگەریەکی زۆرکەمی لەسەر ئەم دیالۆگە مێژووییەی ئێستادا هەبووە، چونکە لەواقیعدا ئاماژەی واهەن دەلالەتن- وەکو ئەوەی لەشوێنێکی تریشدا ئاماژەم بۆکردووە- لەسەر ئەوەی کەوانەم هەڵوێستانە دەنگدانەوەیان لەنێو نێوەندی قوتابخانەی تازە لەدایکبووی مێژوو، نووسەر بایۆلۆژیستە راستڕەوەکاندا هەبووە، ئەوانەی پێشوازییان لەبیرۆکەی ئەوەکرد گوایە رووداوەکانیرابردوو ناکرێت راڤەبکرێن تەنها بەپشت بەستن نەبێت بەو بەها باوانەی ئەمرۆکە لە سەری کۆك و تەبان، یا ئەو هزرانەی کە بایەخی خۆیان لەسایەی ئەوشتانەوە بەشێوەیەکی بەپەلە وەردەگرن. ئەوشتانەی (لەرێگای بیروبۆچوونەوە دەشێت).

بنەماکانی دەقگەرایی

هیوادارم زۆر لەوخوێندنەوانەی بایەخ بە(تیۆری)دەدەن هاوشان و هاوبەشم بن لەم پەرچەکردارەم لەئاست وتارەبڵاوکراوەکەی(بۆدریار) لە(گاردیان)دا: وتارێك لەناوەوە کەیشتە لوتکەی ریسواکردنێکی توند وئاشکرای بیری پۆست مۆدێرنیستی، تاوەکو ئەم خاڵەش دەکرا ئەم هزر و بیرانە تەنها وەکو نیشانەیەك سەیربکەین کە دەشێت دووچاری خەمۆکیمان بکات- ئەگەرچی ئازاریشمان نادات- بۆ ئەو شێوازەی کەتیایدا تیۆرەکە دووچاری لادانکرایەوە: بەتایبەتیش ئەوکاتەی لەلایەن نووسەری وا نیستیفلالدەکرێت کەناوداریتی دەورەی داون و خاوەنی مەیلێکی‌وان کەچاو پێداخشاندنەوەی نەیارانیان بۆ نووسینەکانی خۆیان رەچاو ناکەن و بەلاوەی دەنێن.بەهەرحاڵ جێگای دڵەراوکێ نییە

بەلایەنی کەم لەدەرەوەی نێوەندی تایبەتمەند بەرەخنەی هزری-کە ئەم بیرانە وا پراکتیك بکرێت(وەکو ئەوەی لەنێو زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکانی پێشوتری بۆدریاردا هاتووە) لەسەر رێکلامی تەلەفزیۆنی یا دیالۆگی تەلەفزیۆنی لەنێو پرۆگرامەکانی کات بەسەربردنی نێو تەلەفزیۆن و زۆری‌تر، ئەوانەش توخمی وان خودی سروشت(یان واقیعی) خۆیان لێك نزیك کردنی شیکاری لەم جۆرە کێشەدەکات. لەراستیدا واراستە بڵێین (بۆدریار) لەباشترین حاڵەتدا تێبینی کارێکی چاو تیژەو هەستێکی هەستیاری هەیە بۆ بەدیکردنی ئەو شتە پرپووچانەی لەم سەردەمەدا بڵاوبوونەتەوە. بەڵام نزیککارییەکانی هەمان مایەپووچی و پرپووچی لەخۆ دەگرن کاتێك لەسنووری ئەم وەسف کردنە بەرچاوو دیاریکراوە تێپەڕدەکەن. ئەوکاتەی بانگەشەی ئەوەدەکات کە ئێمە گەیشتوینەتە قۆناغێکی موزمن لەبێ توانایی لەجیاکردنەوەی مەسەلەی حەقیقەت و ساختەکاری و ئەوەی کە جیاوازییە ئەنتۆلۆژییەکان ئێستا لەقۆناغی نواندنی ساختەی شێوازەکانی راگەیاندنی سەپاودا کە بایەخی پێشوتریان نەماوە، بەشێوەیەك ئێمە ئەمرۆ داوامان لێدەکرێت هەر دیالۆگێك دەربارەی مەسەلەی وەکو (واقیع)یا(حەقیقەت) لەیاد بکەین، بەم شێوەیەش وامان بکرێن تاوەکو بتوانین لەجیهانی پۆست مۆدێرنیستیدا گوزەران بکەین، ئەو جیهانەی تیایدا یاری زمان و دال بێ مەدلوول و ئەو وەهمانەی بڵاون کەناکرێت وەکو وەهم جیابکرێنەوە، لەبارێکی ئاوادا، وادیارە رووداوێکی وەکو جەنگی کەنداو دەبێت وا تێی بڕواندرێت وەکو ئەوەی گوایە فانتازیایەکە دەزگاگشتیەکانی راگەیاندن بەرهەمیان هێناوە، دەرەنجامی تەکنیکاری جیاوازە کە بەشداری لە دروستکردنی وەهمی دیالۆگی جەماوەرییانەی وشیار دەکات لەکاتێکدا کە ئەم دیالۆگە دەخاتە دەرەوەی چوارچێوەی بەدیهێنانی ئەم ئاواتە.

تەنها لەیەك حاڵەتدا بێگومان (بۆدریار) لەسەر هەقە:بە وردیش ئەوکاتەی گریمانی ئەوە دەکات گوایە رای گشتی (یان ئەوشتەی دەشێت بەم ناوە ناوی بەرین)دەکرێت لەرێڕەوی خۆی لابدات بەرادەیەك لەگەڵ ئەو لادانەیدا هەموو پەیوەندییەکی بەمەسەلەو رووداوەکانی جیهانی حەقیقیدا دەپچرێت.مادام ئێمەش بەتەواوی پشت بەبەڵگەی(دەقگەرایی) دەبەستین- داپۆشینی تەلەفزیۆنی و راپۆرتی رۆژنامەگەری- ئەوە ئەستەمە لەدەست ئەم

دەرئجامە گاڵتەجارییەی رابکەین گوایە کەس ناتوانێت لەدەرەوەی چوار چێوەی ئەم شتانەی لەلایەن دەزگای رەسمی چاودێرییەوە ئەو بەمەڵە دابڕدنەی راگەیاندنی کە حکومەت رێی دەخات، کەس ناتوانێت بانگەشەی مەعریفە بکات، ئێمە لەلایەکەوە لەسایەیرێژنەیەکی بێکۆتایی لەوێنە و ئامارو راپۆرتی (مێڵی پێشەوە) و راپۆرتی رۆژانەی پینتاگۆن و زۆری ترەوە، باران رێژ دەکرێین، هەموشیان بەشدارین لەدروست کردنی وەهمی ئەوەی کەوا ئەم جەنگە یەکەم جەنگی لەم جۆرەیە لەمێژوودا بەم شێوەیە لەوردەکاری (زیندوو) دادەپۆشێت و بۆ کۆمەڵگایەکی فراوان لەخوێنەران و گوێگران و بینەراندا لە سەرجەم ناوچەکانی جیهاندا پەخش دەکرێت، بۆ ئەو کەسانەی کە تارادەیەکی زۆر شارەزاییان هەیە.
لەلایەکی دیکەشەوە، وای لێ هاتووە بەشێوەیەکی رونتر و مەزنتر- بەلایەنی کەم بۆ ئەوکەسەی بەڵگەکان روون دەکاتەوەو بەراوردیان دەکات- کە ئەم باران رێژکردنە توندەی داپۆشینی راگەیاندن بۆ ئەوە داناوە تاوەکو هەستە مەعریفییەکان و وەڵامدانەوەی ئێمە پربکاتەوە،تاوەکو دەکاتەخاڵێك کە لەگەڵیدا ئەستەمە وێنای مێڵی جیاکەرەوەی نێوان حەقیقەت و خەیاڵ بکەین(یا بەقسەی بۆدریار، لەنێوان واقیعیو بان واقیعی). بەڵام ئالێرەشەوە بۆدریار دەکاتە دەرئجامە بێهودەکەی- ئەویش لەژێر رۆشنایی زاراوەکانیدا مەسەلەیەکی زۆر ماقوڵە- وبانگەشەی ئەوە دەکات گوایە زۆر بەسادەییەوە ئێمە ناتوانین ئەوە بزانین ئایا ئەم جەنگە لەواقیعدا روویداوە،بەبەراورد لەگەڵ ئەم وێنە خەیاڵیکراوانە دەربارەی جەنگ کە بەرلەجەنگ بڵاوکراونەتەوەو دواتریش وەکو تاکە سەرچاوەی زانیاری و هەواڵ بەردەوام بوو.

ئا ئەوەیە(کەلێنی-کەنداوی-واقیع) کە لەنێوان ئەلتەرناتیڤە فانتازییە پۆست مۆدێرنەکەیدا کراوەیەوە. ئێستا شتێکی ئالۆژیکیە ئەگەر لە نێو سیاقی وا بیربکەینەوە کە سروش دەرە بەوەی گوایە دەبێت بەردەوام حەقیقەتێك لەدواوەی دیاردەکانەوە خۆی حەشاربدات و شێوازی دیاریکراو بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی لەنێوان ئەوەی پێمان دەگات و ئێمەش بڕوای پێدەکەین لەسایەی راپۆرتە هەواڵ و بەیاناتی حکومەت و ژمارەی رەسمی پێکراوەکانو..تاد، و لەنێوان ئەوەی کە مەسەلەکان لەسەرییەوە کۆتاییان دێت دوای

ئـەوەی هــەموو بەڵگــە حاشــا هەڵنــەگرەکان دەکەونـــە بەردەســـت.بەتــەواوی لــەدژی ئەوەشدا(بۆدریار) دەڵێت:" ئەگەر شتێك هەبێت ئێمە لەم جەنگەدا(یان ئەو نمایشە سەرووی واقیعەی جەنگ) دەرسی لێوەربگرین، ئەوە بێهوودەیی ئەو پرانسیپە پراگماتیکیە میانەیە وەکو (حەقیقەت لەدوای لێکۆڵینەوەوە دەستەبەر دەکرێت)، کەواتە ئێمە پێویستە لەگەڵ بارودۆخێکی نوێدا بگونجێین چونکە هیچ شتێك نییە-بۆنموونە وەکو گەڕانـەوە بـۆ حەقیقەتی مێژوویـی یـا وەقـائیعی ئیجرائـی مەسـەلەکە- رەوایـی بـەکارهێنانی زاراوەی وەکو(پرۆپاگەندە) و (فێرکردنی باوەڕ) و(لایەنگیری دەزگاکانی راگەیاندن) و زۆر وشەیتر مسۆگەر بکات کەتائێستا ئێمە لەسەرهەمان ئاستی کۆنی جیاوازییە ئەنتۆلۆژییەکان یان مەعریفییەکاندا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین و زەمەنیان بەسەرچووە.

سەرسورهێنەر نییە گەر تێزەکانی (بۆدریار) ئەم پێشوازییەی لەنێو نێوەندی خوێنەرانی ئەمریکادا لێبکرێت تەنانەت ئەو کاتەش کەیەك ژەم حەقیقەتی ئاسایی تایبەت بەکەلتووری خۆیانیانیش پێشکەش بکات، هزریو بیرۆکەی وەکو ئەوەی ئەمریکا کێڵگەیەکە بۆ ناودانی بێسنووری ئارەزووە ئەلتەرناتیڤـەکان، ئاسـۆیەکە بـۆ رووی بێقولایـی و ئـاخ، دیاردەیـەکی ژیاری یان واقیعیەو بەردەوام خودی خۆی کۆپی دەکاتەوە بەشێوەیەك هەموو سنوورەکانی تێگەیشتنی عەقلانی تێپەڕدەکات.

زۆرجار ئەم گوتانە وەکو بالاترین جۆری (ستایش) سەیرکراوە کە دەشێت رەمزێکی هزری دیاریکراو لەسیمبولەکانی پۆست مۆدێرنیستی پێشەکەشی بکاتو دەبینێت کە بەشێوەیەکی بەرچاوو ئاشکرا بەبەڵگەی ئامادەکراوو بەدەست پاڵپشتی لێدەکرێت. ئەگەر بەڵگەکانیش پێویستیان بەپاڵپشتی بـەهێز تـر هـەبێت ئـەوە کاردانـەوەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ململانێ لەکەنداودا بەکۆمەڵێکی زۆر لەپاڵپشتی بەڵگەیی و ئەرشیفی و سۆسیۆلۆژیا(یـان دەروونـی پاتـالۆژی)یـەوە پاڵپشـتی لێدەکـات. (جۆدیس ویلیـامز) ئـەم ترپەیـە لـەوتارێکیدا دەسـگیردەکات کـە لەهەفتـەی سـێیەمی جـەنگدا بـۆ رۆژنامـەی(گاردیـان)ی رەوانەکردبوو:(ئەوەی ناواقیعیە لەهەر شوێنێك لەدەروەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لەنێو چاوی هاولاتیاندا ، ئەوەیەکە دەبێت هەموو مرۆڤێکی ئامۆ

بترسێنێت. وەکو منداڵیش دواتر دەبێت فێری ئەوە بکرێت کە سینتەری تری خود هەن لەدەرەوەی خودی خۆیدا ، ئەو کەلتووورە وەکو دانەرێلەیەك بۆخەون ودێوەزمەکانی خۆی دەروانێتە ئەوانی تر.. دڵەراوکێی زۆر لەترسەکانی منداڵی ئەمریکی(دایە، سەدام دەمکوژێت؟!) وەکو شتێکی نابەجێ دێتە بەرچاو ئەو کاتەی ئێمە ئەوە دەزانین کە لەم چرکەیەدا بۆمبا ئەمریکیەکان منداڵە عێراقییەکان بۆمباران دەکەن ودەکوژن لەبەر ئەوەنا کە ئەمریکیەکان هەست ناکەن(تەنها خوا دەزانێت کەوانێ) بەڵکو لەلایەن زۆربەیانەوە ئەوە وڵات و گەلانی تر ناشێت واخەیاڵ بکرێن گوایە حەقیقەتن. ئەگەر کۆمپانیای(ماتل) هەڵسێت بەئامادەکردنی یاریەکی منداڵانە بەدووچاوی کەروێشك و ناوی نا منداڵی عێراقی ئەوکاتە دەشێت سۆزبەلای خۆیەوە کێش بکات، ئەوە لەکاتێکدا هەواڵەکان رەوە چۆڵەکەیەك پێشکەش دەکەن کە بە(گڕی نەوتی سەدام) هوە بوون، بەشێوەیەکی وا دراماتیکی نمایشمان دەکات زیاتر لەوەی مرۆڤە قوربانیەکانی بۆمباران کردنی ئێمە نمایش بکات.)

رەنگە (ویلیا مسۆن) ئەو راپۆرتەی خۆی لەرێگای فاکسەوە رەوانەکردبێت بەرلەوەی یەکێك بێت پەردە لەسەر مەسەلەکە لابدات– یا ئەوەتا بەرێکەوت– بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ناشێت ئەم چۆڵەکانە قوربانی (گڕی نەوتی سەدام) بن لەبەر ئەوەی ئەم نەوتە رژاوەی سەر دەریا لەدووری چەندین میلەوە بوو.ئەم چۆڵەکانە بەشێوەیەکی وا وێنەیان گیرابوو کە لەهەوڵ و کۆششی زۆردابوون بۆئەوەی خۆیان دەربازبکەن وبگەنە سەر وشکانی، بێگومان ئێمەناتوانین ئەوە بزانین، وەکو ئەوەی رووبەڕوو (بۆدریار) ئاماژەی بۆدەکات، کە راڤەکردنی (ئەلتەرناتیڤ)ی تریش هەن رەنگە بەراستی وەسفی رووداوەکە بکەن و رژانی ئەو نەوتەی کە باسمانکرد– ئەوەش گریمانێکە زیاتر رێی تێدەچێت– بەهۆی بۆردوومانکردنی ئەمریکی بوو بۆ پێگاکانی سەرلێوار دەریا. بەڵام ئەم نمونەیە تەنها یەك نمونەیە لەسەر ئەم هەموو دژکارییە.

ئەم هەموو بەیاناتە دژکارە، هەواڵی دروستکراو، درۆی روون وئاشکرا کە رووبەڕوو لەهەفتەکانی یەکەمدا کەوتنەروو لەو شاڵاوە پڕوپاگەندەیەی هاوپەیمانان، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئەوەی (ویلیامسۆن) لەوتارەکەیدا ئاماژەی بۆدەکات، دۆزینەوەی لەم بابەتە رۆڵێکی

زۆرکز و لاوازی هەبوو لە کارکردن لەسەر حاڵەتی (رای گشتی) ئەمریکی،چونکە دیلی جۆرە هیسترییایەکی بەکۆمەڵ بوو، یان کەوتبووە ژێر کەش وهەوایەك لەوەهمی بارانویی ئەوەش لەژێر کاریگەری دەزگاکانی راگەیاندندا ورەتکردنەوەی تەواوی تێرامان لەدەرەنجامەکان- بەتایبەتیش لەلایەنی مرۆڤایەتیانەوەو لەسەر زەوی واقیعدا- لەوەی کە دەشێت دووچاری هاوڵاتیانی مەدەنی بووبێتەوە بەناوی ئازادی و دیموکراسی و سیستەمی نوێی جیهان. لەحاڵەتێکی لەم جۆرەدا دەشێت مرۆڤ خۆی وا بەدی بکات کە پاڵنراوە بۆ ئەوەی بگاتە دەرەنجامێکی وا کە ئەوە بەڵگەی یەکلاکەرەوەن لەسەر راستی بانگەشە پۆست مۆدێرنیستەکان(بۆدریار) و نموونەیەك لەسەر بۆشایی (کەنداو)ی واقیع کە ئاشێت پڕبکرێتەوە. ئەوەچ شتێکە کە نرخ بۆ حەقیقەت دادەنێت لەسەردەمێکدا کە تیایدا دەزگاکانی راگەیاندنی گشتی بڕیار لەسەر لیستی کارەکان و ئەو تێڕوانینەی رێگا دراوە دەر بەبڕدرێت یاخودی (ئاسۆی بینینێکی روون) لەمەسەلەی خاوەن بابەتی و واقیعی و ئەخلاقی و سیاسی دەدەن؟

بەڵام دەرەنجامێکی ئاوا تەنها ئەو کاتە دەشێت راست بێت ئەگەر مرۆڤ گریمانی دەقگەرایی پۆست مۆدێرنیستی قەبووڵ بێت، ئەویش ئەوەیە کە واقیع تەنها دەرنجامی هەموو ئەوشتانە نییە کە دروستی دەکەین، بەپشت بەستن بەم یارییە یان ئەو وازییە لەیارییە زمانەوانییە بالادەستەکانی پۆست مۆدێرنیستی و گوتاری یان شێوازی پراکسیسکردنی ئامارە کاریانەی کارپێکراو ، بەڵام رەتکردنەوەی گریمانێکی لەم بابەتە وەکونەوەی زۆریەی کەس وادەکەن- تەنها ئەگەر لەدەستیان دەربچێت و لەژێر کاریگەری نیستیلابێکی چڕ ولەبەرژەوەندی شێوەو نموونەکانی تیۆری هزری دا پێی رازیبین- ئەوکاتە هەرزووبەزوو بەسانایی هەموو ئاراستەی وتوێژەکە دادەمێنێت. ناردنە دەرەوەی هزر لەبواری تیۆری ئەدەب توێژیدا بەرەو کایەی مەعریفی نزیك وەکو مێژووگەرایی، وەکو ئەوەی (بنیت) قسەی لەسەرکرد. بووە هۆی بەگشتیکردنی باوەڕێکی رادیکاڵی(رێژەگەرایی) دژکاری مەعریفە.

بەم مانایە مرۆڤ بوردراوە ئەگەر گریمانی ئەوە بکات کە بۆدریار لەکۆتایی ئەو تونێلەدا لەچاوەڕوانیدا وەستابوو کە بونیادگەری و پۆست بونیادگەری لەم سێ دەیەی رابردوودا گرتبوویانەبەر، ئەم رەوتە وەکو ئەوەی(پیری ئەندرسن) بۆی دەچێت وەکوخوێندنەوەیەکی خراپەکار بۆ میتۆدەکەی(سۆسێر) دەستی پێکردووە. دواتریش پێوەری ئاراستەکاری توندی لەتوێژینەوە زمانەوانییەکانی بونیادگەری خواست و ئەو پێودرانەی کرد بەبنچینەیەك بۆ دەسپێکردنی هەڵمەتێکی بەربڵاو فراوان لەسەر چەمکی وەکو(حەقیقەت، واقیع، نواندن)ئەوەبوو لەکۆتایدا مزگێنی تیۆروانینێکی گەردوونی پراگماتیکی و پۆست مۆدێرنیستی راگەیاند کەزۆر بەبەختەوەرییەوە جیاوازی ناوەڕۆکی نێوان (جەنگ) وەکو رووداوێکی دروستکراوی خەیاڵکراو_(دەلالەتێکی خەیاڵی) کەلەسایەی ئامارەکانیرای گشتی ، وێنەی تەلەفزیۆنی، زمان نووسی گوتاربێژی- و لەنێوان جەنگدا کرد وەکو حالەتێکی وەزعی کە پەیوەستە بەجیهانی حەقیقی و لەدەرەنجامیشدا رۆژانە بەهەزارەها کەسی لەژمارە هاتووی عێراقی مەدەنی لەمندالُ و پیاو وئافرت قوربانی بۆردوومانێکی ئاسمانی وا بیوونەوە کە هەرگیز شتی وا بەم شێوەیە وێنەی نەبووە. وەکو گوتم جێگای سەرسوڕمانە کە هزرو بۆچوونەکانی(بۆدریار) بەم گەرم و گوڕیە سروشت ئامێزە پێشوازی لێبکرێت ئەوە لەکات و سیاقی زەمەنی ئارەزووی ئێستای ئەمریکی بۆسەر لەنوێ سەپاندنی بالادەستی نێو جیهانیدا- وەکو دیارە تەنها کەمێك لەرۆشنبیران لەتوانایاندایە رووبەرووی ئەم فشارەی تەجنیدی ئایدیۆلۆژی ببنەوە.

دووهۆ بۆ پشت گوێ نەخستنی بۆدریار

بێگومان دەشێت مرۆڤ وادەست بکات- بەتوندیش دان بەم رایە دەنێم- کەواچاکترە زۆر بەسانەیی ئەم وتارەی بۆدریار پشتگوێ بخرێت، لەبەر ئەوەی چوونە نێو دیالۆگ لەگەڵ بۆدریار دەبارەی بابەتی جەنگی کەنداو ئەم مەسەلەیە بێبایەخ دەکات ودایدەبەزێنێتە

ئاستی و تووێژ لەنێو لایەنگری ئەم رەوتە هزرییەی ئێستا یان ئەوەیتر. بەڵام دووخاڵ هەیە حەزدەکەم لێرەدا قسەیان لەسەر بکەم. چونکە من ئەم ناڕەزاییە ئەخلاقیانەم دەربڕیوە.

یەکەمیان- زۆربەرروونی و رەهایی لەژێر رۆشنایی رووداوەکانی کەنداو و شێوازی وەسفکردنی دەزگاکانی راگەیاندندا گەڵاڵە بوو_ ئەویش ئەوەیە کە ئەم جەنگە بەمانایەك لەماناکان جەنگێکی (پۆست مۆدێرنیستی‌یە)، راهێنانە لەسەر ئەم رەوانبێژییەی کە دەزگاکانی راگەیاندن و شێوازەکانی رازیکردنی(یان واقیعی)بڵاویانکردۆتەوە بێگومان ئەوەش هەندێك لەتێبینیە دەست نیشانکراو و ووردبینەکانی (بۆدریار) دەسەلمێنێت. ئەگەر ئەوەنەبێت مرۆڤ چۆن دەتوانێت ئەم پەیوەندییە پێچەوانەییەی نێوان رادەی داپۆشین و ئاستی ئاگاداری وشارەزایی جەماوەر راڤە بکات، بڵاوبوونەوەی زانیاری ئامادەکراوی بێبەر کە بەشداربوو لەدروستکردنی هەستێکی وەهمیانە بەداپۆشینی بابەتیانە و مەیدانیانەی رووداوەکان، ئەوبانگەشەکردنە سەخیفانە دەربارەی(بۆردومانکردنێك کەهەڵە ناکات) و دەربارەی (راستی و ووردی پێکانی ئامانجەکان) ئەوانە بۆ ئەوە دارێژراون تاوەکو بەوە ئیقناعمان بکەن گوایە پێکان لەنێو رێزی مەدەنییەکاندا خەریکە بوونی نەبێت، ئەوە سەرەڕای هەموو ئەو بەڵگانەی کە وێنەی کاولکاری بەکۆمەڵی ناوچەی پڕدانیشتوانی مەدەنی پیشان دەدەن، ئامادەیی بەپەلەی حکومەتە ئەورووپییەکان، حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، رۆژنامەکان، پەیامنێرانی تەلەفزیۆن، رابەرە ئایینیەکان و زۆریتر، هەموویان بکەونە نێو تەڵەو داوی ئەو پڕوپاگەندانەی کە کۆشکی سپی و پنتاگۆن هەوڵیان دەدا بیقۆزنەوە بەپەراوێزکردنی رای جیاوازو لادەر بەرانبەری بێدەنگ کردنی تەواو وکپکردنی، لەمەش خراپتر ، رەنگە ئەو جێکەوتە وەحشیانەی زاراوە سەربازییە نموونەییەکان بن وەکو (زیانی هاوشان)،(فرمانی پاکتاوکردنی نەرم)،(مەڵمەتی داپرکردن)..تاد کە توانی هەر زوو رۆبچێتە نێو هەر دوو گوتاری دژکار و لایەنگری جەنگ بەیەکەوە.

مرۆڤ دەتوانێت ئاماژە بەم هەستکردنە گەرم و گورەش بکات بەواقیعی (یان واقیعی)،رۆحی پشتگوێ خستنی بەکۆمەڵ دەربارەی مەسەلەی خاوەن حەقیقەتە واقیعی و بەڵگەدارەکان کەبووە هۆی ئەوەی رۆژ لەدوای رۆژ بەبێ هیچ بەرەنگار بوونەوەیەك رێگا

بەبڵاوکردنەوەی ئەم هەموو زانیاریە هەڵەیە بدات، داب و نەریتەکەش واراهێنراوە کە دواتر بەردەوام کۆنگرەی رۆژنامەنووسی ببەسترێت، تاوەکو زانیارییەکانی پێشوتر راستبکرێنەوە، بەڵام وەکو دیارە ئەوەبووە هۆی کەمێك کزبوونی بڕوای جەماوەر بەم هەموو پڕوپاگەندە راگەیانراوەی ئێستا، ئەوەش هاوشانە لەگەڵ جۆرە لەدەست دانێکی بەرفراوانی یادەوەری مێژوویی، رەتکردنەوەیەکی رەگ و ریشەیی- لەلایەن زۆر لە(معلقین)- بۆ تێرامان بەو فرە هاوشێوەییە توند وئاشکرایەی نێوان رووداوەکانی رابردوو وئێستا. ئەم شکستە مەزنە بەوەرنەگرتنی هیچ وانەیەکی گونجاو بۆ مێژووی دەستێوەردانە سەربازییە بەریتانیی و ئەمریکیەکان لێرەدایە، یان پشکنینی مەسەلەی جیۆپۆلۆتیکی ئاڵۆزی ناوچەکە، ئەوە جگە لەنەبوونی هیچ هەوڵ وکۆششێك بۆ ریسواکردنی ئەم خورافاتە بەسەرچووانە دەربارەی تەنها بۆمبارانکردنی ناوچە سەربازییەکان، لەولاشەوە ئێمە ئەم زیادە بڵێیەو زێدەڕۆییەی ئەو خەیاڵکردنەی- دوای(جەنگی ئازادکردن) لەڤێتنام وکۆزیاو گرینادا- مان لایە، ئەوە هەڵمەتێکی راستگۆییانەی ئەخلاقیە هاوپەیمانیەتێکی نارەزوومەندانەیە لەژێر چاودێری نەتەوەیەککگرتووەکاندا پێکهاتووە بۆ ئەوەی پارێزگاری لەئازادیی و دیموکراتیبکات، بەبێ کەمترین جێکەوتی بەرژەوەندی ئابووری یان پیلانی ئیمپریالیزمی نوێ لەلایەن ئەندازیارە ئەمریکیەکانیەوە، لەژێر رۆشنایی هەموونەوەدا-مەسەلەیەك دەشێت مرۆڤ گریمانی ئەوەبکات کەلەسەر لێواری دارمانی گشتی(ڤالایی گشتی)داین بۆ دیالۆگی رەخنەیی رۆشنگەر، ئەستەمە ئەوە رەتبکەینەوە کە گریمانەکانی (بۆدریار) بەهایەکی دەستنیشان کراوی دیاریکراو لەخۆیان دەگرن.بەم شێوەیە، هەندێك هۆکار هەیەبۆ ئەوەی ئەم گریمانانە زۆر بەجیددی وەربگرین ، چونکە چەند لایەنێکی دیاریکراو ئاوەڵوو دەکاتەوە- ئەگەرچی سەقەت و ناتەواویشە- لەحاڵەتی هزری و جیۆپۆلۆتیکی ئێستاماندا، بەڵام هۆکاری دووەم (کە پێموایە گرنگترە) بۆچوونە نێو دیالۆگ لەگەڵ پۆست مۆدێرنیستیدا لە نێو سیاقی جەنگی کەنداو داپێویستی بەرادەیەکی زیاتر لەبەرەنگار بوونەوەی لێ توێژراوەی رەخنەیی هەیە. بەمانای ئەوەی زۆر بەتوندی ئەم ملکەچییە ئایدیۆلۆژییەی نێوان ئەم شێوەو رەوتە ناعەقڵانی ودژکارەی واقیعیەت ریسوابکات و

تەمەنی بەجەلاتی و سیاسی میوان زۆری ... [illegible] ... کە پێمەست ... دەستەوە بان دەگیان لەدژی تەوکردارانە هەڵبژێربوایە حە بەماوی بەواسەوە ئەنجامدرا. ئەوەی لەنێو حیساباتی بۆدریاردا وەکو وەهمێك لەوەهمەکان خۆی نمایش دەکات- جەستەیەکی شێردراوی خورافاتی سەردەمی (رۆشنگەری)کۆن- ئەوەیە کە تۆ گریمانی ئەوەبکەیت کە موماحەکاتی بەم جۆرە دەبێتە هۆی هەر جیاوازییەك، یا ئەوەتا دەشێت رووگەی رای گشتی وەربگێرێت ئەگەر ژمارەیەکی باش لەخەڵك بیانتوانییایە هەست بەم رادەی شێواندن و فریودانە بکەن کە دەزگاکانی راگەیاندن پراکسیسی دەکەن، درۆیەکانی پڕوپاگەندە، لیستی ئامارەکان و ژمارەی پێکراوەکان کەزۆر بەوردی لەقەبارە دراوەو شتی زۆری لەم بابەتانە. رەنگە زەمەنێك هەبێت(دوو سەدە بۆدواوە، لەقۆناغەکانی دوای ئەم هیاجەی بەرلە سەرهەڵدانی شۆرشەکان رویاندەدا) تیایدا گوتارەکانی ئۆپۆزسیۆن رادەیەك لەزەحمی رەوانبێژی یان ئەدانیان بەلایەنی کەم بەخۆوە دەگرت، ئەو کات دەکرا رۆشنبیرە پێشکەوتووخوازەکان رۆڵێکی کاریگەر بگێڕن وەکو رەخنەگرێك لەبیرو بۆچوونی بەکۆمەڵ یاوەکو ئێردراوێکی راستەقینە کە لەژێر کاریگەری چالاکی وەهمی ئایدیۆلۆژیدا ژێر لم بووە.

بەڵام ئێستا ئەم زەمەنە بەسەرچووە،(بۆدریار) دەڵێت مادام ئێمە لەقۆناغێك لەشێوەکانی (نواندن) دەژین، قۆناغێك تیایدا ئامارەکان بێ ناوەرۆکی دەلالین، سەردەمێك لەکارتێکەرە واقیعیە بەشانۆکراوەکان چونکە بانگەشەکردنی حەقیقەتی ئێستا هیچ زەحمێکی رەخنەیی نییە. لەحاڵەتێکی ئاوادا دیاردەبێت جەنگی کەنداو بەرەهایی وا رووخساری خۆی نمایش بکات وەکو رووداوێکی پۆست مۆدێرنیستی و بان واقیع. ئەو ئەدراوە روون و بەرچاوەو وەرنەگرتنی هیچ هەڵوێستێکی ئۆپۆزسیۆنی لەئاست مەسەلەی سیاسەتی ناوەخۆو جیهانی بۆ هەموو ئەو شتانەی لەژێر ناوی تیۆری رەخنەییدا تێپەر دەکرێن، دەبێ جێگای دڵەراوکێیەکی مەزن بێت، ئاڵێرەوە پێمواییە کاتی ئەوەهاتووە پراکسیسی پێداچوونەوەیەکی تۆتالیتاری سەرجەم ئەو هێڵە هزرییە بکەین کە(سۆسێر) چرکەساتی دەسپێکی دۆزیەوەو دواتریش بەردەوام بوو تاوەکو قوتابخانەی جیاواز لەرەوتی ئێستای پۆست مۆدێرنیستیدا یان رەوتی پرگماتیکی دەتگەرایی نوێ بگرێتەوە، کێشەی سەرەکی

لەنێو ئەم هەموو بزاڤانەدا ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ئاسایی و بەبێ رەخنەگرتن گوتە بنچینەییەکانی (سۆسێر)یان قبوولە- بەتایبەتیش جەختکردن لەسەر فرمانی دەلال و رەفتارکردن لەگەڵ زمان وەکو تۆرێك توخمی جیاکار (بەبێ زاراوەی پۆزەتیڤ)- وەکو بڵێی چەمکی ئاوا دەشێت زۆر بە سادەیی لەنێوەندی زمانەوانی بونیادگەرییەوە بەرەو کایەو لقی تری وەکو تیۆری ئەدەبی و رەخنەی کەلتووری مێژووگەرا یان شیکارکردنی شێوازەکانی نواندنی راگەیاندنی بگوازرێتەوە. هاوشانیش لەگەڵ ئەم تیۆرە دەقناوێزانییەو کورتکراوەیەی پەیوەندی نێوان جۆرەها گوتاری جیاوازدا نەزانییەکی بەربلاویش بەو پێوەچوونانەی تری نێوکایەی فەلسەفەی شیکارییەوە هەیە. نەزانییەك کە لەسایەیدا مرۆڤ خۆی وابەدیدەکات ناچاربێت بکاتە ئەو ئەنجامەی- کردەی دۆگمایی پشت ئەستووری تیۆری ئێستای پۆست بونیادگەری و رەتکردنەوەی تەواوی بۆ بەرەنگار بوونەوەی گوتەکان خۆی لە خۆیدا بەرەنگابوونەوەیەکە لەگەڵ گریمانە دامەزراوەکانیدا. لێرەدا شوێنێکیکەمان لەبەردەستدایە تاوەکو زۆر بەکورتی ئاماژە بۆ ئەو شێوازانە بکەین کە داوەرانی دیالۆگی تیۆری فرانکفۆرتی ئێستا(دوای سالی 1960) رێگاکەیان گرتۆتەبەر ،ئەوە لیستەیە کە-بۆنموونە- وەسفکرنی (فۆرگ) بۆجیاکردنەوەی ماناو دەلالەت لەخۆی دەگرێت. ئەویش وەسفێکی زۆر وردترە لەو حیکمەتە نمونەییەی مەزری دوای بونیادگەری لەسەر بونیادنراوە، کاری فەلسەفەکاری وەکو (سول کریتك)و(هیلاری بۆتنام) و (ئەیان هاکنیگ) کە کۆمەڵێك گریمان لەخۆدەگرن و پەیوەستن بەمەسەلەکانی زمان، مانا، نواندن و، لەئاستێکی بەرزیشدان لەشیکارکردنی جوان و رێك و شارەزاییەکی وا کەمزۆر جیاوازە لەئاست موسەلەماتی تیۆری دەقگەرایی بەربلاو، ئەو دیالۆگەی دەربارەی مەسەلەی مەعریفەی مێژوویی وپەیوەندی بە ئەسەقەکانی تێگەیشتنی گێرانەوەیی کە ئێستا لەئارادایەو ئەم بریارانە ئەنجامی دەدەن و پێی هەڵدەستن بەشێوەیەکی گشتی سەر بە سەربازگەی(شیکاری)ن، بەم شێوەیە وانەی بەسوود پێشکەش بە تیۆریستە ئەدەبیە سەرسورماوەکان بەدەرەنجامە گومانکارەکانی(فۆکۆ) و(هایدن وایت) یا مێژووگەرا نوێکان دەکەن، لەولاشەوە جۆرە پارێزگاریەکی ئارێتەیی هەیە لە تێرامانی واقیعی فەلسەفەو

مێژووی زانستدا وەکو ئەوەی (ڕووی بسکر) پێشکەشی دەکات، لەولاشەوە تەقلیدی تیۆری ڕەخنەیی (ئەلمانی) بوونی هەیە(بەشێوەیەکی سەرەکیش قوتابخانەی فرانکفۆرت) کە ئاراستەی هەوڵ و کۆششی هەندێك لەبیریارانی وەکو(ئادۆرنۆ) و(هابرماس)مان دەکات، ئەوکاتە دوای بونیادگەری بەتەنها ڕووبەڕووی تونێژینەوەیەکی تۆتالیتاری سەیرورەتی مێژووی ڕابردوو پێشووتری- کەدانی پیانەنراوە- نابێتەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەیی تۆتالیتاریانە و ڕەسەن بۆسەرجەم هەڵەو هەنگاوە ئاڵۆزەکانی دەبێتەوە، لەولاشەوە هەندێك دەنگ لەنێو خودی سەربازگەی پۆست بونیادگەریەوە بوونیان هەیە کە بەپێی گریمانەکانی ئێستا، بەتایبەتیش ئەوبڕگە زۆرو ئاگادار کەرەوانەی(دریدا) کە تیایدا بەجۆرێکی ئاشکرا لەدژی هەر شێوەیەك لەشێوەکانی(یەقینی) دەقگەرایی یان نزیك کردنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دروستکراوو هەڵبەستراو دەوەستێت ، بۆنموونە باس لەشیعر، فەلسەفە، مێژوو،وەکو جۆرێکی هەڵبژاردراو لەگوتار یان وەکو جۆرێکی نوسراو کە لەلایەنی گەوهەریەوە دەکات، یان لەلایەنی میتۆدیەوە یان لەپێوەرەکانی بەعەقڵانیکردنی گونجاودا جیاواز نین.بەربە لادان لەسەر ئەو گوێ نەدانە لەئاست ئەم مەسەلانەو زۆری تر لە نموونەی لەکارکەوتو و نەگونجاوی هزر(لەژێر ڕۆشنایی بینیندا) دەشێت یارمەتی ڕاڤەکردنی ئەو هۆکارەمان بدات کەوای لە پۆست بونیادگەری کردووە بەبێبەرەنگاربوونەوە بخزێتە نێو هەماهەنگی تەواو لەگەڵ هەڵوێستی(بۆدریار) کە دەریبڕی دوا شێوەیە لەشێوەکانی مەعریفی.

مرۆڤ دەتوانێت هەندێك سەرچاوەی ئاڵۆزکار بەلاوە بنێت وئاماژە بۆ ئەوە بکات کە پۆست بونیادگەری لەسەر هەندێك ڕایەڵ جێگیربووە بەشێوەیەکی زۆر گوماناوین وشێوازی ئەلتەرناتیف تر و زیاتریش بەرچاوروونتر بۆ مقاربەکردنی هەمان مەسەلەی بنچینەیی بوونیان هەیەو موسەلەماتەکانی بۆدریاریش ئەگەر خرانە ژێر هەر شێوەیەك لەشێوەکانیپشکنینی ڕەخنەیی عەقڵانی لەتوانایاندا نییە بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگە بگرن.

بێگومان من وای نابینم کە باشترین شت لەم ساتەی ئێستادا بکرێت ئەوەیە مرۆڤ بەتەواوی خۆی بۆ وتووێژکردن لەسەر ئەم مەسەلە تایبەتمەندانەی حەقیقەت و زمان وەنواندن

تەرخان بکات، واچاکترە ئەم وتووێژانە ئێستا بەلاوەبنێین و هەموو کاتو زەمان بۆ نارەزایی دەربڕین لەدژی ئەم زۆردارییە جەنگیەدا بخرێتە گەڕ کە بەشێوەیەکی ئۆرگانی هەموو هۆکارەکانی پەیوەست بوون بە مێژووی سیاسەتی هەرێمایەتی بەریتانیا و ئەمریکا و گوتارە بەها هێنەر و زمان لووسەکەیان هەوڵی داپۆشینی بەرژەوەندییە ئابووریە رووتەکەیان دەدات، چونکە رەفتارەکە ئاستی وا لەخۆی دەگرێت لەپڕوپاگەندەی زۆرەملێ و هەنجەتدارو شێواندنی راگەیاندنی تەواو کەبێ وێنەیە، رەنگە تێچوونیشی لەروانگەی قەبارەی پێکانی مەدەنی و کاریگەری ژینگەیی نەزاندرێت، چونکە هەموو زانیاریە داهاتووەکانیش دەخرێتە ژێر جۆرەها کۆت و پێوەندی ئەمنی.لە بارودخێکی ئاوادا،گاڵتەجارییە کە جەنگی کەنداو بکرێتە بەهانەیەک بۆ تێوەگلان لە(موماحکات)ی لوغزدار دەربارەی(سیاسەتی تیۆر) یاپاشماوە فراوانەکەی هزری ئێستای پۆست بونیادگەری. بەڵام ئەم پەیوەستکردنە لەخودی خۆیدا مەسەلەیەکی دوورە دەستە بەلای هەر کەسێکەوە کە لەماوەی چەند مانگی رابردوودا پراکسیسی پرۆسەی فێرکردنی کردبێت و هەوڵی دابێت فێرخوازەکانی بە(رەوایی) تیۆر لەمەسەلەی ویژدانی ئەخلاقی وسیاسی لەنێو جیهانی حەقیقیدا رازی کردبێت، یا بەبیرۆکەی ئەوەی کە تیۆری ئاوا دەبێت بەلایەنی کەم خاڵی دەسپێکی پێبدرێت بۆهەر نارەزاییەکی توێژراوەو بنەماگەرای لەدژی جەنگدا.بەهەرحاڵ ئەم هزرانەی دوایی بەشێوەیەکی ئامادە لەگەڵ مەیلی پۆست مۆدێرنیستیدا دەڕۆن لەپێناو ملکەچ کردنێکی گاڵتەجارِ وسەرکوتکارانەو بڵاوکردنەوەی هەستی ئەوەی کە ئەم جەنگە لەواقیعدا حەقیقی نەبووەو– تەواو دوورە لەتوانای بڕیاردانی ئێمە وەکو خوێنەری ئاگادار یان بینەری ئەندام لەکۆمەڵگایەکی تەئویلگەرایی تایبەتمەندا– بەشێوەیەک لەتواناماندا نییە هیچ شتێک بکەین یان بیر لەهیچ شتێک بکەینەوە کە دەشێت کاریگەریەکی دیاریکراوی هەبێت و شێوازێک بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی وێنەی رەسمی(کە کەوتۆتە ژێر باڵا دەستی دەزگاو شێوازەکانی راگەیاندن) رووداوەکان. لەم سیاقەشدا مرۆڤ خۆی وابەدی دەکات کە ناچاربێت گومان لەوەبکات هەموو ئەوانەی لەژێر ناوی تیۆری هزری و ئەدەبی رادیکاڵیدا فێردەکرێت لەواقیعدا تەنها هێڵێکی دیماگۆژیەو توانای بەرەنگاربوونەوەی زۆرکەرە. فێڵێکی فێڵبازە

هـەموو جـۆرە بەهانەیـەکی دروسـتکراوی بەئەنقەسـت ئـالۆز دەهێنێتـەوە تـاوەکو خـۆی لەمەعریفەی ئەوەبدزێتەوە کە لەچالاکی‌خاپورکەری ئایدیۆلۆژیدا گلاوە..بێگومان من لێرەدا پێشـنیاری ئـەوە ناکـەم- بەشـێوەیەکی بێهودەییانـە- کـە ئـەوە دەرمنجـامی راسـتەوخۆی زیادەرۆیی کەوتنە ژێر کاریگەری هزری پۆست بونیادگەرییە یان تێگەیشتنێکی باشتر بێت بۆ مەسـەلە فەلسـەفیەکان و ببێتە هۆی ئـەوەی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گۆڕانی پێویست لەهەڵوێستەکاندا ئەنجام بدات. لەگەڵ ئەوەشـدا دەبێت ئـەوە ببێتـە هۆکـارێك بـۆ هـەندێك بیرکردنەوەی خەمۆك لەلایەن هەندێك رۆشنبیرە چەپەکان ئەوانەی پێیان وایەکە (تیۆری یان (زۆربەی هەرە زۆری ئەو شتانەی لەم رۆژانەدا وەکو دانایەکی تیۆریستی پێشکەوتووخوان) خۆیان دەرخستووە وەکو ئـەوەی کـەمتر فڕوفێڵباز تربێـت یاکـەمتر چەکداربێت بـۆ ئـەوەی بتوانێت بکات بەجۆرێك لەجۆرە کاریگەرەکانی رەخنە، بەڵکو تەنها لەتوانایدایـە یارمـەتی پێشـکەش بـەویر وبۆچوونـە پراگماتیکیە نوێیانـە بکـات کـە لەسـەر پرەنسـیپی کۆمـەڵ دامـەزاروە لـەدەرەنجامدا دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئـەم بەرمنگاربوونەوەیـە بکـات بـە کـارێکی ئەستەم. بەهەرحاڵ ئەمەش جێگای سەرسوڕمان نییە، ئەگەر ئەو مەیلە بالادەستیە دژ کارەی ئـەو بـۆ واقیـع و رەتکردنـەوەی بانگەشـەکردنی حەقیقـەت یـان مـەرجی مەشـروعیەت رەچاوبکەین، جا سروشت و هەڵوێستەکەی کە ئامارەکارە بۆ بەکەم زانینێکی نیچەییانە و تۆتالیتاریانـەی سـەرجەم بـەها هزرییـەکان(لیـبراڵی- مرۆڤگـەرایی)یـش بێـت، تەنـها بەکارهێنانی چـەمکی وەکـو ویـژدان، ئیازپـاکی، بەرپرسـیارێتی، یـان حوکمـی ئەخلاقیانـە لەبەرئەم بیریارانی راسترەوی ئەرتۆدۆکسی پۆست بونیادگەری مانای وایە کەبەشێوەیەکی وا لەتۆ بڕواندرێت کەپرە لەدڵ پێسووتان بەو سیفەتەی تۆ نوێنەرایەتی پاشماوەی گوتاری (رۆشنگەری) لەناوچوو دەکەیت. لەبەرئەوەی ئەگەر(منی سەربەخۆ)- وەکو ئەوەی گوتەکانی ئەوان دەری دەبڕێت- ئێستا پلیشایەوەو پەرت و بلاوبوو بەرەو فرەیی لە(شوێنگەی من)ی بەکۆمـەڵ، ئاوێتە، داتشراو لە نێو زمان یا وادەخرێتە روو وەکـو بەرجەستەکردنێکی ئـەم گوتارە دامەزراوە یان ئەوەی تر ، ئەوکات هیـچ چارەیـەك نییـە تەنـها ئەوەنـەبێت کـە ئـەم بەهایانە بەردەوام وەك خاسیەت و سـیفاتی جیاکـەرەوەی وەهمێکـی درێژخایـەنی خـودی

لەگەشەکردن دابن،وەکو جۆرێك لەبەگەڕخستنی خودانەی(خەیاڵکراو) کەلە سەردەمانێکی زۆرەوە لەسایەی بەرچاورووونی سایکۆلۆژیا و زمانەوانی بونیادگەری و تیۆری گوتاری فرۆیدی و..تاد بانگەشەکانی هەڵوەشێنراونەتەوە. بۆیە ئەوی بەناوی(بارودۆخی پۆست مۆدێرنیستی) ناونرا رەنگە بشێت بۆئەوەی مەسەلەی وا بگرێتەوە کە پەیوەندی بەئەخلاق وسیاسەتەوە هەیە وەکو ئەوەی چۆن مەسەلەی واش لەخۆدەگرێت کەخاوەنی ناوەڕۆکێکی تەواو ئەپیستمۆلۆژین. بەمانایەکی تر، هیچ پەناگەو حەشارگەیەك لەدەرەوەی (گوتار)- یا ئەو فرەییەی لەسەر (شوێنگەی من)ی گوتاربێژی دا نییە بەو سنوورەیەوە کە بەشێوەیەك دەربازبوونی تیانییە خودی (سنووری جیهانی ئێمەیە) (ئەوگوتەیەی ڤیگشتاین)ە؛ چونکە خودی گوتار بۆخۆی مەرجی هەر وتووێژێکی ماناداری دەربارەی حەقیقەت، واقیع. یان بەها ئەخلاقیەکان دادەنێت.لە لاوازترین حاڵەتیشدا : ئایا ئێمە دەتوانین دەست بەو پرۆسە رۆشنگەرییەوە بگرین(یان بەشێوەیەکی وردتر پرۆسە کانتیەکە) بۆئەوەی حوکم لەسەر ئەم هەموو مەسەلە بەربڵاوەبدەین لەسایەی ئامادەکردنی (پرەنسیپێکی رەخنەیی مەلکاتەکان) کە هەوڵ بدات لەلایەك دەست بەسەرداگرتنی پرۆسەی تێگەیشتنی مەعریفەی(تیۆر) بچەسپێنێت و لەلایەکی دیکەشەوە دەست بەعەقڵی کردارەکیانەی(ئەخلاقیەوە) بگرێت. چونکە ئەوەتەنها نموونەیەك دەبێت لەسەر بیرکردنەوەی ئارەزوومەندانەی پاشەکشەکارو هەوڵێکە بۆگێڕانەوەو دەستەبەرکردنێکی باڵا بەخوود لەلایەن ئەو بیریارە گەردوونیە سەلەفیانەی کە رۆڵی پێشڕەوایەتیان-یان ماف قسەکردنیان بەناوی کەسانی تری کەمتر بیر رۆشن- وەکو خورافەتێك لەخورافاتەکانی مەزنکردنی خود وایە کە بەتەواوی لەداهێنانی خۆیاندایە (وەکو ئەوەی فۆکۆ بۆی دەچێت) بێگومان هەندێ جیاوازی گرنگ هەبە دەبێت لەنێو ئەم رەوتەدا ئامارەی بۆ بکرێت کە مەیلی ئێستای هێرش بردنەسەر زەینیەتی سەردەمی رۆشنگەری و سەرجەم ئیجتیراحاتەکانی هەیە. من ئەوە رەتدەکەمەوە کە لەحاڵەتێکی وەکو حاڵەتی فۆکۆدا رۆڵی بەرجەستەکراوی (رۆشنبیری تایبەت-دەستەبژێر) هاوشانی ئیلتیزامێکی کردارەکی حەقیقیانە بێت بەچەندین پرۆژە بۆ چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی هەرە دیاریش لەنێو کایەی پزیشکی دەروونی و دام ودەزگای

سزایی وبونیادی سەرکوتکەری نەسەقەکانی مەعریفە/هێز پەیوەستە بەمەسەلەی شوناس و ڕۆڵی ڕەگەز تیایدا. هەمان مەسەلەش دەشێت لەئاست بیریاری وا کە هەمان بڕوایان هەیە– ئەدوارد سەعید لەهەموویان دیارترە–ئەوانەی بەشێوەیەکی بڕوادارەوە بانگەشەی سەرلەنوێ گەڕانەوەیان کرد بۆ(سیاسەتێکی میکرۆسکۆبی) خاوەن ڕەهەندێکی شوێنگەیی پراکسیسکراو و بەرەنگار بوونەوەدار– بەرەو مێتۆدێک کەپشت بەخوێندنەوەیەکی پەیوەست بەسەرچاوەی دەق و ئەرشیفگەراییببەستێت کە ڕەخنە ئاراستەی جۆرە ئەنتۆلۆژی و هزرییەکان بکات کە لەناوەوەی هەناوی گوتاری خۆرهەڵاتناسی خۆرئاوادا هەیە، دیارە هەڵەیە ئەگەر (بۆدریار) لەگەڵ ئەم بیریارانەدا بخەینە نێو یەك خانەوە، بەڵام مەسەلەکە تەواو جیایە کاتێك هەموو ئەو گوتانە لەنێو قاڵبی ئامادەکراوداو لەسەر دەستی تیۆریستی وا کۆدەکرێنەوە کە بەهیچ شێوەیەك لایەنی کەمی پلەی ئیلتیزامی ئەخلاقی سیاسی یان تەنانەت ئیلتیزامی ئەکادیمیشیان نییە. چونکە ئەوە دەبێتە دەرەنجامی بارودۆخێکی ئاوا کە بریتییە لە ئاوێتەیەکی نیوە کوڵاو لەو هزرانەی کە لەنێو سەرچاوە بەردەستەکاندا دێن. یالەو زنجیرە دروشمانەی کە بانگەشەی بیری وادەکەن وەکو ئەوەی کە (حەقیقەت)،(واقیع) بریتین لەبیری دارسەو مەعریفەش بەردەوام و لەهەموو شوێنێکیش فرمانێکە لەفرمانەکانی ویستی هێزی مەعریفی ومێژووش تەنهاو تەنها دەرەنجامێکی خەیاڵیانەیە لەنێو کۆمەڵێك گوتاردا پاك دەکرێتەوە کە لە ململانێدان بۆ مسۆگەرکردنی سەروەری وباڵادەستی لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی ترەوە، بەم شێوەیە گەیشتینە بارودۆخێك کە تیایدا هزرڤانێکی وەکو(بۆدریار) زۆر بەبڕواوە بتوانێت(گریمان)ە سەخیفەکانی دەربارەی جەنگی کەنداو نمایش بکات و بیخاتەڕوو بەپلەیەك کە سەرنجێکی فراوانی لەنێو بینەرانی دیمەنی هزری و پۆست مۆدێرنیستی ڕاکێشاوە.

تێبینی/ بەپێویست نەزانراوە پەراوێزەکان وەربگێردرێن و بڵاوبکرێنەوە.

ئەم نووسینە بەشی یەکەمی(نظرية لانقدية: مابعد الحداثة، المثقفون و حرب الخليج/ كريستوفر نوريس ، ترجمة : د. عابد اسماعيل/ بيروت 1999 الطبعة الاولى).

چاوخشانێك بەسەر ژیانو بەرهەمەكانی تیۆدۆر ئادۆرنۆ(1)
(لەئالیمارەوە تا تاراوگە)

ن :رامین جهان بەگلو

و: دلاوەر رەحیمی

پێش وتار

لێكۆڵینـــەوە لـە بـارەی ژیـان و بەرهەمـەكانی بیرمـەندێك بـەمانای رونكردنـەوەی گشـت بۆچونـەكانی نییـە . لەبـەر ئـەوەی كـە ئـەم گشـتە لـەتێكڕای بەشـۆكەكانی فـەردی ژیـانی هوشمـەندێك پێـك نـەهاتووە .بـەڵكو گشـتایەتی لـەو جیایـە . گشـت (كـل)، هەقیقـەتی ئـەم بەشۆكانە لـەخۆناگرێ، چونكە لەزەمـەنی تایبـەتی خـۆی بەهرەمـەندە .لەكاتێكدا كە ڕیشـەو هەقیقەتی ئەم بەشۆكانە هـەر وەكو ساتە نەبینراوەكان و لەدەسـت چووەكانـە كـە بیرمـەند لـەقۆناغی ژیـانی خۆیـدا لەتوێژینـەوەیدا بـووە . توێژینـەوەی ئـەدەبی لـەناخی نـەوتراو و نەكراوەكانی ژیانی خۆیدا، ئەم نـەوتراوو نەكراوانە ساتە ووردبینیـەكانی ژیـانی ئـەو پێـك دێنن . توێژینەوە سەبارەت بەبیرمەندێك ، گەڕانێكە لەقەڵەمڕەوی ئەم ساتانەو گەورەكردنیان لەژێر ووردبینی نووسینەوە . ئێمـەش لێرەدا خـەریكی توێژینـەوەی ئـەم ساتانە لە لابـەلای نوسینەكانی ئادۆرنۆ نەبین .ئـەم نوسـینە ، لێكۆڵینەوەیەكـە لـەبارەی قۆناغـەكانی ژیـانی و گۆڕانە هزریەكانی ئادۆرنۆ بەپێی زەمەنە مێژوویەكانی .

"لەجیهانێکدا کە هەقیقی نییە ، ژیانی هەقیقی ناکرێ لەئارادابێ"
ئادۆرنۆ:Minima Moralia

1- فرانکفۆرت

تیودۆر ویزنگروندئادۆرنۆ لە(11ی ئەیلولی ساڵی1903) لەشاری فرانکفۆرت (لەکەناری رووباری ماین)چاوی بەدونیا هەڵهێناوە .باوکی بەرەچەڵەک یەهودیەو لەبازرگانە دەوڵەمەندەکانی شەراب و دایکیشی (ماریاکالولی ئادۆرنۆ) گۆرانی بێژی کاتۆلیک وخەڵکی دورگەی کۆرس بوو.تیۆدۆر ئادۆرنۆ قۆناغی منداڵێتی لەگەڵ دایکی و پورەکەی (کەپیانۆ ژەن بوو)بەسەر برد ئەمە خۆی فرسەتێك بوو تاوەکو ئەو هونەری مۆسیقایان لێوە فێر بێت . ئادۆرنۆ خوێندنی ناوەندی لەهەل ومەرجە تایبەتیەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لەخوێندنگای قەیسەر ویلیەم تەواو کرد .ئەولەساڵی 1920لەتەمەنی 17ساڵیدا وتارێکی لەبارەی ڕێبازی ئیگز پرسیونیسم و رەخنەیەکی سەبارەت بە (نۆپیرای)نوسینی (برینهاردسیکلیس)، مامۆستای موسیقی خۆی بەچاپ گەیاند .ئادۆرنۆ لە ساڵی1921 چوەتەدانیشگای فرانکفۆرت و بەخوێندنی زانستە جۆراو جۆرەکانی وەك فەلسەفە ،دەروونناسی و کومەڵناسیەوەسەرقاڵ بوو .لە ساڵی1922لەدرێژەی لێکۆلینەوەکانیدا لەبارەی مۆسیقاوە دوو وتاری لەبارەی (بەلابارتۆك وپۆل میندیت)ونوسی کەلە (Neue Blatter Furkunst Undliterqtur)بلاوکرایەوە.ئادۆرنۆلەساڵی 1924بەداناني نامەیەك (رسالە)بەپەیوەندی لەگەڵ بۆچونەکانی ئەدموند هوسرەل بەپلەی دکتۆرای فەلسەفە گەیشت.

2-ساڵانی ڤییەننا

ئادۆرنۆ لەزستانی ساڵی 1925چووە شاری ڤییەننا و بۆماوەی دوو ساڵ لەوێ نیشتە جێ بوو .ژیانی لەڤییەنناو ئاشنایی لەگەڵ رێبازە جیاوازەکانی فەلسەفی وهونەری جێگەیەکی پایەداری لەلای ئادۆرنۆی لاودا هێشتەوە ئەم کاریگەریانە مەودای فەرهەنگێکی نوێیان

لەناسۆی هزری ئەودا بەدیهێنا کە لەواقع دا رەخسێنەرو دیاری کەری بۆچونێك بوو کەزۆر لە نوسینەکانی ئەوی گرتوەتەوە .ڤییەنناش سەردەمەدا ناوەندێکی درەوشاوەی بلاوکراوەی فەرهەنگی رۆژئاواو ناوەندێك بوو بۆ توێژینەوەو وتوو وێژی نێوان کراوە ترین دەست بەکارانی ئەم کەلتورە ، یەکێ لەتایبەتمەندییەکانی شاری ڤییەننا ئەوەبوو کەماوکات لەگەڵ پارێزگاری و بلاوبونەوەی فەرهەنگی سوننەتی ئەورووپاو کەش وهەوای لەبار بۆپێگرتن و بالابوونی ئەزموونی تازەی هونەری وزانستیشی فەراهەم کرد. لەو سەردەمەدا بەشێکی گەورەی ئەم لێکۆڵینەوانە لەبارەی فەلسەفەو مۆسیقاوە ئەنجام ئەدرا .ئەو کەشو هەوایەی کەئەوسایاڵی کێشابوو بەسەر فەلسەفەدا ، لەسەر بنەمای بۆچوونی کانتیزمی نوێدا بونیاد نرابوو کە بنەمای ناسینی لەپەیوەندی بە گەرانەوە بۆسەر فەلسەفەی رەخنەگەرانەی کانت ،لەنۆژەن گەلاڵەکردنەوەی مەسەلەی ناسینی پێش ئەزموون کەوتو و،توێژینەوە لەبارەی نامومکینبوونی فەلسەفە وەکو سیستەمێکی داخراوی بەشەکەری ناسینی چەمکە رەهاکانی خوود ناسیەوە ، دەر ئەبڕا .لەبۆچوونەکانی کانتیزمی نوێ گەرانەوە بۆکانت بەمانای گەرانەوە بۆتیۆری ناسین، یەقینێك بوو کەلەبەرانبەر بۆچوونی میتافیزیکی کەلەسەر قسەی کانت ،توانای ئەوەی نەبوو بگاتە پلەی زانست کۆمەك بەبەرەوپێشبردنی زانستەکانی وەك بیرکاری‌و زانستە سروشتیەکان بکات .لێرەدا پێویستە باس بکرێ کە قوتابخانەی کانتیزمی نوێ خۆی یەك پارچە نەبووەو لەقوتابخانە جۆراوجۆرەکانی پێك هاتبو و ، کەلەوانەیە بەناوبانگترینیان قوتابخانەی ماربۆرگە ، کەهزرمەندانی وەك کاسیرو، کۆهن و ناتۆرپ ئەگرێتە خۆی . بەهەموو شێوەیەك پەیوەندی ئادۆرنۆ لەگەڵ ئەم شێوە هزرانەدا،ئەوەك لەرووبەرووبونەوە لەگەڵ ئەم خوێندنگایانەدا ،زیاتر لەرێگەی ئوستادی فەلسەفە (هانز کۆرنلیۆس)بووە ، کۆرنلیۆس خۆی بەیەکێ لەپەیرەوانی هزرمەندانی هاوسنوورانی ڤییەننای فەلسەفەی ئەزمونگەری رەخنەگەرانەی ریچارد ئاونارێۆس وبیریوریشەی تاکانەی ئێرنست ماخ دائەنا . بەم پێودانگە لەتێروانینی هانس کۆرنلیۆس ،ناسین بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای ئەزمونەوەدێتە دی ،بەلام لەبەر بێسنووربوونی

واقعیەت ،دیاریەکان هەمیشە بەشێوەیەك لەشێوەکان دەکەونە دەرەوەی ئەم واقعیەتەوە ، بۆیەهەرکاتێ بەلەدکارێکی نوێ دەرکەوتوە وهیچ کاتێ تەواوەتی ئەوان بۆێنیە ئاشکرانابێ.
ئادۆرنۆلەساڵی 1926فییەنناى لەبەرچوونی بۆفرانکفۆرت بەجێ هێشت ، لەچوونی بۆشوێنی لەدایك بوونی خۆی بڕیاریدا درێژەبەلێکۆڵینەوەی فەلسەفیو بەردەوامی پلەکانی خوێندنی بوگەشتن بەپلەی (ئوستادی دانیشگا) بدات . لەدوای ئەم بریارە لەکۆڕی وانەی هانسکۆرنلیۆس بەشداری دەکردەوە خەریکی دانانی نامەیەك لەژێرناوی "ناوەڕۆکی خودناناگامی لەتیۆری سەرووی ئەزموونی ڕوحی" دابوو.ئامانجی ئادۆرنۆلەگەڵالەکردنی ئەم بابەتە لەلایەکەوە لەمەڕ توێژینەوەی فەلسەفەی ژیانی شۆپنهاوەر ونیچە وشەپنگلر و شێوەی ڕوبەڕوبونەوەی ئەوان لەگەڵ مەسەلەی ناخود ناگاهیدا ،ولەلایەکی دیکەوە بەرقەراری پەیوەندی نێوان فەلسەفەی کانت وەرو ‌‌‌ ‌‌ ی فرۆیدەوە بووە. بەوتەی ئادۆرنۆچونکە لەتێڕوانینی ئەم فەیلەسوورفانە مەسەلەی ‌-خودناگا پەیوەندی راستە وخۆی لەگەڵ شتێکی ڕوحی هەیە (کەلەڕوانگەی کانتییەوەشیاوی ناسین نی‌یە بەلاّم دەکرێ بیری لێبکرێتەوە) بەم پێیە ،بۆنەهێشتنی ئەو ناکۆکیانەی کەهزرمەندانی کانتیزم لەهەناوی هزری خۆیان لەگەڵیدا ڕوبەڕوون ،بەناچاری بەرەولایەناکانی فەلسەفەی کانت ڕۆیشتوون لەبەر ئەوەی لەقۆناغی دۆگماتیزەی متافیزیکی ئەکەونە پێش ئەوەوە .لەدیدگای ئادۆرنۆ،ئەم شێوەتێڕوانینانە کەبەشێوەی قوتابخانەیەکی ڕەسەنایەتی ناعەقلانی یان نافیکری دەردەکەوێ لە بواری کۆمەڵایەتی شێوەی ئایدیۆلۆژی بەخۆوەگرتوەو تەنانەت لەهەندێ مەسەلەدا دەربڕینی سیاسی خۆی لەئایدیۆلۆژیەکانی وەك(فاشیزم)دەبینێتەوە. لەبەرئەوەیە کەلەڕوانگەی ئادۆرنۆتەنها ڕێگە گرتن لەپێشکەوتنی قوتابخانەی ڕەسەنایەتی نا ئاوەزی وبلاّوبونەوەی لەزەمینەی کۆمەڵایەتی سیاسی ،پێشنیارکردن وخستنە ڕووی ناخوودئاگای فرۆیدی لەپەیوەندی بە تیۆرەی ناسینی کانتیزمی نوێیەوەیە ،چونکە بەم شێوەیە هاوکات بەهاوکاری تێڕوانینی کانتی دژی دوگمای میتافیزیك خەباتکراوە .بەپشت بەستن بەفرۆید ڕوبەڕووبوونەوەی تازەی ئەو لەگەڵ ناوەڕۆکی ناخودئاگا و هەر جۆرە ئەفسانەسازییەك سەبارەت بەم ناوەڕۆکە کەتێیدا هەڵئەقوڵێ.

3 -دیدار لەگەڵ ڤالتەر بنیامین:

یەکەمین دیداری نێوان ڤالتەر بنیامین و تیۆدۆر ئادۆر نۆ لەساڵی 1922ولەرێگەی سیگفریدکراساویر ئەنجام درا .ئادۆرنۆلەوکاتانەدا تەمەنی (20)ساڵبوو کەلەکاتێکدا کەبنیامین (31) ساڵ بوو ،ئالەوکاتەش نامەیەك لەسەر (چەمکی رەخنەی هونەری لەرۆمانتیسمی ئەڵمانی) لەگەڵ دوو وتاری لەبارەی هولدەر لین و گۆتە و وەرگێرانێك لەوێنەکانی پاریسی بۆدلێر بۆسەر زمانی ئەڵمانی بەچاپ گەیاندبوو ئادۆرنۆ دواتر لە ڤالتەر بنیامین وەك (یەکێ لەبەرجەستە ترین مرۆڤانێکە کە لەگەڵیاندا روبەروبوەتەوە) یاد ئەکاتەوە. بەگوتەی ئادۆرنۆ بینینی بنیامین بۆ واقعیەت بینینێکی میکرۆسکۆبی یە کەژیان ئەبەخشێتە بچوکترین بەشەکانی ئەوەوە .ئەو بەشۆکانەی وجودە تەنهاو خەمباریەکەی بنیامین پەنای دەبردە بەر ئەوانو وەکو کۆکەرەوەیەکی زانستی (کلکسیونری) کەلەناڕۆشنیەکانی دونیای شتێکی خۆیدا بۆدەست گەشتن بەحەقیقەتی هەر یەکێ لەم شتانە لەگەڕاندایە ،ڕوانینی بنیامین لەبواری ئەدەبیات ،هونەر و فەلسەفە وەك رۆڵی غەمزەیەك لە هەقیقەتێکە کە کەبۆزیندوو هێشتنەوەیەتی ، ئەو لەنێو یادەوەریە فەرامۆشکراوەکانیزیندەگی و لە لابەلای شمەکە بەخاك بووەکانی مێژوو ئەوە بۆقەڵەمڕەوی بیرکردنەوەی ئەگواستەوە . بنیامین نیگای خۆی برێوەتە ڕابردوو ، رابردوویەك کەوەك مەرگ لەبەانبەر ئەوە و لەنێوان قسەکانی ئەو لە جوڵەدایە .ڕابوردویەك کە بنیامین لەیادوەری خۆی لەکتێبی (منداڵێتی بەرلین)هەر وەك پرۆست لە 13بەرگی بەرهەمەکەیدا (لەگەڕان بۆ قۆناغی لەدەست چووم)کەبنیامین یەکەمین وەرگێری بوو بۆزمانی ئەڵمانی ،ئەوەك لەواقعیەتی ئەو زەمەنە دابگەڕێ. بنیامین شێوەی وون بوویەکی هەیە، کە هاوکات لەیادەوەری منداڵی خۆی لەشیعرەکانی بۆدلێر وپاریس سەدەی نۆزدەدا پرسە ئەگێڕێ.بەپێی وتەی بنیامین (لەشیعری بۆدلێر وێنەی ژن و وێنەی مەرگ هەردووك لەوێنەی سێیەم کە وێنەی پاریسە بەیەکەوە ئاوێتە ئەبن ،وئەم ناڕۆشنیە نیشانەی پەیوەندی و ڕوداوی کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمەیە) بنیامین ئەم ناڕۆشنییە بە"وێنەی ئاشکرای دیالیکتیك" ناو ئەبا.وێنایەك کەلەدیدگای ئەو هەر وەك

وێنـای خـەیاڵی "کالألەواقیعـە سـانەو سـاکارەکەیدا بەشـێوەی شـتێکی شایسـتەی پەرەستندەردێنی"بەم پێوەدانگە لەتێڕوانینی بنیامین بەپێگرتنی ئابوری بازرگانی و لەگەڵ فەراهـەم هێنـانی ئیمکانیـاتی تـەکنیکی پێویست بۆبەرهـەم هێنـانی،بەرهـەمێکی هونـەری نەتەنها گۆڕانی بنەڕەتی‌لەکرداری تاکەکانی کۆمەڵ لەبەرانبـەر هونـەر دەردەکـەوێ، بـەڵکو بەرهەمی هونەریش لەگـەڵ لەدەستدانی تایبەتمـەندی وحاڵـەتی خۆی بەشێوەی "بـەهای پیشـانگامی "یـان بـەهای ئـاڵوگۆڕی دەردەچێـت هونـەر "دەرکـەوتی جوانـی "خـۆی جێ‌هێشتووە لەستۆدیۆکانی سینەمایی بەشێوەی دەستکرد دروست دەکرێ.لەبـەر ئەمـە بەرهـەمێکی هونـەری لەپلـەی ڕسـەنایەتی ڕێوڕەوشـێك کـە لـە بەرهـەم هێنـانی هونـەری کەلتووری‌دا هەی بوو بۆپلـەی هونـەرێکی جەماوەری سیاسی دادەبـەزێ کەهـەموو جـۆرە خەرمانەیەکی پیرۆزی لەدەست داوە ،تایبەتمەندێتی تاقانەودەرکەوتن یەکجارە،سەرکەوتنی هونەری‌جەوتـەم لەسـەر بەرهەمـەکانی دیکـەی هونـەری وەك دەسـەڵاتی قەڵـەمڕەوی گشتی لەسـەر قەڵـەمڕەوی تایبەتمەندیـە ،کەبـە وتـەی بنیـامین ئەسـتێرەی سینەما و دیکتـاتۆر و قارەمانـانی ئـەون .بەقسـەی بنیـامین بەشـەریەت ئـەمرۆ ئامادەیـە کـە تەنانـەت ژیانـە نالەبارەکەشی بخاتە نمایشەوەو، لەپەیوەندی بەهەستی پاکی جوانی‌خۆی لەزەتی لێببینێ .

لەتێڕوانینی ئەو بۆئـەم جـۆرە شـێوازە جوانـی کردنـەی سیاسـەت ، لـە فاشـیزمدا بـەرچاو دەکەوێ و لەکاتێکدا کەلەبەرانبەر کۆمۆنیزم هـەوڵ بۆسیاسی کردنی هونەر ئەدا . بنیـامین لەڕوبەڕبونـەوەی لەگەڵ دەربڕینی ئایدیۆلۆژیای هونـەر لەسیسـتەمە سیاسـی-کۆمەڵایـەتی یەکانی سەدەی بیستەم کەلەسـەر بنامـای عـەقڵ گـەرایی ئـامرازی و ڕوانینێکـی تـەکنیکی لەجیهاندا وەستاوە لەپـەیوەندی بەهونـەری جـەماوەری "کەچەندایـەتی دەخاتـە شـوێنی چۆنایەتیەوە " سوریالیزم بەدوایین پایەی تواندنی عەقڵی ئەوروپایی‌دەناسێنێ.بەوتەی ئـەو "ئەورووپا لە(باکۆنین)بەدواوە لەهەر جۆرە بۆچونێکی ڕادیکاڵی لەبارەی ئازادی بێبەش بووە سوریالیستەکان جارێکی دیکە ئەم تێڕوانینەیان گرتوەتە بەر " . بەبڕوای بنیـامین ئەزموونی شۆڕشی سوریالیزمی لەچەمکی ئازادیدا ، لەبنەڕەتدا لەسەر بنـەمای سیاسـەتی شـاعیرانە وەستاوە کەئامانجەکەی بەخشینی مەودای مەستی کامەرانی‌یە بەشۆڕش لەڕێگەی نوسین و

بەرهەمی نوسەرانی سوریالیزمەوە .ئەم دیالیکتیکی مەستی وکامەرانی‌یە بەشێوەی "ئیلهامی دونیایی" لەنوسینەکانی سوریالیزمی وەك رامبۆ ، لۆتەر ئادمۆند و ئاپۆلیز (کەبنیامین ئەوانی وەك بونیادنەری قوتابخانەی سوریالیزم ناو ئەبرد)بەرچاو ئەکەوێ.بەلأم بنیامین هاوکات سەرنجی خوێنەری بۆلای ئەم "ئیلهامە دونیایی یە " لەرۆمانی (ناجا)ی بەرهەمی (ئاندەر برۆتۆن) ڕائەکێشێ .دونیایی(ناجا)"دونیای بچوکی" سوریالیستەکانە کەبروتۆن بەڕاڤە کردنیەوە خەریك ئەبێ . "ڕاڤە کردنی" کەبەوتەی بنیامین (دواین دالدەگای عەشق)ە .عەشق بە"جیهانی شتەکان و رونیایترینی ئەوان پاریس" پاریسی سوریالیستەکان ومانایەکی وێناییە .کە ئیلهامی دونیای سوریالیستەکان ئێمەی پێ‌ئاشنادکا " ئەم ئاسینە هەر وەك گەڕانێکی خەوناوی‌یە لەکۆلأنەکانی پاریس کەسەرچاوەی خۆی لە ئیلهامی دونیاییانەی بیرکردنەوەی خوینەرێکی چیرۆکدا ئەبینێتەوە. بیرکردنەوەیەك بەوتەی بنیامین رۆلی بێ‌هۆشکەری هەیە کە ئینسانەکان لەتەنهایی خۆیاندا بەکاری دەهێنن.مەسەلەی" تەنهایی " ناوەندی بنەڕەتی ژیان وبۆچونەکانی ڤالتەر بنیامین پێك دەهێنێ .بنیامین لەروانگەی بونەوە ،لەتەنهاترین نوسەرانی ئەم قۆناغەی ئەوروپا یە."تەنها" لەبەرانبەر ژیانی کەلتوری دەورانی ڤالیمار ،"تەنها "لەبەرانبەر بەربەریەتی نازی ودواجار "تەنها"لەروبەڕوبونەوە لەگەڵ یادەوەریەکانی خۆی وەك قارەمانێکی حەماسی لەبەرانبەر مەرگ .مەرگێك کەبەوتەی بنیامین لەگەڵ نەمانی چەمکی ئەزەلییەت ڕوخسارێکی نوێی بەخۆوە گرتووە ، بەشەریەتی ئەمرۆ لەکلأوڕۆژنەی ژوری داخراوە وە چاوی بڕیوەتە چۆنێتی مەرگی بێکفن ودفنی خۆی لەسەر تەختی نەخۆشخانەدا . بنیامین لەبەرانبەر ئەم جۆرە واقعیەتە ،تەنهایی دەکاتە پیشە ،تەنهایی‌یەك کەهەر وەك تەنهایی کەسێتیەکانی رۆمانەکانی کافکاو و رەهەندی وێنەکانی (پۆل کیلیە)یە .هەروەها تەنهایی بەشێوەیەکی حەیران و سەرگەردانی عیرفانی لەرێنای دیالیکتیکی شەقامی یەك سایدی کۆماری ڤالیمارـلەپاریس بۆدلێرو سوریالیستەکان ،لاهوتییاتی یەهودی (لەژێر کاریگەری گرشوم شویلم) لەماتریالیزمی مارکسیستی(لەژێر کاریگەری برێخت). بەم شێوەیە خۆکوژی

بنیامین لەساڵی1940لەسنووری فەرانسا و ئیسپانیا ،وەك هاوارێکی نارەزایەتی تاکێکە تەنهایە لەجیهانی توندو تیژی ئایدیۆلۆژیە مرۆڤ خۆرەکان.

ب-وتووێژی بنیامین ئادۆرنۆ

ڤالتەر بنیامین لەوبیرمەندانەیە کە ئادۆرنۆ ی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە .قۆناغی هاورێیەتی وهاوکاری ئەم دووبیرمەندە هەورازو نشێوی زۆری هەبووە . ئەم هەوازو نشێودی ئەم دوانە هەندێ جار بەهاوکاری یەکتر و هەندێ جاریش بەتەنهایی بڕیویانە. بەهەمان شێوە کەپێشتریش ئاماژەمان پێدا . بۆچونەکانی بنیامین لەم قۆناغەدا لەلایەکەوە گرفتاری مەسەلەی عیرفانی یەهودی و لەلایەکی دیکەوە لەرووبەڕووبونەوەدی لەگەڵ مارکسیزم بوو. ڕەنگە گرنگترین فاکتەری سەرنج ڕاکێشانی بنیامین بۆکەلتووری یەهودی (بێجگە لەبەرەسەن یەهودی بوونی خۆی)، هاورێتی نزیکی لەگەڵ (گرشۆم شویلیم) و ئەندامیەتی ئەو لەگەڵ کۆڕی ڕۆشنبیرانی ڕادیکاڵی یەهودی لەتەمەنی لاویدا بوو . بەڵام شارەزایی تەواوی بنیامین لەکتێبی پیرۆز (الکتاب المقدس)ی ئاینی یەهود بووە مایەی پەیوەست بوونی ئەو بەم مەزهەبەوە ،ئەگەریش بنیامین بەراستی باوەڕێکی هەبوو ،باوەڕی ئەو زیاتر لەزەمینەی هونەر وجوان ناسییەوە بوو، بەپێچەوانەی زۆر لەڕۆشنبیرانی یەهوودی ئەو کاتە ،هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ سەهیۆنیزمدا نەبووە لەلایەکی ترەوە هاوڕێیەتی بنیامین لەگەڵ ئارنست بلۆخ و برێخت ئەوی لەبۆچوونی مارکسیستی نزیك دەکردەوە.

ئاشنایی ئادۆرنۆ لەگەڵ بنیامین دوای گەڕانەوەی لەڤییەننا ڕەنگێکی نوێی بەخۆوەگرت. لەساڵی 1927بنیامین لەبەرلین ئادۆرنۆی بەکۆمەڵێ هاورێیانی خۆی ناساند ..لەم سەفەرەدا ،ئادۆرنۆ لەگەڵ بلۆخ ،برێخت وکۆرت وایل و هانس ئایسلر (کەدواتر لەساڵی 1944کتێبی بەهاوبەش لەگەڵ ئەو لەژێر ناوی "مۆسیقا بۆ فلیم"نووسی)ئاشنابوو.ئەومەسەلانەی کەبیری کەسانی ئەم گروپەی بەخۆوە خەریك ئەکرد ،مەسەلەی مارکسیزم و پەیوەندی ئەو لەگەڵ فەلسەفەی هێگڵ بوو . ئەم پرسیارە بەتایبەت لەپەیوەندی لەگەڵ لوکاچ (بەتایبەت کتێبی مێژوو ویژدانی چینایەتی)وە کارل کۆرچ بایەخێکی تایبەتی هەبوو ،بەڵام ئادۆرنۆ

لەوكاتانەدا مەیلێكی زیاتری بۆ بۆچوونەكانی كانت نیشان ئەداو هەوڵی ئەدا تائەوپەڕی توانا گفتو گۆیەك لەنێوان جیهانبینی ماركسستی و فەلسەفەی كانت ڕێكبخات . ڕەنگە ئەمە بۆخۆی یەكی لەو هۆیانە بوبێ كەئادۆرنۆی لەگەڵ بنیامین زیاتر نزیك دەكردەوە. بنیامین لەپێش ئەمەوە لەساڵی 1918 وتارێكی لەبارەی فەلسەفەی كانت بەچاپ گەیاندبوو . بەبڕوای ئەو " ناسین و جیاكردنەوەی توخمەكانی تیروانینی كانت بۆفەلسەفەی ئاینده بایەخێكی زۆری هەیە " بەوتەی بنیامین فەلسەفەی داهاتوو ئەركی ئەوەی لەئەستۆیە كەتیۆری ناسینی كانت بكاتە سەر شاری ئامانجی خۆی ، بەم جۆرە فەلسەفە لەتوانایدا دەبێت تابەگەڕانەوە بۆچەمكەكانی كانت پەیوەندی خۆی لەگەڵ زانست و مەزهەب و هونەر دیاری بكات . لەلایەكی ترەوە ئادۆرنۆش لەپەیوەندی لەگەڵ لێكۆلینەوەكەی خۆی لەبارەی كانت فروید ، سەرنجێكی تایبەت بۆفەلسەفەی كانت ئەگەڕێنێتەوە . هەرچەندە جێباسە كەلەكۆتایی (دەیەی 1920) لەگەڵ ئەوەی وتوێژی ئادۆرنۆ وبنیامین سیمایەكی نوێی بەخۆوە گرت . لەگەڵ گۆڕینی بابەتی نامەی ئادۆرنۆ(لەبەر ڕەت كردنەوەی نامەی یەكەم لەلایەن كۆرنلیۆس)وە دەستپێكردنی توێژینەوە لەبارەی كێركگارد لەژێر چاودێری پۆل تلیچ كەلەوكاتەدا مامۆستای فەلسەفە بوو لەزانكۆی فرانكفۆرت، لەبۆچونەكانیدا زیاتر لەجاران ئاگاداری مەسەلەی ماركسیزم بوو . ئادۆرنۆ نامەی مامۆستای خۆی لەساڵەكانی 1929—1930 داناو لەساڵی 1933بلاوی كردەوە . بەلام ئامانجی ئەو لەدانانی ئەم نامەیە، بەتەنیا بۆگەیشتن بەپلەی مامۆستایەتی نەبوو لەزانكۆی فرانكفۆرت . چونكە ڕەخنە لەفەلسەفەی كیركگارد بەبۆچونی ئەو سەرنجیشە لەسەر ئیگزیستانیستەكان و بەتایبەتیش بیری مارتن هایدگەر . هەرچەندە ئادۆرنۆ بەرەخنەگرتنی لەكریكگارد سیستەمی فەلسەفەی هیگڵ و توێژینەوەی ئەو لەبارەی مەسەلەی بونی تاك بەسەركەوتوئەزانێ، بەلام بەهۆی مەیلی بۆماركسیستی خۆی لەوقۆناغەدا بۆچوونی كیركگارد بەڕووتی لەمەودای مێژووی دیالیكتیكی ئەبینی . بەوتەی ئادۆرنۆ ڕەتكردنەوەی تیۆری وجودی كیركگارد جۆرە واقیع بینییەكی ناواقیعیە ، لەبەر ئەمە "بۆبەخشینی مەودایەكی ڕەخنە گرانە بە بابەتە گرنگە هزرییەكانی كیركگارد، ئەبوایە ئەوانی پەیوەند بەرەخنەی كۆمەلایەتی لەبەرچاوبگیرێ " .

ئادۆرنۆ بۆ پایەو ڕیشەی ئەو ڕەخنە کۆمەڵایەتیە لەو کاتەدا سوودی لەفەلسەفەی مارکسیستی وەر ئەگرت و هەوڵی ئەدا لەگەڵ ئەزموونە جوانناسیەکانی خۆیەوە هەماهەنگی بکات بەم پێیە نووسینەکانی مارکسی لاو لەلایەکەوە ئەزموونە نوێکانی شۆنبێرگ لەبواری مۆسیقا لە لایەکی‌ترەوە کەم کەم شکڵێکی تازەی بەبیری ئادۆرنۆ ئەبەخشی . ئادۆرنۆ لەسالی 1931 بەپلەی مامۆستای فەلسەفە چووە زانکۆی فرانکفۆرت ، ناونیشانی هاتنە گۆی بەڕای ئەو(بایەخی ئەمرۆکەی فەلسەفە)بوو. بەبۆچوونی ئادۆرنۆ دەبوایە فەلسەفە لەم سەردەمەدا و لەبنەڕەت دا ڕۆڵێکی دیالیکتیکی ماتریالیستی بگێڕێ . بەلام لەگەڵ هەبوونی ئەو بۆچونەی کە ئادۆرنۆ لەوکاتەدا لەسەر مارکسیزم هەی بوو ، لەچەمەرەی کلاسیکی ئەودا ئەڕۆیشتەدەرەوە و لەم ڕو وەو لەپەیوەندی لەگەڵ زۆر فەلسەفی لەگەڵ بیرمەندانی دیکەی مارکسیزمی ئەو سەردەمەی ئەورووپا وەك (لۆکاچ) دەکەوتە دژایەتییەوە . بۆنموونە چەمکی (مێژوو)لەبۆچوونی ئادۆرنۆ بەشێوەی گشتێك ئەنەخرایە ڕوو،بەڵکو لە ڕوانگەی ئەودا مێژوو شێوەیەکی پارچە پارچەی بەخۆوە دەگرت . چونکە بەپێچەوانەی هێگڵ : نادۆرنۆ مێژووی بەشوێنی تاقانەیی ناوەزو واقیع دانەئەنا . بەوتەی ئادۆرنۆ (مێژوو لەحەقیقەت دایە ، بەلام حەقیقەت لەمێژوودانییە) ئەمە بەومانایەیە کە حەقیقەت مێژووییە ، بەلا م واقعیەت مێژوویەکی ڕاستە قینەی نییە . واتە بەپێچەوانەی هێگل ، مێژوو بەناچاری مەودایەکی عەقلانی بەخۆیەوە ناگرێ . بەدەستە واژەیەکی تر "مێژوو (لەخوودی خۆیدا) خاوەن عەقڵێك نییە ". ئەم ڕستەیە یەکێ لە بیرمەندانی دیاری ئەو سەردەمەو یەکێ لەهاوکارانی نزیکی ئادۆرنۆ لەکتێبێکیدا لەژێرناوی " سەرەتایی فەلسەفەی مێژووی بۆرجوازی " . نووسیبوی ، ئەم بیرمەندەش ماکس هۆرکهایمەر بوو.

٤-ئاشنایی لەگەڵ هۆرکهایمەر پەیوەندی لەگەڵ "دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت"

ئادۆرنۆ بۆیەکەمین جار لەگەڵ هۆرکهایمەر لەکۆڕو کۆبونەوەکانی فەلسەفی هانس کۆرنلیۆس ئاشنا بوو . لەو ڕۆژانەدا هۆرکهایمەر لێکۆڵینەوەی لەبارەی فەلسەفەی کانتەوە دەنووسی . ئەولەساڵی 1922 دا بەنووسینی نامەیەك لەبارەی (کانت)ەوە بەپلەی دکتۆرای

فەلسەفە گەیشتو لەساڵی 1925 یش بەنووسینی نامەیەکی دی لەم بوارەدا پلەی ماموستا"استاد" ی لەزانکۆی فرانکفۆرت وەرگرت . لەو سەردەمەدا هۆرکهایمەر بەپێچەوانەی ئادۆرنۆ بەتوندی کەوتبووە ژێرکارێگەری بۆچوونەکانی شۆپنهاوەر و ڕەشبینی فەلسەفەکەیەوە . هۆرکهایمەر بەهەمان شێوە کەخۆشی نووسیویەتی : چەندان ساڵ لەگەڵ ئەم فەلسەفەیەدا هەماهەنگ و نزیك بووە ،تەنانەت بەوتەی خودی ئەو ، دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی "فرانکفۆرت"یش لەسەرەتای کارەوە و لەسەر بنەمای تیۆری ڕەخنە گرانە خۆی لەسەر بنچینەی دووجۆر ڕەوتی فیکریدا دانابوو . لەلایەکەوە بۆچوونی مارکسی و لەلایەکی ترەوە هزری فەلسەفەی شۆپنهاوەر . ڕەنگە یەکێ لەو هۆکارە گرنگانەی کەبۆتە هۆی گۆڕانی ڕێوڕەوشی لێکۆڵینەوەی دەزگاکە ، هەڵبژاردنی هۆرکهایمەر بەسەرۆکی دەزگاکە بوو . هۆرکهایمەر لە تەمووزی 1930(لەگەڵ ئەوەی کە یەك ساڵ پێش ئەوە بووەتە ماموستای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی زانکۆی فرانکفۆرت) وەك سەرۆکی نوێی" دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت" هەڵبژێردرا. پلەیەك کە تا ئەو کاتە کارل گرۆنبرێك لە ئەستۆیدا بوو، گرتیە ئەستۆ. لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی دامەزراندنی دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت بکەین. ئەم دەزگایە کە دواتر لەژێر ناوی "قوتابخانەی فرانکفۆرت" ناسرا لە(3ی شوباتی ساڵی1923)دامەزراو لە (22ی‌حوزەیرانی ساڵی 1924) دا بەرەسمی دەستی بەکار کرد. بیری سەرەتایی ئەم دەزگایە لەلایەن کەسێك بەناوی فیلکس ڤایل لەساڵی1922خرابووە ڕوو ، ڤایل دکتۆر بوو لە زانستە سیاسیەکان و لەو کاتەدا بەهۆی پەیوەندی تایبەتی بە مەسەلەی مارکسیزم لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکی وەك کارل کۆرچ، لوکاچ ، فریدریك بۆلۆك و کارل ئەکۆست و ڤیتفوگیل هاتووچۆی هەبوو.

لەسەرەتادا وابڕیار بوو کەدەزگا لەژێر ناوی (دەزگابۆمارکسیزم)و لەدواییدا بەناوی (دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فیلکس ڤایڵ) دەست بەکار بکات ، بەڵام ڤایڵ ئەم پێشنیارانەی ڕەت کردەوە و دواجار بڕیار درا کە دەزگاکە بەناوی (دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی) کاری خۆی دەست پێبکات . خاوەن ئمتیازی (دەزگای لێکۆڵینەوەی

کۆمەڵایەتی فرانکفۆت) باوکی فیلکس ڤایڵ کەناوی (هێرمان وایلە) بوو لەبازرگانی دانەوێڵەدا سامانێکی زۆری وەدەس هێنابوو بەم جۆرە کە سەرنجمان دا دەزگاکە بەرەسمی لەساڵی 1924 تاساڵی 1930 لەئەستۆی کارڵ گرۆتبریك دابوو . لێکۆڵینەوە بەراییەکانی دەزگاکە بەهۆی نزیکی گرۆتبریك لەمارکسیزم لەسەر پایەی میتۆدۆلۆژیای مارکسیزمی بەرەو پێش ئەچوو . هەروەها دەزگاکە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ حزبی سۆسیال دیموکرات و حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا وسازمانی مارکسی ئەنگلس موسکۆدا هەبوو ، تەنانەت سێکەس لەهاوکارانی ئەو کاتی دەزگاکە (ڤیتفۆگیل-بۆرکنادو گومپرز) ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی بوون ، (کارڵ کۆرچ)یش بۆلایەنی چەپی حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمان K.P.Dکاری دەکرد . لەسەر قسەی مارتن ژای مێژوونووسی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە کتێبی (خەیاڵی دیالیکتیکی) هۆرکهایمەر یش لەو سەردەمەدا پەیوەندی بەم حزبەوە هەبوو . بەڵام بەهەموو جۆرێك بەهاتنە سەرکاری هۆرکهایمەر دەزگاکە سیمایەکی نوێی بەخۆوە گرت . بەرە بەرە دوزینەوەی رەهەندە فەلسەفیەکان لەحالەتی رووکاریانەی خۆی دوور کەتەوە . رەنگە هۆی ئەم رەشبینیەی فەلسەفەی هۆرکهایمەر بێ کە دەزگاکە بەقووڵی خەریکی لێکۆڵینەوە بوو بێت لەبارەی چینی کرێکارو وەرچەرخانەکانی مارکسیزمی ئەوکاتەی ئەورووپا.

هۆرکهایمەر لەگەڵ پەیوەندی کردنی بەسازمانەوە بریاریداکەلقێك بۆسازمان لەجنێڤ رێك بخات. بەشی سویسرای سازمان خرایە ئەستۆی پۆلۆك . لەوکەسانەی کە لەوسەردەمەدا لەگەڵ دەزگا هاوکاریان هەبوو ، ئەتوانین ناوی (لیولۆڤنتال ، ڤیتفوگیل ، هەنرێك کرۆسمن ، ئیلکسەندەر کوێرە ، ویلهام رایش ، کارڵ کرۆچ ، کۆرت لوین) ببەین ، لەگەڵ ئەم بیرمەندانەدا ناوی سێ دەروونناسی بەرچاو دەردەکەوێ ، کەدوای ماوەیەك بەکۆمەڵی ئەوانە پەیوەستن ، کارڵلانداور (سەرۆکی دەروونناسی سازمانی فرانکفۆرت)هانریش مینگ و ئاسراوترینی ئەمانە ئەریك فرۆم کەلەساڵی 1932 هاوکات لەگەڵ پەیوەندی کردنی لەگەڵ هربەرت مارکۆزە بەسازمانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت دەستی بەهاوکاری کردن لەگەڵ ئەوان کرد ، دەزگا (سازمان) شێوەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی

فەلسەفی خۆی لەسەر بنەمای تیۆری تازەتر دانابوو کەبەدژایەتی لەگەڵ تیۆری کەلتووری تەقلیدی ویا باشترە بڵێین کۆمەڵگای بۆرژوازی "ڕەخنەگرانە " ناوبرا. ئەم" تیۆری ڕەخنەگرانە " یە لەسەر بنەمای روانگەیەکی ڕەخنەگرانە لەکۆمەڵگاو کەلتووری ئەوکاتەی ئەڵمانیا دانرابوو. لەواقیعدا تیۆری ڕەخنە گرانە کە "سازمانی لێکۆڵینەوەی فرانکفۆرت " وەك ڕێ و ڕەوشی تێروانینی تیۆری خۆی گرتبووە پێش . لەگەڵ کاریگەری لەبیر وبۆچوونی بیرمەندانێکی وەك وەماركس ، كانت ، هێگڵ ، شۆپنهاوەر لەڕەوبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەرکەوتنی عەقلانی بوونی هەرچی زیاتری دام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا کەبارێکی ناعەقلانی بەخۆوەگرتبوو نماکردنی سەرمایەداری دەوڵەتی مۆنۆپۆڵو وەرگرتنی بەشێوەیەکی نوێی دەوڵەت لەڕەهەندەکانی دیسپۆتیزم و بیرۆکراتی بونیادنرابوو . دەرکەوتنی نازیزم لە ئەڵمانیاو هاتنە سەرکاری ستانیلیزم لەشوورەوی هەروەك دوودیاردەی سیاسی :کۆمەڵایەتی و هزری کۆمەڵگای نوێ ودەسەلأتی بێ پرسیاری ئایدیۆلۆژی لەزەمینەی کەلتورو هونەر ، بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی خستە سەر ئەوەی کەبۆلێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم دیاردانە ، بگەڕێنەوە بۆ سیستەمە فیکریەکانی سەدەکانی پێشوی ئەوروپا. شێوازی بۆچوونی ڕەخنەگرانە لەحەقیقەتدا لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بەهۆکاری وێرانی کەلتوری رۆژئاوا و مەسەلەی لایەنە تاریك و ناهاوسەنگیەکانی تاك بوو . بەبڕوای هۆرکهایمەر تەنیارێگەی ڕەپرووبونەوە لەگەڵ تیۆری کۆمەڵگی بۆرژوازی ، تویژینەوەو روتوو وێژ لەگەڵ ئەو تیۆرە لە هەناوی خودی تیۆرەکە ئەبێت .لەبەر ئەمە، ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کەدەبێت بانگەشە پووچەکانی ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی و واقیعەتی هەل ومەرجە کۆمەڵایەتیەکانی هەنووکە ڕوبەڕوی یەکتر بکرێنەوە . مەبەستی هۆرکهایمەر لەم (بانگەشەیە) چەند چەمکێکی رووت بوو کەلەلایەن میتافیزیکی ئایدیالیستی کانت و قوتابخانەی ئایدیالیستی ئەڵمانیای دوای کانت خراوەتە ڕوو . بەبۆچونی ئەو ئەم چەمکانە هەروەك لەلایەن (ڕێبازی ڕەسەنایەتی عەقڵ) و ڕێبازی رەسەنایەتی ناعەقڵ(Lirrationa Lisme) ی نوێ (بەدوای میتافیزیکی ئایدیالیستی) بەکاربراوە . بەوتەی هۆرکهایمەر لەهەل ومەرجی هەنوکەدا (ڕێبازی ڕەسەنایەتی عەقەڵ) لەبارێکی

ڕووخاو بەسەرچەبات . لەکاتێکدا کە (ڕێبازی ڕەسەنایەتی ناعەقڵ) لەلایەن سیستەمە دەسەلأتدارە سیاسی و ئابوورییەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە ، تائەو ڕادەیەی کە عەقڵ بۆئاستی عەقڵی مرۆڤێك کە سەربەخۆ یی خۆیی لەدەست داوەو بوەتە ئامرازی دەستی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان،دابەزیوە . ئامانجی هۆرکهایمەر لێرەدا جیاکەرەوەی نێوان ڕەهەندی ئاسۆیی ئاوەز و شێوازەکانی پراگماتیکی ، تەکنیکییە داتە پیوەکانیەتی . لەم پەیوەندیەدا ئەکرێ بڵێین زۆر لەبەرهەمی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بەتایبەتی نووسینەکانی هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ لەسەر بنەمای مەسەلەی عەقڵیەت و ئەو ڕەهەندە جۆراوجۆرانەی کە عەقڵ لەمێژوو و کۆمەڵگای نوێی مرۆیی پەسەند دەکرێ و هەروەها لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لەبارەی ووردبینی کەلەیادکراویان بە پەراوێزکراوەکان بوونیاد نراوە . بەم پێ یە بایەخی نوێی تیۆری ڕەخنەگرانە زیاتر لەپەیوەندیە ڕوبەڕوبوونەوە یەکە کەئەم تیۆرە لەگەڵ کۆمەڵگای هەنووکەیی‌خۆیدا هەیەتی . ئومێدی بیرمەندانی "دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەلأیەتی فرانکفۆرت" لەگەلأڵە کردنی ئەم تیۆرە ، لەبونیادنانەوەی سیستەمێکی فەلسەفەی داخراوی نوێ نی یە، بەڵکو هەموو هەوڵ وکۆششی فیکری ئەوان لەڕێوڕەوشی تێگەیشتنی دنیایەکە ، کەلەوێ کامەرانی مرۆڤ ئیتر جێگەی مەبەست نییەو فیکر نەبێتە دیل و بەندەی ڕێکخراوەیی عەقڵانی کۆمەڵگا . لەبەر ئەمە بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەو سەردەمەدا کەلەژیانی فیکری خۆیاندا ئومێدیان بڕیبووە کۆمەڵگایەك کە لە هەرجۆرە بەندایەتی و خنکاندنێك (هەناسە بڕینێك) پارێزراوبێت و دادپەروەری ئازادی و سەربەخۆیی سیاسی . کەلتووری بۆهەریەکێ لەتاکەکان فەراهەم بکرێت . هەروەها لەم یەککگرتویەدا ئەوان پێشنیاری زەرورەتی کرداری شۆڕشی نوێیان لەبەرانبەر خەتەری هاتنە سەرکاری ناسیونالی سوسیالیزم ئەخستە ڕوو . بەسەر کەوتنی نازیزم لەئەڵمانیا و بەهاتنە سەر کاری هیتلەرلەساڵی 1933 و دەست پێکردنی کاری ماشێنی جەهەنەمی مرۆخۆری نازی ، پێشبینیەکانی تێڕوانینی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەرگی کرداری کرنە بەر ،بەلأم ئەو ئارەزوو ئومێدانەی کەئەوان سەبارەت بەدەستهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر و مرۆیی تر لەدڵ و بیری ئەوان نەژیانەوە ؛ هارکات لەگەڵ بەشێکی

گەورە لەکلتوری دێرین ونوێی ئەڵمانیا لەنێوان کڵپەی تورەیی و قینی ئایدیۆلۆژیای نازی خرایە دەست فەرامۆشی‌یەوە .هاوکات لەگەڵ خەولێکەوتنی ئەڵمانیا لەباوەشی ئەفسانەی نازی ، بیرمەندانی قوتابخای فرانکفۆرتیش ، بۆ رەها بوون لەچنگی واقعیەتێکی ترسناک کە هەر ساتێک ئەوانی ئەخستە خەتەری مەرگەوە .ئەڵمانیایان بەمەبەستی رۆشتن بۆولآتانی تری ئەورووپا و ئەمریکا بەجێهێشت .لەنێوان ئەم کەسانەدا ئەریك فرۆم دووساڵ پێش ئەوانی دیکە (یانی لەساڵی 1932 رێگەی تاراوگەی لەپێش گرتبوو) ولەگەڵ "سازمانی دەروون ناسی شیکاگۆ" کاری دەکرد . لەکاتێکدا کە هۆرکهایمەر ،مارکۆزە، پۆلۆك و لۆڤینال سەرەتا بۆجنێڤ رۆشتن و دواتر هەر یەك بەجیا لەساڵی 1934رۆشتنە ئەمریکا . لەلایەکەوە بۆرکنایۆ لەبەریتانیا نیشتەجێ بوو .(گرۆسمن)یش سەرەتا بۆپاریس و بەریتانیا رۆیشت ، بەلآم دوا جار لەساڵی 1937 رۆیشتە ئەمەریکا . هەروەها ڤیتۆگل کەبەهۆی کۆمۆنیست بوونی ماوەی هەشت مانگ لەیەکێ لەئۆردوگاکانی نازی زیندانی بوو . توانی بەهاوکاری هاورێیانی فرانکفۆرت ئازادی بەدەست بهێنێتەوە ، لەساڵی 1932 ئەڵمانیای ،بۆبەریتانیا و دواتر بۆئەمەریکا جێهێشت لەپێشودا ئاماژەیەکی بچووك کرا بەدوایین تراژیدی ڤالتەر بنیامین . بنیامین لەمارسی 1933 بۆپاریس رای کرد و تا27 ی ئەیلولی 1940 یانی کاتی خۆکوژی . سێجار بۆدیداری برێخت (لەساڵەکانی 1934–1936–1938) رۆیشتە دانیمارك و دووجار بەمەبەستی بینینی ئادۆرنۆ بۆ(سانریمۆ لەئیتالیا) سەفەری کرد . بنیامین لەو سەردەمەدا لەهەڵبژاردنی رۆیشتن بۆفەلەستین بۆلای شولم وایان سەفەر بۆئەمریکا بۆلای بیرمەندانی تری قوتابخانەی فرانکفۆرت دوو دڵ بوو . ئەم دوو دڵییە بەرانبەیەك لەلای بنیامین قووڵ بوەوە کەتا ساڵی 1940 واتا تاکاتێ کەفەرەنسا لەلایەن نازییەوە داگیر کرا، بەم جۆرە بەردەوام بوو تائەوەی کەبە کۆمەکی هۆرکهایمەر ئامادەیی وەرگرتنی ڤیزەی ئەمریکا بوو . پاریسی بەمەبەستی رێبرینی کێوەکانی پیرنەو رۆیشن بۆئیسپانیا و دوا تر بۆ لیشبۆن بەجێ هێشت . بەلآم دوای کۆتایی هاتنی رێگای کوێستان وەگەیشتن بەشاری پۆرت بوی سەرسنوور ، بنیامین و هاورێیانی دەرگاکانی ئازادی سنووری ئیسپانیایان لەرووی خۆیان بەداخراوی بینی . گەرانەوەی بنیامین بۆپاریس هەروا ئاسان نەبوو .

بەتایبەت لەدوای ڕۆیشتنی ئەوماڵ و کتێبخانەکەیشی لەلایەن (گشتابۆ)وە زەوت کرابوو. بنیامین کەخۆی بەزیندانی بەربەریەتی نازی ئەبینی ، شەوانە بریاری دا ، کۆتایی بەژیانی خۆیبهێنێ بەخۆکوژی بنیامین سەرشاری هێوری ڕۆژگاری تاکایەتی لەبەرانبەر ، نەزانی و توندوو تیژی ڕۆژگاری جەماوەر بەچۆك داهات.

6-ئادۆرنۆ و یەکەمین هەوڵ بۆگەلاڵەکردنی تیۆری ڕەخنەگرانەی هونەر

ئادۆرنۆ زۆر درەنگتر لەکەسانی دیکە بڕیاری دا پەیوەندی بکا بە(سازمانی لێکۆڵینەوە ی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت) . لەڕاستیدا ئادۆرنۆ بەرەسمی لەساڵی 1938 لەئەمەریکا پەیوەندی بەکۆمەڵی لێکۆڵەرەوانی سازمانەوەکرد . هەرچەند لەماوەی ئەم سەردەمەی کە سازمان لەفرنکفۆرت دا کاری ئەکرد . ئادۆرنۆ لەنزیکەوە هاوکاری لەگەڵ گۆڤاری سازمانەکە هەبوو . ووتارەکانی ئادۆرنۆ لەم قۆناغەدا زیاتر لەبوارەکانی مۆسیقاو ستاتیکا (جوانناسی)یەوە بوون، بەپێچەوانەی هۆرکهایمەر کەبنەمای لێکۆڵینەوەکانی خۆی خستبووە سەر بنەمای ووتو وێژ لەگەڵ خواستەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ و مەسەلەی ڕەخنە لەسەر عەقلانییەت . بۆچوونی ئادۆرنۆ زیاتر لەپەیوەندی بەمەسەلەی مۆسیقاو شانۆ دەر ئەکەوێت . گومانی تێدانییە ، ئادۆرنۆ لەوساڵانە لەبۆچوونە فیکریەکانی بنیامین نزیك تر بووە ، ڕەنگە ئەم نزیکییە خۆی هۆکارێ بێت بۆئەوەی کەئادۆرنۆ وەك بنیامین میتۆدۆلۆژیای مارکسی زیاتر لە بواری هونەر وجوانناسیدا ئیشی پێبکات و کەمتر خەریکی لێکۆڵینەوە لەبوارەزانستە کۆمەڵایەتی یەکان بێت ، لەوسەردەمەدا مەسەلەکە سەبارەت بە توێژینەوە لای ئادۆرنۆ مەسەلەی ئەفراندن لەمۆسیقاو پەیوەندی ئەو لەگەڵ هەل ومەرجە مێژوویەکانی بەرهەمەکەوەیە بەبڕوای ئادۆرنۆ مۆسیقا بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری دژایەتیەکانی ناو هەناوی کۆمەڵە ، بەرهەمی مۆسیقی وەك هەربەرهەمێکی دیکەی هونەری دەربڕی گۆڕان ووەرچەرخانی واقعیەتی دونیای دەرەوەیە . لەبەر ئەمەیە کەمۆسیقاش لەپەیوەندیەوە بەڕەوەندی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیدا ڕێنای جیاواز جیاواز بەخۆوە ئەگرێ ، بەم پێیە ئەکرێ بڵێین کە تێڕوانینی ئادۆرنۆ بۆهونەر لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای ناسینی

کۆمەڵایەتی لەفۆرمی بەرهەمی هونەریدا وەستاوە ، واتا بۆ تێگەیشتن لەبەرهەمی هونەری پێویست بەناسینی بونیادو پەیوەندییەکانی ئەوکۆمەڵگایە دەکات کەلێیەوە هەڵقووڵاوە . بەم جۆرە هونەر خۆی شێوەیەکە لەژیانی کۆمەڵایەتی . بەڵام ئەوەی کەهونەر لەبوارەکانی دیکەی کۆمەڵ جیادەکاتەوە ، تایبەتمەندی نەفی کردنەوەو رەخنەگرانەکەیەتی . بە وتەی ئادۆرنۆ ، ئەگەر لەکۆمەڵگایەکدا هونەر هەیە، بەڵگەی رەخنەگرتنە لەو کۆمەڵگەیە . لەبەر ئەمەیە کە هونەر هەمیشە دایێ کەر و داکۆکی کەری بەشە لەبەرانبەر گشت ، و ئاوەزی تاك لەبەرانبەری رێکخستنی کۆمەڵایەتی بووە. لەم بارەیەوە بۆ ئادۆرنۆ ، تاکێتی و هونەر وەك دوو تای تەرازوویەکن . چونکە هەر یەك بەشێوەیەك لەبەرانبەر (ئەو ئایدیۆلۆژیا کۆمەڵایەتیە کەبەپشت بەستن بە دەسەڵات و توندو تیژییە وێرانکەرەی خۆی هەوڵدەدا بۆمل پێکەچ کردنی مرۆڤەکان بۆلۆژیك و بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیانەی خۆی) بۆبەرگری لەسەربەخۆیی خۆی زۆرانبازی دەکات . لێرەدا بەروونی تێ ئەگەین کە ئادۆرنۆ بەچ شێوازێك وەکو لوکاچ و بنیامین لەتێزە فیکریەکانی مارکسی لە بواری هونەرو جوانناسی کەڵك وەرئەگرێ . ئادۆرنۆ لەنووسینەکانی دا چەندان جار لەبارەی تێزە ماکسییەکانی وەك بەهای گۆڕینەوە ، بەهای بەکارهێنان خەسڵەتی فتیش کالا ، بەرهەم هێنان و بەکار هێنان دەدوێ . بۆ نموونە یەکێ لەوبوارە هونەریانەی کە ئادۆرنۆ ی بۆلێکۆڵینەوە لەبارەی ئەوەوە دەگەڕێتەوە بۆئەو تێزانە ، بواری مۆسیقایە . لەڕاستیدا بواری مۆسیقا بەشێکی گەورە لەبیر کردنەوەی ئادۆرنۆ پێك دەهێنێ . رەنگە یەکێ لەو هۆیانەی بایەخدانی تایبەتی ئادۆرنۆ بەمۆسیقا ، پەیوەندی نزیکی ئەو بە جەوهەری دونیای بەسیستەم بووی سەدەی بیستەمە . لەبۆچوونی ئادۆرنۆ بارێکی نوێ کە مۆسیقا تیایدا دەرئەکەوێ لەپەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ پلەی تاك لەکۆمەڵگەیەکدا ئەبێت ، کەلەوێدا ئیدی قسە بۆ وتن نەماوەتەوە و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دابەزیوەتە سەر هیچ . بەڵام مەرگی ئاخاوتن و لەنێمکان دا نەبوو ی پەیوەندی مرۆیی تاکە نیشانەی دوونیای نوێنییە . چونکە بەوتەی ئادۆرنۆ هەستی بیستنی مرۆڤیش رەوتێکی بەرەو رابردووی گرتوەتەبەر . بەبڕوای وی ئەم دیاردەیە بەناچاری پێبەپێی خەسڵەتی فتیشی یە ، کەمۆسیقای تیادا بەهرەمەندە . ئادۆرنۆ

لەیەکێ لەووتارەکانی خۆی لەژێر ناوی "خەسڵەتی فتیشی مۆسیقا پاش رەوەی بیستن " لەساڵی 1938 ئەم مەسەلەیە بەڕۆشنی دەربەخا . کەئەمانی بیستن لەپەیوەندی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی تەکنیکی و میکانیزمی بەرهەم هێنان. لەراستیدا بەوتەی ئادۆرنۆ کەم و کوڕی هەستی بیستن و لەبەر یەك هەڵوەشانی پلەپلەی مۆسیقا ، تەواوکەری یەکترن . بەقسەی ئەو "گوێگرانێك کەلەبەر کەم و کوڕی هەستی بیستن ، بەومناڵانە دەچن کەزمانی مۆسیقایی منداڵانە ئەخرێتە ئەستۆی ئەوان " ئەم بیسەرانە هەرچەندە زیاتر وەلاَم بەمۆسیقا کالأیی و بەکارهێنان کەلەبازاڕدا دەخرێنە ڕوو بدەنەوە ، زیاتر دەکەونە ژێر دەسەڵاتی نیزامی ئابووری بازاڕی . لەبەر ئەمەیە کەئادۆرنۆ خراپی بەکار هێنانی هەستی بیستن وەك خەتەرێك بۆهونەری مۆسیقا و بەرهەمی کەلتووری ڕابووردوی بەشەری دادەنێ . مۆسیقا کە ببێتە شێودیی بەبەکارهێنانی زۆرە ملێپایەداری و وەستاوی خۆی لەدەست ئەدا . بۆنموونە مۆسیقایەك کەلە ڕادیو بڵاو ئەکرێتەوە . مۆسیقایەکە بەپلەپلەی خراپ وساکار دەڕوا ، تاوەکونەوەی کەشێوەیەکی گاڵتە ئامێزو نووکتاوی بەخۆیەوە دەگرێ . بۆچوونی ئادۆرنۆ سەبارەت بەڕادیۆ دواتر شێوازێکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێ و بەدوو وتار لەساڵی 1940 ، یەکێکیان لەژێر ناوی "لەمەڕمۆسیقای خەڵکی " ، (بەهاوبەش لەگەڵ جۆرج سیمیسۆن) و ئەوی دیکە بەناوی "رەخنەی کۆمەڵایەتی مۆسیقای ڕادیۆ " (2) چاپ کرد . ئەم وتارانە هەروەکو ئەو وتارەی سەبارەت بەخەسڵەتی فتیشی مۆسیقا ، لەو وتارانەن کە ئادۆرنۆ لەسەردەمی نیشتەجێبوونی لەئەمریکا نووسیونی .

تێڕوانینی ئادۆرنۆ لە بارەی مۆسیقا لەو وتارانەی دەورانی ئەمریکا لە درێژەو پەیوەندی بەو بۆچونانەوە هەیە کە ئەو وتارانەی سەبارەت بە مۆسیقا لە دەورانی ڤییەننا ، فرانکفۆرت و بەریتانیا شدا هەی بوو .

دواتر ئادۆرنۆ هەریەك لەو وتارانە و کۆی ووتارەکانی کردە کتێب ، لەوانە ئەو کتێبانەی کەسەبارەت بەمۆسیقای گۆستا و ماهیلەر لەژێر ناوی "ماهیلەر:سیمایەکی مۆزیکاڵ mahler:one physionamic musicale (1960)" و لەبارەی ئارنۆلد شوینبرگ و ئەیکور ئەستوایشکی لە ژێر ناوی (فەلسەفەی مۆسیقای نوێ Philosaphied

Derneacnkusik) "1949" ، لەسەر مۆسیقای ریچارد ڤاگنەر لەژێرناوی (وتار لەمەلا ڤاگنەر Rersuh uberwagner–) "3" (1952) ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لە وتارو نووسینەکانی ئادۆرنۆ سەبارەت بەمۆسیقا بەرچاو ئەکەوێ ، پێش هەر شتێك هەوڵێکە ، لەرێگەی رەخنەی دەسەڵاتی پرۆسەی بەرهەمێنان وبەکارهێنانی لەبواری کەلتووری مۆسیقا . لێرەدا رەخنەی ئادۆرنۆ لەبەرهەمهێنان لەسەر جۆری "نـوع" شێوازەکانی ئەو، کەلەواشە بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و سوسیالیستی یە . چونکە مەبەستی فیکری ئادۆرنۆ لەئازادی تاك داهێنانی هونەری ئەو، رەها لەهەر قەید و بەندێکی نیزامی ئابووری سیاسیدا کورت ئەکرێتەوە . ئادۆرنۆ بوگەشتن بەم ئازادیە بەرەوتێکی خوودبینی دیالیکتیکی ئەبینی کە لەگەڵ رەت کردنی پۆزەتیڤانەی خود ولۆژیکی یەکسانی کە تواری کۆمەڵایەتی شێوەیەکی دیالیکتیکی نیگەتیڤی بەخۆوە دەگرێ ، ئەم دیالیکتیکە بەئازاد کردنی رەهەندی نایەکسانی لەژێر دەسەڵاتی گشتی و یەکسانی لۆژیکی سەلماندن خوازی کەتواری لەئازادابوو ، وەك ئەڵتەرناتیڤی کەلتوری ئازادیخوازی لە کۆمەڵگەی تەکنیکی و لەبن ئەهاتوی بەشەری جێگەی گەڵاڵە کردنە . ئادۆرنۆ توانای هەبوونی ئەم ئاڵتەر ناتیڤە کەلتورییە تەنها لەهونەردا ئەبینێ . چونکە تەنها هونەرە کەتوانای دەربڕینی بێ وڵاتی (ناکجا ئاباردی)هەیە کەئەوبە (بیگانە غیر) ناوی ئەبا، بەتایبەت کە میتافیزیکیش بەتێروانینی ئادۆرنۆ لەقۆناغی وێرانی خۆی بۆ (نزیکەی هیچ) دابەزیوە. لەم رووەوە یادوەرەی ئازارو رەنجی رابووردوو تەنها لەوێنای بەرهەمی هونەری دا ئەکرێ ببینێرێ. لەم نێوانەدا مۆسیقا زیاتر لەهەموو شێوە هونەرییەکانی دیکە ئەتوانێت "دژایەتی بەلەچارنەهاتوەکانی واقعیەت " لەشێوازی خۆیدا بخاتەروو بەم شێوەیە لەمۆسیقادا پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو هونەر ئاشکراتر لەهونەرەکانی دیکە نیشان ئەدرێ ئادۆرنۆ ئەم پەیوەندیە لەنێوان بیسەر وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و داهێنانی مۆسیقا وەك پێشکەوتن یان بەرەو دواوەی هونەر لەناو کۆمەڵگادا پایەدار ئەکا ، مەسەلەیەك کەلەبواری مۆسیقادا هزری ئادۆرنۆی سەرقاڵکردووە، رۆڵێکە کە هەموو رێنەیەك لەمۆسیقا لەکۆمەڵگادا ئەیبونێ . ئەوەی لێرەدا ئەبێتە جێ پرسیاری ئەو ، کامە مۆسیقا بەفەرمانی نیزام و بنەمای کۆمەڵ جێبەجێ ئەکاو کامەیان بەرەخنە گرتن دەستی لێ ئەدا .

جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە مۆسیقایە لەوە قووڵترە کەبکرێ لەیەکیان نزیك بکەینەوە . لەبەر ئەوەی ئادۆرنۆ لەسەردوو جۆر مۆسیقای جیاواز قسە ئەکا . لەلایەکەوە مۆسیقایەك کە ئارێك لەگەڵ واقعیەتی یەکسانی کۆمەڵگا، لەتوێژینەوەی سەرپشکایەتی کەلتووری لەدەست چوە . لەلایەکی دیکەوە مۆسیقایەکی عادەتی کەوەك بەهاوتایبەتمەندی لۆژیکی یەکسان و ژیان ومۆسیقای رەسمی کۆمەڵ ، لەمۆسیقایەکی دووبارە بوەوەو سەرگەرمی ئەربەکەوێ . بۆنموونە مۆسیقای (جاز) کەماوەیەکی درێژە وەك نێزەیەك بۆخەبات و بەر هەڵستی و ئارەزای رەش پێستەکان قسەی لەسەر کراوە ، بەبڕوای ئادۆرنۆ نیشانەی ئارەزایی و بەرهەڵستی رەش پێستەکان بەرانبەر سپی پیستە نژادپەرستەکانی ئەمریکایی نییە ، بەڵکودەربڕی بارێکی رۆحی و دەروونی‌یە کە فەرمانبەداری کوێرانەی رەش پێستەکانە لەکۆمەڵگا سپی پیستەکاندا هەڵئەقوڵێ . ئادۆرنۆ مۆسیقای جاز بەنوێنەری بارزی (دەرکەوتە) هونەری جەماوەری ئەزانی ، بە وتەی ئەو "لەجازی بێجوڵەدا ، جوڵەیەکی هەمیشە یەکسان ئەبێتە جێگرەوەی زەمەن " . بەدەربڕینێکی دیکە ، دوبارە کردنەوەی ئاوازێك و یا ئاهەنگێك بەمانای دەسەڵاتی شوێن لەسەر زەمەنە لەمۆسیقای جاز . ئادۆرنۆ وەستانی زەمەن لەفەزای جاز بەپیشاندەری نەمانی تاکایەتی و سەرپشکاتی تاك ئەناسێنێ.

مۆسیقای جاز بۆتاکێکی مەجبوور تەنها لایەنێکی سەرگەرم کردن و بەسەر بردنی هەیە بیسەری مۆسیقای جاز هیچ جۆرە رۆڵێکی کاریگەری لەبیستنی‌دا ئانوێنی لەڕاستیدا لەژێر کاریگەری کەشی زاڵ و دووبارە بوونەوەی دەنگەکان لەپلەی کارای تاکەوە بۆپلەی بەر کاری جەماوەری دادەبەزێ. ئەم کاردانەوە و ژێرباریەی تاك لەکەشی مۆسیقای جاز ، دەربڕی قبووڵکردنی ئیزامی ئەو کۆمەڵگایەیە ئەك بەرهەڵستی کردنی لەلایەن ئەم مۆسیقایەوە ، لەم رووەوە ئادۆرنۆ مۆسیقای جاز بەیەکی لەمۆسیقا خراپەکان لەقەڵەم ئەدا. ئەم مۆسیقایە لەسەردەمی سەرمایەداری بازاڕی شێوەی فتیشێك بەخۆوە ئەگرێ‌و بەلەدەستدانی رەگەزی رەخنەگرانەیە کەمۆسیقای رەسەنی بەکالا ئەبوودا هەیەتی ، دەگۆرێت بە کالایەکی سەلمێنراوی کۆمەڵگایەکی نیدلری . بەقسەی هێربەرت مارکۆزە لەوتارێك لەژێرناوی (لەمەڕ تایبەتمەندی "ئیسپاتی "کەلتور)لە1937 : (کەلتوری خۆسەپێن

سەرەتا دژ بەکرداری "بوونە شت" دەکەوێتە بەرهەڵستی تاسەر ئەنجام بکەوێتە جەنگیەوە .().

ئادۆرنۆ ئاوەڕۆکی مارکسی فتیش هەروەکو مارکس لەپەیوەندی لەگەڵمەسەلەی بەرهەم هێناندا لێکۆڵیوەتەوە . بەبڕوای ئادۆرنۆ لەبواری مۆسیقا بەرهەم هێنانی کەلتووری خەڵکی شان بەشانی پرۆسەی ستاندەر سازی . لەڕوویەکەوە تەواو کەری ئەم کرداری ستاندەر کردنەیەی مۆسیقا ، تاکڕەوانە دەرکەوتوو ، ئەم وەهمە بەجێدەهێلێ کەهەر تاکێك خۆی ئاهەنگ و یا هونەرمەندی خۆشەویستی خۆی هەڵدەبژێرێ . لەکاتێکدا کە پێشتر بۆئەو بیستراوە و دیاری کراوە . لەم روە وە "بیسەرانی مۆسیقای بەسەربردن (تفرجی)خۆیان بابەت یان بەدروستی بەرهەمی هەمان میکانیزمێکی کەبەرهەمی مۆسیقای خەڵك دیاری دەکەن " . بەم جۆرە کەلتوور هارکات لەگەڵ نیشاندانی رۆڵی پۆزەتیڤی خۆی لەکۆمەڵگە ، هەمو تاکەکانیش ئەکاتە ئالیەتی دەستی خۆی .ئەم کەلتوورە لەخۆنامۆگەرایە کەئادۆرنۆ دواتر بە"پیشەی کەلتووی " ناوی ئەبات ، وەك دەسەلاتی گشت لەسەر بەش، واتە دەسەلاتی رێکخراوەی کۆمەلایەتی بەسەر بەرژەوندیەکانی تاك دەر دەکەوێت . ئادۆرنۆ لەدژایەتی لەگەڵ بەیانێکی بەم جۆرەی کەلتور ، لەکەلتور وەك (بەرهەڵستی هەتاهەتایی بەش لەسەر گشت) ئەدوێ .

ئەو ئەم بەرهەڵستیەی جارلەجار زیاتر لەداهێنانی هونەریدا دەبینێ ، کەبەپێچەوانەوە (پیشەی کەلتوری) (کەجگە لە بەرهەمی هونەری بۆبەکار هێنانی جەماوەری لۆژێکێکی دیکەی نیە) هەوڵ بۆلابردنی نرخی کالآیی و بەکار بەری کۆمەڵگە لەهەوڵدانی تەکنیکە نوێیەکان لەبواری مۆسیقادا ئەدات . بەم پێیە دژایەتی ریشەیی لەتێروانینی ئادۆرنۆ دەکەوێتە نێوان دووجۆر مۆسیقاوە ، لەلایەکەوە مۆسیقایەك کە لەرێی بەهاکانی بازاڕەوە هەنگاو ئەنێ و لەلایەکی دیکەوە مۆسیقایەك لەدژی ئەوان هەڵدەستێ . بەو جۆرەی کە پێشتر وترا . بەبڕوای ئادۆرنۆ مۆسیقای جاز و مۆسیقای جەماوەری نیشانگەری مۆسیقای فتیش و ستاندارد کراوێکە کەلەپەیوەندی نزیك لەگەڵ پاش رەوی هەستی بیسەریی گوێگران لەمجۆرەمۆسیقایەوە هەیە. ئادۆرنۆ ئەم دووجۆرە مۆسیقایە

بەشێوەی مۆسیقای تازە دانانیَ ، بەڵکو ئەوان بەشێوەیەکی ناشرین و لەکەدار کردنی مۆسیقا ئەزانی ، ئادۆرنۆ دەستە واژەی (مۆسیقا ی نویَ) لەدرێژەی ئەو ناونیشانەی کەمۆسیقازانانی "قوتابخانەی ڤیەننا "(4) لەسالأنی 1920 گەلآلەیان کردبوو کەڵکیان لێوەردەگریَ. ئاشنایەتی ئادۆرنۆ لەگەڵ ئەم قوتابخانەیە بۆیەکەمین جار لەساڵی 1925 لەسەفەرەکەی بۆ ڤیەننا دەستی پیَکرد . ئادۆرنۆ لەدوای دیدارەکەی لەگەڵ (ئالبان بیرگ) و بینینی ئۆپەراکەی و (تیزێگ) و لەفیستیڤاڵی فرانکفۆرت (ماین) لەساڵی 1924 دا ، بڕیاری رۆشتنی بۆ (ڤیەننا) دا . ئادۆرنۆ لەماوەی ئەو سیَساڵەی کەلەڤیەننا بوو ، خەریکی خوێندنی هونەری مۆسیقا و پیانۆ لە لای ئالبان بیرگ و(ئیدوارد ئەستو ئەرمەن) بوو. هەروەها نیشتەجیَ بوونی لەڤیەننا فرسەتێك بوو تا ئادۆرنۆ لەگەڵ شۆنێنبرگ دەربڕینی مۆسیقای نوێی ئەو ئاشنا بێت.

7–شۆئێنبرگ و مۆسیقای نویَ

ئەوەی لای شۆنێنبرگ سەرنجی ئادۆرنۆی بۆ لای خۆی راکێشاوە ئەوپلەو پایە مۆسیقاییە تایبەتە بوو کەمۆسیقای ئەو لەو سەردەمەدا هەی بوو . لەراستیدا شۆنێنبرگ لەگەڵ خستنە پشت سەری لۆژیکی مۆسیقا کەلەماوەی سیَ سەدە لەمێژووی مۆسیقای رۆژئاوایی تەوەرەی بنەڕەتی خۆی لەناوەرۆکی تۆنالیتە ئەبینییەوە ، مەودایەکی ئەزمونی نویَ لەبواری مۆسیقادا دەستی پێکرد . شۆنێنبرگ تۆنالیتەی بەیاسای سروشتی ئەبەدی (مۆسیقا) دانەنەنا . لەبەر ئەمەش لەجێگەی پەیڕەوی لەبەهاکان و شێوازی کلاسیکی مۆسیقای رۆژئاوا ، لۆژیکی دەروونی ئافرینشی بەرهەمی مۆسیقای وەك قیاسی جولەی ئەو دائەنا . رێبازی تازەی شۆنێنبرگ لەمۆسیقا بەپەیوەندی لەگەڵ ئەزموونی جوانناسی مۆسیقازان لەمۆسیقادا و توانایی ئەو لەکەڵك و هەوڵدانی هونەری ئەو پیشان ئەدرا . شۆنێنبرگ زمانی مۆسیقای نویَ کە لەسەر پایەی هاوبەش لەدوانزە دەنگی بەدوای یەکدا هاتوو بونیاد نرابوو ، خستنیە جێگەی سیستەمی هارمۆونی کلاسیك . ئەو ئەم هونەرە تازەیەی لەمۆسیقادا لەدوای ناوێك کە لایی بۆریتس لێنابوو ، "دلهێنان – لەگەڵ دوانزە دەنگ–Tonen"ی ناو نا ، کەئەزمی خۆی لەریشەی رەدیفی بەدوای یەکدا

هـاتوودا (Serie) ئەبینێتــەوە . ریشــەی رەدیفــی لەحەقیقــەتدا شـێوازێکە کــە وەك ئــەو مۆسـیقارانەی ئــەم دوانــزە دەنگــە بــەبێ دووبارەبوونــەوە لەســەر بنچینــەی کــارکردی هەربەرهــەمێك دەکاتــە جــێ کەڵك وەرگرتن . ئەم شێوازە کە لەژێر ناوی مۆسیقای رەدیفــی (Serial) ناســراوە ، دواتــر لەلایــەن ئــەمنتان ویــبرمن (لــەقوتابیانی شــۆنینبرگ) ، (هیربولن و(ئەشتۆکە هاوزن) یش، بووە مایەی کەڵك وەرگرتن . هەرچەندە کەشۆنینبیرگ لەو بڕوایە دابوو کەشێوازە نوێیەکەی ، رەگەزێکی تازەی بۆمۆسیقای کلاسیك زیادئەکردووە بەڵکو لێشی کــەم دەکاتــەوە ، بــەلأم گومــانی تێدانیــە کەشۆڕشــی شــۆنینبیرگ لــەبواری مۆسیقادا، کەش و هــەوای مۆسـیقایەکی نـوێی پێبەخشـیوە کـە بونیادەکـانی مۆسـیقای لەقــەیدو بــەندی (نـا حەقیقـەت non-verite) خــۆی ئـازاد دەکـرد بـەلأم جـۆرە پلـەی (نـا-حـەقیقی) کەبەرهــەمی مۆسـیقای لەپــەیوەندی و بەندایــەتی بەسیســتەمی پێداویســتیە کۆمەلأیەتییەکان وەدەست دەێنێ. لەلایەن ئەزموونێکی نوێ لەبواری مۆسیقاکە بیرەوەری مۆسیقای پڕەکە گەورەیی و ئازادی هونەری سەدەی نوزدەهـەم زینـدوو دەکاتـەوە، خرایـە دواوە. مۆسیقای شۆنبیرگ ئاگای روونـاك بین رابووردوی بۆهونەری مرۆڤایەتی نائومێد و لەخـەوی سـەدەی کۆتـایی گـەڕاندەوە. لەگــەڵ شــۆننبیرگ ، هونــەر بەجــەرگی و دەرفــەتی وەستانەوەی بەرانبەر بەهابازاڕی و ڕەمەکیـەکان دووبـارە دۆزییـەوە . لـەم رووەوە بەوتـەی ئادۆرنۆ بزوتنەوەی رەخنەگرانەی ئەم شێوەیە لەمۆسیقا بووەهۆی دابڕانی پەیوەندی ئەو لەگەڵ گشت ، ئەم دابڕانە هۆیەکی کەم نی یە ، بۆئەوەی کەبەرهەمی ڕێبازی شوننبرگ ئیتر بە(بەرهـەم) دانـەنرێ میتۆدولۆژیـای مۆسـیقای نـوێ ، دەروونناسـی مۆسـیقایی ، بەرهــەم وداهێنەرو بیسەرەکەی دەگۆڕێ . واتە بەرهـەمی مۆسیقایی ""تەنها وەلأم و رێگە چارانـەی رازە تەکنیکیەکانە و دروست کەری مۆسیقا تاقانە کەسێکە کەزانستی دیدەوانـی ئـەوان و تێگەیشتنی مۆسیقای خـۆی هەیـە " . ئـەم وەلأم و رێگـە چارانـە لـەجموجوڵی مۆسیقاییدا بەرجەسـتە دەبـن ، کەلــەتێڕوانینی ئــادۆرنۆ : بــەهۆی ئافــەرمانی خوڵقێنــەری مۆســیقا لەخواستی جیهانی مۆسیقایدا خۆی خودان شێوازێکی دیالکتیکی یە . ئادۆرنۆ ئەم شێوازە دیالیکتکی یە بەتایبەتی ریشەیی (واریاسیون) ئـەزانێ ، کەخاڵی جوڵـەیی تـەکنیکی دوانزە

دەنگی (قوتابخانەی شۆننبرگ) ە . بەبڕوای ئ. ر ی وسیقا تەنها لەلایەن تەکنیکی دوانزە دەنگییەوە ، دەسەلاتی خۆی بەدەستدێنێتەوە . بەلام ئەم مەسەلەیە تەنها بەجۆرێك رێی تێدەچێ کەلەم تەکنیکە غەرق نەبێت . لەم رووەوە ئەبوایە کە " خولقێنەری مۆسیقای دیالیکتیکی، پێشگیری لەدیالیکتیك بکا " . تەنها رێگەی پێشگرتن لەبزاوتیدیالیکتیکی ئامرازی مۆسیقایی ، رەهایەتی کاری مۆسیقایە ، واتە دروستکەری مۆسیقا لە" دەسەلاتی رەها ئامرازێکە ، کە خۆی دروستکەری ئەوبووە " ئەم ئازادییە بەوتەی ئادۆرنۆ لەمێژێکی بیرچونەوەدا دەردەکەوێ کەئەن فیست (Subjctivite) مۆزیکالْ دروستکەری مۆسیقا لە "لایەنی ووردی بەرهەم کەلەیادەوەری هەمیشە ئامادە لەخۆیدا هەلکەوتووە" دائەنێ . بەم جۆرە شۆننبرگ سوننەتی مۆسیقای بەناوی "ئامادەی فەرامۆشکراو " لەلایەن "تەکنیکی فەرامۆشی" خۆی زیندوو دەکاتەوە، مۆسیقای نوێ وەك "حەقیقی ترین شووشەیە (بتریبە)لەدەریا " ئێش و ئازاری پڕوپوچی جیهانی سەرگەردان و وونکراو لەفەرامۆشی رەهای خۆیدا نەوازش دەکات .

8-سەرەتای تارلوگە

نوێکردنەوەی شۆننبرگ لەبواری مۆسیقادا بەسەدەی درەوشاوە لەخولقاندنی هونەر لەسەردەمی ڤالیمار لەقەلەم ئەدرا . بەلام ئەم نوێ کردنەوییە لەبۆچوونی ئیزامی فیکری ئایدیۆلۆژیای میللیگەراو پارێزگارانی وەك ناسیونال-سوسیالیستی هیتلەری کەسنووری مۆسیقای خۆی لە شێوەی رۆمانسی ئەلمانیا ئەبینێتەوە ، وەك شێوازێکی داتەپیو لەهونەردا لەبەرچاو ئەگیرا کەپێش گرتنی ئەبووە ، کاری بنەرەتی سیاسەتی کەلتوری رایشی سێیەم . لەلایەکەوە بەرەسەن یەهودی بوونی (شۆننبرگ) یش ، وەك زۆربەی هونەرمەندان و بیرمەندانی یەهودی ئەو کات ، دەکەوێتە بەر مەترسی گیانییەوە . بەلام شۆننبرگ لەویەهودیانە بوو کەچارەنووس ئەوی گەیانده شوێنێ ، کە دوورخرایەوە بۆیەکێ لەئوردوگاکانی نازی . ئادۆرنۆش هەر وەك شۆننبرگ و هاوبیرانی فرانکفۆرتی خۆی رێگەی تارلوگەی هەلبژارد . بەلام درەنگ تر لەوانی دیکە رویشتە ئەمریکا . چونکە کە لە سالی 1934 ، واتە سالێك دوای هاتنە سەرکاری هیتلەر ، بەرەو بەریتانیا سەفەری کرد و ماوەی چوار سالْ لەمورتون کالگ لەشاری ئوکسفۆرد خەریکی

لێکۆڵینەوە بوو . لەو لێکۆڵینەوانە "نامەیەك لەبارەی مۆسیقای ڤاگنەر " کە ئادۆرنۆ دواتر تەواوی کرد . ئادۆرنۆ لەسەفەرێکی کورت کەلەمانگی شەشی ساڵی 1937 رۆیشتە نیویۆرك و بەهاوکاری هۆرکهایمەر و هەندێکی دیکە لەهاوکارانی "ئەنیستیتوی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت"بە تەحقیقی هەل ومەرجە شیاوەکان بەکاری تونژینەوە لەئەمریکا خەریك بوو . ئەم هەل و مەرجانە بەرادەیەك بۆ ئەو لەبار و باش بوون کەئادۆرنۆ لەرۆیشتنی بۆ ئەمریکا دوابریاری خۆی دا . ئادۆرنۆ لەشوباتی ساڵی 1938 بەپلەی سەرۆکی بەشی مۆسیقای "نوسینگەی لێکۆڵینەوەی رادیۆفۆنیك " پرینستوون (کەلەژێر چاو دێری پۆڵ لازارزفلد بەرێوەدەبرا) دەستی بەکار کرد. ئەمە سەرەتای قۆناغی تاراوگەی ئادۆرنۆ بوولەئەمریکا . تاراوگەیەك کە رێگەی قۆناغێکی نوێ لەرەوتی گۆڕانی فیکری ئەندامانی دیکەی "قوتابخانەی فرانکفۆرت " کردووە

پەراوێزەکان :

() ئەم وتارە لەساڵی 1982 لە پاریس نوسراوە .

2- ئەم وتارە لەساڵی 1940 لەنوسینگەی لێکۆڵینەوە رادیو فۆنیە دانشگای پرینستون بەشێوەیەکی شەلەمی لەلاین ئادۆرنۆ خوێنرایەوەولەساڵی 1945 چاپ کرا.

3- "وتار لەسەر ڤاگنەر لەساڵی 1937-1938 نوسراوە ولەساڵی 1952 لە فرانکفۆرت چاپ کرا"

4-کۆمەڵەیەکی نێو دەوڵەتی بۆ مۆسیقای نوێ لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی – مدرنها – رامین جهانبگلو تهران : نشر مرکز، 1376

زیندان.. پرۆسەی سڕینەوەی خود..

کاسترۆ مەجید

رەنگــە سەرەتایەکی پێویست و دەوڵەمەند سەبارەت بەبابەتێکی وەك (زیندان) کە زەقترین و بەرچاوترین پرۆسەی دژە ئینسانییە، کارێکی ساکار نەبێت، ئەویش چونکە قسەکردن لەچەند روێکەوەیە، لەرووی پرۆسەیەکی ئاوا تۆقێنەردا هەمیشە پرسیار و تێڕامانیترو قوڵبوونەوەی دیکەمان لەبەردەم زیاد دەکاتو ب...امیش کۆمەڵێك پرسیار بێوەڵام دەمێننەوە، چونکە هەر کاتێك کەباسی(زیندان) دەکرێ، ئەوا راستەو راست زیندانی ئینسانەکانمان دەخاتەوە یاد..زیندانیکردنی خەون و ئایندەی ئینسان بەرلەجەستەی.ئێمە لێرەدا خۆبەدوور دەگرین لەسەر جیاوازی زیندانەکان لەرووی شەرعیەت و ناشەرعییەتی کەسی زیندانیکراو. خۆبەدوور دەگرین لەوەی دەسەڵاتەکان پۆلێن بکەین بەسەر دەسەڵاتێکی تۆتالیتاریی یاخود دیموکرات. لەجیاکردنەوەی جۆری دەسەڵات و فەلسەفەی دەسەڵات ، ئەگەرچی لەرووی سەردەم و مێژووی سەدەجیاوازەکان مامەڵەی حوکمڕانەکان بەرووی زیندانەکان قۆناغی جیاواز جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هەموو ئەم جیاوازییانە حەقیقەتی کەسی زیندانی رەتناکاتەوە ئەو حەقیقەتەی کە هەمیشە سزای زیندان دروشمێکی زەقی گوتاری مانەوەی ئەو دەسەڵاتانە بووە. هەروەها هەوڵمانداوە بەپێی بوار توخنی کەسی زیندانکراویش نەکەوین، پۆلێنمان نەکردوون بەسەر موستەحەق و ناموستەحەق، تاوانبارو بێتاوان، شۆڕشگێڕ و نیشتیمان فرۆش. هەوڵمان نەداوە جیاوازی کەسی زیندانیکراو لەرووی کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆژی و هەروا رۆشنبیرییەوە بخەینەڕوو، مەبەستمان نییە کە کەسی نیشتیمانی و نانیشتیمانی بخەینە ناو گۆمێکی مەلەکردنەوە،

مەبەست ئەوە نییە زیندانیکردنی منداڵێك لەسەر دزینی پارچەیەك كێك(بسكویت) لەگەڵ دزینی سەروەت و سامانی نەتەوەیەك هاوجۆریكەین، یاخود نرخ و بەهای زیندانیێكی سیاسی لەكەسێكی نیشتیمان فرۆش بەرزتر راگرین و جیاوازیان بۆنەهێڵینەوە، یان زیندانێك وەك ئەوەی لە هەیئەی كەركوكدا هەیە و لەگەڵ زیندانێك وەك ئەوەی لە كوردستاندا دەبیندرێت نێوانیان بسڕینەوە، بەپوختی دەمەوێ بڵێم كە مەبەست لێرەدا بەهیچ جۆرێك بێ نرخكردنی ئەو جیاوازییانە نییە.

من لەم باسەدا سەرەڕای ئەو جیاوازییە زەق و گەورانەی كەناكرێ هەر لەبنەڕەتەوە بەراوردكاریان بۆ بدۆزمەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵمداوە لەسەر ئەو رستەیە كاربكەم كە"كەسانێك لەناو زیندانەكاندا پێیان دەگوترێ مرۆڤ" بەمانایەكی دیكە : ئەم خوێندنەوەیە لەراستیدا هەوڵێكە لەدوای پرۆسەكەوە دەستپێدەكات. ئەو مەوداو هۆكارانە جێدێڵێ كە دەبێتە هۆی فڕێدانی كەسێك/ ئینسانێك بۆناو ژوورە تاریكەكانی زیندان. هەوڵ دەدەم رادەو شێوازی كاردانەوەی ئەم پرۆسە خەتەرناكە (پرۆسەی زیندانیكردنی مرۆڤ) بەسەر لایەنە سایكۆلۆژی و جەستەیی و رۆحی كەسی بەندكراو ئاماژە پێبدەم. چونكە هەمیشە لەم مەودایانەداو بەكردن و لەبیركردنی(ساتی ئێستا)ی ئینسانەكان لەلایەن دونیای نوێوە رووبەرروومان دەبێتەوە، ئەم وتەیەی هایدگەر هەرلە بنەڕەتەوە بۆنی مەیلێكی ئینسانی بەرزی لێدێ. ئەو فەلسەفەیەی كەوا ئینسانەكان دەخاتە سەنتەرو چەقی گەردوون بەمەبەست و بە وشیارییەوە بەهۆی شیكردنەوەیەكی میتافیزیكیانەی وجودا، هەروا لەگەڵ توانای ئازادكردنی تواناكانی و دابینكردنی پێویستییەكانی ژیانی تاكە كەس*لێرەوە ناچار دەبین لەو شێواندن و وێرانكردنی دونیای دەرەوە و ناوەوەی ئەو ئینسانانە وردبینەوە .. رابمێنین لەوەی ئەو دونیا تازەیە چ خێوەتێكی چڵكن و نامۆی خستۆتە ئاسمانی ئینسانەكانەوە . یەك لەو قێزەوەنترین میكانیزمانەی كە بەهۆیەوە دەسەڵاتێك پێیوایە عەدالەتی كۆمەڵایەتی لە رێگەی زیندانەوە دەستەبەر دەكات، لێرەوە دەسەڵات هەمیشە بە حوكمی حوكمرانیەتی خۆی،زیندان و سزای زیندان لە دەرەوەی خۆیدا بە كاردەخا،بەواتا ئەگەر تاكێك لە رووی مافی هاوڵاتیبوونەوە كۆمەڵێك مافی پێبدرێت ئەوا هەر بەهۆی هەمان

بەخشینی ئەو مافە سەرەتاییانە سزای زیندانی و زیندانیکردنی هاولاّتیەك دەبێتە مافێکی سەرەتایی دەسەلاّت خۆی .

زیندان وەك پرۆسەی مەرگێکی هێواش بەسەر جەستەو ناخی ئینسانەکاندا پیادە دەکرێت ، کە یەکێکە لە چالاکترین میکانیزمەکانی گوتاری مانەوەی دەسەلاّتگەرایی . لە هەمان کاتدا هەولّێکی لەمێژینەو درێژخایەنە کە بەیەکجار دوو خواستی بنەرەتی لە دوو کۆمەلّگای جیاوازدا لەخۆ دەگرن ، یەکێکیان دەکەوێتە نێو بازنەی ئەو کۆمەلّگا تەقلیدیانەی کە تیایدا دەسەلاّت لە سەر بونیادی سزادانی جەستە دامەزراوە ، ئەوەکەی دیکەش لە چەشنی ئەو کۆمەلّگا مۆدێرنانەن کە تیایدا هەمان سزا بە سزایەکی دی دەگۆڕێتەوە کە زۆرترین وێرانکردن و لەناوبردنی وجودی ناوەوەی ئینسانەکان لە خۆ دەگرێت.

ئەم دوو خواستەش لەلایەك دەبنە بنەماو کۆلّەکەیەك بۆ بانگەشەو بیانوی یاساو نەتەوە پارێزی ، لەلایەکی تر هەر بەهۆی هەمان شەرعیەتەوە(کەزۆر جار لەلای خودی تاکەکانەوە پشتگیری لێدەکرێت) هەولّی بەردەوامی ئەو دەسەلاّتە دەخرێتە پێشەوەی ئامانجەکان. بەواتا ئەم پرۆسەیە لەبنەڕەتدا پرۆسەیەکی دووفاقییەو لەیەك کاتدا بەسەر کەسی بەندکراودا دەسەپێندرێ. زیندان هەمیشە ئەو رێگەچارەیە بووە کە تا ئێستا گەرای درێژخایەن و بەتەمەنی خۆی لەناو هەناوی هەردوو جۆری کۆمەلّگادا خستۆتەوە. سزایەکی نەمفۆتیریانەیە رووێکی لەناو دەسەلاّتە تەقلیدیەکانەو رووەکەی تری لەناو دەسەلاّتە مۆدێرنەکاندا توندکردووە. ئەو خالّەی کە بە نەگۆڕیش دەمێنێتەوە، خالّی هاوبەشی ئینسانەکانە، لێرەدا بەر لەوەی چەمکی دەسەلاّت و دەسەلاّتگەرایی لەو دەسەلاّت و کۆمەلّگایەی کەزۆرترین رووبەری تۆقاندنی لەرێگەی زیندانەوە پیادەی دەکات بخەینەروو. هەولّ دەدەم چەمکی دەسەلاّت لای بیرمەندێکی وەك "گرامشی"* دەربخەم بۆ ئەوەی پەیوەندییەك بدۆزمەوە لەچۆنیەتی پیادەکردنی ئەو سزایەو بەستنەوەی بەو تێز و فەلسەفانەی کە کاتێك باس لە دەسەلاّت دەکەن ، ئەوا ناتوانن لەبازنەی مافی تاکەکانەوە دەرچن.

یەکێك لەبنەماکانی دەسەڵات لای گرامشی پەیوەندیدارە بە چەمکی (هەژموون) کە لە. ڕێگەیەوە دەسەڵات خۆی دەخزێنێتە نێو پەیوەندییە جیاوازەکانەوە. دەوڵەت، حیزب، کۆمەڵی مەدەنی بەڵام ئەم هەژموونە لەڕێگەی ترس و تۆقینەوە وەکو بنەمایەکی دەستپێکردن دەسەڵاتی خۆی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو هەوڵ دەدات هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە تێڕوانینەکانی قبوڵ بکەن. هەژموون ئەو ئەڵقە گرنگەیە کەبەهۆیەوە کە کامە دەزگاو حیزب دەتوانن دەسەڵات بگرنە دەست، هەر بۆیە هەمیشە پێویستی بە میکانیزمێکە کە بەهۆیەوە ئەمانیکی ڕۆحی و ئایدیۆلۆژی لەو کۆمەڵگایەدا دەستەبەر بکات بەبێ بەکارهێنانی ئەو هێزەی کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا دەدات لەڕێگای حیزب یان دەسەڵاتی دەوڵەتەوە..هەربەهۆی ئەم ڕێگەیەشەوە نەك هەرتەنها زیندان لەکۆمەڵگایەکی وەك ئێمەدا شەرعیەتی لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆپارێزراوە، بەڵکو بەهۆی کۆنترۆڵکردنی ئینسانەکان بەوەدەی یاسا پارێزییەوە. جارێکی دیکە هەمان شەرعیەت لەلای خودی ئەو تاکانەوە دەبەخشنەوە بە(سزای زیندان) چونکە سزای زیندان سزایەك نییە لەگەڵ دامەزراندنی چوارچێوەو قەوارەی دەوڵەتێکەوە بیری لێکرابێتەوە، بەڵکو بەر لە دامەزراندنی ئەو سزایە لەلایەن دەسەڵاتەوە، هەروەها، تاکەکان/ ئینسانەکانی لەناودەوەرا پێویستی دامەزراندنی سزایەکی لەم جۆرە بەیەکێك لەگرنگترین و کاراترین هۆکاری دامەزراندنی خودی دەوڵەت و ئەو قەوارەیە دەبینن.بەواتایەکی دی: تاکەکانی دەسەڵات و قەوارەو دەوڵەت و نەتەوەیەك، کە لەبنەڕەتدا لەسەر فەلسەفەی سزای جەستەو دەستەمۆکردنی کەینونەی ئینسانەکان لەناودەوەرا بەدەسەڵات پەرستی پەروەردەکرابن. ئەوا ناتوانن بەبێ ئەو سزایە توخنی دیموکراسیەت بکەون و ناوی بێنن، تەنانەت لەو باوەڕەدان کە بۆ چەسپاندنی خودی دیموکراسیەت پێویست بەزیادکردنی سزاکان و زۆرکردنی ژوورەکانی زیندان دەکات.

ئەمەش بێ چەندوچوون دەمانباتەوە سەر خاڵی ئەوەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەداو لەدوای ڕژێمی بەعسەوە وئەم پەتایە ڕێك وراست خۆی خزاندۆتە نێو هەناوی ئەزموونی حیزبە کوردییەکان و دواتریش بۆ ناو کۆمەڵگاکەمان لەدوای ڕاپەڕینەوە.. چونکە ڕاپەڕین نەیتوانی ڕاپەڕینێکی دیکەی جۆری لەناخی کەسایەتی کوردیدا هەڵگیرسێنێ و کەسایەتیەکی تر

بەرهەم بینن کە سەراپای لەبژیەی مازۆشیەت هەڵەێشرابن دەتوانین بەنمونەی یەکجار ساکار ئەم دەستەواژە روون بکەینەوە

سادەترین کەس، هەمیشە دەبینێ چۆن تاکەکان هاواری فریادرەسیانە بێت و دسپلینیان بکات. هەمیشە لەدەست کەس و نەبوونی پۆلیس و ئاسایش و زیادکردنی بنکەو ڕێکخراو کۆمیتەکانەوە داواکارییەکانیان دەخەڕوو. هەمیشەلایان وایە ئەو گەڕەکەی مەخفەرێکی پۆلیسی زیاتری تیا بێت، ئەوا یاسایەکی جوانتر بەڕێوەی دەبات. ئەو خەڵکە ئەمینە لەهەوڵی زیادکردنی مزگەوتەکانەوە وەکو(باوکێکی رۆحی) دەست پێدەکەن و بەهەوڵی بەهێزکردنی دەزگاچاودێریکەرەکانەوە (باوکێکی جەستەیی) کۆتایی دێنن.

ئەم جۆرە نموونانە رەنگە لە رووکاردا ساکار بێنە بەرچاو، بەڵام لەجەوهەردا هەڵگرو درێژکەرەوەی ئەو دەسەڵاتپەرستی و مازۆشیەتەیە کە کۆمەڵگایەکی نەخۆش و وێرانی بەرهەم هێناوە و پێی وایە هەموو کات فەوزاو گێرەشێوێنی لەدەرەوەی گورزەکانی دەسەڵات خۆی حەشارداوە.

لەکۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا کە حیزب باڵادەستی خۆی بەسەر بڕیارو تەواوی چارەسەرییەکاندا سەپاندبێ، ئەوا هەر لەرێگەی ئەم دەسەڵاتەوە بڕیارەکانی خۆی رادەگەیەنێ . لێرەشدا ئاساییە کە لە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا هەمیشە زیندانەکان بەرووی هەمان ئەو خەڵکانەدا ئاوەڵا بێت کە سیمبوڵی داهێنەری ئەو زیندانانەن. ئەم شەرعیەت بەخشینەش بەشێوەیەکی بەرچاو بەبیانوی پاراستنی کەلتوور پاشتاوی بۆ بەرهەم دەهێندرێ، کە لەراستیدا خەتەرناکترین بیانوە، چونکە بریتییە لەو پرۆسەیەی کە راستەوخۆ لەنێو کۆمەڵگاوە بەردو ئاو هەناری دەسەڵاتەوە دەگوازرێتەوە. وەکو بیانوی شکاندنی سنوورە موقەدەسەکان. ئایین، سێکس، سیاسەت.

لێرەوە هەوڵ دەدەم بچمە نێو وردەکارییەکانی سزای زیندانەوە کەبەسەر کەسێکدا پیادە دەکرێت لەم رێگەیەوە دەخوازم شیکارێکی سایکۆلۆژیانە بەسەر ئەو پەرچەکردارانەدا بدۆزمەوە کەچوار دیوارو قفڵێکی زەنگاوی، دەیان پۆلیس چاودێرو جیاوازکردنەوەی کەسەکانی زیندان لەکۆمەڵگا وەدوورپەردا بەرهەمی دێنێت.

"زیندان" ئەو پرۆسە جودا خوازەیە کە سنوورێکی بەربەست، سنوری دیوارێکی ئاسنین ،دوو جیهانی یەکجار جیاوازو نامۆ بەیەک، لەیەکتر دەترازێنێ و ئینسانەکان بەسەر دوو (من)دا دابەش دەکات. کاتێک دەسەڵات سنوورێکی فیزیکی-مەعنەوی، بۆ لەتکردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان دادەمەزرێنێ، ئالەوێوە ئەم سنووورە مرۆڤەکان دابەش دەکات بەسەر دوو جەمسەری ناکۆک، جەمسەرێک پێیوایە کە تەواوی دەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا دژایەتی ئەو وەک(تاک) دەکەن، لەکاتێکدا جەمسەرەکەیتر رەوایەتی تاکێتی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە پێوایە کە لەدەرەوەی زیندانداییە، ئەوا تاکێکی سودمەندو ناکۆک نییە لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵگاو دەوڵەت، هەمیشە کەسانی دەرەوەی زیندان- دونیای ئازادەکانە(بەباوەڕی ئەوان) ئازادییەکەشیان لەو خاڵەوە دەسپێدەکات کە زیندانیی نین و فڕێ نەدراونەتە ناو سنورو دیواربەندێکی بەرزو چواردەوریان بەپۆلیس و پیاوانی دەوڵەت نەتەنراوە..هتد.. کەچی کۆیلایەتی و بەندکراوی زیندانەکان لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کەچیتر ئەوان ئازادنین و فڕێ دراونەتە نێو شورەی بەندیخانەکانەوەو ناتوانن ئازادانە بدوێن و بجوڵێن.. کەوابێ ئەو دوو جیهانە هەمیشە لەشەڕێکی بێدەنگ و کپی نابەرامبەردان.. واتە هەمیشە ماناکانیکەسێکی زیندانیکراو بەهۆی کەسێکی ئازادەوە کە لەدەرەوەی زیندانداژیان دەباتەسەر بەدەردەکەوێ و بەپێچەوانەشەوە..کەسێک لەناکاو بەرەو زیندانەکان راپێچ دەکرێ.. هەر لەوساتەدا پرۆسەی بچووککردنەوەو سڕینەوەی کەسەکە دەسپێدەکات.. سەرسوڕمانی کەسی قۆڵبەستکراو لەوساتەوە دەکەوێتە نمایش، کەلە هەردوو لاوە قۆڵەکانی بەکەلەپچەیەکی دەپەنجەیی دوو پۆلیس توند دەکرێ.. لەراستیدا ئیدی ئەوکەسە ڕووبەڕووی راستییەک دەبێتەوە کەلەلایەن تەواوی هێزو داموو دەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگاوە دەستگیرکراوەو ئادەگاتە ئەوەی بەزوویی هەست بەدژایەتی کردنی دەوڵەتێک بکات لەرووی تەنها(تاکێک)ەوە..هەر ئەم هەست کردنەش کە لەوساتەدا کێش و جەستەی گیراوەکە یەکسان دەکا بەسفر، لەناخیشیدا کەسایەتی دوولەت دەبێ بەسەر دوو ئاراستەی جیاوازو ناکۆک.. کەئاراستەیەکیان دەچێتە ریزی کەسایەتی بەرامبەر/ دژ، چونکە لەوساتەداو لەناخی خۆیدا هێزو ئاراستەیەکی ئەنتی خود لەرووی خۆیدا دروست دەکاو

جۆرێك لەشیزۆفرینیا كەسایەتییەكەی دەكاتە دوو لەتەوە.. یەكێكیان دەخرێتە بەردەم ئەو راستەیەی كە ئیدی (ئەو) تاوانبارە.. ئەوەكەی تریش بەردەوام لەو سەرسوڕمانە تۆقێنەرە دەخولێتەوە كەناتوانێ هەرگیز وێنای ئەوە بكات كە تەواوی كەسایەتی و خەون و حەزو ئایندەی دەخرێتە ئەودیو سنووری دیوارێكی بەرزەوە، كەوابێ ئەوكەسەی كە بێدەنگی لەگەڵ(دەسەڵات-پۆلیس) رێگەی زیندان دەگرێتەبەر، لەراستیدا ئەو پارچەیەیە كە وێنای تاوانبارێكی لەرووی خۆیدا نەخشاندووە كە كەسە تاوانبارەكەیە.. هەربۆیە بڕیاری زیندانی كردنی پارچەی یەكەم بڕیارێكە هاوجۆرە لەگەڵ بڕیاری دەسەڵات.. بەواتایەكی تر:كەسێك لەزینداندا تاوەكو هاوسەنگی و گونجانێك لەگەڵ ئەو ماوەیەی زینداندا دەیباتەسەر لەرووی دەروونییەوە دەستەبەر بكات، ئەوا دەبێ پێی وابێ كە بەجۆرێك لەجۆرەكان باجی هەڵەیەكە دەیداتەوەو حوكمی زیندان بەرووی خۆیدا بەجۆرێك لەرەوایەتیدا دەبینێتەوە.. بەڵام پارچەكەی تری كەسایەتییە زیندانیكراوەكە كە (بێتاوانەكەیە) ئەوا ناتوانێ وەكو كەسێك وێنای خۆی لەناو وڵاتێكی بچووكدا بكات كە(زیندانە). خەون و وڕێنەی شەوان و هەڵڕشتنی ئاخ و سكاڵای یەك بۆ ئەویتر لەناو زیندانەكاندا بەروونی نموونەی ئەمەیە.

كەسی بەندكراو لەساتەوەختی گەیشتنیدا بۆ بەردەم دەرگای گەورەی زیندان، ئیدی فڕێ دەدرێتە نێو جیهانێكیتر .. جیهانێك تیایدا هەرچی مومارەسە جەستەیی و رۆحی و كەسێتییەكانی خۆی هەیە ، لەوێوە پوچەڵ دەبێتەوە..بەتاڵكردنەوەی فەردانیەتی زیندانی و خزاندنی بۆ نێو جیهانێكی نادروست بەئینسان، لەگەڵ داماڵینی پشتێن و قایش وقەیتانی پێڵاو و خاڵیكردنەوەی گیرفان و پشكنین و تێڕامانی هەموو كەرەسەو كەل وپەلێك كە پەیوەندیەكی راستەوخۆیان بەكەسایەتی زیندانییەوە هەیە، دەسپێدەكات.

داماڵینی قایش و پشتێنی زیندانی، ئەگەر هەر پاساوێكی دیكەی یاسایی و ئەمنی ببەخشێت، بەڵام لەناوەوە تێڕامان و وردبوونەوەیەكی قوڵی سایكۆلۆژی لەدواوەیە. كەبەهۆیەوە قورسترین و كاریگەرترین گورزی دەسپێكە دەدرێ بەناوچاوانی زیندانیداو شەپازلەیەكی وریاكەرەوەی ئەوتۆیە كەهەر لەبەر دەرگای بەندیخانەوە پێی دەوترێت:" تۆ چیتر ئەو ئینسانەی دەرەوەی زیندان نیت، كەسێكی ئێمە سەرلەنوێ داتدەڕێژینەوە."

داماڵینی قەیتانی پێڵاو ،داماڵینی خەیاڵ و توانای ئازادبوون و خۆدەربازکردن دەگەیەنێ؛ بەستنەوەیەکی سایکۆلۆژیانەو موعتادکردنێکی راستەوخۆیە لەوەی کە هەمیشە بەنیگایەکی ئیفلیجانە بروانێتە توانای جوڵەی قاچەکانی و، لێسەندنەوەو زەوتکردنی بیرکردنەوەیە لەفەردانیەتی خۆی،کەوابێ هەموو هەوڵەکان لەراستیدا دەچێتە خانەی سڕینەوەو جیاکردنەوەی تاك لە کۆمەڵگا و چاندن و موتربەکردنی جۆرێك لەمەرگدۆستی لەنکاوڕا لەناخیدا بەرهەم دێنێت.

کەسی زیندانی لەرێگەی نیگاکردن و تێرامان لەباری ناوەوە وەکو کەسێکی ئازاد و لەگەڵ تێرامانی لەحاڵەتی دەرەوە- جەستەی خۆی وەك بەندیەك، ئەوا هەمیشە دەکەوێتە بەردەم بەرابەرکردنی دووجیهانی دژیەیەك و نامۆ لەناخیدا، دواتر هەستی بەناسایی بوونی خۆی لەدەست دەدا، داماڵینی قەیتانی پێڵاو و قایشی کەمەری، سوکایەتی پێکردنێکی دیکەی جۆرییەو دابەزینی تواناو دەسەڵاتی تاکە تاسنووری کەسێکی ئیفلیجو زەوتکردنی حوکمرانیەتی وکەرامەتی تاکە بەسەر خود و جەستەی خۆیدا، چونکە بەدوورکردنەوەو زەوتکردنی هەموو ئەو کەل و پەلانە هەڵبژاردنی مەرگیش لەکەسی زیندانیکراو دەسێنرێتەوە. بەدەر لەهەر مانایەك، ئەوا داماڵینی ئەمانە لەراستیدا داماڵینی هەوڵی خودکوژییە لەلای کەسی زیندانییەوە.

لێرەدا(مەرگ) رووبەرووی هێزو تواناکانی دەسەڵات دەکرێتەوە، بەرێگەی خودکوژی.. بەواتایەکی دیکە.. ئەگەر خودکوژی کەسێك لە دەرەوەی زیندان شۆڕشێکی پێچەوانەی وجودیانە بێت لەرووی حوکمی مەرگ و ئەو دونیایەی کە پێیوایە زیندانێکی گەورەیە، هەروا ئەگەر خودکوژی رەتکردنەوەی حەتمیەتێکی ئەزەلی بێت بەرووی خواوەندو سروشت.ئەوا خۆکوژی لەناو زیندانی دەوڵەت. رەتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت دەگەیەنێ و لەهەمان کاتدا بانگەشەی هەڵبژاردنێکی ئازادانەیە کە تیایدا هەرچی مومارەسەیەکی دەسەڵاتگەرایانەی سەپێنراو هەیە بەسەر تاکدا پوچەڵ دەکرێتەوە، چونکە خۆکوژی بەر لەوەی نەفی کردنی خود بێت ئەوا نەفی کردنی(ئەویتر)ە..کەوابێ لەهەموو حاڵەتەکاندا

هەوڵی خۆکوژی لەزیندانێکدا هەوڵی فرینە بۆ ئەودیوی سنوورەکانی دەسەڵات، بەمەش جۆرێك لەسوکایەتی کردن لەرووی ئەو دەسەڵاتە نیشان دەدا.

لێرەدا هەوڵ دەدەم لێکچوونێك لەنێوان دەسەڵاتێکی زەمینیو لەنێوان دەسەڵاتێکی ئاسمانیدا بخەمەڕوو، بەوەی کە هەریەکێکیان ئەفیکردنی خود لەسەر حیسابی جەستە بەجۆرێك لەیاخی بوون و رەتکردنەوە لەقەڵەم دەدەن، تەنها ئەگەر ئەو خۆکوژییە نەکەوێتە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندیە ماددیو رۆحییەکانەوە. بۆنموونە، دەسەڵاتی دەوڵەت لەژێر ناوی نەتەوەو سنوور پارێزی بۆ هەر تاکێك سەربڵندییە ئەگەر پرۆسەی خودکوژی لەرێگەی خۆتەقاندنەوە بۆزیان گەیاندن بەدوژمن پیادەبکات، وەکو ئەو خۆتەقاندنانەوەی فەلەستینییەکان لەرووی ئیسرائیلیەکاندا دەینوێنن.. هەر بەم شێوەیەش دەسەڵاتێکی ئاسمانیش ئەو خۆکوژییە بەهەوادارانی بە(شەهادەت) دەژمێرێ وەکو ئەوەی لە ئیسلامدا بەرلە هەزاو چوارسەد ساڵو تائێستاش لەژێر ناوی (جیهاد)دا ساڵانە قوربانییەکان لەشیشان و ئەفغانستانو کوردستان و جەزائیر بەسەر یەکدا کەڵەکەدەبن.

کەوابێ دەسەڵات هەمیشە جێگرەوەی حوکمی خواوەندەکانە بەسەر مرۆڤدا، ئێمە کەباس لەهەوڵی سڕینەوەو لەباربردنی کەسایەتی زیندانی دەکەین.. تەنها ئەوەنییە کە ئیدی ناتوانن لەرووی جوڵەی جەستەییەوە ئازادبن ، هەروا ترسناکی ئەم پرۆسەیە لەوەدانییە کە ئەوانە لەکەمترینو سادەترین مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بێبەش دەکرێن.. بەڵکو ترسناکی لەوەدایە کە کەسی بەندکراو بەقاراستەیەك تێپەر دەکرێ کە بەقۆناغی(بەشتکردن)ی ئینسانەکان تێدەپەرێ، ئەو بەشتکردنە لەراستیدا دابەزاندنی نرخ و بەهای مرۆڤانەیانە تا ئاستی کەلو پەلو کاڵا، یاخود گۆڕینەوەی کەسەکان بەژمارە.. زیندانی ژمارە .. ژووری ژمارە.. ژمارە ئەمەندە لەریزی ژمارە.. تاد. کاتێکیش ئەم بە ماتماتیکردنەی ئینسانەکان لەبەندیخانەکاندا پیادە دەکرێ، لەگەڵ خۆیدا ژمارەکان دەخرێنە شوێنی کۆمەڵێك خەونی رەنگاورەنگو ئیحساسی مرۆڤانەوە، کە ئیدی لەرخاڵەوە زیندانەکان خۆشیان لەچەشنی چەند ژمارەیەك لەناو هاوکێشەیەکی جەبری سەختدا دەکەونە هاتوچۆ بەناو داڵان و ژوورو حەوشەی بەندیخانەدا.

یەکێك لەبنەما هەرە گرنگەکانی دەسەڵاتێك کە لەسەر سزای جەستە دامەزرابێت ئەوەیە کە هەمیشە لەسەر زەمینی مەرگدا دەواری خۆی هەڵدەدات، چونکە میکانیزمی کاری ئەو دەسەلاتەو مانەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ لەنێو کایەکاندا پێویستی بەو دەست کەلایەیە کەبەهۆیەوە سەنتەر هێزو رووبەری قبوڵکردنی ئەو هێزە لەناو کۆمەڵگەدا فراوانتر بکات. بۆ بەرهەم هێنان و دەستەبەرکردنی شەرعیەتی قبوڵکردنی ئەوهێزە لەناو تاکەکاندا ، ئەوا دەوڵەت ناچارە کۆمەلێك کابوس و دوژمنی وەهمی لەخەیاڵیان بچەسپێنێ تا بەهۆیەوە لەو پرۆسەیە بەردەوام بێت و خودی ئەو شەرعیەت پێدانەش لەکۆمەڵەوە بۆ لای خۆی بگوازێتەوە بەواتایەکی دی سزای زیندان ، سزایەکە لەراستیدا شەرعیەت، تیایدا دەکەوێتە دوای زیندانیکردنەکەوە، واتە، ئەوە زیندانیکردنی کەسێکە کە ناچارمان دەکات بکەوینە نێو وردەکارییەکانی دەسەڵات سزای زیندانیش بەتەقدیسەوە بەبالای کەسەکانەوە ببڕین، هەڵەیە واتێبگەین کە زیندانی کردنی کەسێك دوورخستنەوەیەتی لەکۆمەڵگاو لەبێژینگدانی تاکەکانەو جیاکردنەوەیانە، بەواتا زیندانی کردنی کەسێك بەرلەوەی زیندانیکردنی جەستەبێت، ئەوا کۆنترۆڵکردنیسایکۆلۆژیای کەسەکەیە، ئەم پرۆسەیەش بەشێوەیەکی میکانیکی دەگۆڕێ بۆ کۆنترۆڵکردنی جەستە. چونکە دەسەڵات ناتوانێ لەرێگەی بەندکردنی جەستەی ئینسانەوە تێڕوانینەکان و ئەو مەوداو نێوانانە لەنێوان تاکەکان بسڕێتەوە کەدەبێتە هۆی دروست بوونی کەسێکی ناکۆمەڵایەتی ولەگەڵ کەسێکی کۆمەڵایەتی، دەسەڵات ناتوانێ دەستنیشانی هۆکارو ئەوفاکتەرانەبکات و پرسیار بکات کە بۆچی لەگەڵ هەموو جۆرە پێشکەوتنەکانەوە هەمیشە دەبێ لەخەمی زیادکردنی زیندانەکاندا بێت. دەسەڵات هیچ کاتێك ناتوانێ لەداخوازیو ناتەواوییەکانی ئینسانی سەردەم لەرووی رۆحیەوە تێبگات، چونکە دەسەڵات هەمیشە رۆبۆتێکی زەبەلاحە بەسەر کۆمەڵگاوە کە بەپێی بەرنامەرێژی کار لەسەر ژیان و ئەخلاقیەتی تاکەکان دەکات.

هیچ کاتێك دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی عادیلانە بەئەرك و کاری خۆی نازانێت خۆی تێکەڵی دیاردەی بێکاری ناکاو لەمندالانیسەر شۆستەو نێو کۆڵانان و شەقامەکان بەرپرسیار نییە.

هەرچەندە ئەمانە لەرووکاردا دیاردەیەکن تەمەن درێژترو لەمێژینەترن، لەتەمەنی راپەرین، بەڵکو ئەم یاساو خولقاندنەی بەهۆیەوە دەرگای زیندانەکان بەرووی کەسەکاندا ئاوەڵاتر دەکاتەوە لەراستیدا یاساوێکی ئەخلاق بەعسییانەیەو گەراکانی خۆی لەوسەردەمەدا خستۆتەوە. بەڵام لەتێکەڵ کردنێکی خەتەرناک و لەئەنجامی کەم ئەزموونیدا کەم جار دەسەلاتی کوردی توانیویەتی ئەوەی کە بەر لەراپەرین رووی داوە دووبارەی نەکاتەوە.. هەمیشە بنەماو پرەنسیپەکانی حوکمی زیندان درێژکردنەوەی ئەو شێوازە بەعسیانە بووە، کەبەر لەراپەرین بەشێوەیەکی دڕندانە جێبەجێ دەکرا، لەگەڵ ئەمەشدا هەمان زەمینەی کەشەرعیەتی زیادکردنی زیندانەکانی بەر لەراپەرینی دەخولقاند، ئەوا دەسەلاتی کوردی دێت نەك هەر رەتی ناکاتەوە بەڵکو لەو باوەڕە دایە کە (رژێمی بەعس) شتێك نەبووە جگە لە دەوڵەت و قەوارەیەك بەناوی(عێراق)و پێیوایە ئەو یاسایەی بۆشتێکی دیاریکراو دارێژراوە دەشێ ئێمە وەکو(دەوڵەتێك) هەمان یاسا پیادەبکەین.. سەیرکەن چۆن لەسزاکانی زیندانیکردندا هەمان ماددەو برگەو بنەماکانی وەکو خۆی کاری پێدەکرێت.

لەوساتەی کە کەسی زیندانی دەکەوێتە نێو دیوارە ئەستوورو بەرزەکانیبەندیخانە، نیدی هەر لەوێوە پێویستیەکی ویژدانی لەئەخلاقیەتیدا سەرهەڵدەدا ئەو کە ناتوانێ جەستەی لەو سنوورە بخاتە ئەودیو ، ئەوا ئەو پێویستیە ئەخلاقییە هەمیشە خەیاڵی و هۆشی دەخاتە باڵەفرە ..فڕین بەرەو دونیایەکی تر .. دونیای دەرەوەی زیندان. کەسی زیندانی هەمیشە لەهەوڵی پەیوەندیکردنە بەدونیای دەرەوە، ئالەرێوە پرۆسەی کوشتن و وێرانکردنی ئێستاو ئایندەی دەسپێدەکات و خۆی بەنێو بازنەی رابردووگەرایی دەشارێتەوە. چونکە هەمیشە بەختەوەری لای کەسی زیندانی، بەختەوەرییەکە وابەستەیە لەگەڕانەوە بۆ رابردوو، ئەم گەڕانەوەیەش بەمیکانیزمێکی دیکەی زەینیەوە گرێ دەدا کە (خەون بینیە) ..چونکە زیندان لەنێو بەری ئومێد و خەونی داهاتوی ئینسانە، زیندان یەك لەو ئامرازانەیە کەبە هۆیەوە(دەسەلات) دەست بەسەر کەینونەی ئێستاو داهاتووی مرۆڤەکاندا دەگرێ و دەیانخنکێنێت، ئەو چیتر ناتوانێ وێنای ئەو دونیایە بکات کە تیایدا دەژی. واتە پرۆسەی زیندانیکردن حاڵەتێکی ولق وڕمان و توقێنەرە، ئەم والقوڕمانەش

سەرەتا لەرۆحیەوە سەرچاوە دەگرێ پاشان بەرەو جەستە دەخزێت.پرۆسەی زیندان وێرانکردن و تەکاندنی ئینسانە لەهەموو هەستێکی خۆیە ئینسان زانین. پرۆسەی رووتکردنەوەیە لەهەموو مەرجێکی ئەخلاقی و بەهاوولاتی بوون. زەوتکردنی سەرەتایترین ماف ئینسانە لەرێکردن و بیستن و بینین..ئەم سێ هەستە سنووردار دەکرێ ، بەڵام خەتەرناکترین ئەم زەوتکردنانە لێسەندنەوەی چاوە لە دەوروبەر ، زیندان پرۆسەی نابیناکردنێکی جۆریە کەتیایدا بەهۆی بەرتەسکردنەوەی شوێن و کەسەکان دەست پێدەکات . کاتێك دەسەلات دەسەلاتی زیندان سنورێکی دیاریکراو دادەمەزرێنێ ، لەگەڵ خۆیدا زیندانێکی دیکەش لە رووی هەستەکانەوە دروست دەکات .. لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە ئەگەر (کوێر بوون) زەوتکردنی هەستی بینین بێت لە دونیای دەرەوە ، واتە ئەگەر نابینایی وێرانکردن و لەبەین بردنی بینین بێت لە دەوروبەر ، ئەوا (زیندان) پرۆسەی نابیناکردن و زەوتکردنی دەوروبەرە لە چاو ، کەوابێ زیندان هەرتەنیا مەرجێك نیە لە داگیرکردنی ئینسان و دابڕکردنی لە دونیای دەرەوە ، بەڵکو هاوکات زەوتکردن و داگیرکردنی دونیای دەرەوەیە لە کەسی زیندانکراو .

سەرچاوەکان

*الانسان و الموت عند هیدجر ، د. عبدالرحمن الدلودی ، ستروس، فوکو .

*دەسەڵات و جیاوازی ،مەریوان وریا قانع .

*ئایندەی وەهم ، سیگمۆند فرۆید ، و: ئاوات ئەحمەد .

*دەروازە ، چەند تێکستێکی وەرگێڕدراو ، هەڵکەوت عەبدوڵڵا .

پرسی کورد..
حەقیقەت و مەنفاکانی لەبیرچوونەوە

ئیسماعیل کوردە

دواں لەپرسی نەتەوەیەك، نەتەوەیەکی وەك کورد کە بەدرێژایی بوونی بێبەش لەناسنامەی نەتەوەیی‌و گەردوونی و مرۆیی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو لەوەتەی هەشە خەونی بە ئازادییەکانیەوە بینیوە، لێرەوە ئەوەتا ئێستا لەنێوان وەهم و حەقیقەتدا ، لەنێوان باوەڕکردن و باوەڕنەکردندا ، لەنێوان بەهاکانی نیشتیمانپەروەری‌و شۆڕشگێڕی و خیانەتدا بەو نیمچە ئازادییە گوشادە کە لەهەرێمێکی دووکەرت و نیشتیمانێکی پڕزامدا پێیگەشیتووە، وەڵێ هێندە ئاسان نابێ‌و جێی ئەگەر نییە کە لەوانەیە توانایەکی زۆری بوێت بۆقسەکردن لەم بارو هەلومەرجەو گەڕانەوە بۆ مەسەلەیەکی گرنگی وەك پرسی کورد لەنێو پێشکەوتن و گۆڕانی میکانیزمەکانی سەندنی حەقە نەتەوەییەکان ، لەسەدەیەکی وەك ئەمڕۆ کە لانی‌کەم لەدونیای دوور لەئێمە سەدەی رزگاری نیشتیمانی و کەلتووری و نەتەوەیی بووە بۆ چەندین گەلی ژێردەستە، لێرەشەوە تەنها بەرۆچوونە نێو ئاسۆو هیواکانی ئەوتاکانەی کە لەو هەرێم یان ئەمیان ،لەو لەتە وڵات یان لەمیان دەژین‌و هەموو ئەو خەون‌و ئومێدو یۆتۆپیایانەشی کە نەتەوەیەك لەسایەیاندا دەژی، دەکرێ قسە لەسەر پرسی کورد بەتایبەتی لەو دە ساڵەی دواییدا بکەین، لەم سەرەتایەداو بەپێی گەڕانەوە بۆ مێژوو و رووداوەکانی، ئەو زەمەنەی ئازادیمان بەساتەوەختێك دەزانرێ دووبارەبوونەوەی لەئاییندەدا دەکەوێتە بەردەم ئەگەرەکانەوە، قسەکردنیش لەم مەسەلەیە ئەمانباتەوە بۆ گەڕان بەدوای

چەندین مەنفا،مەنفاکانی نیشتیمانێکی بێناینده، مەنفاکانی نەتەوەیەکی پڕ لەمیواو لەمەمان کاتدا پڕ لەشکست و لەوێشەوە بۆ مەنفاکانی بەحەقیقەت بوونی قەیرانەکان، قەیرانی کۆمەڵایەتی ، سیاسی و ئابووری و تێکشکانی هەموو دەروازەکان و دۆشدامانی سیاسیەکانی وڵات و تاسان بەرامبەر چارەنووسمان، لێرەوە مەنفاکانی بیرکردنەوەی ئێمە پڕکراون لەیادەوەریی و رووداوو شکستەکانی دوێنێی دوور و نزیك ، پڕکراون لەشکستە رۆحی و جەستەییەکان، ئازارەکان بەشێوەیەکن ئەمرۆش نەتوانراوە لەبیریان بکەین ، نەتوانراوە لەشکستەکان فێربین و خۆمان نەبینە ئاراستەکاری شکستەکانمان و نەشبینە سەرچاوەی خەونێك، کە جوانییەکانی وڵاتەکەمان تێکدا، یان تەنها رووە تاریکەکانی رەوشەکە ببینین و چاومان لایەنە گەشەدارەکان نەبینێ، لێرەوە ئەوەی گەرەکمانە لێبدوێین و مەوداو رەهەندەکانی بینینمانە بۆ حەقیقەت،بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە کامە حەقیقەت !؟ کە دێینە سەر حەقیقەت بەومانایەی ئەگەر لەسەر پێشینەو پێشهاتەکانی بدوێین، ئێستای لەواقیعدا ببینین ئەوا دەبێ لەحەقیقەت بەر لە بوون بەواقیع و لەدوای بوونی بەواقیع بپرسین، هەر ئەوپرسەشە دەمانباتەوە بۆسەر دەروازەیەك لەدەوازەکان و پێمان دەڵێت بوەستە ئێرە مەملەکەتی پرسی کوردە، ئێرە مەملەکەتی قەیرانەکانە، قەیرانێك کە وێرانکەری پرسی نەتەوەیەکی گەڕاو بەدوای شوناسێکی گەردوونیداو نەشیتوانیوە لە گەردووندا لەنێو چوار چێوەیەکدا بمێنێتەوە، لەوڵاتێکی وەکو ئێمە هەرچەند قسە لەسەر قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوورییەکان بکەین ئیمجە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، هێشتا ناگەینە ئەم حەقیقەتەی کە نەڵێین قەیرانەکانی کوردستان ئەمانەی وتمان هیچیان نین بەر لەوەی بڵێین قەیرانەکان سیاسین، لەکوردستانێکی بەسیاسی بوودا، قەیران بەو مانایەی نا کە ئاسۆکانی لێڵن و دەروازەکانی هیوا تەواو دادەخرێن، قەیران بەمانای لەبارچوونی ئازادییەکانمان نا، لەبارچوونی ئەزموونمان نا، وەلێ هەقیشمانە ترس و گریمانەشمان لەو لەناوچوونانە هەبێ، لانیکەم ئەگەر قەیرانەکان هەروا بمێننەوە، ئەوا شتێك نامێنێ بەناوی پرسی کوردو پرسێك دەبێتە مەنفایەکی وون، لەچوارچێوەی چارەنووسێکی نادیاردا..

ئەگەرەکانی ئێمە هەمیشە ئەگەرێکن لەو دەساڵەی دواییدا لەگەڵیاندا ژیاوین و لەمنداڵدانی دەساڵ ئازادی و نەبوونی ئایندەیەک هاتوونەتە وجود، گریمانەکان ئاراستەکاری حەقیقەتەکان بوون، ترسیشمان بەردەوام بەشێک بووە لەڕووداوە واقیعیەکان، خوێندنەوەیەک بووە بۆ عەقڵی سیاسی کورد و تێڕامانێک لەشکستەکانی و ئاشکرێ بێهودە بەسەریاندا تێپەڕین.بۆیە لێرەوە بەکردنەوەی چەند دەروازەیەک دێمە قوڵایی باسەکە، کە پرسی کوردە لەنێوان حەقیقەت وەمەنفاکانی لەبیرچوونەوەدا:

1-لەچوارچێوەی قسەکردن لەسەر پرسی کورد ، هەمیشە حەقیقەت دەمانباتەوە سەر قەیرانەکان و، قەیرانیش حەقیقەتەکانی ئەم پرسە بەرهەم دێنێ و تێڕوانین و روئیایەکی نوێمان (جاریوا پڕ لە ئومێد یان پڕ لەگومان و ترس) بەرامبەر بەدۆزی کورد پێدەبەخشێ.

2-کورد وەک نەتەوەیەکی نیمچە ئازاد لەو دەساڵەی ئازادیدا، کەمتر سوودی لەو ئازادییەی خۆی بینیوە بۆئازادکردنی تاکە ژێر دەستەکانی تری نەتەوەو ئەوانی بەمەنفای بیرچوونەوە سپاردوون.بەومانایەی ئەو ئازادییەی ئێستا لەهەرێمە ئازادکراوەکان هەیە ، ئازادییەک نییە خاوەن شوناسێکی نەتەوەیی یان نیشتیمانی بێت و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای لەخۆگرتبێ.

3-سیاسی و حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەقەد ئەوەی خەریکی قوڵکردنەوەی مەسەلە نێو خۆییەکان بوون ، لە زەقکردنەوەی کێشە خێڵەکیەکان ، کۆمەڵایەتیەکان وهەرێمیەکان و حزبییەکان، مەسەلەی نفوز و گرێ چینایەتیەکان ، نیو ئەوەندە بەدەنگ مەسەلە شوناسیەکانی نەتەوەکەمانەوە نەبوون لەسەر ئاستی کەلتووری و نیشتیمانی و هاووڵاتیبوون و هاوهیوابوون بۆ دۆزینەوەی شوناسێکی کوردیانەو کەلتوورێکی گەشەدار.

4-دیموکراسیەت و مەدەنیەت و هەموو ئەو بانگەشانەی دەکرێن لەگەڵ زۆری لایەنی پۆزەتیڤیان و هەموو ئەو هەڵبژاردنە دیموکراسی و نادیموکراسیانەشی کە بەڕێوە دەبرێن بەشێک بوون لەستراتیژیەتی حیزبی،حزبە کوردییەکان ، نەک ستراتیژیەتی پرسی کورد

لەرۆژهەڵاتی ناوین و لەو شوێنە جوگرافیایەی کە بەوڵاتانی دامێنی زەمین ناونراوە، بەومانایەی خاڵی سەرەکی پرسی کورد کەرزگاری نیشتیمانییە ، خاڵێکی لاوازی بنەمایکارو ستراتیژیەتی سیاسی و سیاسییە حزبیەکان و دیبلۆماسیەتی کوردی بووە، لەلایەکی دیکەشەوە کوردو هەرێمە نیدارییەکانی کورد ، بەقەد ئەوەی خەریکی پارێزگاریکردنی سنووری دوژمنان و پاراستنی ئەمنی قەومی ئەوان بوون ، نیو ئەوەندە بیریان لە بەرنامەرێژی نەکردۆتەوە بۆ پاراستنی ئاسایش و سنووری نەتەوەیی و کەلتووریو نیشتیمانی خۆمانو لێرەوە پرسی کورد جگە لەوەی دەبێتە قوربانی ئاردزوودکانی سیاسەتی هەرێمی و ئەزمرونی مانەوەی حزبیانەی حزبە کوردییەکان، لەلایەکی دیکە پێم وایە ئەم مەسەلەیە وردە وردە ئەنگێز بووە بەسەر لەدەستدانی شەرعیەتەکانی :نەتەوەیی ، نیشتیمانی بوونو،شەرعیەتی شۆرشگێری، کەوایکردووە ئەو حەماسەتەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە هەیانبووە بەقودرەتی قادیر و بەچاوسورکردنەوەی حزبە کوردییەکان بەر لەدوژمنەکانی ئێمە لە(تورك و عەرەب وفارس) بخەسێنرێت.

-1-

حەقیقەتی دۆزی نەتەوەیەك لەنیشتیمانێکی بەمەنفابوودا یان بابڵێین تەنجیلکراو وەك کێشەو لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی لەسەر ئاست و مێژەکانی داننان بەحەقی شەرعی کورد لەلایەك، لەو بارە بنبەست بووەی پرسی کورد لەناوەوەو لەدەرەوەی کوردستاندا و لەو دۆخەی کە کورد تیایدا لەچاوەڕوانیدایە نەگەرێکەو، لەبەرامبەریشدا بەشێك هەیە پێویستی بە دەیان و بگرە هەزاران ئەگەر وگریمانە و پێشبینی و چەندین ئاماژەی ستراتیژیی وسیاسەتی حەکیمانەی سیاسیە کوردەکان هەیە بۆ لەبارنەبردنی ئەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستان، کەچی ئەفسوس لەو دەساڵەی دواییدا کە ئازادییەك دەبینین بەهەموو وێرانیەکانیشیەوە(لێرەوە قسەم لەسەر لایەنە جوانەکان نییە کە بەسەدانن)، پرسی کورد خراوەتە نێو بەرنامەرێژیی و ستراتیژیەتی حیزبی و هەموو مەسەلەکە کورتکراوەتەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی پرۆژە حیزبیەکان قسە لەم مەسەلە

گرنگە بکرێت کە هەمیشە نەبێ ئەوە بزانین، بێ ئەوەی ئێمە پرۆسەی رزگاری نیشتیمانیمان تەواو کردبێ، بێ ئەوەی هەموو تاکەکانی کورد لەکوردستانی عێراقدا رزگاربووبن و هەموو کۆمەڵگای کوردی بەیەك هیواوە لەسایەی ئازادیدا بژیت، ئەوا پرۆسەکانی دیکە ئێچیری بەربەم هەرەسەکانن و لاوەکی دێنە جێیباس، ئەوەی ئێمەی ئەوەی دوای راپەرینیش کەم تا زۆر لە ناوەوەو دەرەوەی حزبایەتی و جاریوا لەدەرەوەی سیاسەتیش لەکێشەکەمان رادەمێنین، تەنهاو تەنها مەست بەوەدەکەین کە پرسی نەتەوەیی و نیشتیمانی کورد چۆتە سەرخوانی سیاسەتی حزبیی وتادێ دەکرێتە پرۆژەیەکی لاوەکی لەتاکتیك و مامەڵەی حزبیانەی ناشەرعی و هەوڵی بەردەوامیش لەو میانەیەوە بۆ بچووککردنەوەی دزەکە دەدرێ بۆ نێو کۆڕ و کۆبوونەوەو سەر مێزەکانی کێشە لاوەکیەکان و هەوڵی زیدەتر بۆ سنووردارکردن و کپکردنی هەر هوشیاریەك یان بەئاگاهاتنێك لەمەڕ ئەو مەسەلە سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتووریانەو هەموو ئەو روانینەش دەدرێ ، کە دەبنە زەمینەی چەواشەکارییەکان و لەژێر باری دروشم و دێوەزمە و زەبەلاحیەتی حیزب و دام و دەزگا بێشوومارەکانی داپلۆسینی کوردانە، کاربۆ لەباربردنی هەرچی شێوازی خەباتی نۆپۆزسیۆنی هەیە دەکرێ. تادەگاتە چاوبەستنی یەکەیەکەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەی کورد. سیاسەتی بەحیزبی کردنی هەموو دام و دەزگا و بوارە خزمەتوانیەکان ومونکە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانیش بۆنەوەن، کە بەردەوام لەبەرچاوماندا بیانەوێ واقیع لەناواقیع و ناشەرعیەتدا بەرهەم بێنن وحەقیقەتیش ناوبنێن بینینێکی کوێرانە، ئەوەی ئەمرۆ ئەوە یەك بەدوای یەکەکانی راپەرین و مندالانی کوردی لەسەر رادێنرێ شتێك کەمترن لە پرۆژە دژە کوردییەکانی بەعسیزم لەکوردستانی بەر لەراپەرین، بەلام لە بۆتەی حزبی خێلەکی کوردیداو بەمیکانیزمێکی کوردانەی ئالۆزیکی. ئەوەیە کە پرسی کوردمان بەرەو لەبیرچوونەوەیەکی سەیر دەبات، کە دەشلێین بەمەنفاکردنی پرسی کورد، مەبەستمانە بلێین کە پرۆژە حزبییەکان هەموو ئامانجەکانی تریان لەبیر بردینەوە، مەبەستمانە بلێین کە پرسی نەتەوەیەك و هیواکانی و ئایندەشی تادێت لەسەر دەستی حیزبی کوردیدا دوا دەخرێن، لێرەوە کە ئەگەرەکانی بەئاگاهاتنەوەی ئەوەیەکی میللەتەکەمان بەپەرژشەوە لەپرسی

نەتـەوەیی و نیشـتیمانی و کـەلتووری خـۆی دەپرسـێتەوەو هـەموو مـەودا سیاسـی و کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکانی تـا دەگاتـە سـنووری ئاشـکراکردنی مـەنفاو بنبەست بوونـی مەسـەلەکان و هـەمی جوگرافیـای دۆزەکـە، بەهوشـیارییەوە دەیانبینـن و ئۆبـاڵی هـەر تێکشکانێکیش دەزانن چۆن لەئەستۆی سیاسیەکان وئەم یان ئەو لایەنی سیاسی دەخا بەکوردستانی هێشتا رزگار نەکراویشدا(مەبەست بەشی داگیرکراوی کوردسـتانە لەلایـەن رژێمی بەعسی عەرەبی شۆڤینی) ئەم مەسەلەیەو چەندین تێبینی‌تر وامان لێدەکەن ، هەست بکەین کە لێرەوەیە سیاسەتی حزباندنی هەموومان، حزباندنی عەقڵمان و بیرکردنـەوەمان، جیا لـەوەی کە بێهۆشکردن و چەواشـەکاریەکی روونە، بەرەو ئەگەری دوورکەوتنـەوەشمان دەبات لـە پرسـی راستـەقینەی کورد کەبەدەرە لە هـەرچی پرۆژەی حزبییە، وامان لێدەکات دورکەوتنەوەکان بەچـەندین فەرسـەخ پێوانە بکـەین و، لەمەنفاکانیدا بەدوای خەونـەکانماندا بگەرێن. نەلێرەوەو کەهاتینە سەر قسەکردن لەسـەر کرۆکـی ئـەو مەسـەلانەو بـەدوا داگـەڕانی حەقیقەتی شتەکان ، جاچ لە سونگەی سیاسیەوە یان لەبواری کۆمەڵایـەتی و کەلتورییـەکان، یان لـە روانینمان بۆ مەسـەلە چارەنوسسازەکان کە پـەیوەندی کـەم تازۆریـان بەئێمـەمانانی نەوەی ئایندەی ئەم وڵاتەوە هەیە، لێرەشـەوە بێشـك بەسـەر چەندین قـەیراندا دەکـەوین، ئـەو قەیرانانـەی بوونەتـە بەشێك لەپێنەگەیشتنی عـەقڵی سیاسـی کورد و نـەبوونی بەرنامەیـەکی عەقڵانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ناوخۆیی و هەرێمیەکان، یان لـە هەر پەیوەندییـەکدا لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان لە (تورك و عەرەب و فارس)، بەومانایەی قەیرانەکان لـەجیاتی ئـەوەی ببنـە هـۆی بەکارخسـتنی هـەموو تواناکـانی نەتەوەیـەك کـە ئارەزوویـەتی لـەپێناو ژیـانێکی ئاسـوودەدا سـەری دابنـێ‌و تواناکـانی بـۆ مەسـەلە چارەنووسـسازەکان بکاتـە ئـەنجامێکی ئیجابیانـەی قەیرانـەکان، ئـەبن بەرنامەیـەکی هیواییانـەی ئاسـوودەبەخش بەرهەمبهێنن، یان ئەم هەل و مەرجانە ببنـە هۆی پیاچوونەوە بـە سـەرجەمی سیاسـەتەکان لەمەڕ پرسی نیشتیمانی و نەتەوەی کورد و هەوڵی ئاراستەکردنی چارەسـەر بدرێ ،لـەوڵاتی ئێمـەدا بـەردەوام قەیرانەکان، قەیرانە سیاسـەکان، دیبلۆماتیـەکان و سـەربازیەکانیش، یـەك رێچکەیان بەسـەرکردایەتی حزبـە خێڵەکیەکانی کوردستان داوە ، ئـەویش رێچکـەی تونێڵـە

تاریکەکانی سیاسەتی هەڵپەرستانە و وەهم و خۆبەزلزانی بوون ،ئادەگاتەشەممەندەفەری خیانەت وەك بەشێك لە سیاسەتی حزبیانەی کورد، کە هەر زەمەن وحزبێك بەهەموو مێژوو و سەروەرییەکانی و ، بەهەمی خەبات و شکستەکانی و بەهەموو شەهید و زیندووەکانی پلیتی بۆ بڕیوەو سەرکردەیەکیش شوفێری بووە، لێرەوەیە بابڵێین ئەوی لەلایەن حزبە کوردیەکان لۆژیکە (خیانەت) دەبێتە پرۆژەیەکی فریادرەسانە لەسەردەستی داگیرکەران و بەچارەسەری قەیرانەکانیش ناوزەد دەکرێ، لێرەوە ئایەینەسەر ئەو یادەوەرییە رەشانەی کە بەدەوام ئەوەی دوای راپەرین وێران دەکات و وەرەقەی دورشمە زلەکان ئاشکرا دەکات، لێرەوەیە کە قسەکردن لەسەر پرسێکی شێواوی وەك پرسی کورد دەمانباتەوە سەر تونێلی قەیرانە بنبەست بووەکان و قەیرانەکانیش لەمەودا حەقیقیەکاندا ، لەسەر زەمینی واقیعدا و لەنێو کەشکۆڵە بەسەرچووەکان، ئەو حەقیقەتەیە کە دەبێەوە بەرهەم هاتوێکی واقیعی و هەموو ئەگەر و گریمانە پێنەگەیشتوەکانی حزبمان بۆ دەردەخات، خەبات و دروشمەکانی حیزب بەتاڵ دەکاتەوە و پێمان دەڵێت بێتوانایی سیاسی و ناکارامەیی سیاسیەکانمان توانای چارەسەری پرسی من و تۆیان وەك کوردێك لەو وڵاتە پڕ ئافاتە نییە، بەڵکو ئەگەرەکان پێماندەڵێن کە ئەو پرۆژەیەی کە بەشێك لەحزبەکان پێیانە بۆ مەسەلەی نیشتیمانی ئێمە، بۆ دەرچوون لە قەیرانە سیاسی و ئابووری و ناعادیلانەکان ، پرۆژەیەکە لەقەیرانێکەوە دەمانباتە قەیرانێکی تر و لە تونێلێکی تاریکدا نامان گەیەنێتە ئایندەیەکی دیار، لەقەیرانی شەری سیاسیانە بۆ شەری سەنگەرەکان لەوێوە بۆ شەری پەنجەکانی خۆمان و وێرانکردنی مەمەلەکەتێك لە هیوا و لەوێنشیانەوە بۆ نەفی کردنی هەموو بەرامبەرێك کەبە(نا) وەڵامێکی پێبێ و باری سەرنجی لە پیشێلکاریی سەروەریەکانی ئێمەی تاکی کوردا هەبێت، لێرەوە بەدواداگەڕانی حەقیەت گریمانەی قەیرانەکانە و ئەگەر بشمانەوێ قەیرانەکان شیتاڵکەین کەوا بێشك حەقیقەتەکان بەردەوام بەرهەم دێن و ئێمەش گەشبین ناکەن، بەرامبەر بە ئایندەو مەودا دورەکانی یان ستراتیژیەتی پرسی نەتەوەیی کورد.

-2-

کاتێك لەدەروازەی دووەمەوە بێینە سەر مەسەلەکەو لەسەر پرسی کورد قسان بکەین دەگەینە سەر ئەو حەقیقەتەی کە هێزە سیاسیەکانی کوردستان ، جیا لەوەی لەدوای راپەڕینی جەماوەری نەیانتوانی بەرگری لەوخاکانە بکەن کە بەپشتیوانی پێشمەرگەو جەماوەر لەدوژمنی لەمێژینەی کورد رزگارکرابوون؛ جاچ ئەو داگیرکردنەی بەناوی عێراقی عەرەبی و چ لەمێژوودا و لەژێرناوی ئیسلام کە بێشك قەتلوعامی خەڵکی کوردنشینی ئەو دەڤەرانەیان بەحەڵاڵ زانیووە. دوای ئەوەی راپەڕین دەکەوێتە بەر شکست و هەڵگەرانەوەی چەندین کەس لە کەسایەتی خێڵەکی وکۆنەجاش لەراپەڕینی جەماوەری ،دواجار سەیر لەوددایە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد قەناعەتی بەومانەوەیە دێت لەو بەشەی ئێستای هەرێمی دوولەت و سارد دەبێتەوە لەسەر پرۆسەی رزگارکردنی هەرێمە داگیرکراوەکانی وەك(کەرکوك و خانەقین وشەنگار و دەوروبەری)و دەکەوێتە بەرگورجێکی کەمەرشکێن لەبێ ئومێدی لەبەردەم روانینی ئامانجە ستراتیژییەکان، ئەمەشمان وابینی کە دوای لێژنەی تەنسیق و کێشانەوەی ئیدارەکانی رژێم لەهەرێمە کوردییەکان و (کەرژێم بێ سێ ودوو گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە جارێکی دیکە ناتوانێ لەوناوچانەدا حوکمی فاشیانەی خۆی بکات) کەچی لەخەون و خەیاڵی حیزبە کوردییەکانماندا شتێك ، مەسەلەیەك ، پرسێك نامێنێ بەناوی پرسی رزگاری نیشتیمانی و هەموو ئەو کوردانەشی کە تەنها بۆ چەند ساتێك ئازادییان بینی و لەژێر حوکمی بەعسدا ئێستایان بەسەر دەبەن، دەخرێنە مەنفایەك و مەسەلەی ئازادکردنیان تەئجیل دەکرێت، بەڵام کام تەئجیلکردن، لەدەساڵدا لەناو ئایندەیەکی بێ ئومێد و نادیاردا دەگوزەرێن وچاوەکانیان بەردەوام لەچاوەڕوانی رزگاریدان.

جگە لەم مەسەلەیەش کە نەمانی پرۆژەیەکی سیاسی و سەربازییە بۆ ئازادی نیشتیمانی نەتەوەیی ئەوتاکانەی کۆمەڵگاکەمان، هەموو هەوڵەکانی دیکەی بەرەنگاربوونەوەی پرۆسەی بەعەرەبکردن، راگواستن و بەبەعسیکردن و گۆڕینی شوناسی نەتەوایەتی کورد لەوهەرێمە داگیرکراوانەدا لەبیردەچنەوە، پێشمەرگە دوای شکستە یەك لەدواییەکەکانی خۆی و خەریك بوونی بەشەڕە نێوخۆییەکان ، باوەڕ بەپشوێك دێنێ کە لەناوبەرگی دوژمندایە، پێشمەرگە

چالاکیە کوردژێنەکانی لەیاد دەچنەوەو ئەبێتە فەرمانبەرێکی چەك لەشان و قەناعەتی پێدەهێنن و لەبیریدەبەنەوە کە هێشتا قۆناغی رزگاری نیشتیمانی بەنیوە چڵی ماوەتەوە،لەبەرامبەر ئەو بێ هیواییانەی پێشمەرگەو نەمانی حەماسەتی شۆرشگێری خەڵك، بەعسیش بەئارامی خۆی لەرووی جوگرافیاو ئەتنۆگرافیاوە هەموو پرۆسەکانی بەرێوەدەبات، لێرەوەیە کە ئێمە دەساڵە باس لەئازادیبوونی خۆمان و عەقڵمان و یادەوەریمان و تۆڵەو تفاقمان دەکەین و بەچەندین گەمەدا تێدەپەرین کەچی ئەو ئازادییەی ئێمە نابێتە هەڵگری شوناسی هاوهیوابوون و نیشتیمانیانە. لەلایەکی دیکەوە کاتێ هەر حیزبەو پێیوایە ئەو فریادرەسی خەڵك بووەو تەنهاو تەنها بەیەك رەهەندانە پرۆژەی بەناو نەتەوایەتی و حیزبیانەی خۆیان دەخەنەروو، ئەگەرێکەو دەمانباتەوەسەر ئەوەی بڵێین ئەم خۆبەکەڵەگا زانینە، بەومانایەیە کە نەتوانراوە هەمان ئەو ئازادییە پرخەوشەی کە ئێستا لانیکەم ئێمەی لەسایەدا دەژین، لەرێگای رزگارکردنەوەد بەهاونەتەوەکانمان رەوابیبینین و کاربۆ ئازاد بوونیان بکەین،کارەساتەکەش لەوەدا دەبینینەوە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد ونیکتیفاکردنی حیزبەکوردییەکان بەوبەشە ئازادییەوەو خۆبواردن لەپرسێکی گەورەتر کە پرسی کیانی سیاسی ونیشتیمانی کوردە، هەرەشەیەکە وامان لێدەکات گومانمان لەهەموو ئەو ئازادییەی ئێستاش هەبێت بەوەی کەدەشێ ئێمە لەبەردەم خەتەرێکدا بین و ترسمان لەراوەستاوی ئەو ئازادییە هەبێ، بەپێوانە لەسەر ناکارامەیی و ناتوانایی ئێستای سەرکردایەتی سیاسی خێڵەکی کورد و گەمە کارەساتبارەکانیان، هەر لەشەری ناوخۆ و ناوەدانکردنەوەی زیندانەکان و(کوشتنی خەڵك لەسەر ئەوەی خوانەخواستا بڵێت کوردم یان کەسێکی نیشتیمان پەروەرم و خیانەت قەبوڵناکەم) تادەگاتە بێئومێدکردنی نەوەکان و تۆقاندنیان، بەرنامەیەکی بێوێنەی ناعەقڵانی سیاسەتی کوردییە، ئەم سیاسەتەی هەندێ لەحیزبە کوردییەکانیش جگە لەوەی تەواوکردنی ئاکار و ئەخلاقیاتی بەعسە، لەباربردنی پرسی کورد و هیواکانی کۆمەڵگاکەشمانە، هەر ئەمەش وامان لێدەکات واقیعێکمان بخاتە بەردەم کە لەدەرەوەی لێکدانەوە سیاسییەکانی ئێستایەو حەقیقەتی پرۆژە ناکاملەکانی حیزبەکانمان بۆ ئاشکرادەبێت، بەمانای ئەوەی دوای دەساڵ ئازادی و بەر لە هەڵایسانی

شەڕی نێوخۆیی کوردستان وئێستای سەردەمی نەشەڕ نە ئاشتیش، بۆمان هەیە بپرسین ، کوانێ مەسەلەیەك ، کوانێ حەماسەتێك جگە لەبڤە و نەگوتن لەسەر پرسی کورد و بارومەرجی لە قۆناغی ئێستاماندا، حیزبە کوردییەکان جگە لەوەی هاتنەوەو، پرۆژە نیشتیمانیەکانیان دواخست چیان لەکەشکۆڵدا ماوەتەوە، جگە لەبەخۆداچوونەوەو شەرمگرتن بەرامبەر بەئازادنەبوونی زیاتر لە دوو ملیۆن کەسی کورد لەو هەرێمە داگیرکراوانەدا، بۆمان هەیە بپرسین کاتێك 80٪ خەڵکی کوردستان لەناوەوەو لەمەندەرانیش لەگەڵ ئاشتیدا بن و حیزبەکان و بەرژەوەندییە تەسکەکانیان ئەنجامی نەدەن، بەچ حەقێك باس لە شەرعیەتی جەماوەری دەکەن کە بێگومانیان دەکەین لەکۆمەڵگای هوشیاری ئێستای کوردیداشەرعیەتی شۆرشگێریشان بێئارامە، ئەو ئیدارانەی ئێستا دەیانبینین بەشێکی زۆری سیستەمی خێڵ بەرێوەیان دەباو درێژکراوەی مەوسیمەکانی خێڵن و بەوەهەم بوون بەئیدارەی مەدەنی،جێی پرسیاریشە کە بۆ دەبێ پرسی کورد وەك پرسێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی چارەنووسساز لەبەرنامەو مەهامی حیزبەکان نەبێت،(ئەمەو ترسنۆکی حیزبە بەتەمەن و بێتەمەنەکان وەك تەمبەڵخانە کە هەر بەناو ئۆپۆزسیۆنن) لەلایەکی دیکەوە زەبرێکی توندی لەمەسەلەکان داوە و ئەوانیشی کردۆتە دوکانی ماقوڵ لەجیاتی ئەوەی میوە فرۆش بن (بەیاننامە وسیاسەتی هەڵپەرستانە)فرۆشن و داشی نێو هەموو کارەسات و وێرانیەکانیشن.(لێرەوە مەبەستمان نییە شەرعیەتی خەبات و بوونی پرۆژەی سیاسی لە حیزبە کوردییەکان بسەنێنینەوە، وەڵێ دەبێ پرۆژەکان لەچوارچێوە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بەرێوە ببرێن).

جێگای خۆیەتی لەوانەش بپرسینەوە کە بەناوی شەرعیەتی ناشەرعیەتەوە خۆیان بە نوێنەری خەڵك دەزانن و مێوانی ئەنجومەنی نیشتیمانی حیزب و وەزارەتەکانی حیزبن،کەتاوەکو ئێستا چەند زاتی ئەوەیان کردووە ئەگەر ناماقوڵی نەبێت بۆیان، قسەبکەن لە دانانی پرۆژەیەکی نەتەوەییانە و ئارەزوومەندانەی کورد بۆ رزگاربوونی یەکجارەکی خاکە داگیرکراوەکان؟ بۆ لەمەهامیاندا نەبووە ریفراندۆمێکی جەماوەری بکەن لەسەر پەیوەندییە حیزبیەکان بەرژێم و لەسەر چارەنووسی ئاتیدەی هاوڵاتیانی کورد لەبەردەم ئەو کەسەو

سیاسیەت و خیانەتی حیزبدا، بۆ جارێك نەیانپرسی کە بۆ دەبێ سەروەرت و سامانی نیشتیمانی لە شەڕە ناوخۆییەکان سەرفبکرێت؟ کە بێشك ئەو سەرمایەماڵیەی کە کورد لەو دەساڵەدا بەهەدەریدا بەشی رزگارکردنی هەموو خاکی کوردان و لاوازکردنی رژێمێکی دیکتاتۆری وەك بەعسیشی دەکرد، بەلام لەکوێوە ئەم قسانە دەکرێن لەشوێنێك کە ماڵی حیزبەو نوێنەرانی ناشەرعی میللەتیش مێوان!!؟؟

بەدڵنیاییەوە لێرەوە دەڵێین هەموو ئەو دەزگایانە دورخراوەن لەوەی بتوانن لەبەردەم حیزبدا و لەنێو کایەکانی پرۆژە حیزبییەکاندا قسە لەم مەسەلانەبکەن و وەك (پەرلەمانتارانی دونیا سەرچاوەی گوشاربن) و بەرژەوەندییە نیشتیمانیەکان رەچاوبکەن.. لەناو ئەو هەموو قەیران و بازاڕو بێناگاییانەدا، شەڕی ناوخۆش پرۆژەکان هێندەی دیکە دوادەخات و خەونە حیزبیەکانیش لەم هەرێم و لەویان گەشەدەکەن، داهات و سەروەتی وڵاتیش لەو تانجیلکردنە سەرفدەکرێت،کە شەڕی نێو خۆییە. شەڕێك بۆ حەوت ساڵ دەچێ گەلی کوردستانی خواروی بەخۆیەوە خەریك دەکا هەرچی توانای ماددیو مەعنەویو حەماسەتی شۆڕشگێڕی ونیشتیمانپەروەریتی هەبوو کردنی بەمەنفایەکی لەبیرکراوو مەسەلەی رزگاری خاك، ناسنامە وتاکە ژێر بارەکانی بەعس بوونەتە مەسەلەیەکی لاوەکی و ئەم سەنگەرو ئەم تەپۆلکەش لەناو کوردستانی رزگارکراودا بوونە خاڵی سەرەکی کێشەکانی حیزب.

لەو مەوداو فەزایەشدا پرۆسەی حیزبیانە و خێڵەکیانەی دژە رزگاری(ئەگەر نەڵێین دژە شۆڕش بەرێوە بران) بەوەی حیزب پێیوایە مادامەکی گوندەکەی خۆی رزگارە ،وەك ئەوە وایە هەموو وڵات رزگاربێت و ئێمە خاکی خەڵکمان داگیرکردبێ. بەرێوە چوونی ئەو پرۆسانەش (لەپاڵ شەڕە یەك بەدوای یەکەکانی ناوخۆ) دووبارە بوونەوەیەکی مێژووییانەی رووداوەکانبووە لەلایەك و خۆدووبارەکردنەوەیەکی حەقیقەتیانەی سیاسیە کوردەکانیشە لە گواستنەوەی هەموو گەمە تەواونەکراوەکانی شاخ بۆ ناو شارو لەسەردەم و شوێنی جیاوازو بەمیکانیزمێکی مۆدێرنانەتریشەوە، ئەم گەڕانەوەیە جگە لەوەی پاشەکشەی بەرنامەی رزگاری نیشتیمانییە، دروست بوونی بەرەیەکی خیانەتکاریشە لەم یان لەو قۆناغی

رزگاریدا، خەوبینین بەتاك رەهەندی و یەك دەسەلاتی حیزبیانەی حاكم لەولاتدا، یەكێكی دیكەیە لەو فاكتەرانەی کە بۆتە هۆی ئەوەی مەسەلەیەك لەگۆڕێدا نەمێنێ بەناوی پرسی کورد و هەرچی تواناش هەیە لەو بوارەی باسمانکرد سەرف بکرێت و پرسی کورد بکرێتە پرسی مانەوەی حیزب و بنەماڵەو بەگ و سەرەك خێڵەکان. لێرەوە نامانەوێ پۆلێنی ئەم حیزب یان ئەمیان بکەین و بۆ ئەو مەرجەعیەتانەیان بگێڕینەوە کە بێشك دەتوانن خۆیان لەقسەکاندا پۆلێن بکەن و بەنێمەشی بلێن کە سەر بەکام بەرەو مەرجەعیەتی کارەساتەکانن.

شتێك هەیە کە دەبێ ئەو لایەنانە ببینن کەخەو بە یەك دەسەلاتی و یەك حیزبیانەی حاکم لەوەدڤەر یان لەم هەرێمدا دەبینن، کە ئەگەر ئەو بارەی ئێستاش وەك دیفاکتۆ(ئەمری واقیع) بەرێوەدەچێ جگە لەتێکدانی ئاشکرای ئەزموونی بەرێوەبردنی کوردستانە ، لەباربردنی ئازادی و دیموکراسیەتیشە کە خەڵك ئەیانەوێ لەسایەیدا بەمافەکانیان شادبن. ئەمەو ئەوبارە، دامەزراندنی سەرەتاکانی دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریەتی حیبزبیە بەناوی پارێزگاریکردنەوە، بەلام ناکرێ سیاسیەکانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی بۆ رزگاری و ئازادی خەڵك تێکۆشان لەوە بێئاگابن، کە بونەتەوەیەکی خاوەن هیوای ئازادی و گەراو بەناومێژوودا بۆ سەندنەوەی شوناسی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆی، ئەو مەسەلانەی کە ئەوان حیزب خۆیان پێوە خەریك کردووە گەورەتر نین و نموونەی بەپەند بوونی یەعسیش زۆر بەرچاوە کەچۆن لەکوردستاندا و بەحەماسەتی کورد بۆرزگاری، کران بە تەیری ماقوڵ وتووشی شکستێك کران کە عەرەب و نەریتە شۆڤێنیەکەیان هەر لەسەرەدەمی ئیسلامدا تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ بەخۆیانەوە نەیانبینیبوو.

ئەمەوپاساوە سیاسیەکانی ئەمرۆ بەشێکن لەقەیرانی سیاسی کوردستان، کە خۆیان لەخۆپارێزی دەبیننەوەو کەرو لاڵ لەبەرەدەم مەسەلەی رزگاری (خاك)دا دەوەستن و، گوتارەکانی ئەم پاساوانە گەمەیەکی حزبیانەن و دروستکەری وێنەی وەهمین لەیانەوەری تاکی کورددا بەناوی تاکتیك و سیاسیەتکردن، ئەمەو بەراوردەکانیش کە لەگەڵ گەلانی تری ژێردەست دەیانکەن تاسەرئێسقان بەراوردی بنبەستو دۆڕاون، لێرەوەیە دەپرسین ئەبێ

چیبێت وا لەسیاسییەکانی کوردبکات بەردەوام لەگوتارە سیاسییەکانیاندا پرسی کورد بەکێشەی فەلستینیەکان ببەستنەوە؟ کە بێشك ناکرێ یەهودییەکانیش بە گوناهبار بزانین، کە سەردەمانێك وەك ئێمەی کورد مەسەلەکەیان لە گێژاوی مرۆیبووندا دەسووڕایەوەو ئەمڕۆ توانیویانە بکەنە مەبەستی سیاسیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان لەسەر زەمینی ئیسرائیلدا، بۆیە با عەقڵی سیاسی کورد بەئاگابێت و تێبگات کە دروستکردنی ئەو پەیوەندییە وەهمیانە ، جگە لەوەی دەرچوونە لە واقیعی پرسی رزگاری کورد، لەلایەکی دیکەوە ناتوانایییە لە دیاریکردنی ئەم لایەن و فاکتەرانەی کە بەدەر لەو وەهمانە کێشەی کوردیان پێ پتەو دەکرێت و هاوکێشەی بەرژەوەندییەکانیش دەگۆڕن،(سیاسیانی کورد ئەرانەی لە پشرووی سیاسیدا کات بەسەر دەبەن پێیانوایە دەبێ دڵی عەرەبەکان رازی بکەن و باس لە رزگاری کەرکووك نەکەن، ئەمەش لەترسی گەلەکۆمەی عەرەبی بۆ سەر کورد) ئاخۆ ئەمەیان سیاسەتە یانە مەمزدلەیە؟ لێردوە ودڵام بۆ ئێوە بەجێدەهێڵین. ئەگەرچی ئەم قسانە بەشێك لەحەقیقەتیشیان تێدانەبێت بەڵام بەشێکیشان حەقیقەتن. نەچوونە ناو ئەو هاوکێشانەش کە کێشەی کورد و فەلەستینیەکان بەیکەوە گرێبدات ، دیبلۆماسیەتێکی هوشیارانەیەو روانینێکی ستراتیژیانە لەئایندەی ئەو هەرێمەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوین و بەهێزترین کارتی هەڕەشەی کوردیش بەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی هەرێمی رزگارکردنی تەواوی خاکی کوردنشینە لەداگیرکەری شۆڤێنی عەرەب لەعێراقدا.

پرسیارێکی ئارامتر ئەوەیە کە بۆدەبێ خەونی کوردێك لەکوردستانی ئازادکراودا،چەندین فەرسەخ جیابێت لەخەون و هیوا و روانینی ئایندەییانەی کوردێك لەکەرکوك و، شەنگار و خانەقین، بۆدەبێ کوردەکانی ژێردەستی بەعس بێئومێد لەبەرامبەر هیواکانی ئازادبوون بژێن و رقیان لەهەڵوێستی سیاسیانەی حیزبە کوردیەکان بێت کە نەیانتوانیوە هەوڵی رزگاییان بدەن ، چ پرسیارێك دەکەن کە دەزانن حیزبەکان مەسەلەی ئەوانیان کردووە بە کارتێکی تەنجیلکراوی ئاوگیرفانی سیاسەتی حیزب لەلایەك و بەرژەوەندییە هەرێمی و نێو دەوڵەتیەکانیش لەلایەکی دیکەوە.لێرەوە پرسیارکردن لەسیاسیەکان تەنها ئەوەیە کە (دەبێ.. .. کەرکوك خاکی کوردان بێت؟!) یانە بۆدەبێ ئێمەی

هاوولاتیانی کوردستان ، ئەو گەیشتن بە شوناس و ئازادییەی خۆمان بەحەقیقەت بۆ ئەوانیش دابین ئەکەین. لەکاتێکدا کە ئەوان شوناسی نەتەوەییان لە خەتەردایەو خەتەر لەسەر ئەمان، پرسی کورد بەرەوەمەڵدێر دەبات، لێرەوە ئاگاییەك گەرەکە بەدەربێت لەسیاسەتی حیزبی و یان حەق وایە بیرێك لەوهوشیاریە نەتەوەییە بکرێتەوە کە ئێستا بەرەو برەوێك دەچێ لەکوردستاندا بۆ ئەوەی توانای مانەوە و بەرخودان بەرامبەر لەناوچوون بەرقەراربێت. کەدیارە ئەمە لە خەتەری لەناوبردندایەو ،بەرنامەحیزبییەکانیش بەشێك لەو لەناوبردنی هوشیارییە نەتەوەییەیان بەردەکەوێت، کە لەرێگای سیاسەتی نابەجێیان دەیگۆڕن بۆ هوشیاری حیزبیانەو کەلتووری رەجعیانەی خێڵەکی و بیرکردنەوەی تەسك.

کاتێ گەلی کورد لەخاکە داگیرکراوەکاندا لەژیان و گوزەرانێکی ناهەمواردا دەژی، دەبێ لە بریاری ئەنجورمەنە حیزبیەکەی نیشتیمان بپرسین چییە وادەکات کۆمەك بە (کۆسۆڤۆ)یەك بکات کە دەیان دەوڵەت لەناتۆ و یەکێتی ئەورووپاو جیهانی ئیسلامی بەهانایەوە چوون،و لەبەرامبەریشدا سەدان وهەزاران ماڵی کورد نەبینێت ، یان ترسی ئەوەی هەبێت باسیان بکات، کە رۆژانە لەسنوورەکانیعێراقی عەرەبی بەرەو هەرێم دێن و رژێمی شۆڤێنی عەرەب لەعێرقدا لەسەر خاکی باب و باپیرانیان دەریان دەکاو، گەڕەك و کۆلان و منداڵی و زەمەنەکانی ژیانیان لێدەسەنێتەوە، کۆمەك کردنی کۆسۆڤۆ جگە لەوەی گەمژەییەکە لەسیاسەتی کوریدا، نەبوونی پرۆژەیەکیشە بۆ ئازادکردنی هاونیشیمانیانی کورد لەژێر دەستی بەعسدا، جگە لەوەی گومانە لە ئەگەرێك کە ئێمەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە بەئازادو ناازادەکانمانەوە، بەشێك بین لە مامەڵەیەکی سیاسیانەی حیزب وخێڵ و کەسانی ئازاسین لەنیشتیمانێکی ئەتکراو و فرۆشراودا ، ئەمە گومانێکەو، ئەخاسما واقیعیش لەدەروازەی ئەم گومانەوە بمانباتەوە سەر حەقیقەت.

-3-

پرسی کورد لە دەروازەی سێیەمەوە یەکراست دەتوانین بڵێین گەڕانەوەیە بۆ گۆڕانی چەمکی شۆڕشگێڕی ومەغزاو مەودا دژەکانی لەسەردەمی راپەرین وەك قۆناغێکی دیکەی خەبات و شێوازێکی نوێی حیزبایەتیکردنی بەحیساب مۆدێرن و شارستانی.

کاتێك هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەشاخ و لەمەملەکەتە بێدانیشتوانەکانی کێودا دەجەنگان و بەرەنگاری هەژموونی شۆڤێنیەتی بەعس دەبوونەوە،جگەلەوەی لەشوێنگەی خۆیان هەڵگری شوناسێکی شۆڕشگێڕی و شەرعیەتی جەماوەرێکی یاخیبوو بوون، لەلایەکی دیکەشەوە هەڵگری ئاسۆرییەکانی خەڵکانێکی زۆر بوون لەناو شارەکانی کوردستان و بگرە عێراقیش، بەومانایەی پشکداریکردن لەو خەباتە سیاسی و چەکدارییەی شاخ و سەروەرییەکانی و لەهەمان کاتیشدا لایەنە خەوشدارەکانیشی، بوو بوو بە بەشێك لەژیان و مانەوەی حەماسەتی خەڵکی کوردستان لە پێناو مەسەلە کەلتووری و نەتەوەیی و شوناسیەکانی خۆی لەزمان و ترادسیۆن و دابە کوردەوارییەکانیان بۆمانەوە لەبەردەم هەرەشەکانی رژێمی شۆڤێنی عەرەبی عێراقی و پرۆسە بەدناوەکانیان لەژێرناوی (ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید)دا، شۆرش و هێزەسیاسیەکانی ئەو دەمە(مەبەست چارەکە سەدەی دوایی سەدەی بیستەمە) خاوەنی شەرعیەتی سیاسی و خەباتێکی بێوێنەی نەتەوەیی و نیشتیمانی بوون و ،پرسی کوردیش لەهێز وبازووی (پێشمەرگە)کانی ئەوێ دەمێدا وێنا دەکرا بۆ گەیشتن بەئامانج و مەرامی میللی، میللەتێکی وەك کوردی ژێردەستی بەعس.

لێرەوە دەکرێ بێینە تەرەف ئەو چەند ساڵەی دوای راپەرین (بەر لە بەرپابوونی شەڕی نێوخۆ) کە هێشتا هێزە سیاسیەکانی کوردستان خاوەنی شەرعیەتی خۆیان بوون و جێگای گومانی خەڵکی نەبوون، لەبەردەم هەموو ئەگەرەکانیش پیرۆزییەکانیان نەدۆراندبوو، لەبەردەم خەڵکانێکیشدا کە خەمی ئازادییان لەخەمی نان و مردن پێ پیرۆزتر بوو ئومێدێکبوون سەراپای ئێمەمانانی لەخۆدەگرت، ئەم چەند مەسەلەیە ئەگەر وەك سەرەتاییەکی باش لەقەڵەم بدەین بۆ روانینەکانی کورد لەئایندەیەکی باشتر، ئەوا ئەوەی ئێمە لەدوای ئەو زەمەنە دەیبینین و رێك دوای شەڕی ناوخۆ و ، لەلایەکی دیکەش کە

بەبەراورد لەگەڵ هەموو گەلانی داواکار بۆ ئازادی دەبینین، دیاردەی(دژە شۆڕشبوونە) لەوانەیە حیزبە سیاسیەکان لەم بۆچوونە نیگەران بن، وەلێ ئەوەی حەقیقەتە ئێمە تەنها لەسەر ئەو ئەکسە سەرەتاییەی راپەرین و دەرمنجامەکانی کۆچڕەو، ئەو بڕیارەنادەین کە بڕیاری هاتنەوجودی (رەوتی دژە شۆڕش و گەڕانەوە بۆ مەرجعیەتی بەعسی و پەشیمانبوونەوە بوو لەهەر شتێك كە ئێمە (لایەنە هەڵپەرستەکان) ئەمانکردبێ) ئەمەش لەژێر باڵی دانوستانە حیزبیەکان لەگەڵ رژێم و بەرکاربوونی سیاسەتی هەڵپەرستانەی رژێم لەگەڵ سیاسیە کوردەکان و بێئاگاییان لەمەسەلە نەتەوەییەکان بەرەو ئاکامێکی خراپ برا.

دژە شۆڕش بوون، دیاردەیەکی زەق و بەدبوو، لەکاتێکدا کە رەگی ئەم دیاردەیە لەو پاشماوانەدا سەریان هەڵدایەوە ، کە لێبوردنی گشتی بەرەی سیاسی کورد لەسەردەمی سەرەتای راپەریندا رایگەیاندبوو، شەرعیەتەکانی شۆڕش و راپەرینی پێ لاوازکردن، کە دواجار وەك بینیمان ئەو لێبوردنە دەبێتەوە لەمپەر لەبەردەم ئەزموونی جەماوەری کوردستان و لەئەکسەکاندا دژی هەر خەباتێکی جەماوەری بوونەوە. کاتێکیش دێینە سەر دوان لە دژە شۆڕشەکان، لەهەڵوێست و مەغزاکانیان، ئەبێ سەرەتایەك بدەینە سیاسەتی هەڵوەشاندنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کۆمەڵگای کوردی لەلایەن بەعس و بەرنامەی پاکتاوکردنی گەلی کورد،بۆنەوەی تێبگەین کەبەعس بەهۆشیارییەوە پیاندەی ژیاندنەوەو دارشتنەوەی زیاتری سیستەمی کۆمەڵایەتی خێڵەکی کرد لەکوردستان و لەژێر ناوی (جاش) و ئۆردووەکانیان ،هەموو رەگەزە کۆنگەراکانی کۆمەڵگای کوردیان خستەوەروو ، ئەمە جگە لەبەرهەم هێنانەوەی سیمبوڵە رزیوەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە(میر و بەگ و،ئاغاو ،کوێخاو ..تاد) بوون.

بەرێوە بردنی ئەم پرۆسەیەش ناکرێ بەبێئاگایی لەقەڵەم بدرێت کە دەرمنجامەکەیان نانەوەو ژیاندنەوەی چەندین دوژمنایەتی کۆن و خێڵەکیانەی نێوان خێڵەکان بوون ، کەتاوەکو ئێستاش رەگ و ریشاڵیان لەناو پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیدا ئامادەگی هەیە. هەموو ئەو ئۆردووە جاشانەشی کە لەدەمی بەر لەراپەرین دژی شۆڕش بوون و، لەراپەرین خزانە نێو

شۆرش، دواجار لەنەکسەی راپەریندا بوونەوە بەشێك لەخێ ێەت و دژیە شۆرشی کوردستان کەوتنـەوە تەقـەکردن لـەهاولاتیانی کـورد، بەومانایـەی کـە راپـەرین لەگـەڵ هـەموو سـەرەوەرییەکانی بەشـێوەیەکی بنـەبڕکراو نـەیتوانی ئـەو بونیـادە خێڵـەکی و گەلەجاشیە(جاشگەلیە) بەلانی کەم لەکوردستانی ئازادا کۆتـایی پێبێنێ دواجار حزبـە کوردییەکانیشی تێوەگلاند، ئەم ناتواناییەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەو فەزایەدا بەرهەم هـات کـە شۆرشـی کـوردی بەشـێك لەسیما خێڵەکیەکانی بەروخسـارەوە مـابوون و لـەژێر دەمامکی شۆرشگێری ناراستەقینەدا لەبۆسەدابوون. لەلایەکی دیکەشەوە بەشـێك لـەمێژە سیاسیەکان ئاوێتەی ئەو پێکهاتەو پاشماوانە بوون کە بەعس لەکوردستاندا چاندبوونی و لەژێر ناوی حورمـەت و پیاوماقوڵ و سیما پارێزی خێـڵ و عەشـرەت و ماقوڵگەراییـەکانی دیکە، کەوتنە خۆ بەمێژکردن و دواجار حیزبی خێڵ بوو بەبەشێك لەسیاسیەتی کوردی و تسـەکەر بـەناوی پرسـی کـوردو لەپەناشـدا بەعـەقڵی خێڵخوازانـە چـەندین رێوشـوێن بـۆ بـەرێوبردنی پرۆسـەی دوژمنکارانـەی مێژوویـی و سـەرتگۆمکردنی سـەرۆك خێڵـەکان لەسەردەستی حیزبی خێڵەکی کوردی کرانە ستراتیژ و تاکتیکی سیاسیانەی مانەوەی کیانی خێڵ/حیزب و بەرنامـەرێژی بـۆ پاوانخوازییـە حیزبیەکان و ئاژاوەکـانی ئـەم چـەند سـاڵەی دوایش گەواهی دەری ئەم مەسەلەیەن. لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە کێشـەی کۆمـەڵ و مەسـەلە چینایەتیەکان لەو ولاتـەی ئێمەدا کە لەهەندێ شوێندا هەرنەبوون و لەهـەندێ دەڤەریشـدا پرۆسەی دروستکردنیان بۆ بەرێوەبرا بوون بەبەرنامەی حیزبی شێوە خێڵ، جگەلەمە کێشە ئابووریەکانی نێـوان حیزبـەکان و گومـرگ و سـامانی ولات بگـرە تادەگاتـە سنوری نفوز و گەمەسیاسیەکانی نێوخۆ، وایانکردووە جارێکی دیکە پرسی نەتەوەیی لەکۆشکی مەسەلە لاوەکیـەکاندا بـە لاپەڕەیـەکی بـێ مـەئواو ئاینده‌یـەکی بەمـەنفا بـڕاو بگـات. حەقیقـەتی ژیاندنەوەی ئەم کێشە ناوخۆییانـەش جیالـەوەی کـە پـەیوەندی راسـتەوخۆی بەعەقڵیـەتی سیاسی کوردییەوە هەیە ، جاچ لەژێر باری قورسایی تێکنەگەیشتنی نـاوخۆیی بێـت یـان لەژێر گوشاری دەرەکی، ئـەوا ئەگـەرەکانی بـەناکام گەیشتنی پرسـی کـوردی خستەلاوەو دوائاکام گوتاری خوێن لەنێوان ئەم حیزب و ئەو حیزبداو ئەم خێڵ و ئەمیتریان سەریان

هەڵدا کە بەشی هەرە زۆری لەسەر نەبوونی بەرنامەیەکی پێکەوەژیان و بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگا بەرێوە چوون، لەسەردەمی ئازادیدا ئەم مەسەلانە بوون بەزەمورەتی خۆسەپاندنی حیزبە کوردییەکان لەو شوێنانەی کە نەدەکرا بەشوێنی نفوزی خۆیان بزانن، مەسەلەیەکی دیکەی وروژێنراو و دروستکراو،دامەزراندنی حیزبی ئاینییە لەکوردستاندا (وەك ئەوەی لەمێژوودا کورد زۆر سودی لەو ئایینە بینیبێ جگە لەقەتلوعامکردن))، بەسەرهەڵدانی ئەو گوتارە ئیسلامیەش لەکوردستانداو هەموو ئەو ئاژاوانەشی کەنرانەوە گومانی ئێمەی زیندەترکرد لەسەر پرۆژەی حیزبە نەتەوەیی و نیشتیمانیە پێشکەوتنخوازەکان کە هەمیشە خۆیان بەو دووبەرەکیانەوە خەریك کرد. بەمەش لەسیاسیەتی کوردیدا سەرەتای تێکەڵکردنی دوو شێوە گوتار دێنە پێشەوە کە: یەکیان گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی پێشکەوتنخوازەو ، ئەمیتریان دژە رەوت و دژە ناسیۆناڵ و خێڵەکی و ئیسلامییە کە ئەمەی دووەمیان بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئیسلامیدا کەمتر و بەڵکە هەر نەیانتوانیوە گوتارە ئیسلامیەکەیان لەپێناو پرسی نەتەوەیی کورد بەکار بێنن.

ئەمەو سەرهەڵدانی دووگوتاری سیاسی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان و دووپرۆژەییان لەشێوازی ژیان و کیانی سیاسی کورد لەگەڵ رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەلایەك و، گوتاری دژە ناسیۆناڵی ئیسلامیش لەلایەکی دیکە، ئەو مینبەرانەبوون لەبەردەم کێشە ناوخۆییەکاندا مانەوەو پرسی نەتەوەیی کوردیشیان کە قۆناغێکی دیکەی رزگاری نیشتیمانییە جا چ لەرێگەی خەباتی سیاسی یان دیبلۆماتی یان چەکداری بێت، خستەوە بواری تەمجیلکردن و بەمەنفا سپاردن. ئەوەی حەقیقەتی مەسەلەکەش روون دەکاتەوە نەبوونی پرۆژەیەکی سیاسی یەکگرتووی کوردییە لانیکەم لەستراتیژدا لەمەڕ مەسەلەکانی،هەم بۆ ئەوەی سیاسیەتێکی یەکگرتوومان هەبێت ، هەم لەدەستی پرۆژە ناکامڵەکانی حیزبیش رزگارمان بێت.

-4-

لەدەروازەی دوایدا کە مەیدانی خەباتی شارو پێکەوە ژیانی دیموکراسیانەی خەڵکی کوردستانەو ئاوێتە بوونە بەنەریتی شۆرشگێری ، دەروەازیەکە لەلایەك خۆی لە ئازادی و دیموکراسی و پرۆژە مەدەنیەکاندا دەبینێتەوەو، لەلایەکی دیکەشەوە مەسەلەی خەباتی شارو دۆزینەوەی شێوەیەکی مۆدێرنترە بۆ گەشەدان بەهوشیاری نەتەوەیی و نیشتیمانی لەنێو ئەو ئەوانەی کە لانیکەم ئەو ئازار و ناخۆشیانەیان نەبینیوە کە سەردەمانێکی بەر لەئازادی کورد بەخۆیەوە بینیویەتی،ئەمە پرسیارکردن و بەئەنجام گەیاندنی باسەکەیە بە روونکردنەوەی شێواز و گفتوگۆکردنی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیمان لەناوەوەو ئەوانەشی لەهەندەرانن لەسەر مەسەلەو پرسە نەتەوەییەکانو دوانێك لە کارکردن بۆ هێنانە بەرهەمی نێوەندێکی کوردی یەکگرتووی دیبلۆماتیەتی نیشتیمانی بۆ کوردستان.

لێرەوە دێینەسەر باسکردن لەو نەریتە شۆرشگێرییەی کەلەرێگای راپەرینەوە، بووبەبەشێك لەژیانی خەڵکی ئازادی کوردستان، نەریتێك کەتارادەیەکی زۆر خاوەنی شەرعیەتی گۆڕینی دەسەڵاتی بەعس و وەدەرنانیبووە لەوڵاتدا، ئەو نەریتەشۆرشگێرییەی کە زیاتر لە 80٪ی خەڵکی کوردستان بەشداربوون لە قوربانیدانەکانی . لەسوتانی گوند وشارۆچکەو ماڵیان،لەپێشکەشکردنی سەرمایە زیندووەکانیان بۆ ئەم خەباتەی کە دوائەنجامی خۆی لەراپەریندا بینیوە، وەڵێ ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لێرەوە قسەی لەمەر بکەین، ئەو زەمەنەیە کە لەبەیەکگەیشتنی نێوان نەریتی شاخ و نەریتی شاردا دێتەدی و تارادەیەك بەر یەککەوتنێك لەشێوازی پێکەوەژیانی شارستانیانەی ئەو دوو نەریتە بەرهەمدێت کەدواجار توێژێکی دژ لەهەمبەر نەریتی شۆرشگێری لەقاوغێکی خێڵەکیدا دروستدەکات،بەومانایەی شۆرشگێریەتی وەك دیاردەیەکی گۆڕانئامێز کە خاوەنی پرۆژەیەك نەبوو بۆ ژیان لەشار، دەکرا بەپرۆسەیەکی مەدەنیانەتر کارلێك لەگەڵ ژیان وگوزەرانی شارنشیندا بکات و پەلەنەکات لە تەسلیمکردنەوەی ئەو شەرعیەتەی هەیبوو بەبڕیارە ئۆرگانیکیەکانی ئەو کەس و گروپ و توێژانەی کە خاوەنی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی بەعسیانەی دام و دەزگاکانی وڵات بوون لەوسەردەمەدا(سەردەمانی بەعس لەکوردستان) کە بێشك ئەمە وایکرد لاوازی و بێبەرنامەیی شۆرش و نەبوونی خوێندنەوەیەکی پێشوەختە بۆ پێشهاتەکانی راپەرین و

ئازادی بەدەربخات، لەوانەیە بێویژدانی بێت بۆ ئێمە کە ئەوەی راپەرینێن بڵێین هیچ بەرنامەیەك بۆرزگاری نەبوویێت، وەلێ دەبێ ئەوەبزانێن کە بەرنامەی رزگاری پێویستی بەردەوامی بە بەرنامەو سیاسەتی بەێوەبردنی مەدەنیانەش هەبوو.

پرۆسەی دیمکوراسیانەی خەڵك لەدەنگدانی پەرلەمانی و چەندین پرۆسەی تری هەڵبژاردنەکان کە خۆیان لەوئێوەندە حیزب و سەندیکایانەشدا بینیەوە، ئەگەرەکانی پێکەوەژیان و سیستەمێکی دیموکراسیانەی زیاتری بەئومێدەوە بەخشیە خەڵك، بەڵام ئەو پرۆسانە تەنها کرانە تێکڵی مەسەلە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردی و لەپەنایاندا بەردەوام گەرای دیکتاتۆریەت و قبوڵ نەکردنی بەرامبەر گەشەیپێکراو، بەرنامەرێژی دیموکراسیانەی تاك رەهەند و تام دیکتاتۆریانە بوو بە رێرەوەی قسەکردنی سیاسیانەی حیزبی و ئەو سەندیکار نێوەندانەش کە بەپاشکۆیی و سیاسیەتەکانی حیزب رازی بوون لێرەشەوە زەمینە لەبارکرا بۆ بەرێوەچوونی پرۆسە نادیموکراسیەکان و ئیئتیلافە گوماناویەکانی حیزبەکان لەپێناو لەمپەر دروستکردن لە خەباتی ئۆپۆزسیۆنی کە ئێستا لەکوردستاندا بەراستەقینەیی وجودی نییە، ئەوەی هەشە ژێر باربوونی هێز سیاسیە گەورەکانەو مەبەدەنی تەسلیم بوونە بەواقیعێك کە خۆشیان باش هەست بەو مەترسیانەی دەکەن.

بەوشێوەیە مەسەلەی پاشقوڵ گرتن لە دیموکراسیەت و مەسەلە مەدەنیەکان لەژێر سایەی بەرنامە خێڵەکی وحیزبیەکاندا کراوە بە ستراتیژیەتی نێوخۆیی و دەرەکی و پەیوەندیدار بە ئاسایشی حیزب و ئەمنیەتی سەرکردە دیکتاتۆرەکانی کورد(ئەوانە دەگرێتەوە کە سیماکانی دیکتاتۆریان بەنێوچاوانەوە درەوشاوەیە) ئەمەو خەون و خەیاڵکردن و خۆخەریککردن بەومەسەلانەش ئەو زەمینەیەبوو کە وا لەحیزبە کوردییەکان بکات پرسێکی وەك رزگاربوون و زیاتر پیادەکردنی دیموکراسیەت لەبیر بکرێت و بکرێتە خانی لاوازی ستراتیژیەتی خەبات لەپێناو چارەنووسی رزگاری کوردستان، ئەم خیانەتکردنە لە نەریتێك لەسەر دەستی توێژاڵێکی خێڵەکی و دژە شۆرش و دژبە دیموکراسیەت ومەدەنی بوونی کورد، بووە هەڵسوڕێنەری هەموو پرۆژەکان بۆ لەبیربردنەوەی پرسی سەرەکی کورد کە

لەلایەك پرسی رزگاری نیشتیمانیەو لەلایەکی دیکەشەوە بەدیموکراتیزەکردنی سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگای کوردی و بەمەدەنی کردنی عەقڵی سیاسی کوردە بۆ تەرباز بوون لەو عەقڵیەتە نوستالیژییەی کە بەردەوام ئەگەر و گریمانەی لەباربردنی ئەزموون و هیواکان بەمەبەستی خۆی دەگرێت.

ئەوەی ئێستاش جێی مەبەستە قسەکردنە لەسەر بەرنامەو گەڵاڵەنامەیەك بۆ چۆنیەتی بەمۆدێرنکردنی بیر و بیری نەتەوەیی لە کۆمەڵگاکەماندا و بەتایبەت دوزینەوەی شێوە گرنجانێك بۆ بردودان بەهۆشیاری نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی دژە شۆڤێنیبێنە بەرهەم کەبتوانرێ لەنێو شوناسێکی نەتەرایەتی و نیشتیمانیدار لەسەربنەمای قبوڵکردنی هەموو نەتەوە و کەلتوور و زمان و نەرێتی لەکورد جیا ، بۆئەوەی هوشیارییە نەتەوەییەکە لەچێوەی مەبدەئە نیشتیمانیەکان و پێك وەژیانی مۆدێرنانە گەشە بەلایەنە پۆزەتیڤەکانی بدات بەو واتایەی ئەو حەماسەتە نەتەوەیی و هۆشیارییەی کە لەسەردەمەکانی بەرایی راپەریندا کە زۆر پێویست بوون ، ئەکرێ لەبەرامبەر دوژمنان و لەچوارچێوەی ستراتیژییەتێکی نەتەوەیی گەشەی پێبدرێت،وەلێ لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەوهوشیارییە نەتەوەییە لەلایەك ئەبێ بە مەبدەئە مەدەنیی و مرۆییەکان و میکانیزمە دیموکراسیەکان تەیاربکرێت، لەلایەکی دیکەوە لەو هەیە ئە حیزبیە بپارێزرێت کە تەنهاو تەنها هوشیاری نەتەوەیی لەبەرنامەو پرۆگرامەکانیدا دەبینێتەوە، بەواتای تێکەڵنەکردنی هوشیاریەکی شوناس نیشیمانی و نەتەوەیی بە هۆشیارییەکی حیزبی بەرتەسك.

لایەنێك کە جێگای قسە لەسەر کردنە بۆ گەشەپێدان بەو هوشیارییە ، جەختکردنە لەسەر نەوەکانی ئێستای بەردەوام لەژیان و واقیعی کوردستان، لەو تێلەنیگایەوە کە ئەو نەوانەو خەڵکی کوردستان باشتر ئەکرێ بەسیاسەت و شێوە تاکتیکێکی حەکیمانەی پابەند بەمەبدەئی پێکەوەژیان لەکوردستانێك بۆ هەموو نەتەوەکان و نیشتمانێك لەئازادیدا ، زیاتر تەفاهومی ئەو بارە بکەن کە شێوەی داکۆکی کردن لەو ئامانج و هوشیارییە نەتەوەییە بەرامبەر بەشۆڤێنیەتی گەلانی داگیرکاری خاکمان، پێویستی بەناسینی شوێنگەی خۆمان و کاردانەوەکانی ئەوانیشەوە هەیە، بەوماذ یەی ئەگەر قسەکردن لەهەندەران لەسەر پرسی

نەتەوەیی و هەموو ئەو لایەنە گەشانەی کە دەورژێنرێن لەناو ئارامیەکانی ئەورووپاو رۆژئاوادا، ئەگەرچی خزمەتێکی فرەخاس بەگەشانەوەی هوشیاری نەتەوەیی دەکات، بەڵام ئەوەی دەبینرێت لێدوان و قسەکردنی کەمتر خاوەن بەرپرسیارێتی ئەو ئازادیەن کە ئێستا لەکوردستاندا بوونی هەیە، لەهەنداران و ئەو کەسانەشی قسە لەپرسی کورد دەکەن ، کە حەقی شەرعی خۆیانەو ئێمە لەو بەراوردەمان دژە حەقیان نین، وەلێ بۆشمان هەیە بەوخوێندنەوەیە بڵێین قسەکردنێك لە پرسی نەتەوەیی لەئەورووپادا لەوانەیە زۆر ئاسانتر و بێ بەرپرسیارێتی تر بێت ، جگەلەوەی کە کەمتر پێویستی بەبیرکردنەوە هەیە بۆ تاکتیك و بەرگرتنەوە لە کاردانەوەکان لەسەر زەمینی واقیعیی کوردستاندا و لەو هێڵە تەماسانەی کە خەڵکانی دانیشتوانی کوردستان لەبەرامبەریدا رۆژانە لەگەڵ نەتەوە رەگەز پەرست و شۆڤێنیەکان(لەتورك و عەرەب و فارس) ژیان بەسەر دەبەن، لێرەوە مەبەستمە بڵێم گوتاری نەتەوەیی لە هەندەران جگەلەوەی ستراتیژخوازە کە تارادەیەکی زۆر ئاشکراکەری لایەنە نهێنیەکانی پرسەکەیە و پەرۆشیەکی دیاریشە، وەلێ شوێنگەی جوگرافی گوتارەکە کەمتر گوزارشتە لەواقیعی ئێستای کوردستان و نیشتیمانی حیزبەکان، نکۆڵیش لەوە ناکەین کەوەك لایەنی رۆحی و سایکۆلۆژی و هوشیارییە عەقڵییەکانی تاکی کورد بەنارمەیەکی شتراتیژیانەی پرسی نەتەوەییە لەئایندەیەکی تەنجیلکراودا، بەڵام زۆر جار لەگوتارەکاندا جیاوازی لەگەڵ واقیع و دووری لەحەقیقەتەکان بەرچاودیارن.

بەپێچەوانەی ئەم رەوتی گوتارە نەتەوەییەی هەندەران کە کوردەکانی دانیشتوی ئارامی ئەوێ کاری بۆدەکەن، هوشیارییەکی دیکەو گوتارێکی دیکە لەسەرزەمینی کوردستانی ئازادو لەنێو خەڵکانی راڕا لەنێوان ئایندەو مەترسیەکانی دەوروبەر گوتارێکی تارادەیەك بەرپرسیارترەو تاکتیك خوازترە لە هەڵسوکەوتکردنی واقیعیانەو سیاسیانە لەگەڵ مەسەلە نێوخۆیی و دەوروبەرییەکاندا. بەومانایە بۆ پرسی نەتەوەیی کورد دووگوتار هەن، گوتاری نێوخۆی نەتەوەیی نیشتمانی تاکتیك خواز لە کارکردن بۆ ستراتیژیەتێکی ئارام ، دووەمیان گوتاری نەتەوەیی شتراتیژخوازە لەهەندەران کە کەمتر لەبەردەم هەرەشەو مەترسیەکانی ئەمنیدایە، ئەوەی جێگا ئەهەمیەتی پرسی کوردیشە لەم نێوانەدا هەم لێك نزیکبوونەوەی

ئەم دوو گوتارەیە بۆ کارکردنێکی هاریەشانە لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا لەپێناو پرسێکی یەکگرتووی کوردی ، کەدواجار زەمینەخۆشکەربێت بۆ بەرهەم هێنانی نێوەندێکی نەتەوەیی دیبلۆماتی کوردی لە دونیادا لەپێناو نیشتیمانی کورد لەکوردستان. برەو دان بەهەردوو گوتارەکەش بەلانی کەم پرسەکە بەهێزتردەکات، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینیە پرسی نێوخۆ پرسی نەتەوەییە لە نیشتمانێکی خاوەن پرس ، دووەمیان پرسێکی نەتەوەییە لە جوگرافیایێک کەبەدەرە لە جوگرافیای نیشیمانو واتیعەکانی، بۆیە ئەو لێك نزیکردنەوەیە دواجار دەبێتە ئەو گوتارە دیبلۆماسیەی کە لەپێشەوە باسمانکرد.

لەرووی ئەو هوشیارییەی گوتارەکانەوە لەبەراوردا بۆ ئەم قسەی سەرەوە، ئەوە دێتەپێشەوە کە ئەگەر لەنێوخۆی وڵاتداو لەبەردەم بەرنامە حیزبیەکان وکەمتر بوونی هەستی نەتەوەیی مەسەلە نەتەوایەتی و پرسی نەتەوەیی زور لەکزیی بێت، یان ئەو مەنفایەبێت کە بەشێك لەحەقیەتی نەتەوەیی ونکربێت، ئەوا گوتاری هەندەران مەنفایەکی دیکەیە کە سەرجەمی نیشتمانی لەیادەوەری ئەواندا ونکردووەوبەستراتیژدوانیش لەپرسی کوردیدا لەو گوتاردا مانای گەرانەوەیە بۆ ،ئوناسی نیشتمانی و کەلتووری لەرێگای گوتاری نەتەوەیی وەلێ لەنیشتمانێکی بەمەنفابوودا، لێرەوە دەکرێ ئەوەش بڵێین کە هەمیشە دابڕانی یادەوەری کورد بەتایبەتی لەواقیع وکەلتوور و ژیانی ئێستای لە وڵاتی ئازادی خۆیدا ، لەبیرچوونەوەیەکە لە جوگرافیەکی نادیاری دۆزەکان دوور لە زەمینی نیشتیمان. بۆیە گوتاری نێوخۆ دەکرێ بە گوتاری نەتەوەیی و نیشتیمانی نێو بەرپرسیارێتی و رووبەرووبوونەوەکان لەقەڵەم بدرێ و، لەهەمانکاتیشدا گوتاری هەندەران بەبەشێك لەحەقیقەتی هوشیاری نەتەوەیی و رێگاخواز بۆ یەکبوونی هەردوو گوتار بێت لەپێناو دامەزراندنی نێوەندێکی سیاسی و دیبلۆماتی کوردیی بۆ نیشتیمانی کورد لەلایەك و بیرکردنەوە لەپاراستنی ئەمنی قەومی کورد لە هەر هەرەشەیەکی دەرەکی کە ببێتە هۆی تێکدانی ئارامی وڵات.

ئامازەی زمانەوانی و دۆزینەوەی دەلالەتی مانا

ئیهاد جامی

ئائامادەگی میتۆد ئیشکالیەتیکی گەورەی خوێندنەوەی دەقە، چونکە لەو کاتەدا سەر لەبەری تیرۆانینەکان دەکەونە دەردوەی هەموو میتۆدە رەخنەییەکان ، بۆیە پشت بەستن بەمیتۆدێك بۆخوێندنەوە زیاتردەمان بەستێتەوە بەخوێندنەوە کەمان و هەستی ئیلتزامیەتی نووسینمان لەلاپتەوتر دەکات ، بۆیە بەر لەوەی بڕیار لەخوێندنەوەی دەقێك بدەین، دەبێ بزانین ئەو میکانیزمە رەخنەیانە چین کە کەدەقیان پێدەخوێنینەوە !؟ تاچەند ئەو میتۆدە لەتوانایدایە لەناو ئەو دەقەئیش بکات ؟دواجار ئایە ئەو دەقە ئەو مەرجانەی تێدا دەست دەکەوێ کەخوێندنەوەکەمان بەهەدەردا نەبا ؟ ئەوەش دەسپێکی پرسیارە بۆخوێندنەوە، تاوەکو لەناو ئیشکالیەتەکان خۆمان بەدوور بگرین و پێویستە ئەو میتۆدەی کەدەمانەوێ بیکەینە پانتایەك بۆنوسینەوەی دەق ، مەعریفەیەکی وامان لەبارەیەوە هەبێت کەدەسەلاتمان بەسەریدا بسەپێنێ ، بەوەی ئەو مەعریفەیەمان لەناو میتۆد بەرهەم هێنابێ کەدەقەکەی پێ بخوێنرێتەوە ، بەتایبەت لەو جۆرە خوێندنەوانەی نێو رەخنەی نوێ ،چونکە بەدوای کتێبە زمانەوانیەکەی زمان زانی سویسری (فردینان دی سۆسێر) بەناوی زمانزانی گشتی . دەق لەوە دەرچوو رەخنە فرمان بەبونیادەکانی بکات و بەنێگەتیڤ و پۆزەتیڤ یەکلای بکاتەوە ، بەڵکو لەرەخنەی نوێدا و بەتایبەت لەمیتۆدی سیمۆلۆژیا کەمەبەستی سەرەکی باسەکەمانە ، رەخنە دۆزینەوەی ئاستی زمانەوانی و دەلالەتی دەقە ،

کەپرۆسەیەکە بۆداڕشتنەوەی سەر لەنوێی دەلالەت ، زمان لەناو سیستەمی نووسین چیتر گۆشەگیر نابێ ، بەڵکو سەرەتا لەگەڵ (ئاخاوتن) لەیەك جیادەکرێتەوە و دواتر ئامازە زمانەوانیەکانیش دەست نیشان دەکرێت ، بەدوای ئەوەش ئاستی دەلالی لەناو دەق دەبێتە گوتارێك بۆدواندن ، ئەوەی لەپێشتر بەنێگەتیڤ و پۆزەتیڤ دەق ناو دەبرا ، ئەوا لەڕەخنەی نوێدا بەدوای زمان و ئاستی دەلالەتی دەق دێنێتە دواندن ، لەڕێگەی قسەکردنەوە لەمانا کە(ئاخاوتن) کەناڵی گەیاندنیەتی و د.اتر هەردوکیان لەڕێگەی (کۆد) ی ڕێکخەرەوە گوتاری سیمانتیکی دەق دەنووسێتەوە ، ئەستراتیژی ئەو گوتارە کار بۆنهێنی نێو نووسین دەکات ، بەدوای هەر خوێندنەوەیەك دەرگایەکی تر بۆ خوێندنەوەی دوای خۆی دەخاتە سەر پشت کە گومان لەخوێندنەوەی پێشـ.ش بکات ، گومانیش دەروازەی ترە بۆ خوێندنەوە بەوردی لەئاستی دیدی جیاوازدوەسەیری دەق بکەین وەهەر پرۆسەیەکی خوێندنەوەش لە دیدێکی خودی ڕاڤە بکرێت ، ئەو بۆچوونەی لەرابووردودا یەقینی دەدا بەرورتەکانی ڕەخنە گر ، ئیدی ڕەخنە گومان لەو یەقینە دەئات ، چونکە ئەو یەقینە تەنیا دیدێکی زاتیانەی ڕەخنە گرە بۆدەق، بەشکاندنی ئەو هە.رەمە رەختەییەش ئیدی لەلایەك ڕەخنە بوو بەخوێندنەوەی بونیادە پێکهاتە ئاشکر و شاراوەکان و لە ڕوویەکی تریش دەقی وەك ڕوداوێك تەماشا نەدەکرد، بەڵکو وەك جۆرێك لەزانست ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات بەوەی دەق خاوەن زانستێکی تایبەتی خۆیەتی کە وەك یەکە یەکی دەلالی و سیستەمی زمانەوانی مەعریفەیەکی شاراوەی هەڵگرتو وە ورەخنەش بۆ ئەوە دێت بەو مەعریفە پەنهانە ئاشنامان بکات و دەلالەتە زمانەوانیەکانی تێدا بدۆزێتەوە و (زمان /ئاخاوتن) جیابکاتەوە بۆ ئەوەش هەوڵدەدەین لەئاستی زمانەوانی و دیار.کردنی ڕۆڵی ئاخاوتن وەزیفەی ئامازە لەچیرۆکی (من ومارەکان) ی ڕێبوار سیوەیلی بێنیە دوان ودواتر بەراوردێکی دەقەکە بکەین بەچیرۆکی (عیزائیل)ی شیرزاد حسن ئەبەراودکردنەکەشدا پشت دەبەستین بەچەمکی (دەقئاوێزان) و تاوەکو لەو ڕوانگەیەش تـ.شکێك بخەینە سەر ڕەخنەی پراکتیکی چیتر نزیك بوونی دەلالەتێك لەیەکێکی تر بە.زینی ئەدەبی ناو نەبەین ، ئەوەی (ژۆلیا کریستیفا)بەچەمکی (دەقئاوێزان) تواذ.ی ئەو چەمکە لەشوێنی دزینی ئەدەبی دابنێ

مەبەستمان لەو کارەش هۆشیار کردنەوی ئەوانەیە کەلەناو مەعریفەیەکی کۆنی رەخنەیی و بیناگا لەرەخنەی نوێ بەردەوام کۆمەڵە دەقێك دەخەینە بەر فرمانی تیگەیشتنی خۆیان ، کەلەکاتێکدا ئەو جۆرە دەقانە پێویستە بەو میتۆدە رەخنەییە نوێیانە هەوڵی خوێندنەوەیان بدەین . پێش ئەوەی بێینە سەر دەقی چیرۆکەکە هەوڵدەدەین لەسەر جیهانی چیرۆکەکانی نووسەر لەوکۆمەڵەچیرۆکەی هەڵوەستەیەك بکەین، کاتێ بمانەوێ لەناو ئەوکۆمەڵە چیرۆکە پێوەندی دەقەکان لەگەڵ یەکتری بپچرێنین و هەر یەکەیان وەك بابەتێکی سەر بەخۆ سەیر بکەین ؛ دەبینێ لەبەردەم دیدگایەکی ناتەواو داین ، کەزۆر نهێنی ماون پەیمان پێنەبردون تامەزرۆییەك هەیە لەوەی ئەو منالەی لە(من ومارەکان) دەردەکەوێ ئایندەی بەچی دەگات !؟ ئایە ئەگەر ئەوە رووداویك بێ بۆخوێندنەوەئەی ئەوانی دواتر لەکوێ نهێنییەکانی بزانین !؟ چۆن دەکرێ چیرۆکەکانی تر بەهەند هەڵنەگرین !؟ هەموو ئەو پرسیارانە وامان لێدەکەن کەچیرۆکەکان یەکتر ی تەواو بکەن ، هەر بۆیە ئەگەر لەچیرۆکەکە فرۆکەکان دەرمان رشتنیان تەنهاهەرەشەیەك بێ لەتوولەمارەکان و بیانویەکی چەکدارەکان بێ بۆ ئەوەی (باوە) بەگەڵ خۆیان بخەن . بەڵام دواتر لە (کەمانی و دووبراکە) دا کاریگەری دەرمانەکە دەبینین .

ئەوەتا براکانی لەژووردا بریندار خستووە پزیشکەکان ووتو یانە "پانکەیەکمان بۆدابگیرسێنن و پەردەیەکی تەنکمان بدەن بەسەردا "لاپەرە 58 وەك چۆن (رەحیم دیگوڵ) ئەو کورەی (من) ی گێرەرەوە لەدیوەخانەوە دەیاتەوەلای دایەو هەندێ شەو کچەکان لێی وەردەگرن و تایاری لەگەڵبکەن ، دەبینین لەچیرۆکی (خەونەکەی خا حەبی) دا ئەو چارەنووسی دیاری دەکرێت ، بەوەی کاتی نەخۆشی بەدەستی دکتۆرەکان دەمرێت و دواتر جارێکی تر لە "هاتنی پیاوەگەورەکان " دەردەکەوێتەوە ، لەوێدا یادەوەری بەرەو منالی دەمان باتەوە ، ئەو یادە وەرییەی (من) نووسینەوەی هەستەکانی منالێکە لەرێگەی ئەو (من) ەوە دیدی خۆی بۆئێستاو سەیرکردنەوەی بۆیادەوە ری لەرێگەی ئەوکەسایەتی یەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، لەوەی بۆچی پرسیارەکانی بێ وەڵام بوونە ، لە(من ومارەکان) نازەنین زڵلەیەکی لێدەدا پێی دەڵێ شەیتان بووی ، ئەو نازانێ بو زەڵلەی لێدەدرێ و شەیتان بوونی یانی چی !؟.

کاتێ لە(خەونەکەی خاجەمێ) ش پرسیار لەمامۆستا دەکات (وسڵ چییە ؟) دیسان بەزللەیەك وەلأم دەدرێتەوە بۆچی پرسیارەکانی ئەو وەلأمەکانیان زللەیە !؟ ئەوەیان پرسیارێکەو ئاراستەی سیستمی ئاکارو، مالّی کوردی دەکرێ، نەك بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو بیەوێ وەلأمی بداتەوە . بۆیە ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لەکەلتوورێك دەدوێن کەیادەوەری خاوەن وێنەیەکی جێگیرە تیادا ، هەر ئەو یادەوەریەشە وا دەکات لەدوودیدی جیاواز سەیری دونیابکات ، دوودیدکە دواجار یەك مانا بەرهەم دێنن لەودی ئێمە دەکەوینە نێو دیدگای "گوناه/ گوناهبار " ئێمەی گوناه دەبێ بەبێ هەموو بیانوویەك لەدێهاتەوە بەرەو شار رەوە بکەین ، بەبیانووی ئەردی ژیانێکی باشترمان بۆدابین دەکرێت ئەگەر چی دواتر شار تەنیا دەبێتە مایەی ریسوایی ئێمە، شار یادەوەری دەکوژێت بەبیانووی ئەوەی رابوردوومان جۆرێك بووە لەیاتی ئێرە و دەبێ شار تۆڵەمان لێبکاتەوە ، دیدی دووەمیش "ئێمەی گوناهبار " رەخنەیە لەشۆرش لەوەی ناتوانێ ببێت بەئومێدی ئێمەو هەڵگری ئەو خەونانەمان بێت، بەڵکو ئەویش زەبری رەنگێکی تر دەنوێنی لەرێگەی دەست بەسەر داگرتنی سامان و رێگری ئەوەش ئەگەر بەحکووم بوونی هەموو باڵەکانیش نەبێت ، بەلأم رەخنەیەکە لەناو جەستەی شۆرش بوونی هەیە ،ئەو دوودیدەیە کەدواجار پێوەندی راستەو خۆیان هەیە بەماڵ ، یەکەمیان لە(ماڵ) دەرمان دەکات بۆکۆچ بەرەو (شار) ئەوەی دووەمیشیان دێتە سەر (ماڵ) بۆئەوەی ئارامی ئێمە بشێوێنێ بەدوای ئارامی و نان خواردن و پشوودانی خۆیەوە بێت ، کاتێ ئەو دیدگا کوردیە دەنووسرێتەوە ، هەرگیز شۆرش بێ لەوە ناکاتەوە ئەم کوری دوێنێیە و لەناو ئەو شوێنەدا گۆش کراوە و ئەگەر (ماڵ) نەبوایە ئەویش نەی دەتوانی درێژە بە (مانەوە) ی خۆی بدات . ئەلێرەوە کەبەدنیای چیرۆکەکان ئاشنادەبین ، کاتی ئەوەیە ئیتر بێینە سەر (من و مارەکان) ئەو چیرۆکەی مەبەستی ئەم نووسینیە .

ئەگەر بەپێی چەمکە(سۆسیر) یەکەی لەو دەقەدا (ئاخاوتن) مان لە(زمان) جیاکردەوە ئەوسا ئاخاوتن دەسەلأتی زیاتر دەردەکەوێ ، بۆئەوەی بابەت بەسەر زمان زاڵ بکات ، ئەگەر چی لەهەندێ بارادا زمان دەیەوێ لەرێگەی گەمە کردن بەدەلالەتەکانی

ئاخاوتن فۆرمی خۆی وێنابکات، بەڵام دواجار دەلالەتی ترمان بۆ دەکێشێ، بەوەش ڕێگە دەگرێ لەوەی بونیادی شاراوەی زمان ئامازە بەرهەم بێنێت ، بەڵکو ئەوەی پەیوەندی بە خوێنەرەوە دەکات ئاخاوتنە ، ئەوەش وادەکات ئەو بۆشاییەی (خوێنەر) لەگەڵ هەر (دەق) یکدا لەرێگەی گەمەکردن بەدال کە شڵی بونیادی شاراوەی زمان دەکات تەسک بێتەوە ، چونکە لەوکاتەدا (مەدلول) لە پرۆسەی خوێندنەوەلە شوێنی (دال) کاردەکات ، بونیشی

لەشوێنی دال بەواتای دەرکردنی ئامازەیە، ئەوکاتەش زمان توانای ئەوەی نابێ فکر بخولقێنێ بەڵکو ئاخاوتن هەوڵی دامەزراندنی فکر دەدات، بەوەش ئاخاوتن وەزیفەی سەرەکی دەبێتە بەخشینی مەعریفە لەرێگای گێرانەوەی زەمەنی رووداو، ئەوزەمەنەی لە (ئێستا)دا منالێك دەمانباتە ناو فەزای دەق و دەیەوێ دوو زەمەنی ترمان لا بکات بەپرسیار(زەمەنی ئایندە)و(زەمەنی رابردوو)، زەمەنی ئایندە بەخولقاندنی پرسیارێك دەمانگەڕێنێتەوە بۆ زەمە رابرد وو ، ئەویش ئەو پرسیارەیە کە (ئایندەی من) چیە لەکاتێکدا رابردوو کلتوری ترسی تیا خەزن کرابێت !؟ دیارە بۆ وەڵام بەم پرسیارە دەق دەبێ بگەرێتەوە بۆ رابردوو ، وەك ئاشکراشە گێرانەوە بۆ ئەو زەمەنە لەتوانای (من) ی گێرەرەوە نییە ترسە ئەستیەکان دەست نیشان بکات ، ئەو گەرانەوەیە بەرەو ئەست لە تیروانینی (جاك لاکان) ەوە گەرانەوەیە بۆ توانای زمان ، چونك (ئەست) و (زمان) بەلایەوە وەك یەك بونیاد نراون ، ئەست بەرەو تواناکانی زمان دەگەرێتەوە ، ئەو گەرانەوەیەش رزگاربوون نییە لە ئاخاوتن ، هێندەی بەرهەم هێنانی ئامازەیە لەناو زماندا ((دەمزانی کەناوێرم بچمە سەر ئا ودەستەکە ، دەترسام لەکونەکەیەوە بکەومە خوارو دێوەکە بێت بمخوات)) ل9..

بۆیە ئەگەر لەو دێرەوە بگەرێینەوە بۆیەك لەزمانەوانەکانی (قوتابخانەی ژنێف) کەخۆی بەمووریدی (سۆسێر) دەزانێ ، ئەویش (ئەلبێرت سیشهایی) یە ، بایەخی فاکتەرە زمانەوانی و دەرەونیەکان لە رستەدا لەیەك جوێ ناکاتەوە . ئەوادەکرێ ئێمەش لەناو رستەکانەوە ئەوفاکتەرە دەرونیانە لەپاڵ زمانە وانیەکان فەرا مۆشی نەکەین ، ئەوکارەش بەمەبەستی دۆزینەوەی پرسیاری دەقە . پرسیار لەوەی چی وادەکات (من) ی گێرە رەوەو پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە نەخۆش بکەوێت !؟ ئەوەش لەناو دەلالەتە زمانەوانیەکانی

رستەو دێرەکان وەڵامەکەی وەدەست دێت ، بەوەی (کاکە) رەفزی ئەوە رەتدەکاتەوە لەگەڵیدا بچن بۆ خانەقاو (باوە) ش دەست بە تەلاق خواردن و جنێو بارانکردنی دەکات و (دانە) ش نووچرك و مەرەشەی ئەوەی لێدەکات کە ئەیداتەوە بەقەرەجەکان ، ئەوەی دەمێنێتەوە (دایکە) کەتەنیا شوێنە بۆ داڵدەدان ، بۆیە فاکتەرە دەروونیەکانی ناوڕستە ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکەن کە هۆکاری نەخۆش بوونی بۆ دۆگما بوونی پەیوەندیەکانی ماڵ دەگەڕێنێتەوە، ئەو پەیوەندیانەی تەنها لەجیهانی خەوندا لێی رزگار دەبێ، وەك دەبینین (مارەکان) بۆ ر رزگار بوونی منالەکەیە لەنەخۆشی، بەوەش سیوەیلی دەیەوێ (مان) بکاتە ئەو ئامارژەیەی کە لەشێوەی (شامان) چارەسەری منالەکە دکات،(شامان) ئەم قەشە جادووگەرەی لەرێگەی گێرانەوەی حیکایەتەکاز هەولی ئەدا چارەسەری ئەو نەخۆشیانە بکات

که کتو پڕ تووشی مرۆڤ دەماتن (مارەکان)یش منالەکە دەخەنە دنیایەکەوە کەدای بچن لەواقیع ((من مارەگەورە. کا خەفوری پلە سەلمێ دەزنەکا)) ل[8] ئەوەش خولقاندنی جیهانێکی ترە لەبەرامبەر ئەو حەقیقەتەی کە ترسیان لادروست کردووە ، ئەو ترسەی دە پەڕێتەوە نێو ئەست و ، وەلام بەپرسیارەکانی عەقڵ دەدات، مارەکەی واقیع کەدواجار لە جیهانی (مَن) دایاری لەگەڵ دەکەن و دیالۆگ لەنێوانیان دروست دەبێ ، جەستە یەکە بۆ غەریزە ، وەك چۆن (من) ی گێرەرەوە لەژووری کچەکاندا دەبێتە ئەو مارەی کچەکان بۆ چێژی زاتی خۆیان گەمەیەك سازدەکەن ، بەدوای داخستنی ژوورەکە جلەکانی لەبەر دادەکەنن تا بچێتە ژێرکراسی یەك لەکچەکان ((زۆر حەزم دەکرد لەسکی نازەنیندابم و جاری واهەبوو نۆمانگ و نۆ رۆژو نۆسەعاتەکەش تەواو دەبوو ، من نەدەهاتمە دەر، ئەمجا هەموویان پێدەکەنین و ئەیان گووت کە رانی وەرەدەر ، بایارییەکە تێك نەچێت" (ل[14]) .

ئەگەر مارەکە غەریزەیەك بێ نەك هەر بۆ خۆسەپاندنی نێرایەتی (پیاوەتی) بەڵکو غەریزەی شەهوەتیش بەرهەم بێنێ، ئەواگەمەی (من) لەگەڵ (نازەنین) گەمەیەکە بەهەمان شێوە لەگەڵ مارەکان "جارێ نابەم چونکە نازەنین لەکولم دەکات " ل[14]، گەمەیەك دواجار منالەکە هەستی پێدەکات کەئارەزوومەکانی بۆ غەریزەی شەهوەت لەئارەزووی بۆ

گەمەکان دەبزوی ` بەوەی کاتێ"هێواش دەبووەوە تادەستێك لەنێوان هەردووقاچەکانم بدات ،لەپردە وەستا دایدەگرتم و ئەی گوت کەمن شەیتانم زللەیەکی لێ دەدام و من ئەم دەزانی بۆ نازەنین زللەی لێ دام "ل[15]،ئەوەش سەرەتایەکە بۆ رێگە گرتن لەپرسیار ، لەوەی لەو کاتەی نارەزووەکان گەشە دەکا بەزللە وەلآمی پرسیارەکان دەدرێتەوە ، ئەو رستەیەش فاکتەرێکی تری نەخۆش بوونی ئەو دەبێت بەوەی کۆمەڵگا نایەڵێ خۆی بناسێنێت ، بۆیە ئەگەر لەدیدی(سیشهایی)ەو لەرستەکانی ناو چیرۆکەکە وردبینەوە کەئەك هەر گێرانەوەی رابردووە ، بەڵکو پێش بینی زەمەنی ئایندەش دەکات ، ئەوەش لەرێگەی تێگەیشتنی لەئەریت کەئاخاوتن فاکتەرە دەروونیەکان دەستنیشان دەکات بەوەش دەکەوینە ناو جۆرێك لەئائامانەگی زمان ، چونکە (ئاخاوتن) نهێنی ئاشکرادەکات و ئەوەی چەکدارەکان بە (باوە)ی دەڵێن نایانەوێ دیگوڵ و منالەکە گوێیان لێ بێت کەدەکرێ ئەو نهێنیە دواجار ببێت بەئاماژەی زمانەوانی و نێو دەق کەسەر لەبەری ئاماژەکان لەوێوە هەوڵی دەسکەوتنی مانا بدەن ، کەچی (ئاخاوتن) نهێنیەکە ئاشکرادەکا "تووڵەمارەکان دەبات بۆ شوێنێکی تر چونکە تەیارە سەگبابەکان دەرمانیان رشتووە "ل[21] بەئاشکرا کردنی نهێنیەکانی ناو دەق نووسەر بونیادی شاراوە بۆخوێنەر جێناهێڵێ، لەئاشکرا بوونی نهێنێ زۆورەکەش نیدی لەوە دەگەین کەچەکدارەکان هاتبوون بۆ ئەوەی بەدەرمان رشتنی فڕۆکەکان بماترسێنن و بە(باوە)ی تاکە پیاوی ئاواییش بڵێن کەدەبێت لەگەڵیان ببێت بەچەکدار،بەو کارەش گوندەکە دەبێتە مێگەلی بێ شوان ، لەمەترسی بێشوانیش هەرەشەی هەموو ساتەی مەرگ نزیك دەبێتەوە ، بۆیە (من)سزای (بەرامبەر)ی لەسەر لادەچێ و کاکە بۆخانەقا دەیبات و دانەش بە کوڕی ماڵەوە ناوی دەبات ئەك قەرەجەکان ، ئەو دێوی مەترسی هاتنەدەرەوەشی لە کوونی ناو دەستەکە لێ دەکرا ، ئیتر باوەچووە بیکوژێ . بەوکارەش شۆرش دەبێ بەگۆڕینی ئاماژەکانی ترس بۆ ئاماژەی خۆشنوودی ، ئەگەر چی ئەوە وەهمێك بێت بۆ رێگە دان بەکووشتن و دامەزراندنی مەرگدۆستی لەناو کەلتووری ئێمەدا، کە بێشك (گێرانەوە) لەو کاتەدا لەناو(ئاستی رابردوو) دەرناچێت چونکە ئەوەی (من ومارەکان) دەگێرێتەوە ئەوە (من)ی منالێ نییە رابردوو دەگێرێتەوە ، بەڵکو(من)ی نووسەرەکە یادەوەری منالی لەئەستی

خەفەکراویدا دەتەقێتەوەو دەیەوێ بارەو ساتەکانی منداڵی بگەڕێتەوە ، تاوەك و بەسەیر کردنەوەی بۆنیستا لەرابردوو چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە ، (گێرشانەوە) ش فاکتەرەدەروونیەکانی لەناو ئاخاوتن ا. جێگیر کردووە تاوەکو خوێنەر بتوانێ دەلالەتی دەقەکە لەناو ڕستەکاندا بدۆزێتەوە، ئەوەش دا چەندە(ئاخاوتن)بەسەر زمان زاڵ دەکات، بەڵام ئەو کارە نەبووەتە مایەی ئەوە، کەنوسین دەقێکی کراوەمان پێنەبەخشێت ، بەڵکو دەق خاوەنی سیستمێکی زمانەوانی سەربەخۆیە ، کەبتوانێ دەق لەئاستی گێرانەوە بۆناستی مانا بەرێت ، ئەوەش خاڵێکی جەوهەریە کەلەناو چیرۆکی کوردیدا بەدەگمەن دەیبینین هۆیەکەشی ئەوەیە لەو دەقەدا چیرۆك نووسەکەمان هەر بەتەنیا مەبەستی گێرانەوەی یادەوەری نیە ، بەڵکو دەیەوێ گۆڕان لەزەمەنەکان بکات بەوە ی بەهەموو ئاراستە زەمەنیەکانەوە چیرۆکەکەمان بۆ بگێرێتەوە ، ئەوەش بەخشینی (دەقی کراوە)یە دەقێك لەئاستی گێرانەوەدا ئاماژەی خۆی کە (مارە) بەرهەم دێنێ لەرێگەی (مـن) ی منداڵەوە بۆگێرانەوە لەلایان (مـن)ی ئێچستا (مـن ی نووسەر) ، ئەوەش پەیوەندی (نووسەر) بەنووسین دەکاتە زەمەنی زات لەناو نوسین کەنووسینەوەی مێژووی زاتە بەدیدێکیترەوە ، مێژوویەك کەبوونی یەك کەلتووری ماڵ رادەکات رابردوومان لەیەك بچێت ئەوەش بەراوورد دەکەین بەدەقێکی تر کە چیرۆکی (عیزانیل)ە هەوڵ دەدەین شێوەی لێکچوون کەسێتیەکەکانو پێوەندیانو جیاوازیان لەرووی بیرکردنەوەو ئەو گوتارەی کەدەبێتە ئاماژە بۆناسینەوەی خێزان ودواتر لەناو کۆەوڵگا گوتارێکی سۆسیولۆژی بەرهەم دێنێت کاتێ سەیری هەردوو چیرۆکی (من ومارەکا ن و(عیزرائیل) دەکەین ، ئاماژەکان دەلالەتی لەیەك چوو بەرهەم دێنن ، ئەگەر چی ئاماژە لەسەر یەك لەچیرۆکەکان لەناو سیستمیکی زمانەوانی سەربەخۆیە کەناچنەوە سەر یەك ،بەلاً، ئەوەی وادەکات نزیکیەك بکەوێتە نێوانیان ئەو ئاماژانەیان کەهەر یەك لەبەرهەم هێنەرانی دەق فرێی دەدەنە نێو نووسین ، ئەو ئاماژەسۆسیۆلۆژیانەی کەلەپەیوەندی خێزانەوە سەرچاوە دەگرنو دەقەکان دەیانەوێ ئەوئاماژە کۆمەڵایەتیانە جارێکی تر بەکار بخەنەوە ، بەڵام هەر یەکەی لەناو سیستمی جیاوازو بەخشینی دەلالەتی فیکری سەربەخۆمانا دەنووسێتەوە ، پرۆسەی نووسین لەو

کاتەدا ڕەخنەی نوێ بەدەق ئاوێزان ناوی دەبات ، چونکە دەق دابڕاو نیەلە و پاشخانە مەعریفی و ڕۆشنبیریەی پێش خۆی ، بەڵکوو ئەوەی لەدەقەکاندا گرنگە زمانە ، زمانە سیتمی جیاواز بەخۆی دەبەخشێت ، ئەگەر بەزمانی (کریستیڤا) بدوێین ئەوە دەڵێین زمان کێشەکان دەگوازێتەوە بۆ ئەبستمۆلۆژیا ئەوەش وادەکات بەتەواوی دزینی ئەدەبی بخرێتە دەرەوەی نووسین ، چوونکە نووسینەوی دەلالەتەکان لەرێگەی ئامازەی زمانەوانییەوە فرمانێك بەئامازەکانی ناو دەق دەبەخشێت ئەگەر دەق ئاوێزان بەدووجۆر پۆلین بکەین (ئاگایی/ نائاگایی) ئەوا (گریمانی نائاگایی) زیاتر دەسەپێتە نێو هاونزیکی ئامازەی دووچیرۆکەکە ، چونکە دەقێکیان لەسەر ئامازەکانی ئەوی تر بەرهەم نەهاتووە ، بەڵکو هەردوودەقەکە لەسەر ئامازە کۆمەڵایەتیەکانەوە هاتوونەتە ناو نووسین ، سیستمی پەتریارکی ئەو دونیایە کەنووسین دەیەوێ بەدەلالەتی جیاواز بنووسێتەوە (من) لە (من ومارەکان) ئاگری جگەرەی باوك دەشوبهێنێ بەمارە گەورەکە "سەیری ڕووناکی جگەرەکەی باوەم دەکرد کەلەنا و تاریکیەکەدا وەك چاوی مارە گەورەکە دەدرەوشایەوە " ل°.. ئەوەش بەو مانایەی کە(من) و توولەمارەکان سەربەنەوەیەکن ، ئەوەیەك (باوك / مارە گەورەکە) حاوەن دەسەڵاتن بەسەریاندا ، باوکێك لەلای (من) ی(شێرزادحەسەن) ، بەعیزائیل ناودەبرێت " هەر ئەو شەوە من زانیم ئەو عیزائیلەی لەشەوی برینەوەی هەنجیرە خۆشەویستەکەمان لەتەکتا خەوت باوکمان بوو " گەرەکی داهۆلەکان (چیرۆکی عیزائیل)لاپەرە "137"، چونکە لەش لەومالەدا وون بووە ، فریادرەسەکەی مردووە ، مردن وەك ئاراستەیەکی بایەلۆژی و قەدەری ئامادەگی لەشی کووشتووە ، چوونکە بەوەستانی (لەشی زیندوو) کار کردن لەدەرەوەی پرۆسەی لەش ، بانگە شە بۆمردنی خۆی دەکات .

لێرەدا تۆزێکی تر لەسەر پەیوەندی عیزائیل و جەستەی باوك دەمێنینەوە ، ئەو پرسیارەی ئاراستەی نووسین دەکرێت لێرەوە دێتە نێو تێرامانەوە کەپەیوەندی باوك بەلەشەوە چیە !؟ دیارە باوك وەك لەشێکی ئازاد و داتەپیو ڕێگای هەموو چالاکیە فیسۆلۆژیەکان دەگرێت بەهۆی سەرجەم یاسا ئاینیەکان و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان لەشی منالەکانی کلۆم داوە ، ڕێگا نادات ئەوان خاوەنی لەشێکی ئازادبن ، بۆیە گەمەکردن بە لەش

بەپەناگەیەك دەزانێ، چونكە پێیوایە منا ـەكان بەهۆی لەشەوە تووشی بەد رەوشتی دێن ، ئەوەش بەپێی ئەو چەمكە كۆمەڵایەتیەی كەلەش تەنها دەبێ لەنێو سیستەمی خێزان پیادە بكرێت ، لەشی باوك عیزرائیلی منالەكانە، بۆئەوەی ئەوان لەمەرەوەی چێژی لەشەوە بن ، بەمەبەستی دەرنەچوون لەماڵ ، باوكێ، لەكاتێكدا ئازادی بەلەشی خۆی داوە چ كاتێك ویستی لەگەڵ لەشی دایك تێكەڵ دەبێ، ئەچی لەشی منالەكانیشی كوشتووە ، دایك وەك منالەكان لەشیباوك بەعیزرائیل دەزانێت ، ئەو خۆ بە وەكاشەیەكەوە نەبینێ بۆرزگار كردنی لەشی ، چونكە باوك دوور لەچێژی هەردوو رەگەزەكە سەیری دەكات ، لەلای ئەو عیزرائیلێكە بۆی هەیە گیانی هەموویان بئێشێ، پرۆسەی زایەند بەگیان كێشان دەزانێت ، دایك بەر لەوە ی بچێتە نێو ژیانی هاو سەری ئومێدێكی هەیە بەوەی لەنێو پەیوەندی هاوسەری لەشی داخراو ئازادبكات كەچی دواتر تێدەگا ت (جەستەی بەرامبەر) رێگای ئەوە نادات ئازاد بێت ،بەڵكو تەنها بۆ چێژی خۆی سەیری جەستەی دەكات ، بۆیە دایك بەو حەقیقەتە گەیشتوە كەپێكهاتەی خێزان ؛وانای رزگار كردنی لەشی داخراوی نیە ، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەو خەونە ... ـ ـرگا ـ كەرە ، بەڵام وەك هەموو ئەو ئیرۆسیانەی كوژران لەشیش توانای رزگار بوونی ـیـ . ـیك لەكاتی تەسلیمبوونی بەلەشی باوك ئیدی لەلای منالەكانی ئەو ژنەمیهرەبانەی باوك رازی دەكات لەناستی منالەكانی بەگوناهبار نەناسرێت ، كەئەوەش تەسلیمبوونی دایكە بەغەریزە و پشت كردنە سۆزی منالەكانیەتی ، كەمنامانە نیە گوێ لەهاواریان بگرێت" دایكە توخوا بێخەلەكەت جیاكەرەوە .. چیتر لەگەڵ ئەو دێوە مەنوو .. هەناسەكانی هالاوی دۆزەخن . وەی لەو ددانە زەردەكانی كەجگەرمژەهراوی كردوون .. تۆ چۆن دڵت هات جگەر گۆشەكانی خۆت بۆئەو بفرۆشیت " ل[127] ، دایكیش كەسێكە لەژێر جەوری باوك دەناڵێنێ وەا، منالەكانی ئازار نەخوات ، دوای دەرچوونیش لەماڵەوە جارێكی تر دێتەوە بەهەمان شێوە ملكەچ نەكا بۆ ئەو دەسەڵاتە ، چونكە هاتنەوە بۆ ماڵەوە . كەڕانەوەیە بۆ نێو نوێنی باوك ،باوك كەوەك عیزرائیل لەناوماڵ دەناسرێ فەرمان رەوای (منال .. ژن .. درەخت.. دیوار)ە ، هەوڵی سڕینەوەی پەیوەندیەكانی ئەو ماڵە دەدات ، لەوانە بڕینەوەی دار هەنجیرەنە پچڕانی پەیوەندیەكانی خێزانە بەسرووشتەوە

، کەسەکان لەدیدی دایکەوە بەپچڕانی ئەو پەیوەندیە تووشی شکست دێن ، ئەوەش شکستی یادەوەری زەمەن و لێلکردنی داهاتووە . "سمە مردنی ئەو کچە لەئەستۆی تۆدایە "ل[128] ، "سمە.. ئەوەش هەر ئامی دار هەنجیرەکە بوو لەعنەتی وەکاشەیە "ل[130] .

چونکە دایك بروای رەهای بە بەها پیرۆزەکان هەیە، کەئەویش بەنەفرەتی گیانێکی پیرۆز دەزانێ، برینەوەی دار هەنجیرەکە دابڕانی پەیوەندیە ئەلقە گرێدراوەکانی ماڵە ، دایك هەموو کارەساتێکی ئەو ماڵە بۆدار هەنجیرەکە دەگەڕێنێتەوە، منالی دەمرێ و دەستی یەکێکی تر دەشکێ پالەوان لەباوەشی نازێ دەبێ و فەرهاد هێلانە کوکوختێکانی دەڕوخێت، ئاشکرا بوونی عیزرائیل وەلانانی دەمامکی میکافیلییەتی دایکە ، چونکە دایك شوناسی عیزرائیل لەمناڵەکانی دەشارێتەوە ، بەلام دوای بالق بوونی پالەوان ، ئەوە کەشف دەبێ کە (عیزرائیل)ئەوەی دێتە نێو پێخەفەکەی دایکە وە لەشی باوکە ، ئەو کەسە یە کەدار هەنجیرەکەی بڕیوەتەوە و هەموو پەیوەندیەکانی ئەو ماڵەی پچڕاندووە ، بۆیە ئەو کەسە وەهمییەی دایك بەعیزرائیلی ئاسمان ناوی دەبات، دەرکەوت هەمان عیزرائیلەکەی ماڵە ، کەواتە باوك لای دایك عیزرائیلە ، بەلام بەو ناوە بەفریشتەی ئاسمان دەیشارێتەوە "دایکە ئەی تارمایی ئەو زەلامەی هەندێ شەو لەژوورەکەماندا هات و چۆ دەکا .. ناو دەخواتەوە .. دەخزێتە ناولێفەکەی تۆ ؟" ل137 . باوك کاتێ بزانێ لەشی بەرامبەر نایەتە ژێر بار ئەوا هەوڵی ترساندنی دەدات بەهۆی سزای داهاتوو ،بۆئەوەی مەترسی گوناهێکی گەورەی بەرامبەر رابگەیەنێ "سبەی جووممەیە.. خواغەزەب لەتۆ دەگرێ "ل139، ئەویش بێ دەسەلاتی باوکە بۆ تێکەلبوون بە لەشی دایکەوە ، ئەو لەو کاتەدا لەبەرامبەر لەشی داخراودا کەسێکی بێ دەسەلاتە و هەموو خولیایەکیشی لەو ساتەدا تێکەل بوونە بە بەرامبەر ، تێکەل بوون بە لەشی مردوو خولیای عیزرائیلەکە تەنها چێژیش بۆخۆیەتی و لەشی مردوو (دایك) لەو پرۆسەیە چێژوەر ناگرێ ، چونکە ئەو لەدەرەوەی لەزەت دەژی بەهایەکی چێژبەخشی لەلایەن بەرامبەرەوە پێی نادرێت .

ئەو نووستنە لەلایەن (رێبوار سیوەیلی) لەچیرۆکی (من وماریمکان)هەمان دەلالەت بەرهەم دێنێتەوە ، بەلام زمان ئاراستەیەکی تر بەمانا دەبەخشێ ،لەوەی باوك ناپارێتەوە،

بەڵکو داوادەکا ، کاتێ دایک ئایەتە ژێر بار پەلامار دەدرێت "باوە بەدایەی گووتوە کەدایە بۆنی خۆشەو دایە پێی ووتوە وەختێ نیەو ئەم شەو ماندووە ، ئەمجا باوە تووڕە بووەو پەلاماری دایەی داوە ، دایە نالآندویەتی و منیش ئەم ویراوە شتێك بڵێم ، باوەش دوایی پرخەی هاتووە و منیش چوومە لای دایەوە و زانیومە دایەلەتاو ئازار گریاوە "من و مارەکان ل11 . دیارە پەیوەندی غەریزە ی (من) ی دەقەکان جیاوازن بەهۆی تەمەن و گەشەی فیسیولۆژی جەستەیانەوە ، لە(عیزرائیل) دا (من) لەتەمەنی باڵق بوون دایە و هەست بەغەریزەی خۆی دەکات و (نازێ) شەیدای کردووە "هەر لەژێر هەنجیرەکەی تۆدا هەردوو باسکم لەقەدی دەئالآند و هەڵم دەبڕێ ئاهەنجێرێك لێ بکاتەوە .. دەم و لووتم لەو چاڵە گیر دەبوو کەناوێرم ناوێ بێنم دایکە " ل130 . کەچی(من) لە (من ومارەکان) منالێکەو بەلآم هەست و ئارەزووی بۆغەریزە هەیە لەسەر ئەو بنەما سایکۆلۆژیەی کەئارەزووەکانی مرۆڤ بۆ غەریزە لەمنالیەوە دەستپێدەکات "من کۆڵی نازەنینم لەکۆڵی دادە پێخۆشترە " ل11 زمان لەکارکردن بەدال مانای جیاواز بەرهەم دێنی کەئەوەش بەڵگەیە بۆ سەر بەخۆیی سیستمە زمانەوانیەکان ، لە (عیزرائیل) دا دایك دوای ئەوەی هەستدەکات کوڕەکەی شەیتانی بووە ، ئیدی ڕێگا بەخۆی نادا لەگەڵ باوك بخەوێت "ئیتر چیتر لەتەکتا نانووم .. تەواو ئیدی شورەییە .. منالەکان گەورە بوون .. عەیبە هەموو لەیەك ژووردا بنووین " ل136 کەچی لە(من ومارەکان) کاتێ (نازەنین) بەدایکی دەڵێ کوڕەکەی شەیتانە هەستی سێکسی دەبزوێ ، باوك بەپیاو سەیری دەکات و لەگەڵ خۆیدا دەیباتە دیوەخان بۆ لای میوانەکان ، دایکەکەش لەکاتی نووستنی وەك دایکەکەی (عیزرائیل) ناکات ، نەك هەر هیچ ناڵێت بەڵکو بەبێ قسە لەگەڵی دەخەوێ بەجیاوازی لەشەوانی رابردوو "باوە وەك منال لەدایە ئەپاڕێتەوە و دایە ئەو شەوە هیچی نەدەگووت ، من هەر لەژێر پەتۆکە تێئەدەگەیشتم بۆ دایە ئەم شەو هیچ ناڵێت و باوەش هەر بەقوربانی دایە ئەبێت " ل16 .

ئەگەر چی ئاخاوتن تووشی هەڵەیەکی نێو زمان دێت ، بەوەی گەر دایە بێدەنگەو هیچ ناڵێت باوە بۆچی وەك منال دەپاڕێتەوە !؟ یا ئەوە سیفاتێکی (باوە)ش بێت کە لەنێو نوێن هەر بپاڕێتەوە، ئەگەر چی ئەم پرسیارە مەبەستی نووسینەکەی ئێمە نیە بۆیە

جنێدیلێن، چونکە مەبەستی ئێمە لەوە دادەنێرەدا تەنها قسەکردن بوو لەچەمکی دەقناوێزان ئەو چەمکەی هەر بەتەنیا لەئیدیۆلۆژیم درینی لەناو دەق دەرنەکرد ، بەڵکو ڕەخنەیەکی نوێی هێنا یە ئارا، ئەویش (ڕەخنەی ئەبستمۆلۆژی) بوو ، کەدەق .. ژیانی ڕۆشنبیری تێکەڵ بەژیانی کۆمەڵایەتی دەکات ، بەوەش دەق دەکات بەزانستێک کە مەعریفە بەرهەم دێنێت ، ڕەخنەش لەو کاتە دا ڕۆڵی لەدەق کەمتر نابێت ، بەڵکو وەك دەق هەوڵی دەرخستنی ئامازەکان دەدات ، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ دەقەکانی پێشوو بەوەی بزانێت لەناو دەقەکەدا ئەو نهێنییە چییە کە زمان دەینووسێتەوە وەك لە (من ومارەکان) دا زمان لەرێگەی (ئامادەبوونی مەعریفی) ئامازەکانی ناو زمان دەنووسێتەوە ، بەوەش لەبەرامبەر دەقی (عیزرائیل) دا دەبنە دوودەقی سەر بەخۆ کە زمان لەیەکتریان جیادەکاتەوە ، بەوەی هەر یەکێکیان ڕوبەری نادیاری خۆی هەیەو لەناو زمان ئاشکرای دەکات ، بەواتای دەقی (عیزرائیل)نابێ بە (یادەوەری دەق) بۆ (من و مارەکان) ، بەڵکو پێوەندیەکانی خێزان دەبێ بەیادەوەری بۆ هەردوو دەقەکە .

<u>ژێدەر</u>

* من ومارەکان / ڕێبوار سیوەیلی

مەڵبەندی لاوانی میدیا/1999 لاپەرە (5-22)

** گەرەکی دلەوڵەکان /شێرزاد حەسەن

(کۆمەڵە چیرۆك) چاپی یەکەم /1997 (چیرۆکی عیزرائیل) لاپەرە (127-141)

*** سیمۆلۆژیاله سۆسێر بۆچۆمسکی / نیهاد جامی (کتێبێکی دەست نووسە)

كەمۆسیقا لەوێ نەبێ.. پڕاوپڕ دەبم لەگوناه

خوێندنەوەیەكی ئیستاتیكیە بۆ سیمفۆنیای نۆیەمی بتهۆڤن

(پێشكەشە بەرەگەز رەشید كەئەو رۆژە لەتورەگەی رەنگەكانی چەپكێ رەنگی بۆ ناردبووم)

رەوشت رەشید

-١-

هاوڕێ.. تۆ ئەی ئەوەی تاریكی پەنجەرەكانی گرتویت، من نازانم ئێستا لەكوێی غەریبیدا وەستاویت، ناشزانم ئەدەبی چەندەمی فیراقیت، وەلێ ئاگادارم هەرگیز تۆ ختمی ئەو ئنجیلی عیشقەت پێنەكرا.. دەزانم ئێستا جارنا جارێ چاوەكانت لێكدەنێیتو روخسەت لەو جەستە هیلاكەت ناخوازیتو بەناو یادەوریەكی پڕ لەخەفەتو وێرانی بیر لەمن دەكەیتەوە.

ئەی هاوڕێی تەواونەكردنی چیرۆكەكان.. ئێستا لەم شارە كەئیبەدا لەكونجی گەرمكێكی بێناونیشان چرایەك تاریك تاریك، بەرز بەرز، چەند هەنگاوێك لەخوارەوەی ماڵی خودا نەرم نەرم دادەگیرسێت.. ئەوە منم !

ئەگەرچی هیچمان وەكو سەردەمی منداڵی چاوەكانمان نادرەوشێنەوە، ئەگەرچی هیچ كامێكمان نەمانتوانی تروسكاییەكانی منداڵی لەسەر پەنجەرەكانمان بهێڵینەوە، بەڵام ئەگەر هاتی دەمناسیتەوە، چونكە من ئێستاش سپێتی ئەو رۆحە وێرانەی خۆمم پێنەشاردراوەتەوەو بەردەوام وەكو چرا بەدوامەوەیە، بۆیە دڵنیام دەمدۆزیتەوە.

ئەی هاوڕێی ئێوارانی باران، دەبێ غەریبی جگە لەمن و تۆ چی بێ!؟تەنیایی، تۆ بڵێی ئەگەر لەماڵی من و تۆوە سەری هەڵگرت لەکوێ ئۆقرە بگرێ؟! من ئەی هاوڕێی گێڕانەوەی سوحبەتەکانی منداڵیم، ئێستا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ترسەکانم گەورەتر دەبن، ترسی ئەوەی ئێوارەیەك بەدواتاندا بگەڕێم و کەس نەدۆزمەوە لێی بپرسم ئێستا ساڵی چەندەمی هیجرانی یارانە.. کەسێك نەدۆزمەوە هەگبەی فرمێسکەکانم لەگەڵ بەشکا.. من زەندەقم لەوەچووە.."ئاگام لێنەبێ بمرم و کەسیش نەبێ پێم بڵێ ئەمڕۆ چەندی مانگەو سەعات چەندە."

ئیدی ئەی هاوڕێی گریانەکانی منداڵیم من توانای ئەو پەیڤە بێئومێدو ساردو سڕانەم نەماوە، ئیدی من لەو پەیمانانەی ئینسان بێزارم، من لە زمان تووڕەم، ئەوەتا تەسلیم بە باخەکانی لیمۆو زەیتون دەبمەوەو لەوێ نامەکانی ئێوە دەکەم بەدیوان و بەر لەوەی زاکیرەم پیربێ هێدی هێدی گوێ لە مۆسیقا دەگرم. گەر گوێ لەمۆسیقا نەگرین هیلاکی جەستەمان دەخواو بەلێزمە ماندوو بوون لەسیماو دڵ و دەرونمان دەبارێ. ئەوکات لەهیچ شوێنێك ئۆقرە ناگرین، هەموو شوێنێك دەبێتە شوێنی کوشتنی حەزەکانی ئێمەو ماڵەکانمان دەبنە مەنفا. بەبێ مۆسیقا پڕاوپڕ دەبین لەتاوان و مێژوومان دەبێتە کتێبی کارەساتەکان، ئەوەتا"پیاوێك کە هەمیشە لەتووڕە بووندا جوانە دەنوسێت:" گەر سەرکردەکان گوێیان لەمۆسیقا بگرتایە، هەرگیز شەڕی ناوخۆیان نەدەکرد."*

ئەی هاوڕێی غەرق بووی نێو کتێبەکانی فەلسەفە، من لەسەر زوبانی نیچەوە پێت دەڵێم"ژیان بەبێ مۆسیقا زۆر بەفاسانی هەڵەیە، ماندوو بوونە ، مەنفایە"(سمیر الحاج شاهین، روح الموسیقی، 1980، لا 42)، من لەوێوە پێت دەڵێم: تاسەرابی مەنفاکان ڕۆحی ووشك نەکردووین دەبێ بیر لەژیانێکی دی بکەینەوە، تۆش گەر دەتەوێ بەتەنیایی بە نێو ئەم تاریکستانە گوزەر نەکەیت، گەر دەتەوێ دڵەراوکێ نەتکوژێ، وەرە با لەگەڵ زاکیرەی سنەوبەرێك تەعاروف کەین و گوێ لەمۆسیقا بگرین..

شایەت من پیاوێکی کەئیب بم ، دوورنییە تۆش کەسێکی لەخۆم وێرانتر بیت، وەلێ هاوڕێم مۆسیقا فورمان پێدەبەخشێ و تاریکاییەکانی ناوەوەمان ڕووناك دەکاتەوە. ئەوەتا

هێرمان هیسە باسی ئەو ڕووناکییەی نەغمە دەکاو دەڵێت:" ئەو شاعیرەی لەریتمی شیعرەکانی ستایشی جوانیەکانی ژیان دەکات و، ئەو مۆسیقا ژەنەی دێت و ئەو شیعرانە وەکو نێستایەکی پاراو دەلەرێنێتەوە، ئەوانە مرۆڤێکن ڕووناکی لەگەڵ خۆیان دەهێنن و خۆشی و سەفا لەسەر ڕووی زەوی زیاد دەکەن، ئەگەرچی لەسەرەتا ڕەنگە بەناو فرمێسک و دڵەراوکێی پڕئازار دەستمان بگرن، ڕەنگە ئەو شاعیرەی بەشیعرەکانی سیحرمان لێدەکات پیاوێکی تەنیاو غەمناک بێت، ڕەنگە ئەو مۆسیقا ژەنەش خەون بینێکی کەنیب بێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئیشەکانیان بەشێکە لەسەفاوشادی خواوەندو ئەستێرەکان..(هیرمان هیسە ، لعبه الكريات الزجاجيه، و: مستەفا ماهر، دار المدى، 1998).

هاوڕێم : ئیرۆدا دەڵێت:" لەدونیادا چی لەدیمەنی شەمەندەفەرێك خەمناکترە کەلەبەر باران ودستابێت؟". ئەی هاوڕێی یاخیبووتەکانی هەرزەکاریم من ئێستا وەکو ئەو شەمەندەفەرە خەمناکەم، ودك ئەو شەمەندەفەرە هەموو فارگۆنەکان نامۆ دەبینم و جورئەت ناکەم سەربکەم بەماڵی هیچ وێستگەیەك ،ئیدی دەبێ تەوبە بکەم، دەبێ گوێ لەمۆسیقا بگرم..دەبێ گوێ لەمۆسیقا بگرین، چونکە هەر بەتەنها ئەو دەتوانێ لەناو ئەو هەموو گوناهە دەرمانبێنێت وبێنەوەی شەرمێ بکەین وەکو منداڵی، وەکو قیامەت، ڕووت ڕووتمان دەکاتەوەو دەمانکات بەسێبەری فریشتەکان.

ئەی وەکو خۆم گومڕا، دەبێ تەوبە بکەین..!

کەپاییز لەدڵماندا شین دەبێ و ئەو هەموو زێڕەمان پێدەبەخشێ کەچی سوپاسی ناگەین، گوناهبارین.کە کوندە پەپووی لەهەمووومان تەنیاتر ئاوا بەقوڵی سەیرمان دەکاو لێی ناپرسین بیر لەچی دەکەیتەوە، گوناهبارین.. کە نازانێ یاقووت جوانترە یان هەنار کوفر دەکەین، کە جورئەت ناکەین لەداری سنەوبەرێك بپرسین دەێنی ئەو لەگەڵ سەوزاییدا چییە تاوانبارین بۆیە ئەی هاوڕێی غەریبیم دەبێ تەوبە بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مەزهەبێ تیایدا بەچەمانەوە بۆ نەغمەیەکی شۆخ یان هەڵسان لەحزور ئاوازێکی بەهەیبەت دەروونی پڕ لە گوناهمان جوان بشۆین و خۆمان بە جوانیەکان بسپێرین.

-2-

یەکێك لەکەموکوڕی وناتەواویەکانی بواری بیرکردنەوەو نووسینی هونەری کوردی نەبوون یان لاوازی هوشیاری هونەرییە بەگشتی و سستی لایەنێکی یەکجار گرنگە کە پێی دەڵێن مۆسیقای کلاسیك. ئەم سستیەش لەدوو رووەوە سەرچاوە دەگرێ، روێکیان لایەنی تیۆری و نووسینی مۆسیقایی و مێژووی مۆسیقایە، رووەکەی تریشیان لایەنە پراکتیکیەکانی ئەداکردن و گوێگرتن و دواجار تێگەیشتنە لەمۆسیقای کلاسیك.

من لێرەدا ناچمە سەر هۆکارەکانی ئەم لاوازی و کەم و کوڕیانەو ئاشکرایە کە هەر یەك لەلایەنە تیۆری وکرداریەکان کۆمەڵێك هۆکار بەدوای لاوازیانەوەیە، بەڵام ئەوەی لێرە بەگرنگی دەزانم بیڵێم ئەوەیە کە بواری مۆسیقای کلاسیك بوارێکی یەکجار گرنگی هونەرە بەگشتی و مۆسیقاش بەتایبەت و راستیەکی بەڵگەنەویستە کە تائێستاش کلاسیزم چ وەك ئەدا چ وەك تیۆریش گەورەترین سارچاوەیە بۆ داهێنان و لێکۆڵینەوەی مۆسیقایی.

هێرمان هیسە دەڵێت: "مۆسیقای کلاسیك جەوهەری رۆشنبیری رۆژئاوایە "(روح الموسیقی، لا 9)،ئەگەر مۆسیقای کلاسیك بەشێکی دانەبڕاوو هەمیشە ئامادەی ژیارو شارستانیەتی رۆژئاوا بی و پانتاییەکی فراوانی ئەو رۆشنبیریانەی پێك هێنابێ،ئەوا بۆ ئێمەی کورد کە زۆرجار دەگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەو بەرهەمەکانی رۆشنبیری و بیرکردنەوەی رۆژئاوا، مۆسیقای کلاسیك و مێژووی ئەو بوارە دەبێتە گرنگیەکی بەرچاو کەناکرێ تیایدا کەم تەرخەم بین، لەلایەکی دیکەشەوە وەکو مرۆڤ تێگەیشتن لە مۆسیقای کلاسیك و گوێگرتن لێی چێژێکی ئێستاتیکی تایبەتمان پێدەبەخشێ، کە ئاسایی نییە ئاوەها بەسوك و سادەیی دەست بەرداری بین.

تا ئێستا زۆ بەکەمی و پچڕپچڕی لەم لاو لەولا نوسینێك یان وەرگێڕانێك یان نەقڵ کردنێکی سادەی مێژووی ژیانی یەکێك لەهونەرمەندانی کلاسیك لە بڵاوکراوە کوردییەکان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو نووسینانە خۆماندووکردن و

بیرکردنەوەی زانستی و ئیستاتیکیان تێدا یەکجار لاوازەو ناگەنە ئەو ئاستەی پێیان بگوترێ نووسینی جیددی.

لەرووی پراکتیکیشەوە، ئەوا تیپە مۆسیقاییەکان لەم بوارەی مۆسیقاوە زۆر کەم تەرخەمن و ئەتوانم بڵێم تا ئێستا مۆسیقای کلاسیک نەبووە بە هەمیشەیکی هونەریی یان پرۆژەیەکی جیددی.

وەك گوتم هەریەك لەم کەمو کوڕیانە دونیایەك هۆکارو مەسەلە لەپشتیانەوە وەستاوەو لێرە بواری ئەوەم نابێت بەدرێژیی باسیان بکەم. من لەم نوسینەم هەوڵ ئەدەم خوێندنەوەیەکی ئێستاتیکیانە بۆ یەکێك لە شاکارە جیهانییەکانی مۆسیقای کلاسیك بکەم کە سیمفۆنیای نۆیەمی (بیتهۆڤن)ە.دیارە ئەم جۆرە خوێندنەوانەش بەهەوڵی زۆر پێویست دەزانم بۆ ئاکتیڤکردن و پەرپێدانی لایەنی چێژوەرگرتن لە مۆسیقای کلاسیك و فراوانکردنی دونیابینیی ئێستاتیکی و بواری تێگەیشتن لەشاکارە جیهانییەکانی مۆسیقا.

لەسەدەی بیستەمدا شێوازێکی زۆر گرنگ و سەرکەوتوو بۆ فراوانکردنی دونیای چێژو تێگەیشتن لە مۆسیقای کلاسیك سەری هەڵدا، ئەویش ئەوەبو لەشارە گەورەکانی ئەمریکا و ئەوروپا یەکێك لە مۆسیقاژان و شارەزایانی بواری شیکردنەوەی مۆسیقا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەرادیۆ یان تەلەفزیۆن یانیش لەهۆڵی نمایشە مۆسیقاییەکان قسەی لەسەر ئەو شاکارە مۆسیقاییە جیهانیانە دەکرد کە دواتر نمایشدەکران. نموونەی ئەم کەسایەتیانەش (دیمیتری کابالیڤسکی)بوو، کە بۆماوەیەکی زۆر لەمۆسکۆ لم جۆرە کۆڕانەی سازدەکرد. بەزۆری ئەم جۆرە کۆڕو راڤەکردنانە نیو سەعاتێك یان سەعاتێك پێش نمایشکردنی شاکارێکی جیهانیسازدەکران و زۆربەی جارەکان مایسترۆی هەمان ئەو تیپەی کە شاکارەکەی نمایشدەکرد بەو کارە هەڵدەستا و، لەمیانەی شرحکردنەکەیدا باسی لە مێژووی نووسین ونمایشکردنی یەکەم و کاریگەرییەکانی ئەو بەرهەمە مۆسیقاییەی دەکردو، باسی مۆتێڤ و رستە سەرەکیەکانی ئەو بەرهەمەی ئەکردو رەگەزو بنەما و ریتم و ئاوازەکانی شیدەکردنەوە. زۆرجاریش لەسەر ئامێری پیانۆ هەندێ زانیاری شەرحدەکرد، بەمەش جەماوەرو گوێگران زانیارییەکی باشیان لەسەر ئەم کارە مۆسیقاییە دەبوو کە رێگەی خۆش

دەکرد بۆ زیاتر و باشتر تێگەیشتنی ئەو شاکارە جیهانییە.(التحليل الموسيقي، تاليف: سيدريك تورپ ديڤي، ترجمه وتعقيب: د. سمحه الخولي، 2000 ، لا 213).

هەندێ جاریش ئەو شیکردنەوەو ڕاڤەکردنانە لەشێوەی چەند نوسینێك بڵاودەکرانەوەو لەچوارچێوەی کتێبێك یان چەند کتێبێکدا چاپدەکران و دەکەوتنە بەر دەستی هونەر دۆستان. نموونەی ئەم جۆرە کتێبانەش چەند نوسینێکی(سێر دۆناڵد فرەنسیس تۆڤی)یە، کە مۆسیقاژەن و مایسترۆ و مۆسیقا شیکارێکی سکۆتلەندیبوو، ئەم نووسینانە لەژێر ناونیشانی "چەند وتاێك دەربارەی شیکردنەوەی مۆسیقایی"بوون، کە لەحەوت بەرگدا بەچاپ گەیەنران و تیایاندا تۆڤی شەرحی کۆمەڵێك سیمفۆنیا و شاکاری جیهانی دەکات کە لەچەند ئاهەنگێکی مۆسیقاییدا نمایشکراون.(ه.س.پ، لا 213و214).

لەفەرهەنگی ئێمەدا ئەم جۆرە هەوڵانە یەکجار کەمن و پێویستیمان بە خۆماندووکردنێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لەم بەشەی هونەر دوانەکەوین و بێئاگانەبین، دەکرێ ئەو نووسینە یەکێك بێت لەهەوڵە سادەو سەرەتاییەکان بۆ فراوانترکردنی بواری گوێگرتن لە مۆسیقای کلاسیك و ئاسانترکردنی تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن لەشاکارە مۆسیقاییە جیهانییەکان.

-3-

سیمفۆنیای نۆیەمی بیتهۆڤن

"سرودی شادی" یان" بانگەشەیەك بۆ شادیی مرۆڤ".

زۆربەمان لەسەر ئەوە کۆکین کە مۆسیقا هونەرێکە تیایدا دەکرێ مانا بدرێتە هەست و هەڵچوونەکان و، دەتوانرێ گوزارشت لەو هەستە یەکجار ئاڵۆزانە بکرێت کە ئاسان نییە بەهۆی بوارێکی دیکەی دەربڕینەوە گوزارشتیان لێوەبکرێت.

ئیچە دەپرسێ: نەغمەکەی دەبێ بە مۆسیقا؟ هەر خۆیشی لەوەڵامدا پێیژێ: لەپێش هەموو شتێکدا لەرپەڕی حاڵەتی شادی، یان خەمناکی ئێرادەدا، لەئاتاگایی هەڵچوندا، لەناو هاواردا. هەر ئەم پەیوەندییە قوڵەی نێوان مۆسیقاو هەستیشە وادەکات لەسەر

زووبانی(دیبۆسن)ەوە بڵێین: نەغمە گوزارشت کردن نییە لەهەست، بەڵکو بۆخۆی بریتییە لەهەست. مۆسیقای کلاسیك و سەمفۆنیا بەتایبەت زۆر بەجوانی و تێروتەسەلی توانیویانە بەرگری لەم پێناسەیە بکەن و وەختەبڵێین سیمفۆنیا لەسەدەکانی رابردوودا لەرۆژئاوا، لەزۆربەی حاڵەتەکاندا باشترین و بەرزترین شێواز بووە بۆ گوزارشتکردن لە حاڵەتە ئینسانییەکان و، وێناکردن و بەرجەستەکردنی سیماو کارەکتەرو دیمەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پڕ لە ئاڵۆزی ئەوسات. هەر بۆیەش بووە بە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە ژیارو رۆشنبیریی رۆژئاوا، بەشێك لەشارستانیەتەکان کە بەردەوام جێگەی باسکردن و شانازی کردن بووەو تائێستاش وەکو بەشێکی رووناك لەیادەوەری و مێژووی رۆژئاوا ماوەتەوەو هەمیشە ژ ودك سەرچاوە، چ وەك قوتابخانەیەکی گەورەی چێژو ئیلهام ئامادەگی هەیە.

کاتێك باس لەمۆسیقای کلاسیك و کاری سیمفۆنیی دەکرێت ئەوا کۆمەڵێك ناو لەیادەوەری مێژووی مۆسیقادا دێنە پێش و کارو بەرهەمەکانیان سەرسامان دەکەن، یەکێکیش لەو ناوانە کە حزورێکی بەردەوامی هەیەو دەتوانین بڵێین مۆسیقا ژەنی هەموو سەردەمەکانە (لۆدڤیگ ڤان بیتهۆڤن)ە.

بیتهۆڤن ئەگەرچی بەدرێژایی تەمەنی لەرووی ئیشی سیمفۆنییەوە تەنها(9) سیمفۆنیای داناوە، بەڵام هەر یەکێك لەو سیمفۆنیایانە بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگی مۆسیقای کلاسیك و شاکارێکی ئەمری پڕ لە جوانی. لەمۆسیقای بیتهۆڤندا نهێنییەك هەیە ، جوانیەك هەیە، هێزێکی کێشکردن و کاریگەری هەیە کەوایکردووە بەردەوام ئەو مۆسیقاوشاکارانە بۆ مۆسیقا ژەن و لێکۆڵەرەوەکانی سەردەمی خۆی و دوای خۆیشی ببێت بەسەرچاوەو نموونەی بەرزی داهێنان.

گرنگی مۆسیقای بتهۆڤن لەدوو سۆنگەوە سەرچاوە دەگرێ، یەکێکیان لایەنە رۆحی و دەروونییە بەهێزەکانی ئەو شاکارانەیە کە پیوەندییەکی قووڵ و پتەو لەگەڵ گوێگرو مۆسیقاژەندا دروستدەکات و وادەکات ئەو بەرهەمە مۆسیقاییانەو نوتەکانی بەردەوام بەزیندوویی لەیادەوەریدا بمێننەوە.

دووەم لایەنی بەهێزی ئیشەکانی بتهۆڤن تەکنیکە، لەرووی تەکنیك و ناوەڕۆکی مۆسیقاییەوە بتهۆڤن چەند گۆڕانێکی بەسەر سیمفۆنیادا هێناو بەتایبەت لەجوڵەی چوارەمداو توانی شێوازێك دابهێنێت کەله دوای خۆیدا بێت بە ڕێچکەو پەیڕەو بکرێ.

دیبۆسی دەڵێت:" لەبیتهۆڤنەوە سەلمێنرا کە ئیدی سیمفۆنیا بێهودەییە..(روح الموسیقی، لا 341) لەلایەکی دیکەشدا ڤاگنەر دەنووسێت: (لەگەڵ دوایین سیمفۆنیای بتهۆڤندا ، مۆسیقا چوونە نێو هونەری جیهانیی بەجێگەیاند، مۆسیقای بتهۆڤن ئینجیلێکی بەشەرییە بۆ هونەری ئایندە، دوای ئەو هیچ پێشکەوتنێك لەتواناداانییە).(م.س.پ، لا 341و342).

تا لەم هەڵسەنگاندنەی مۆسیقازانە ناودارەکانی دونیا و لە تێرو تەسەلی و سیحریەتی ئاوازدانان و مانا گەیاندنی سیمفۆنیاکانی بتهۆڤنەوە گرنگی و زەروورەتی گوێگرتن و تێگەیشتن لەسیمفۆنیا و شاکارە مۆسیقاییەکانی دیکەی بتهۆڤن دێتە پێشەوە.

سیمفۆنیای نۆیەمی بتهۆڤن لەکاتێکدا نوسراوە کە ململانێ و بەربەرەکانیەکی یەکجار توند ئەورووپایی گرتبوەوە، ئەمەش لەنێوان چینی زەحمەتکێش و ماندوونەناس و چینی دەسەلاتدارو ستەمکار. ئەو ململانێیە بووە هۆی ئەوەی زۆربەی شاعیرو نووسەرو ئەدیبان بەشێك لەنووسین و بەرهەمەکانیان بخەنە خزمەت ئەو پرەنسیپ و ئایدیا و بەرنامانەی کە هەڵگری بوون و لەپێناویدا خەباتیان دەکرد.

شاعیری ئەڵمانی (فرێدریك چیلەر)کە هەمیشە دژی ئەو گەندەڵی و نالەبارییە بوو کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئەورووپای گرتبووەوە، زۆریش لەژێرکاریگەری شۆڕشی فەرەنسادابوو، لەساڵی 1785دا قەسیدەیەکی لەژێر ناونیشانی(بۆ ئازادی) نوسیبوو، بەڵام باروذۆخی ئەوسای وڵات و زوڵم و ستەم و توندڕەوی دەسەلاتەکان بە هیچ شێوەیەك هاندەر نەبوون بۆ ئەوەی چیلەر قەسیدەکەی لەژێر ئەم ناونیشانە بلاوبکاتەوە، هەربۆیە ناونیشانی قەیسدەکەی گۆڕی و کردی بە " بانگەشەیەك بۆ شادی".

بتهۆڤن لەساڵی 1823 ئاوازی قوداسێکی بەناوی میساسۆلینیس missa solennis لەشاری (بادن) تەواو کردبوو، بۆیە هێشتا لەژێر کاریگەری تقوس و نەغمەکانی ئەو

قوداسەو کارە مۆسیقاییە ئایینیەکاندا بوو، کە تیایدا وشەو دەنگی مرۆیی رۆڵێکی گرنگو بەرچاو دەگێڕن. ئیدی هەر لەژێر ئەو کاریگەریەشدا بیرۆکەی گۆڕینو گەشەپێدانی سیمفۆنیای بەخایاڵدا هات، ئەویش بەزیادکردنی دەنگە مرۆییە کۆراڵیەکان بۆ سیمفۆنیاکەو لەوێوە بیرۆکەی نووسینی سیمفۆنیای نۆیەم سەری هەڵدا.

بیتهۆڤن لەهاوینی 1823 لەداناني سیمفۆنیای (9) بووەوەو دوای تەواوکردنی ئەو کارە مەزنەی، نۆتەی سیمفۆنیاکەی بەسەر تیپی ئۆرکێسترا دابەشکردو بڕیاریدا لەرۆژی (7)ی مایسی 1824 لەسەر شانۆی (کارەنتین) لە ڤیەننا نمایش بکاتو هەرخۆشی رابەرێتی تیپی ئۆرکێسترا بکات.(غانم الدباغ، نزعات انسانیه ﻗ موسیقی بتهوفن، 1979، لا 44و 45).

سیمفۆنیای نۆیَ بتهۆڤن لەسەر پەیژەی بچووکی دۆ واتە (D MINOR)و، لەچوار جوڵەیێك دێت،جولەی چوارەم بەشی زۆری بریتیە لەقەسیدەکەی شیلەر کەلەلایەن کۆراڵەوە ئەدا دەکرێت. سیمفۆنیای نۆیەمی بتهۆڤن گوزارشت لەهەستی شادی و مەیلی ئازادیخوازیو خۆشگوزەرانی دەکات لەلای مرۆڤو، تیایدا بتهۆڤن لەو کۆتو زنجیرە کلاسیکیانە چۆتە دەرەوە کە ببون بە پرانسیپ و تێکست بۆ مۆسیقارانەکانی سەردەمی خۆیو ئەو توانی شۆڕشێك لەناو سیمفۆنیادا بەرپا بکات. لەسیمفۆنیای (9)دا، ئاوازەکان، هاوشێوەی هەستو هەڵچونو حەزو ویستەکانی بتهۆڤنو سەرجەم مرۆڤە ویژدان زیندوو ئازادیخوازەکان ئۆقرە ناگرنو رووەو تەقینەوەو دروستکردنی رێرەوێك دەچن بۆ دەرچوون.

-4-

جوڵەی یەکەم:- لخێرا

ALLEGRO MA NON TROPPO UN COPO MAESTOSO

بەشێوەیەکی گشتی ئەم جوڵەیە گوزارشت لەو ململانێیە دەکات کە مرۆڤو دونیای ناوەوەی مرۆڤ تیایدا دەژی لەپێناو گەیشتن بەشادی، ئەم ململانێیەش هەندێ جار ئەوەندە تاقەت پڕوکێن و درێژخایەنە وادەکات بێومێدبینو بگەینە ئەو رایەی کە ئیدی ئاستەمە بگەین بەو شادیەی ئێمە دەمانەویَ.

ئاوازێك دێ و لەگەڵ خۆیدا تاریكی دێنێ، دواتر چەند بروسكەیەك لەناو هەورە تاریكەو تەنیاكاندا دەتەقێتەوەو پارچەیەك لەرەشبینی دەبارێنن، لەم نێوەدا ئاوازەكان دەیانەوێ بێرحمی قەدەرمان بۆ باس بكەن كە چۆن وەك میرێكی بڕیار بەدەست دەبێت بەسوڵتان بەسەرمانەوەو چۆن حەز بكات ئاوا بەرەو كەنارەكانی ڕاپێچمان دەكات. ئەم ئاوازانە بەهۆی چەند لێدانێكی توندو چاوەڕوان نەكراوی ئامێری كۆنترباس دێنە بەرگوێ.

لەم پارچەیەدا هەست دەكەیت بتهۆڤن دەیەوێت گەل و مرۆڤایەتی لەو خەوە قوڵە بەخەبەر بێنێ كە لەژێر باری قورسی قەدەردا تێی كەوتووەو وایكردووە چینێك لەزەحمەتكیش و بێ دەسەڵاتەكان بەردەوام بەدەست گروپێكی زۆردارو دەسەڵاتدار بتلێتەوە، ئاوازەكان مرۆڤ هاندەدەن بۆ ئەوەی بەدوای ئازادیەكاندا بگەڕێن و سووری دەكەن لەسەر ئەوەی كەبە هیچ شێوەیەك دەستبەرداری ئەو مافە نەبن كە مافی هەموو ئینسانێكە ئەویش مافی سەربەخۆ ژیان و شادی و كەیف كردنە، بەم جۆرە لەحوڵەی یەكەمدا ئاوازێكی بنچینەیی دروست دەبێت، كە ئاوازی وەخەبەر هێنانی ئینسانە.

ئەو ئاوازە دێ و مژدەی خۆشبەختی پێیەو داوامان لێدەكات شوێن پێی كەوین،ئێمەش دەكەوینە دوای و وەكو منداڵ خەون دەبینین و لەخەونماندا لەسەر لوتكەیەكی بەرزەوە دووباڵمان بۆ ڕوواوەو ڕووەو ئاسۆكان لەشەقەی باڵ دەدەین. زۆر نابات لێدانەكانی قەدەر بە ئاگامان دێنن و پێمان دەڵێن :" شادی تۆ پابەندە بەحوزنی پەپولەیەك كە لەیەكێك لەئێوارەكانی پاییزدا باڵەكانی دۆراندو بەدوو دارشەقی شەلەوە گەڕایەوە" و دەبێ ئێوە لەناو حوزندا بمرن.

ئینجا مۆسیقا سەدای كەوتنی كەسێكمان دەدات بەگوێدا كە قەدەر زۆری بۆ هێناو خستی. بەڵام مرۆڤ مایل بە ویستی غەریزەكانیەتی، غەریزەكانیشمان مایل بەشادین، ئیدی هەوڵەكانمان بۆ گەیشتن بەو شادییە بەردەوام دەبن، هەربۆیەش ئەو مرۆڤە كەوتووە جارێكی دی هەڵدەستێتەوەو درێژە بەڕێگای خۆی دەدات و بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن و ماندوو چەشتندا لەپێناو گەیشتن بەئاواتەكانی، لەپێناو زاڵبوون بەسەر ئازارو خەفەت.

بەڵام ئەفسوس ، ئەغمەیەکی دی دێتو هەواڵی دۆڕانی ئەو مرۆڤەی پێیە، ئیدی فرمێسک چاوەکانمان پڕ دەکەنو جەستەمان پڕ دەبێ لەرەشبینی. بووقێك هەواڵی ئەو ئازارەمان پێدەسپێرێو زۆر بەخەمناکی لەناو گۆڕیانی ململانێدا خۆی دەژەنێ.لێرەدا وێنەی مرۆڤێکی بێئومێد بەرجەستە دەبێت کەسەری خۆی داگرتووەو لەگەڵ ئاوازێکی تازیە باردا لەپێشەوەی تەرمی حەزو هیواکانی هێدی هێدی دەڕواو، ئاوڕ لەکەس ناداتەوە.(روح الموسیقی، لا348).

لەنیچەوە فێربووین کە مرۆڤ کائینێکی خاوەن ئیرادەیەو ئەو شتەی نامانکوژێ بەهێزمان دەکات، بۆیە ئەو مرۆڤەی پێش چەند ساتێك ئائومێدی لێدەباری ، ئێستا جارێکی دی بە ئومێدەوەو هەڵدەسێتەوەو دەکەوێتە رێ، رێگاکان دەبڕێ، رووبارەکان شەق دەکات درز دەخاتە چاوی تاریکیەوە، ئەگەرچی ماندووبوون هەموو گیانی تەنیوە، بەلام ئەو کۆڵ نادات، دەست بۆ هەموو شتێك دەبات بۆئەوەی بستێك بەرزتریکاتەوە، چڵی داری، بنکە گیایێ، هەموو رێگاکان تاقیدەکاتەوە، لەبەرزاییەکان سەردەکەوێ، گوێ ناداتە بەردو، تەپۆلکەو، درکودالّو دەریا، ئاوڕ لەتووڕەبوونەکانی شاخو یاخی بوونی زەریا ناداتەوە.

ئەو بەرێوەیەو ئومێد نادۆڕێنێ، ئەو بەدوای رووناکیدا وێڵە، رووناکیەك رزگاریکات لەتاریکی ئەو شەوە دوورو درێژو بێرەحمانە، زۆرنابات ئاوازێك دەبیستێ کە مژدە بەخشەو لەدوورەوە دەناسرێتەوە. ئەوە (بووقی) رزگار بوونە، ئەوە ئاژێری بەدیارکەوتنی ئاسۆیەکی رووناکە لەناو تاریکی شەوێکی ئەنگوستەچاودا.

بەڵام.. خۆشیەکان هیچ کاتێك تاسەر نین، بۆیە جارێکی دی تروسکاییەکان بەرەو کپی دەرۆن، چرایەکان ناتوانن بەرگەی ئەو هەموو تاریکیە بگرن، ئیدی تەسلیم دەبنو لەگەڵ خۆیان ئەو مرۆڤە بەدبەختەمان بۆ وێنا دەکەن کە خەریکە لەخەفەتان دەبێت بەیەك پارچە گریان، ئەو بەدووچاوی ئەبڵەقو بەدەنێکی شرو ماندوو، وەك مەلێکی لەناودا نقوم بوو سەرتاپای جەستەی بەسەرەیکدا شۆڕبۆتەوەو لەقوڵی دەروونیدا دەنگێکی نووساو پێمان دەڵێ بەرگری کردن بێهودەیە. بەم شێوەیە ئاوازەکان لەرێگەی ئامێرەکانی نەفخەوە بەرەو

کپی دەڕۆن و لە کۆتایی ئەم جوڵەیەدا دوا وشە دەبێتە وشەی بێتۆمێدیو هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی خۆشیەکی سەرتاسەری هەرەس دەهێنن.

جوڵەی دووەم "زۆر خێرا"

MOLTO VIVACE

ئەوبێتۆمێدیەی لەجوڵەی یەکەمدا گوێ بیستی بووین، لەجوڵەی دووەمدا دوبارە دەبێتەوە بۆ ئەوەی فێرمان بکات کە لەناو جەرگەی تاریکیدا پێویستی بۆ رووناکی زیاتر دەبێت. بتەوڤن هەمان بیرۆکەی جوڵەی یەکەم لەجوڵەی دووەمدا دووبارە دەکاتەوەو دێت بەهۆی ئاوازەکان جارێکی دی خەباتی مرۆڤ لەپێناوی شادیو ئازادی وێنا دەکات ، دێت و ململانێی نەپساوەی مرۆڤ لەگەڵ چارەنووسدا بەرجەستە دەکات.

هەر لەم جوڵەیەدا، بەشێکی یەکجار بەچێژو جوان دەبیستین ئەویش (سکێرزۆ)یە.(SCHERZO)**. لەم بەشەدا ، وێنەی چەند کەسێکمان دێتە پێش چاو کە بێتۆمێدی تواناى لێبڕیونو بڕیاریان داوە بۆ چەند ساتێک خۆیان بیربچێتەوە، ئیدی دەست دەکەنە سەماکردن.

سەماش جۆرە زمانێکە، زۆر جار بەهۆیەوە ناوەوەمان کەشف دەکەینو هەستو ئاسۆرییە پەنگ خواردووەکانی دونیای ناوەوەمان دەتەقێنینەوە. لەرێگەی سەماوە ئەو مرۆڤە ماندوو و بێتۆمێدانە دێنو خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە، ئێمەش لەگەڵ خۆیاندا بۆ گەشتێک دەبەن کە تیایدا کەمێک لەکابوسی نەهامەتیەکانی قەدەر رزگارمان دەبێ و ئۆخژنێک بەدەروونمان دادێ دوای ئەمە ئاوازێکی هێمنو لەسەرخۆ یادەوەریمان دەباتەوە بۆ سروشت، بۆ هەواری یەکەمی یارانو عەشقی دێرینی شوانێک بۆ شمشاڵ و بێری، بۆ خەڵوەتی شاعیرێک، بۆ نهێنیەکانی دەریا و ماڵو مانگەشەو، لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ سروشت، کە تیایدا پڕاوپڕین لە منالّی، پڕاوپڕین لە بۆنی مێخەکو رەیحان، پڕاوپڕ لەسکون. لێرەدا دەستمان دەخەینە نێو دەستی شادیو دوور دوور دەڕۆین، خۆمان لەبیر دەکەین، چ دەبێ گەر گەڕانەوەمان بیربچێ؟

ج دەبێ گەر باوەشی شەپۆلێك هەڵمانگرێو بمانبات بۆ ئەوێ، ئەوێی بارینی رەنگەكان، ئەوێی لێواو لێو لەجوانی ، ئەوێی دوورە دەستی قەدەر. لەوێ كەس ناپرسێ چ بكەین، هەموو گوڵ دەچنین. بەڵام بێهودەیەو" هەرگیز لەگەڵ موعجیزەكاندا یەكناگرینەوە"***.

زۆرناباو سەماكار ترسی كۆتایی هاتنی سەماو شەرابو رووناكی یەخەی دەگرێ، زۆرنابات چراكان كزدادێن، شادی هەناسەی سوار دەبێ، جارێكی دی خەم دەبارێ بەسەرماندا، جارێكیدی حوزن پەنجەرەكان دەگرێو نوقمی بێئومێدیو تاریكیو غوربەت دەبینەوە.

جولەی سێیەم (لەسەرخۆ)

ADAGIO MOLTO ECACANTABILE

لەم جوڵەیە ئاوازەكان زۆر بەخەمباری دێنە بەرگوێ، لێرە وێنەی مرۆڤێك دەبینین كە جگە لەیادەكان شتێكی دیكەی بۆنەماوەتەوە، ئەو مرۆڤە یادەوەری دەیباتەو بۆرابردوو، هەر بەتەنها رابردووی ماوە تیایدا دڵشاد بێت، ئەو ئاوڕ لەرابردوو دەداتەوە بۆ ئەوەی سێبەری خۆشەویستەكەی ببینێت كە لەژوانێكی چۆڵدا بەجێماوە. ئۆركێسترا زۆر بەهێمنی و لەسەر خۆیی ئەو هەستە كەئێبانە وێنا دەكات و زۆر بەجوانی ناخی كەسێكی بێئومێدمان بۆ دەخوێنێتەوە. ئاوازەكان لەقوڵایی دڵێكی بریندارەوە دێن، دڵێك كە خاوەنەكەی دەڵێت: دەزانم تازە هیچم بۆناكرێ ، دەزانم ئێستام لێوالێوە لەبرین وەهەر بەتەنها رابردووم ماوە، بۆی بگەرێمەوە. ئەگەرچی هەوار چۆڵەو یار نایە، بەڵام دڵی نایە ئەوێ بەجێبهێڵێ و بڕیاری یەكجارەكی دابڕان بدات.

ئەو دەڵێت: ئەمەن بەسەرچوو ئیدی دەبێ لەگەڵ یادگارییەكانمدا بژیم ، تازە دەبێ ئەلبومی وێنەو دیوانی نامەی یار و خۆشەویستان بێنمەوە گۆڕێ و تێر تێر بۆیان بگریم، تازە من بەتەنها پاڵەوانی ناو ئەو ئەلبومانەم و هیچیتر ، تازە من ڕێبوارێكم ئایندەو ئێستام بریتیە لە تورەگەی كۆنم و ، وام لەوێدا، لەوێی ڕۆژانی سەفاو كۆڕو مەجلیسی یاران ، لەوێی سەماو گۆرانی ، لەوێی باوەشی گەرم و ژوانی بەرمانگە شەو، لەوێی خەونی دەم

كەنارو خەیاڵاتی هەمیشە سەوز، من وام لەوێدا بەڵام پاش چی ، تازە پیربووم و هەر بەتەنها ئەبەردی نێو ئەلبوم و نامەكانم.

لەدوورەوە دەنگێكی ناسك لەرێگەی ئامێری فلوتەوە دێت و دەڵێت: دەستم بگرە با بگەمە سەر ئەو كەنارەی لێی وەستاویت، منیش وەك تۆم ، منیش خەریكە سەرابی غوربەت دەمخنكێنێ . بەم جۆرە دایەلۆگێك لەنێوان دوو گەرووی غەریبدا دروست دەبێت، بەلام دوو دەنگەكە تێكەڵ نابن و ئۆركێسترا دەكەوێتە نێوانیان. دەنگێك داوای یارمەتی دەكاتو دەیەوێت ئەو هەموو ساڵە وەریوەی خۆی كۆكاتەوە، ئەوە دەنگی خۆشەویستە ، ئەوەی تریان هەوڵ دەدات بە هاوارییەوە بچێت، ئاورێك دەداتەوەو خۆشەویستەكەی دەبینێت لەپشتەوەی هەورەكان ، لەدووری دوورەوە زۆر بەكزی دیارە ، دەستی بۆ درێژدەكات بەلام ناگات پێی، هێدی هێدی، لەچاوانی ون دەبێت ، بەدوای دەگەرێت بەڵام نایدۆزێتەوە، ئیدی دەنگەكان لەیەكتر دەترازێن وجارێكی دی ئۆركێسترا دێتەوەو دەنگی تەپڵ و بووقەكان زاڵ دەبێتەوە، بۆ ئەوەی زاڵبوون وبەهێزی قەدەر بسەلمێنێت.

دوای‌ئەوە مۆسیقا هێدی هێدی بەرەو لاوازی و هێمنی دەروات، بۆ ئەوەی پێمان بڵێت: تازە گەنجی نایەتەوەو دەبێ تەسلیم بەقەدەر ببین‌و، ئیدی تاهەتایە وەكو رێبوار بژین‌و چاوەرێی وەرینی بەردەوامی رۆژەكان و بەسەر چوونی بێهودەیی تەمەن بكەین.

جوڵەی چوارەم:(زۆرخێرا)

ئەم جوڵەیە لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت :

زۆرخێرا: iassa orgella

یەكجار خێرا: otserp

گۆرانی لەلایەن (باریتۆن)ەوە.)notyrab(ovitaticeR

گۆرانی لەلایەن چوارینەو كۆرسەوە- زۆر خێرا-: egro assai lla ,routauq

سروودی‌كۆرس بەلەسەرخۆیی و فراوانییەوە .oigada

سروودی‌كۆرس بەلەسەرخۆیی و ملكەچییەوە. Choeur: audante, maestoso

گۆرانی لەلایەن چوارینەو کۆرسەوە، تاراددەیەك خێرا.am opport non am oigada divoto

خێرا لەگەڵ لەرینەوەی بەهێزدا .ocigrene orgella

سرودی کۆرس لەوپەڕی خێراییدا. omissitsero :rueohC

لەجوڵەی یەکەمدا دەنگێک لەقەدەرەوە دێت و مۆسیقا دووجار بەتکاکردن و ترس و توڕەییەوە دەیخاتە لاوە، بەڵام بتهۆڤن لەسەر جوڵەییەکەمی سیمفۆنیاکەی دەنوسێت:" نا، ئەوە جارێکی دی یادەوەریمان دەباتەوە بۆ حاڵەتی بێئومێدی". لەجوڵەی دووەمیشدا چەند ئاوازێکی سەما ئامێز دێتە بەرگوێمان و مۆسیقادیسان وەلای دەنێ بەڵام ئەمجارەیان بەلەسەرخۆیی و بەبێ توڕەبوون، بتهۆڤن لەسەر نۆتەکانی جوڵەی دووەمیش دەنوسێت:" ئەمەشیان نا، ئەوە شتێك نییە جگە لە گاڵتەجاڕییەك، بەڵام تۆزێك شادی بەخشترە، شتێکی باشترو جوانترمان گەرەکە!".

ئینجا لەجوڵەی سێیەم ئاوازەکانی سۆز دەمانبەنەوە بۆ یادەوەری و خاومان دەکانەوە، بەڵام مۆسیقا بەبێزاری دەیخاتە لاوە، وەك ئەوەی غیرەی لێبکات. دەربارەی جوڵەی سێیەمیش بتهۆڤن دەنوسێت:" ئەمەشیان نا، ئەوە زۆر سۆزدارە، دەبێت بەدوای شتێکی زیندووتردا بگەڕێن".

ئەوەی بتهۆڤن و دەروونی مۆسیقارژەن دەیەویست شتێکی دیکەبوو، شتێك بوو شادی بۆ ئاخ و خۆش بەختی بۆ جەستە دەهانی. بتهۆڤن لەکۆتایی وەسیەتنامە بەناوبانگەکەیدا کە بەناوی "وەسیەتنامەی هیلیگنستاد"ەو لەکاتی تووشبوونی بەکەربوون دایڕشتووە، دەنووسێت:" ماوەیەکی دوورو درێژە سەدای قوڵی شادیی راستەقینە بەمن نامۆیە، ئاخ، کەی، ئاخ، کەی ئەی خواوەند کەی دەتوانم جارێکیدی لەپەرستگای سروشت و ئادەمیزاددا هەستی پێبکەم!

هەرگیز؟ نا ئەوە بۆمن زۆر سەخت دەبێ.."(روح الموسيقى، لا 355)

ئەو شادییەی بتهۆڤن بەدوایدا دەگەڕاو بۆ مرۆڤایەتی دەیخواست ئەوا لە جوڵەی چوارەمی سیمفۆنیای نۆیەمدا پێی گەیشتووەو زۆر بە باشی گوزارشتی لێوەکردووە، تەنها ئەو شادییە دەتوانێ دەروونە پڕ لە خەفەتو داچەپاندنەکان بشواتەوەو هەر ئەو بەتەنها دەتوانێ قەرەبووی ئەو هەموو ئازە بکاتەوە کە لەدەستمان چووە.

لەم جوڵەیەدا بتهۆڤن دەیەوێت گوزارشت لەو ساتانە بکات کە تیایدا شادیو خۆش بەختی بەسەر ئادەمیزاددا دەبارێو ئازادی بۆ مرۆڤایەتی دێتەدی. ئەمەش لەرێگای ئەو دایەلۆگە چڕو بەرزەی کە لەنێوان ئامێرەکانی ئۆرکێسترادا دروست دەبێت. هەموو ئەو ئامێرانەی لە هەرسێ جوڵەکەدا بەشداریان دەکرد، لێرەدا خۆیان دووبارە دەکەنەوە، بەڵام ئامێرەکانی فووکردن(النفخ) بەبەردەوامی بەروەروویان دەوەستنو ئینجا ئامێرەکانی فووکردن مژدەی شادیو کامەرانی لێدەدەنو بەچەند هەڵهەڵەیەك رێگە خۆشدەکەن بۆ قەسیدەی شیلەر، ئۆرکێسترا هەوڵ دەدات رێگەی ئەو مژدەبەخشینە بگرێ، بەڵام دەنگێکی مرۆیی لەناو کۆڕاڵەوە(کە دەنگی باریتۆنە) سەرهەڵدەداتو بەقورساییەکی زۆرەوە دەڵێت:

هاوڕێیان .. هاوڕێیان

چیدی ئەودەنگانە بەردەوام نابن

باگۆرانی برایەتی، گۆرانی شادییەکە بچڕین

ئەی شادی با سەرفرازت کەین.

رۆمان رۆلان وەسفی ئەو ساتانە دەکات کە دەکەوێتە پێش هاتنی سروودی شادی لە جوڵەی چوارەمو دەڵێت:" ئەو دەمەی کاتی ئەوەدێت بابەتی شادی بۆ یەکەمجار لەسیمفۆنیای نۆیەمدا بەدەربکەوێت، ئۆرکێسترا بۆچەندساتێك لەرژەنێ دەوەستێتو سکوتێکی واباڵ بەسەر ئەو ناوەدا دەکێشێ کە سروشتێکی خودایی دەبەخشێتە دەسپێکردنی سرودەکان)(نزعات انسانیە،لا 52و53).

بینهۆڤن کە بۆخۆی رابەرایەتی تیپی ئۆرکێستڕای دەکرد لە نمایشکردنی سیمفۆنیای نۆیەمدا، بەوپەڕی حەماسەتو هەڵچوون گوزارشتی لەو حاڵەتانەی هەستکردن بەشادی دەکرد.

لە(7) ی مایسی 1824 کە سیمفۆنیاکە بۆیەکەم جار لەسەر شانۆی کارەنتیین نمایشکرا، دوای ئەوەی سەعاتو نیوێکی خایاند، کەتەواوبوو جەماوەر بۆماوەیەك بێدەنگیی نواند چونکە هێشتا لەژێر کاریگەریی ئاوازەکاندا بوو، ئینجا لەنکاوێکەوە چەپڵەڕێزانو فیکەلێدان ئەوناوەی پڕکرد، جەماوەر سەرتاسەر بۆ رێزلێنانو ستایشکردنی ئەو کارەمەزنەی بتهۆڤن هەستابوونە سەرپێو چەپڵەیان لێدەدا، بەڵام بتهۆڤن هیچ ئاگای لەو چەپڵەلێدانە نەبوو، بۆجاری دوەم پەردە لەسەر شانۆ لادرایەوەو جەماوەر هەر لەچەپڵە لێدان بەردەوام بوو، بەڵام هێشتا بتهۆڤن بێئاگابوو لەم ستایشە مەزنەی جەماوەر ، بۆجاری سێیەم پەردەلەسەر شانۆ لادرایەوە، ئەمجارەیان(ئۆمیلۆف)ی مۆسیقاژەن بیتهۆڤنی لەو چەپڵەڕێزانو هاندانەی جەماوەر ئاگادار کردەوە، ئینجا بتهۆڤن کە تائەو کاتەش پشتی لەجەماوەر بوو رووی کردە جەماوەرو بۆیان چەمایەوەو سوپاسی کردن، پاشان دەستی کردە گریان، گریانێك کە هەر خۆی دەیزانی چەندە کاریگەربوو، ئەو کەبینی گەل سوپاسی دەکاتو چەپڵەی بۆ لێدەدەنو ئەویش گوێی لێنابێت هەستی بەکەم وکوڕیەکی زۆرکردوو نەرم نەرم فرمێسك لەچاوانی دەهاتنەخوار، لەلایەکی دیش زۆر دڵشادبوو چونکە لەو ئیشەیدا بەراستی توانیبووی گوزارشت لەشادی بکاتو هەستی دەکرد ئیدی ئەو شادترین پیاوی دونیایە(ه.س.پ، لا 54).

بانگەشەیەك بۆشادی

فریدریك شیلەر

ئەم قەسیدەیە لەلایەن کۆرەڵەوە لەجوڵەی چوارەمدا ئەدا دەکرێت.(ه.س.پ، لا 56).

باریتۆن:

هاورێیان .. هاورێیان
چیدی ئەودەنگانە بەردەوام نابن
باگۆرانی برایەتی، گۆرانی شادییەك بچڕین
لەی شادی با سەرفرازت کەین.

باریتۆن و چوارینەو کۆرس:****
شادی، ئەی کانیاوی رووناکی ئەمر..
ئەی کوڕی فیردەوس ..
بەناو ئاگردا هاتین تابگەینە کەنارەکانت
بۆ حەرەمی پیرۆزت هاتین و
بەروناکی سەفای دڵڕفێنت.. مرۆڤایەتی لەکۆت و زنجیرە سەختەکانی رزگاری دەبێ.
لەهەر شوێنێك تۆ لە شەقەی باڵتدا
خەڵکی لەهەموو دونیا بران..
تۆ ئەی ئەوەی برادەرێکی بەوەفات گرتووە ... و
ئەی لەوەی دڵی ژنێکت کێش کردووە.
باهەمووەمان بەیەکەوە لەو شادییە ستایش کەین
کێش رەزیلی بەدڵی دەکات
با لەئەشکەوتەکەی خۆیدا جێیبهێڵین لەتەنیایدا بتلێتەوە.
کامەرانی دەوری مرۆڤایەتی دەدات و
سەداکەی هەموو بستێکی سەرزەوی دەگرێتەوە
بۆ باش وخراپ و .. بۆهەموو شتێك لەسروشت
سادەبا مژدەی شادییەکی پاراو بڵاوبکەینەوە.
شادی چێژو ئاسکیەکانی خۆشەویستیمان پێدەبەخشێ و
بەشی هەموو گەردوون دەکات..

لەو پەپولەیەی لەبەهاردا سەما دەکات،
تالەو فریشتەیەی لەنزیک عەرشی خودا دانیشتووە.

تینۆرو کۆرس:
باخۆشی بکەین کە خۆر بەهەیبەتەوە بەنێو ئاسمانە دوورەکاندا دەخولێتەوە
ئەی برایان .. رابن و خێراکەن‌و
باچاوەکانتان تیشکی
نەبردی وشادی‌و سەرکەوتن بدەن
شادی، ئەی کانیاوی رووناکی نەمر..
ئەی کوری فیردەوس ..
بەناو ئاگردا هاتین تابگەینە کەنارەکانت
بۆ حەرەمی پیرۆزت هاتین‌و
بەرۆشنایی سەفای دڵرفێنت مرۆڤایەتی رزگارە دەبێت
لەهەر شوێنێک تۆ لەشەقەی باڵتدا
خەڵکی لەهەموو دونیا بران.

کۆرس:
ئەی ملیۆنەها خەڵک
هەڵسن وکۆببنەوەو
لەدڵەوە ماچی برایەتی بگۆڕنەوە،
لەو باوکەمان کە لەئاسماندایە
خۆشەویستی خۆی بەدونیا دەبەخشێ
بەوهەموو ملیۆنە لەدروستکراوەکانی خۆی..
کە لەرێگەی خۆشەویستیدا رێگەی لەو دەدۆزنەوە

بەدوایدا بگەرێن، لەوەتا لەبەرزاییەکاندا،
شوێنی والەوێیە ، لەئاسماندا لەنێوانی ئەستێرەکان

کۆرس:
شادی، لەی کانیاوی رووناکی نەمر..
لەی کوری فیردەوس ..
بەنێو ئاگردا هاتین تابگەینە کەنارەکانت
بۆ حەرەمی پیرۆزت هاتین و
بەرۆشنایی سەفای دڵرفێنت مرۆڤایەتی رزگارە دەبێت
لەهەر شوێنێک تۆ لەشەقەی باڵتدا
خەڵکی لەهەموو دونیا بران.

چوارینەو کۆرس:
لەی ملیۆنەها خەڵک
هەڵسن و کۆبینەوەو
لەدڵەوە ماچی برایەتی بگۆڕنەوە،
لەو بلوکەملن کە لەئاسماندایە
خۆشەویستی خۆی بەدونیا دەبەخشێ
بەوهەموو ملیۆنە لەدروستکراوەکانی خۆی..
کە لەرێگەی خۆشەویستیدا رێگەی لەو دەدۆزنەوە
بەدوایدا بگەرێن، لەوەتا لەبەرزاییەکاندا،
شوێنی والەوێیە ، لەئاسماندا لەنێوانی لەستێرەکان.

سەرچاوەکان:

1- روح الموسیقی، سمیر الحاج شاهین، 1980.

2- التحلیل الموسیقی، تالیف: سیدرك تورپ دیفی، ترجمە وتعلیب: د. سمحە الخولی، مراجعە: د. حسین فوزی، 2000

3- نزعات انسانیە فی موسیقی بتهوفن،فائم الدباغ، 1979.

4- هیرمان هیسە ، لعبە الکریات الزجاجیە، مستعفا ماهر، 1998.

5- کاسێتی مۆسیقای سیمفۆنیای (9)یەمی بتهۆفن.

*ئاماژەیە بۆ پەیڤێکی(شێرزاد حەسەنی چیرۆك نووس).

** سکێرزۆ: پارچەیەکی مۆسیقایی خێرایە، کە بەزۆری لە سەنفۆنیت دەچێتەو سرووشتێکی سەما ئامێزی تێدا ئامادەیە.

*** دێرە شیعرێکی (بەختیار عەلی) یە

**** چوارینە لێرەدا واتا ئەم دەنگانەی خوارەوە: سۆپرانۆ، ئاڵتۆ/ کۆنترئاڵتۆ، تینۆر، باریتۆن.

دۆستی وەرگێرانی ژمارەی ئاییندەی ئەدا لەسەر عەقلانیەت و رەهەندەکانی بونیادنانی ئایەیەکی عەقلانیە لەسەرجەم بوارەکان. بەوهیوایەین بابەتی وەرگێردراو لەو بوارە بگاتە گۆڤارەکەمان.

گفتوگۆ لەگەڵ ئەحمەدی مەلا:

ئەمەنفا شوێنی تەحقیقکردنی خەونەکانە، ئەنیشتیمانیش ئەو دۆزەخەیە کە خەڵک لێوەی هەڵدێ

سازدانی : ئما

پ1/ بەگەڕانەوە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی، حەقیقەتێک دەبینرێت کە زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە ، شاعیرانی کلاسیک توانیویانە تەواو دەربڕی ژیار و شارستانیەتی سەردەمی خۆیان بن، ئەوان نەتەنها شاعیریەتی خۆیان سەرچاوەیەکی گرنگی مەعریفەو رۆشنبیری و کایە جۆر بەجۆرەکانی دیکەی زانست و تێگەیشتن بوون لەسەردەمی خۆیاندا. ئەوان لەگەڵ پێشکەوتن و بزاوتە هەمەجۆرەکانی سەردەمی خۆیان ڕێیان دەکرد، بەمانایەکی دی:

کاتێک ئەوان شاعیران دەخوێنیتەوە تۆ لە بەردەم خوێندنەوەی قۆناغێکی مێژوویی یان ژیارێکی زۆر تایبەت و دیاریکراودایت. ئایا شاعیری نوێخواز و مۆدێرنی کوردی توانیویەتی ئەو ڕۆڵە ببینێت؟ ئایا ئەو توانیویەتی بە حیسابکردن بۆ ئەو پێشکەوتنە مەزنەی دونیای گرتۆتەوە پیشاندەرو ژیاوی قۆناغێک لەقۆناغەکانی مێژوو بێت؟

✦ **ئەم چەمکەی** ئێوە باسی لێوە دەکەن تەنها پەیوەندی بەشیعر و شاعیرەوە نییە، بەڵکو هەموو مرۆڤێک دەگرێتەوە. بەو مەبەستەی ئایا ئەو مرۆڤە تاچ ڕادەیەک سوود لەرۆشنبیری سەردەمەکەی خۆی وەردەگرێت.

جابەنیسبەت شاعیرانی کلاسیکەوە، رەنگبێ ئەم مەسەلەیە ساناتر بێتە پێش چاو ئەویش چونکە سەرچاوە مەعریفییەکانیان تارادەیەك زۆر پێکدەچوون. سیستەم و پرۆگرامەکانی حوجرە لەیەکتریەوە زۆر نزیکن، ئەوەی شاعیرانیش لەیەکتر جودا دەکاتەوە ئەو مامەڵە فەردییەیە کە مۆرکی تایبەتمەندێتی خۆیەتی. تێروانین بۆ حیساباتی ژیان و چێژو گشت ئەو چەمکگەلانەی کەشاعیرێك لەیەکێکیدی جودا دەکاتەوە.

ئەوەی سەبارەت بە شیعری نوێش دەوترێت، هێشتا زۆر زووە بۆ ئێمە کە بتوانین بەچاوێکی تیژەوە هەموو لایەن و بوعدەکانی دەستنیشان بکەین. ئیمرۆ شتێك هەیە بەناوی شیعری نوێوە، بەڵام نوێ لەچیدا، ئایا مەسەلەکە تەنها فۆرم و تێکشکاندنی شکڵە یان شتی تر. بۆچی هەندێ جار بەزەحمەت دەتوانین خەسڵەتی شاعیرێکی بەحسێب نوێخواز دەسنیشان بکەین.ئایا ئەم کێشەیە ، پەیوەندی بەپێگەیشتنی ئێمەوە هەیە یان بەناتەکامولی ئەوی شاعیر.

مێژووش وەکو دەزوولەیەکی ئاوی بەناو جەستەی شیعردا تێدەپەڕێ، جا ئەوەی دەمێنێتەوە، چۆن دەتوانین هەستی پێبکەین و بیبینین. لەرێگای شیعرەوە مێژوو ناخوێندرێتەوە، رەنگبێ هەندێ توخمی ئەو مێژووە یەکلا بکرێتەوە، پاشان شیعر خۆی بەشێکە لەمێژوو

پ2/ چونکە هاتینە سەر کۆن و نوێی شیعری کوردی، خراپ نییە گەر کەمێك لەسەر ئەم بابەتە بمێنینەوە، دوای راپەڕین رەوتێکی تارادەیەك نوێ و گۆڕانێکی خێرا بەسەر شیعری کوردیدا هات، کۆمەڵێك دەنگ چ لەناوەوەو چ لەتاراوگەدا سەریان هەڵداو رۆڵی گرنگیان بینی لە بیناکردنی ئەو حاڵەتەی کە ئێستای شیعری کوردی تێدایە، هەر لەم دیاردەیەو لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵێك چەمکی نوێ لەدونیای مەعریفەدا وەك مۆدێرنیزمی و پۆست مۆدێرنیزم و ..تاد وایکرد لەپانتایی شیعری کوردیدا دوالیزمی سەلەفی/ نوێخواز، سەرهەڵبدات، کە دواتر ئەم دوالیزمە خۆی لەناو چەند ئەزموونێکدا دۆزیەوە.. تۆ وەك شاعیرێك کە ماوەیەکی دوورو درێژە لەتاراوگە

دەزانیت و ئاگاداری ئەو پێشکەوتنە زلـەی زمـان و ئـەدەبیات و مەعریفـەی رۆژئـاوایت و لەهـەمان کاتیشدا بە ئەزموون و و گوتارە شیعر ی و ئەدەبیەکانی کوردیش لـەدەرەوەو نـاوەوەی کوردسـتان ئاگاداریت، ئایا ئەم گوتاری سەلەفی و نوێخوازە ، یان کلاسیک و مۆدێرنە.. یان هـەر دوالـیزمیکی دیکە کە خۆی لەم چوارچێوەیەدا دەبینێتەوە چۆن دەخوێنیتەوەو تاچەند کاریگەر بووە بەسەر بـاری رۆشنبیری کوردی بەگشتی و شیعر و ئەدەبیات بەتایبەتی؟

✦ ئەم مەسەلەیە زۆر جار تـەرح دەکرێت وەکـو ئەوەی تـاوەکو ئێسـتا نـەمانتوانیبێت کێشەی کۆن و نوێ لەیەکتر جودا بکەینەوە. مەسەلەکە پەیوەندی بەزەمەنەوە نییە هـەندەی پەیوەندی بەحاڵەتە زەینیەکانـەوە هەیـە، بەلای منەوە ئەوەی گرینگـە، ئەوەیـە کـە چـۆن هەمیشە هەڵوێسـت بەرامبـەر بـەنوێ وەرگریـن و هەمیشـەش بـەچاوێکی پـڕ لەگومانـەوە تەماشای بکەین.

من ئێستا نازانم شیعری نـوێ چییـە؟ بـەلام زۆر بەباشـی دەزانم کۆمـەڵگای کـوردی چ شتێکی نوێی پێویستە، هـەر لەناو وکارەباو تـەنزیمی شار و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیـان و پەروەردەی دیموکراسی و راهاتن لەسەر ئازادی کە مەرجو دەسکەوتێکی گرینگە کە تیایدا مـرۆڤ ریـز لـەویتر بگرێـت تـا دەگاتـە یەکگرتنـەوەی هـەردوو لەتەکـەی کوردسـتان و بەشێوەیەکی عادیلانە دەسکەوتی نیشتیمانی لەرێگای نیشتیماندا خەرج بکرێت.

راستە راپەرین لەحزەیـەکی گرینگـە لـەمێژووی میللەتەکـەمان، بـەلام مـەرج نییـە لەگـەڵ خۆیـدا شـەپۆلێکی شیعریی و فیکری نوێ بهێنێتەکایـەوە. ئازادی زۆر گرنگـە بـۆ نووسـین، بەلام تاقە مـەرجی ئیبـداع و داهێنـان نییـە، ئێمـە پێویستیمان بـە ئـەزموونی ژیـان هەیـە، لەهـەموو ئاسـتەکان، هـەر لەکتێبخانـەوە بگرە بۆ باخچـە، لەسـەفەرەوە بـەرەو گەیشـتن بـە وەسائیلەکانی تری گـەیاندن. ئێستا خـەڵکی لـەجیاتی ئـەوەی زمانێکی تری بێگانە فێربن، هەندێ گەنج و مێرمنداڵ هەن عارەبی نازانن، ئەمەش زیانی زیاترە لەسوود.

ئیمرۆ مۆدێرنیزم بەنیسبەت میللـەتی کوردەوە ئەوەنییە، چەند کەسێك دوو سێ کتێب بەزمانـەکانی بێگانە بخوێننەوە، بەڵکو چۆن کۆمەڵی کوردەواری دەتوانێ حـوار و مامەڵـە

بکات لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوو، هەروەها چۆنیش بتوانێ ئامرازی ڕەخنەی پێبێ و هەموو شتێك بەکوێرانە قەبوڵ نەکرێت.

بەچ شێوەیەك کورد ئیمرۆ باس لەپۆست مۆدێرنیزم دەکات لەکاتێکدا چرا بە بەردەوامی کێشەکان ڕوناك ناکاتەوە بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە . ئێمە دەبێ لەسفرەوە دەستپێبکەین ئەمەش قبوڵ بکەین.

ئەگەر بێینەوە سەر کێشەی ئەو دوالیزمەی کە ئێوە باسی لێوە دەکەن، ئایا ئەمەش لە داهێنانی ڕۆشنبیرەکان خۆیانە؟ ئایا بەراقیع ئەم کێشەیە وجودی هەیە؟ کوان ئەو قرتابخانانەی کەبەرگری لەسەلەفیەت دەکەن، کوان ئەکتەرەکانیان، لەچ شتێکدا بەدەردەکەوێت؟

من سەلەفیەت لەناو ئەوانەشدا دەبینم کە خۆیان بەنوێخواز دەدەنە قەڵەم، نوێخواز لەسەر کاغەزو سەلەفی لەکردار و ڕەفتار، لەجل و بەرگ، لەشێوەی نانخواردن، تەعبیری ڕۆژانەو..تاد.بەرای من، ئێمە هەمیشە دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەوانەی کە خۆیان بەنوێخوازییەوە خەریك دەکەن، هەموو کێشەکان لەوێن.

پ3/ مەنفا لە ئێستای سایکۆلۆژیایی کوردیدا، بووە بەحاڵەتێکی ئاسەر ئێستقان نزیك و بابەتێکی زۆر جددی، کە نیشتیمان دەبێتە بلزار و مەرگ و نەهامەتی دەرگاکانمان دەگرێ، ئاکە فریادرەس بۆ دەرچوون لەم ڕاڕایی و دوودڵییە ، مەنفایە. ئاخۆ ئەگەر نیشتیمان داخستنی دەرگاکان‌و کوشتنی خەونەکان بێت، ئەوا مەنفا کردنەوەی چەند دەرگایەکی‌نوێ و چەند خەونێکی ئالزمیە.

کە لەنیشتیمان دەتۆرێیت ئاکە باوەش کە وەختێ دەگری یان پەنای بۆ دەبەیت ، مەنفایە، بەمانایەکی دیکە مەنفا ئەو پانتاییە بەرجەستە بووەیە کە تیایدا خۆت لەدلرووخانە ڕۆحییەکان دەشاریتەوە، بەڵام بەدیوێکی دیکەدا، مەنفا ئەو واقیعە تاڵەیە کە تۆ تیایدا قەرەجێکیت و نیشانەی غەریب وەکو مۆر بەردەوام بەنێو ئەوێڵتەوەیە، مەنفا ئەو سەر زەمینە پان و بەرینەیە تیایدا

لەناو خەڵک و جادە و شۆستەو بست بەبستی ئامۆیت، لەمەنفادا تۆ ئەوەندە بچووک دەبیتەوە دەبیت بە پنتێک و هەموو لەحزەیەک دوورنییە لەحزەی نەبوونی تۆ بێت، دواجار مەنفا ترسێکە هەموو رۆژێ دووبارە دەبێتەوە ترسی ئەوەی کە لێرە لەدەرەوەی نیشتیمان بمرم.

ئایا ئەحمەدی مەلا! چۆن دەڕوانێتە حاڵەتی مەنفا و تاچەند توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ رەهەند و مەودا جۆربەجۆرەکانی مەنفاو وڵات بکات؟

✦ ئەمەنفا شوێنی تەحەداکردنی خەونەکانە، ئەنیشتیمانیش ئەو دۆزەخەیە کە خەڵک لێوەی هەڵدێ، بەرای من لەدوای راپەڕینەوە، حاڵەتێکی نوێ هاتۆتە کایە، ئەویش ئاسان نییە، بەڵام راکردن و وڵات بەجێهێشتن زامەکان چارەسەر ناکات. ئەمەو سەرەڕای ئەوەی ئەوانەی دوای راپەڕین ناسنامەی پەناهەندێتی وەردەگرن، کەمیان مافی ئەوەیان هەیە، یا ئەوەتا ئەو چیرۆکانەی کە دام و دەزگاکانی ئەوێ باسی دەکەن، رەنگبێ لەواقیعەوە دوور بێت. جا چۆن ئەم حاڵەتانە ناوبنێین مەنفا. راستە بارودۆخی کوردستان زۆر جێگیر نییە، دوارۆژ زۆر روون و ئاشکرا نییە، گەلێ حیساباتی ناوچەیی و دەوڵەتی دەبێ بکرێت. بەڵام سەفەرکردن بۆ خۆشکردنی گوزەرانی ژیان شتێکەو هەڕەشەی جەستەیی و فیکریی و بیرو باوەڕیش شتێکی دیکە.

لەدەرەوەی وڵات گەلێ ئاست هەیە کە پەناهەندان تێیدا دەژین. ئێستا کوردەکان وەکو تەجەموعە تورکەکانیان لێهاتووە، لەناو یەک و لەگەڵ یەک دەژین و مامەڵە دەکەن. ئەمەش وادەکات کەمتر تێکەڵی راستەوخۆی ژیانی ئەو شارە بن کە تیایدا دەژین. ئەورووپای رۆژئاوا هەموو ساڵێک پێویستی بە کرێکارێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئەو بەتاڵییەی پێ پڕبکاتەوە کە کۆمەڵگای رۆژئاوایی دروستی دەکات. بەشێکی ئەو پێویستییە دەخرێتە چوارچێوەی پەناهەندەی سیاسی، یان ئینسانییەوە.

تاوەکو کەلتوورەکان لەیەکترییەوە نزیک بن، ئەوەندە تێکەڵ بوون و خۆگونجاندن لەناو کۆمەڵگای نوێ ئاسانتر دەبێت. لەسەدەی نۆزدەهەم پۆلۆنییەکی زۆر گەیشتنە فەرەنسا، بەڵام ئیمرۆ تەنها بەناوەکانیان جودا دەکرێنەوە ، چونکە گەلێ خاڵی هاوبەش لەنێوان کۆمەڵگا

ئەوروپاییەکاندا هەن. هەر لە رەنگی پێستەوە بۆ ئایین، مێژوو، زمان، رموز وعادات و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو چوار ملیۆن عەرەبەی کە لەفەرەنسادا هەن، یان ئەو چەند ملیۆن تورکەی کە لەئەڵمانیادا هەن. زۆرجار بەحوکمی مەسافەی شارستانی و ئایینی و زمانەوانی، جالیەی پەناهەندە خۆی دوورە پارێز دەگرێ، لەترسی توانەوە،یان لەترسی ئافاتی بەهاو قیەمە رۆژئاواییەکان. ئەمەش حاڵەتی تەحەجور پەیدا دەکات.

ئێمە نابێ لەرۆژئاوا بترسین، پێویستە بتوانین لەگەڵی بکەوینە گفتوگۆ و دیالۆگ، ئەمەش تەنها کاتێك روودەدات ئەگەر رۆشنبیری خۆمان بناسین و ئاگاداری هی ئەوانیش بین.

ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە هەیە، هەڵبەتە من دەمێکە کوردستانم بەواقیع جێهێشتووە هەر لەساڵی 1975ەوە چومە بەغدا و گەرانەوەم بۆ کوردستان ئاویەناوبوو، پاشان ساڵی 1981 بەیەکجاری چوومە دەرەوە، پەیوەندی من لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە تیایان ژیاوم، تایبەتمەندی خۆی هەیە . شاری ژنێڤ وەکو لابۆرێکبوو، منیش وەکو هەرزەکارێ، زۆر بەتەحەداو جورئەتەوە مامەڵەم لەگەڵ دونیای ئەوێدا کرد. هەر لەهەوڵدان بۆ فێربوونی زمانی فەرەنسیەوە تاوەکو موغامەرەی " زەردك" نووسین و کاری تەشکیلی و نمایشکردن لەشانۆ و ئەزموونی کردنی فلیمێك بە 8 ملم. ئەمانە ئارەوزوو و ئاداتی منالانە بوون، حەزم دەکرد موماڕەسەیان بکەم. ئەزموونە عاتفیەکانیش زۆرجار بوعدێکی تراژیدیان لەوێ بەمن دەدا. کۆدە کۆمەڵایەتیەکان سرك بوون وتێکەیشتن لێیان زۆر زەحمەت بوو. بەهەر حاڵ ،شاری ژنێڤ ، لابۆرێك بوو دەبوایە جێی بهێڵم.

وڵاتی فەرەنسا، دەرگا فراوانەکانی کرایەوە. لەپۆلی یەکەمی دانیشگا خۆم بینیەوە، وەکو ئەوەی تازە لەدایك بووبم. بۆماوەی نۆ ساڵ لەدانیشگا مامەوە، تاوەکو پلەی دکتۆرام وەدەستهێنا. ئەمەش ئەزموونێکی تربوو، زیاتر لەو شتانە قووڵ بوومەوە کە لەشاری ژنێڤ بەپەلەیی بەتەنیشتیاندا تێپەڕیبووم.بەهەرحاڵ تەجرەبەی ژنێڤ دووبارە نەبووەوە.

ئێستاش بۆ ماوەی دوو ساڵە لە ئیسپانیام. هێشتا سەرەتایە، بابزانین ، لەوێ چم پێدەکرێ ئەم سەفەرانە زۆر سوودیان هەبوو لەوەی کە لەوڵاتێك قاڵب وەرنەگرم.

پ4/ هەر لەتەمەنی منداڵیدا ، مەلا بەدەر لەمەفهومە جوگرافیەکەی و دواجار مەبەستم منداڵەکانی ناوەوەی ئەحمەدی مەلان، تاچەند پەیوەندییە رۆحیەکان تۆیان لەگەڵ ئەدەب و شیعردا گرێداوە..ئاخۆ منداڵەکانی ئاخی ئەحمەدی مەلا وایانکردووە کە ئێزی دکتۆراکەی لەسەر مەحوی بێت، وەک هەموو ئەو کوردانەی کە دەچنە دەرەوەو تێزەکانیان لەسەر ژانرە ئەدەبیەکانی ئەدەبیاتی کوردییە؟! بەدیویکی دیکەدا بۆ نەکراوە شاعیرێک، نووسەرێکی کورد نامەی دکتۆرای یان ماستەری لەسەر رامبۆیی یان هەر شاعیرێکی دیکەی فەرەنسایی، ئیسپانیایی، ئیتاڵیایی بەدەستبێنێت؟ لانی کەم لەمەیان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەدەب و هونەر و شیعر لەنێوان خوێنەرانی گەلاندا.

✦ ژیانی شەخسی خۆم هەمیشە لەوێنەیەکدا دەتوانم پێناسەی بکەم یان ببینم ئەویش کۆچکردن و سەفەرە. یەکەم کۆچکردن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1963 کەتەمەنم پێنج ساڵان بوو، حەرەس قەومیەکان گەیشتنە گوندەکەمان و باوکمیان بەزیندانی برد و ئێمەش ئاوارە بووین. ساڵێك لەناوچەی درایەتی بووین و، پاشان گەڕاینەوە بۆ زەردك لەساڵی 1964دا بەیەکجاری لە کەرکوك نیشتەجێبووین و دوای دەساڵ دەچمە بەغدا و پاشان بەسرەو ئینجا سویسرا..تاد. زۆرترین شوێن کەتێیدا نیشتەجێبووم شاری کەرکووکە کە ئەویش تەنها (10) ساڵێکەو ئەوە بۆ بیست ساڵ دەچێت کە ئەمتوانیوە گەرەکی منداڵی و قوتابخانەی سەرەتایی وئاسمانەکەی ببینمەوە.

من هەمیشە بەنیوە چڵی دەگەڕێمەوە نیشتیمان و بەنیوە چڵی وڵات بەجێدەهێڵم. ئەمانە وایانکردووە کە لەناوەوەمدا هەست بەدرزێك بکەم کە شوێنی دروست کردووە. زۆرجار ئێرەیی بەجوتیارێکی ئیسپانیا دەبەم کە مەدریدی نەبینیوەو دار زەیتوونەکەی بەرامبەری جوانترین و گەورەترین درەختە. بەڵام من هەموو شتەکان بەچاوێکی ئیسبیەوە دەبینم. هیچ شتێك زۆر باش و زۆر جوان و زۆر نایاب نییە. هەموو شتەکان دەکرێ لەگۆشە نیگای جیاوازەوە ببینرێن.وڵات لەدوورەوە جوانە، بەڵام کە دەگەڕێمەوە ، ئازارم دەدات، پیسی و

پۆخڵی، نیزامی مروور، ناشارستانیەت، نارەزایی خەڵك لەدەست كاربەدەستان..تاد بەڵام وڵاتی خۆمانە پێویستە ئیشی بۆ بكەین، دەكرێ ئەم وڵاتە ببێتە جێگایەك كە شانازی پێوە بكەین.

هەڵبژاردنی "مەحوی" پەیوەندی نە بەمەنفاوە هەبووە، نەبەوەی كە شاعیرێكە كە زۆر تەفسیری لێكردووم. من خوێندنی دانیشگام كردە دوو بەشەوە: بەشێك لەناو ئەدەبیات و زمانی فەرەنسی خۆی دەبینێتەوە، بەشەكەی تری سەبارەت بەئەدەبی كوردی بوو. ئەمەش

- ئەو ئاڵوگۆڕە دەگەیەنێ كە رەنگبێ ئێوە مەبەستتان بێ

من لەسەر مەحوی ئیشم كردووە بەڵام لەهەمان كاتدا رامبۆم تەرجەمە كردووەو ئۆكتاڤیۆپاس و بۆدلێریشم تەجەمەكردووە. جیهانی ئەم شاعیرانەش لەیەكتر دوورن.

خوێنەری كوردی واش هەیە كەلەسەر ئەدەبیاتی فەرەنسی تێزەكەی چێ كردووە ، بۆ نموونە(د. فەواز حوسێنی)لەسەر نووسەری فەرەنسی (شاتۆ بەریان) تێزەكەی نوسیوەتەوە. ئەمەش نابێتە پێوەر، دەبێ ئێمە لەسەر تێزەكان قسەبكەین. (كوربان)گەلێ كاری نایابی لەمەڕ سەهرەوەردی و ئیبن عەرەبی نوسیووە، كاری نایاب و جێی رامانە. هەروەها مسیفۆن شاكارەكەی لەسەر هەلاجە كە لەساڵی 1923دا نوسیویەتی. بەپێزترین تێز دەژمێردرێت لەمەر ئەدەبیاتی تەسەوفەوە.

ئێمە زۆر شت لەرۆژئاواوە وەردەگرین، با جورئەتی ئەوەش بكەین ، شتێكیان پێ بڵێین. با كەمیش بێت، وجوودی ئێمە تەنها لەوەرگرتندا نییە، بەڵكو لەو ئاڵوگۆڕەوەیە كە رۆشنبیری پێ پتەودەكرێت.

پ5/ ئەوەی تاوەكو ئێستا لەسەر مەحوی لە لێكۆڵینەوەو ساغكردنەوەی شیعرەكانی نووسراوە تادەگاتە دواین لێكۆڵینەوە لەكوردستاندا لەلایەن(شاهۆ سەعید) ، زێتر قسە لەسەر دونیای تەسەوفی مەحوی كراوەو كەمتریش رەگەزە فەلسەفیەكانی شیعری مەحوی بەپێی میتۆدێك بوونەتە جێگای باس،ئێستا كە ئەحمەدی مەلا دەیەوێ بەروانیایەكی جیاوازەوە لەمەحوی بڕوانێ

لەکەرنەڤاڵی رەنگەوە

بۆتێگەیشتن لەمانا ودروست بوونی بابەت..

خوێندنەوەیەك بۆ کەڤاڵەکانی "هێمن حەمید"

رەگەز رەشید

رووی بڵێسە، دزراو وقووت دراو
رووی تازە لاو
گەبچارێ لەو ساڵانەی بەسەماوە وەکو تاپۆ تێپەڕێن
گەبچارێ ڕۆژگەلێکە، ئەسووڕێتەوە بەدەوری
لەو حەوشەو حەسارەدا.
سات ئاوری تێپەر گەبێ ورووخسارە زۆرەکانی ئاور
گەبنە یەک روخسار
هەموو ئاوەکان، ئاوێکن
گشت سیماکان، سیمایێکن
گشت سەدەکان، ساتێکن و
هاتاکو سەدەهای، سەدە
جووتێ چاوو ڕێ بەدواهاتوو دەگرێ**

تێزی نوێی لەملا) بۆ شیعرەکانی مەحوی تاچەند خۆیان لەلایەنە فەلسەفیەکان دلوە، شیعری مەحوی لەرووی فەلسەفیەوە لەکوێی شیعرەکانیلسەعدی وحافزا دان و لەچ دونیایەکیان دادەنێت، فەلسەفین یان تەسەوفین یان هەردووکیان؟

✦ تێزەکەی من لەسەر سێکوچکەکەی کەریانەوە هەڵزناوە. باس لە شەریعەت و حەقیقەت و تەریقەت دەکات. بارستایی شەریعەت چەندە لەسەر دونیای شیعرو ئەزموونی حەقیقەت چۆن ،تەنەمولاتی سۆفی و ئەزموونی ناوەکی دەکاتە شیعر، هەروا باسم لەڵ تەریقەتی نەقشبەندی کردووە بەکورتی تێزێکی فرەلایەنە، بەو هیوایەم لەو ماوەیەدا بگاتە دەست خوێنەران چونکە بەڵێنیان داوەتێ کە لە کوردستان چاپ بکرێت.

پ6/ لەدۆنیس پێوایە شیعر و فیکر دووو شتی تاسەر ئێسقان پەیوەندیدارن و لەیەکتر دانابڕێن، دیارە ئەمە رای زۆرێک لەرۆشنبیران و بیرمەندانی دوونیایە، ئایا ئەحمەدی مەلا چۆن دەڕوانێتە ئەو پەیوەندیەی فیکر و شیعر، ئاخۆ تۆ لایەنە فانتازیی و ئێستاتیکیەکان لەچ ملمڵەیەکی شیعریدا دەبینی.

✦ زۆرجار باسی شیعر و فەلسەفەش دەکرێت، یان شیعر و فیکر. گرفتی سەرەکی لەوەدایە کە فیکر بەشیعر دەربڕین، ئەوکات دەکەوینە ناو زەلکاوی خیتابەوە، واتە زمانێك کە پڕبێت لەراوێژکاری. بەڵام ئەگەر هات و وێنە ئەم کەلێنەی پڕکردەوە، ئەو کات ئیجا لەدایك دەبێت و ئاسۆی خەیاڵ و بیرکردنەوەش فراوان دەکات. باشلار دەڵێ وێنە دایکی فیکرە، فیکر ساغکردنەوەش پێویستی بەزمانێکی تر هەیە کە هەنجەت و نموونە و تێز و دژە تێز بکاتە بنەماکانی و دەروازەکان لەرووی خوێنەر دانەخات، بەڵام هەندێ جار وێنەیەکی شیعری ،دونیایەك داگیرمان دەکات و بەناو خۆیا حەبسمان دەکات. ئەمەش شتێکی زۆر ئیجابییە . شیعر وێنەیەکە لەقوڵاییەکانیدا فیکر دەجوڵێتەوە.

-1-

ئاشـکرایە بابەت لە ئیشیکی هونەریدا گەورەترین و سەرەکیترین بنەمای تێگەیشتنە لـە ئیشە هونەریەکەدا، یان بەشێوەیەکی دیکە بۆ ئەوەی بتوانین لە کەڤالێکی هونەری تێبگەین، دەبێ لەپانتایی کەڤالەکەدا بەدوای بابەتدا بگەڕێین.دۆزینەوەی بابەتیش گەڕانە بەدوای بەشە شاراوەکانی نێو ئەو کوتلەو بەشانەی کە لەکەڤالەکەدا دەبینرێن، ئەمەشیان بەهۆی کۆمـەڵێك هێمـاو گوزارشـتی سـایکۆلۆژیەوە، زۆر جـاریش بابـەت دەبێتـە گـەورەترین بنەمای‌داهێنان، واتـە ئەو کاتە کەڤالێکی هونەری سەرکەوت ودروست دەبێت کە بابـەت لەکەڤالەکەدا بوونی هەبێ. واتە بەکۆمەڵێك تەکنیکی تایبەتەوە بابەتەکە بڕژێتە ناو پانتایی کەڤالێك.

(ئیـدوارد داڵـدن جـۆل) دەبێـژێ(داهێنـان لـە ئیشـێکی هونـەریدا کاریگـەری هونـەرکارە بەبابەت، یان بەوێنەیەکی زەینی تۆمارکراو). وەکو لەسـەرەوەش ئاماژەم پێدا دۆزینـەوەی بابەت لە کەڤالێکدا گەڕانە بەدوای ئەو هێماو گوزارشتە سایکۆلۆژیانەی کەدابەش کراونەتە سەر کۆمەڵێك بەش و کوتلـەوە .یان بەمەفهومێکی دیکە بۆ ئەوەی قسان لەسەر کەڤالێکی هونەری بکەین و بەدوای فکرە و گوزارشتەکانی بگەڕێین، دواییش بەشـەکانی شیبکەینەوە، دەبێت پشت بە کۆمەڵێك هێمای سایکۆلۆژیەوە ببەستین کە لەنێو کەڤالەکەدا بوونیان هەیە.

لەدیوێکی دیکەشەوە چۆنییەتی ئیشکردنی هونەرمەند وئاشنابوون بەو کەل وپەلانەی کـە بـەکارییان دەهێنـن و دواتریـش گەڕانـەوە بـۆ مێـژوو و فاکتـەری دروسـتکردنی کەڤالەکە(بەچەشنێك کە ڕووداوەکانی نێـو کەڤالەکە وەدۆزیـن) دەبێتـە هـۆی دروستبوون وگەڵاڵـەبوونی کۆمـەڵێك هەستی تایبـەت ورەنگـە لەگـەل سـایکۆلۆژیەتی هونەرمەندەکـە لەکۆمـەڵێك مانـاوە یەکبگرینـەوە.. بۆنمونـە ئەگـەر سـەیری کـەڤالێکی (گۆگـان) بکـەین و بـەووردی لـە ئەتمۆسـفێری رابمێنـین.. ئـەوا لەگـەڵ رەنـگ و نـامۆیی فیگـەرەکان کۆمـەڵێك هەستمان بۆ دروسن دەبێت و تەفسیری جیـاواز ئـەدەین بەکەڤالەکـە، بـەڵام کـاتێك دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی "گۆگان" کە لەپێناو ئیشکردنی هونەریدا پێنج منداڵ وژنەکەی و وڵاتی فەرەنسا جێدەهێڵێ ودەچێتە جەزیرەی (هـایتی) لەئـەمریکای باشـوور، لەوێشـەوە

تێکەڵ بەدونیایەکی تایبەت بەنیگار کێشان دەبێ.. دوایش دەکەوینە گەڕان بەدوای رووداوی هەریەك لەکەڤاڵەکانی، ئەوا هەستەکانمان تایبەتمەندتر وتەفسیرەکان سەد وەشتا پلە جیاوازتر دەبێ و ئەشێ لە کۆمەڵێك دەلالەتدا یەکتر بگرینەوە.

کەواتە چۆنیەتی ئیشکردن و گەڕان بەدوای رووداوەکانی کەڤاڵێك، تەفسیر و رەخنەی کەڤاڵەکە تایبەتمەندتر دەکا،، بەئەندازەیەك رەنگە لەگەڵ سایکۆلۆژیەتی هونەرمەندەکە یەکانگیر ببێ.

ئێستا بالەسەر ئەوە کۆکبین کە لەو دیوەوە قسان لەسەر کەڤاڵەکانی (هێمن حەمید) بکەم کە تارادەیەك ئاگاداری چۆنییەتی ئیشکردن و تارادەیەکیش ئاگاری رووداو وبابەتەکانی نێو کەڤاڵەکانم، لەوێشەوە باس لەو کاریگەریانە بکەم کەبوونەتە بابەت بەسەر ئیشەکانیەوەو دوایش بخزێمە نێو ستاتیکای کەڤاڵەکان و کەمێك باس لەهەر یەك لەو بەش و کوتلانە بکەم کە بوونەتە شێوازێکی تایبەت بە"هێمن حەمید" و بچمە نێو قسەکردن لەسەر کەرنەڤاڵی رەنگەکان. دواجاریش هەوڵ ئەدەم گوزارشتی بابەت و دیدی نێو ئیشەکان بخەمەروو وباس لەو یۆتۆپیایانە بکەم کە لەناوەوەی (هێمن)دا بوونیان هەیە.. بەو هیوایەم لە قودسیەتی ئیشەکان کەم نەکەمەوەو کەمێکیش بێ مافی خۆی بدەمێ.

-2-

فرانسۆ مۆریاك دیڵێ:

" بروناکەم لەنوسینەکانمدا کاریگەری هیچ کەس و هیچ پەرتوکێکم بەسەرەوە بێت، بەلام ئەشێ کاریگەری ئەو پەرتوکانەم بەسەرەوە بێت کە رۆژێك لەرۆژەکانی منالی خوێندومنەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی ئارسەر رامبۆ و راسین بۆدلێر ئەخوێنمەوە"

ئەگەر لەو دیدەی مۆریاکەوە بچینە سەر کاریگەری لەهونەری شێوەکاریدا، پابەند دەبین بەهەمان ئەومەفهومەی کە ئەو پەرەگرافە ئەیدات بەدەستەوە، یان بڵێین ئەشێ کۆمەڵێك دید ونیگا لەیەکەم سەیرکردنەوە ئاراستەوخۆ بچێتە ئەستی هونەرمەند و دوایش لە کەڤاڵێکیدا

بەئاشکرا بەدیارکەون. بەدیویکی دیکەدا کاتێك هونەرکارێك لەبەرامبەر کەڤاڵێکی هونەریدا دەوەستێت و بەووردی تێکەڵ بەرەنگ وفیگەرەکان دەبێت، دوایش خۆشەویستیەکی بۆ دروست دەکات (بۆ ئەوەی بیەوێت بکەوێتە ژێرکاریگەریەوە)، ئەوا ئەشێ ئەو سەیرکردن و تێرامانە تەکنیك و شێوازەکانی کەڤاڵەکە ناراستەوخۆ بگوازێتەوە نەستی و لەبێئاگاییدا بکەوێتە بەر ئەنگێزی کەڤاڵەکە. ئەمەیان لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهەمان شێوەی سەرەوە ژیانی دەرەوەو ژینگەو شوێنی هونەرمەند و کۆمەڵێك رووداو فاکتەر لەژیاندا دەچێتە نائاگایی یادەوەری هونەرمەند ودوایش لەپانایی کەڤاڵەکەدا رەنگدانەوەیان دەبێت.

ئێستا بۆ ئەوەی زێتر دوورنەکەوینەوەو روونتر قسان بکەم باراستەوخۆ باس لەو کاریگەری و رەنگدانەوەیە بکەم کە لە ئیشەکانی هێمن حەمید بوونیان هەیەو دەبینرێن، بێگومان ئەمەشیان(هەروەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا) بێگەڕانەوە بۆ مێژوو کارێکی ئەستەم ئەبێت، جا بۆیە لێرە هەوڵ ئەدەم لەپاڵ باسکردنی ئەو کاریگەریانەی کەبەسەر کەڤاڵەکانی (هێمن)ەوەن ،پشت بە رابردووی هێمن خۆی ببەستم و لەوێشەوە لەکەڤاڵەکانی‌دا ئاماژەیان بۆبکەم.

" هێمن حەمید" پێش ئەوەی بخزێتە نێو دونیای شێوەکارییەوە، نزیکەی ساڵێك دەچێتە حوجرەو تەکیەکان و لەوێوە تێکەل بە ئاپۆرای دەروێشەکان دەبێت و دەکەوێتە نێو ئازاردانی جەستە و تقوسە(سیرمۆنیا) روحییەکانەوە، پاش ئەوەی کە لەو تقوسانە دادەبڕێت راستەوخۆ دەچێتە نێو دونیای شێوەو رەنگەوە، ئیدی ئەو حەشامەتە دەبێتە مەزنترین یۆتۆپیا ودیدی(هێمن) ودەبێتە گەورەترین بابەت لە کەڤاڵەکانیدا، ئیدی دواجار ئەستەم دەبێت خەیاڵەکانی لەو تقوسانە بباتە دەرێ و بەئاسانی ناتوانێت لەو یۆتۆپیایانە رزگاری ببێت. بۆیەش ئەو تقوسانە رەنگدانەوەیەکی گەورەیان دەبێت لەنێو کەڤاڵەکانی "هێمن"دا لەلایەکی دیکەشەوە لەسەرەتای تەمەنی هونەرییەوە خۆشەویستیەکی گەورەی بۆ ئیمپرێشنالیزم(الانطباعیة) دروست دەبێت و دوایش ئەو ووربوونەوەو تێرامانە دەچێتە یادەوەری (هێمن حەمیدە)وەوە، دواجار لەچەند شوێنەوە ئەو بیرەوەریانە ئەگوازرێتەوە بۆ نێو دونیای ئیشکردنی هێمن و ئەشێ لەنێو رەنگ و پانتایی کەڤاڵەکانیدا دەریانبهێنین..

ئەمەشیان ئەوە ناگەیەنێ کە (هێمن) لە نیشەکانیدا پابەندە بەکاریگەرێتی(التاثیریة) ، یان ناگایانە کەوتبێتە ژێر کاریگەریانەوە. بەڵکو تەکنیکی رەنگ و دانانی پانتایی و رووبەرە دەچێتە بیرەوەری‌ودوایش ناناگایانە و بێ ویستی خودی خۆی لە تەکنیکیانەوە نزیك دەکەوێتەوە.. ئەشێ ئەم نزیك بوونەوەیەش لەسەربەستی رەنگ و دانان ونیشکردنی رووبەرییەوە سەرچاوەبگرێت(کە یەکێکە لەخاسییەتەکانی نیشکردنی هێمن حەمید) . دوایش لەپانتایی کەڤاڵەکانیدا بەدیاردەکەوێت.

(3)

"هێمن حەمید" لەو کەڤالأنەیدا(کە تایبەتە بەشێوازی خۆی) بەسێ قۆناغدا گوزەر ئەکات کە لەکۆمەڵێك رەگەزدا یەك دەگرنەوە.. سەرەتا واتە قۆناغی یەکەم بەکۆکردنەوەی پارچە کاغەزی رەنگاو رەنگ و دوایش چەسپکردنیان بۆ سەر پانتاییەك، (لەشێوەی کۆلاژ) و بە ریتمێکی تایبەتەوە دەست پێدەکات. قۆناغی دووەمیش رەنگ نامێزی بە بۆیەی گواش‌و قۆناغی سێیەمیش پاستیل ولەسەر کارتۆن و بەهەمان ریتمی پێشو کۆتاییان دێت.. واتە سەرجەم کەڤاڵەکانی بۆسێ شێواز دابەش دەبن.. هەرچی بۆیەی روونی و کەل و پەلەکانی تری نیشکردنە لە نێو کەڤاڵەکانی هێمندا بوونیان نییە..(جا ئەگەر لەپەراوێزدابن یان نمایش نەکراین ئەوەیان کاری من نییەو لێرەوە باسیان ناکەم).

ئەوەی لێرەوە شایەنی ئاماژە بۆکردنە لەهەرسێ شێوازە تەکنیکیەکانی "هێمن حەمید" کۆمەڵێك رەگەز و تایبەتمەندی هەن کە پێکەوە گرێیان ئەدات، بۆنموونە لەهەرسێ شێوازەکەدا واتە کۆلاژ، پاستیل، گواش کەلە سەر کارتۆن دەنەخشرێن، هێڵی ستونی خەسڵەتی گەورەی پانتاییەکانن، واتە لەهەرسێ شێوازدا هێڵی ستونی لەپانتایی کەڤاڵەکاندا بەئاشکرا دەبینرێن، لەلایەکی دیکەشەوە رووبەر بەشی گەورەی کەڤاڵەکە پێکئەهێنێت‌و وردەکاری لەپانتایی کەڤاڵەکەدا ون‌و فەرامۆشکراوە.

ئەگەر بەوردی لە ئەتمۆسفێری رەنگەکانی نێو کەڤاڵەکان رابمێنێن دەبینین رەنگی پرتەقاڵی و سەوز "رەنگی ئۆکەریش وەکو رەنگی ناوەراستیان" دەبێتە سەرەکیترین رەنگ

لەنێوانیاندا. لەلایەکی دیکەوە زاڵ بوونی ڕەنگی شین و مۆر لەنێو ڕەنگەکانی دیکە خاسیەتێکی دیکەی کەڤاڵەکانن و تایبەتمەندی دیکە ئەدەن بە ئەتمۆسفێری تابلۆکان. نەبوونی(بۆشایی/فراغ)یش لە نێو کەڤاڵەکانی هێمن (ئەگەر هەشبێ بەکەمی شوێنێکی گرتووە) زەروورەتێکی دیکەی باسکردنن و ناتوانین وابەئاسانی بەتەکیدا تێپەڕین ، ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنی دوو ڕەنگی جیاواز لە ڕووبەرێکدا. یان بەدیدێکی دیکە چارەسەرکردنی ئەو بەشە بەدانانی کۆمەڵێک ڕەنگی کۆنتراست بەریتم و هارمۆنیاییێکی ڕێک کە دواجار دەبێتە هۆی جەنجاڵ بوونی شوێنەکە، لێرەشەوە"بۆشایی" جەوهەریەتی خۆی لەدەست دەدات و جوانییەکی تری ڕەنگ ئامێز ئەدرێت بەکەڤاڵەکە.

خاسییەتێکی دیکەی کەڤاڵەکان، کە جێگای ئاماژە بۆکردنە، زۆرجار ڕەنگیکاڵ ومردوو لەهەندێک بەشی نێو پانتاییەکان دەبینرێن(لە کاتێکدا ئەگەر بەیەک کوتلە وەربگرین) بەڵام کاتێک وەرگر (متلقی) بەچاوەوە تێکەڵ بەباکگراوندو فۆرگراوندی کەڤاڵەکە دەکات و دەبێتە کوتلەیەکی گەورە ، واتە هەموو بەش و کوتلەکانی دیکەی کەڤاڵەکەیلەگەڵ وەردەگرین، دەبینین ئەو کوتلە ڕەنگییەی کە لەسەرەتادا سیفەتی مردوویێتی وەرگرتبوو، سیفەتی مردووکاڵی لەدەست دەدات و سیفەتێکی زیندوو ڕەنگێکی جوان بەرجەستە ئەبێ، بەشێوەیەکی دیکە ئەو کوتلە ڕەنگییەی کە لەسەرەتادا بەتەنیا بەمردووکاڵی دەبینرا، لەکۆتاییداو لەنێو پانتایی کەڤاڵەکەدا دەبێتە زیندوێکی گەورەو دەوڵەمەند.

(4)

پاش ئەوەی قسەمان لەسەر چەمکی کاریگەری کردو باسمان لەو کاریگەریانە کرد کە ڕەنگدانەوەیان لەسەر تابلۆکانی "هێمن حەمید" دا هەیە، دوایش خزاینە نێو ستاتیکاو کەمێک باسمان لەهەریەک لەو بەش و کوتلانە کرد کەبوونەتە شێوازێکی تایبەت بەتابلۆکانی وقسەمان لەسەر کەرنەڤاڵی ڕەنگەکان کرد، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باس لەو ماناو بابەتانە بکەم کە لەکەڤاڵەکانی "هێمن"دا بوونیان هەیە، یان بڵێین ئەو گوزارشتانە بخەینەڕوو کە "هێمن" بەکۆمەڵێک هێماوە باسیان لێوە ئەکات، واتە ئەو مەفهومانە لەڕەنگ و هێڵی نێو

پانتایی کەڤاڵەکانی"هێمن" بۆ وشە بگوازمەوە.. بەرهیوایەم کەمێکیش بێ لەگەڵ ماناکاندا یەکبگرمەوە.

کەڤاڵەکانی "هێمن حەمید" بە سێ شێوازدا گوزەر ئەکەن ، لەوشێوازانەشدا فۆرمێکی گوزارشتی (التعبيری) دەگرنەخۆ. بێگومان ئەو گوزارشتانەش (هەروەك لەپێشتر ئاماژەم بۆکردن) رەنگدانەوەی(انعكاس) دەوروبەرە بەسەر هێمندا. ئەمەشیان ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوکاردانەوانە نەگۆڕن، یان بڵێین دابەزینی ناوەوەی (هێمن)ە بۆسەر پانتایی و بەس، بەڵکو منی وەرگر(متلقی) بەو مەفهومەوە وردبمەوە کە ئەو پەیوەندییە وەدۆزم کە لەنێوان هەردوو جیهانی"هێمن حەمید" هەن، جیهانی دەرەوە وەکو دەوروبەر، جیهانی ناوەوەش وەکو هەڵچون وداچوونەکانی ناوەوەی (هێمن).

"هێمن " لەو کۆمەڵە ئیشانەیدا کە بابەتەکان بابەتی جەستەو رۆحن(هەروەك لەپەرەگرافی کاریگەری باسم لێوەکردن) بۆ دوو هۆکار دەیانگێڕمەوە، یەکەمیان هەستکێ خودی خۆی بەرامبەر ئەو ساتانەی کە جەستە ئازار بەخشە. دووەمیش یادەوەری.. لێرەشەوە "هێمن حەمید" دەیەوێ بڵێ لەرۆژهەڵاتدا هەردەم رۆح بەکۆمەڵێك میتافیزیکاوە گرێدراوەو جەستەش هەمیشە کوتلەیەکی ئازار بەخشە، رۆژهەڵات شوێنی دروستکردنی بۆشایی و پەککەوتن و نەمانی بەخشینە، غەریزە هەردەم ئەکوژرێ..تاد.

دۆزینەوەی شێواز و بابەتیش لەئیشەکانی هێمندا بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێتەوە:

1-هێزێکی گەوەری ناوەکی (خودگەرایی).

2- کاریگەری بۆ هونەری نوێ و گەڕان بەدوای داهێنان.

(یوسف عوسمان) لەکڵێشەی یەکەم پێشانگای "هێمن"دا دەنوسێ (لەم کەرنەڤاڵە نێرگسیەدا هەژمونی رەنگ لەکەڤاڵەکانیدا بەرجەستەدەکرێ، تێکەڵاوێکی لەبوارەکانی غلۆربوونەوەی تارمایی منی بالا، هیچ لەم کەڤاڵانە دنیای خەیاڵە بۆ هەڵگەڕانەوە لە کارە واقیعیەکان کە دنیایەك لەبەرانەتی هێمن سەرقاڵەی ئەو هێز و بیر و حاڵەتە دەروونییە کە نەیدەهێشت رەنگەکان لەکەڤاڵەکانی ئۆقرە بگرن، ناچار لەناو مەملەکەتەکەی هێمندا مەودایەك بۆ دروستبوونی رووخان ناهێڵێتەوە بەڵام متمانەو ئارامی نەدات بەخودی هونەر).

لەلایەکی دیکەشەوە بەشی زۆری کەڤاڵەکانی هێمن فۆرمێکی ستونی ئەگرنە خۆ، جاچ لەدانانی هێڵ بێت یان فیگەر یان رەنگ (هێڵی ستونیش گوزارشتە لەهێمنی و سادەیی).. ئیدی لەوێشەوە هێمن حەمید بەئارامی دەکەوێتە حونجەکردنی رەنگەکان و تەفسیری ژین بەماناکانییەوە دەخرێتە سەر رووبەر.

داروبەرد و ..فیگەرەکانی دیکەی نێو کەڤاڵە سروشتییەکان لەبنەرەتدا واهیمەن کەدواجار یەك دونیا گوزارشت ئەدەن بەدەست و یەك دونیا پرسیار جێدەهێڵن سروشت یەك دیوی هەیە، ئەویش جوانییە، ئەوجوانیانەش دواجار بەکۆمەڵێك رەنگەوە گوزارشتیان لێوەدەکرێ..لەلایەکی دیکەشەوە گوزارشتی کچەکان لەنێوکەڤاڵەکاندا گوزارشتی ئامۆن.. کچەکان لەبنەرەتدا هەموویان لەیەك ئەچن و لەدەمامکەوە جیاوازن..هەروەك لەکەڤاڵی (ململانێ)دا ئەبینرێن(کە هەر پێلاوێك دێت و پێلاوێکی دیکە رەتدەکاتەوە، بەئەندازەیەك کەڤاڵ دەبێتە یەك پارچە پێلاوی رەتکراوەو یەك دونیا دەمامکی نوێ).

بەم چەشنە هێمن حەمید گوزارشت لەدەرەوەی خۆی وپێناسەی ژیان ئەکات، ئیدی لەکۆتاییدا (هێمن حەمید) جگە لەرەنگ و کەڤاڵ هیچیتر ناناسێ و بێ بوونی رەنگ قسەی بۆناکرێ وبوونی نابێت.

*ئاماژەیە بۆ ئەوکەڤالانەی کە لەیەکەم پێشانگای تایبەتی "هێمن حەمید" نمایشکران، لەهەردوو شاری هەولێر دهۆك، سالی 2000.

*ئۆکتاڤیۆ پاز، کۆپلەیەك لەقەسیدەی(بەردی هاتاو) وەرگێرانی لەفارسییەوە، یونس رەزایی، ژ/8ی گۆڤاری سەربەم،لا78.

سەرچاوەکان:

1-جۆرج _ا_ فلاناجان، حول الفن الحديث، ترجمةوتاليف_ كمال الملاخ، مراجعة، صلاح طاهر ،دار المعارف بمصر.

2-د. محمود امهز، الفن التشكيلي المعاصر، التصوير.

3-هربرت ريد، جوجان المصرور الاديب، الفنان ل عصر العلم ومقالات اخرى، ترجمه، فواد دواره، ص 154.

4-كبار الكتاب كيف يكتبوون، و: كاظم سعالدين.. دار الحرية للطباعة ،1986.

نسیێ نما

*هانا ئارێنت: نەریتی شاراوە	و: موراد حەکیم مزووری
*ژن و .. ژیانی بلیمەتان	و: رەوشت رەشید
• گۆرانیەك بۆ شەو	زۆراب
• رانانی کتێب	رەگەز رەشید
• کتێبی نوێ	

رونکردنەوە

سەرەتا بەوە دەست پێدەکەین کە ئەم ژمارەیە ئەختێك لەکاتی دەرچوونی دواکەوت، ئەمەش لەبەر تەسکبوونەوەی کاتی برادەرانی دەستەی نووسەران و هەوڵدان بۆ بەجیدی کردنی پرۆژەکان کە پێویستیان بەچەندین جار گفتوگۆو هەڵسەنگاندن و بەرنامەڕێژی هەبوو بۆ سەرجەمی نۆرگانەکانی سەنتەری نما کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەو داهێنانی فیکریی و ئەدەبی دەدا، بەوشێوەیە وەك دەبینن لەستافی نوسیندا بەشێك لەهاوڕێیان نەماون و بەشێك جێگای کاریان گۆڕاوەو کاردابەشیەك ئەنجام دراوە، لەلایەکی دیکەوە ئەم ژمارەی گۆڤاری نما خاوەنی دۆسێیی تایبەت بەهیچ باسێك نییە بەمەبەستی پشووێیەك و، لەژمارەکانی ئایندەیدا دۆسێی تایبەت لەسەر مەسەلە فەلسەفی و فیکرییەکان دەکاتەوە، بەیەکجاریش گۆڤارەکە ئەخاتە بازنە فیکر و فەلسەفەوەو لایەنە ئەدەبی و هەوڵەکانی ئەو بوارە دەبەخشێتەوە بەگۆڤاری (شیعرنما) کە زیاتر گرنگی بە ئەدەب دەدا، جا چ لێکۆڵینەوە یان دەقی ئەدەبی بێت. بەمشێوەیە لەگەڕی دووەمی کارەکانیدا سەنتەری نما بەشێوەو گۆڕانێکی ئیجابی کە بەو هیوایەین خوێنەران هەستی پێبکەن بەردەوام دەبێت بەنیازە دەروازەکانیان والآتر بکات.

هانا ئارێنت: نەریتی شاراوە

ن: رامین جیهانبەگلو

و: موراد حەکیم مزووری

نزیکـەی چل سـاڵ لەمەوبـەر ، ریمـون ئـارۆن لـە گۆڤـاری (critiqur)ی چاپی 1954دا، بەرهەمەکانی (هانا ئارێنت)ی بەنێوەندی رۆشنبیری فەرەنسی ناساند.بەڵام چەندین ساڵ تێپەڕین تاوەکو شوێنی خۆی لە وتووێژە رۆشنبیرییەکانی فەرەنسادا بینیەوە. لەدەسانی رابردوودا شایەدی وەرگێڕ... ...ەرە جۆراوجۆرەکانی ئەوین لە نوسینەکانی ئارێنت و ئێستاش بەبڵاوبوونەوەی کۆمە... ...دیەکی ئەم نووسەرە لەژێر ناونیشانێکی سەرنج راکێشی وەك(نەریتی شاراوە) (la tradition cachee) بەرهەمە فەرەنسییەکانی ئارێنت دەوڵەمەندتر بوون.

ئامانجی سەرەکی (هانا.) لەم کتێبەدا گێڕانەوەی جەوهەری یادەوەری یەهودییەکانە لەبەرانبەر مێژوو وراستەقینەیی لە پێوەندیاندا بەستراتیژییەتی ئامێری تۆتالیتاری نازییەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئارێنت بەلێکۆڵینەوە لە ژیان و بەرهەمی چەند نەوەیەکی زانا یەهودییەکان ئەوە بەدەردەخات کە بەچ شێوەیەك لەنێوانچارەنووسی سامناکی خۆیان وەکو پاریا(paria) و ئەزموونی ئەم وەژاوی " ئارەزووی رزگار بوون" یاخود" بەدەستهێنانی یەکسانی بوون لەشوناسدا" لەگەڵ کۆمەڵگای رۆژئاوادا سەرگەردانن. هانا ئارێنت بەسەرنجدان لە نەریت (ترادسیۆن) ئەو یەهودییانەی کە کاریگەرن بەسەردەمی رۆشنگەری، لەئەزموونی ئاوارەکانی قوربانی، نازیزم، جیانەکاتەوە کە گرفتاری گەشبینییەکی پوچەڵ ببوون و پێویستیان بە ئازایەتی ...ە بۆ هەموارکردنی باردۆخی کۆمەڵایەتی و مافیان

خەبات بکەن.دیدی مێژوویی ئارێنت ناچارمان دەکات بگەڕێینەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە بەچ شێوەیەك" لەناوچوونی جیهانیانەی ئەو یەهودییە سەرگەردانانەی وەك هەموو گەلە پاریاکان، هاوبەندییەکی تایبەتی لە نێوان هەموو ئەندامەکانیاندا هێنایەکایەوە." بەم شێوەیە هانا ئارێنت بەروانینی لە ئەزموونی تاکە کەسی خۆی وەك نموونەی یەهودییەکی ئاوارە" بۆ دۆزینەوەی جەوهەری مرۆڤایەتی مرۆڤ وژیان، کەسایەتی خۆی دەخاتە بەرانبەر مەترسی فەزای گشتی" لێرەشەوە بەخستنەرووی لێکۆڵینەوە لە چارەنووسی تراژیدیای پاریا، دەستپێدەکات. بۆ ئەم مەبەستەش بەتوندی کەوتە دژایەتیکردنی خەیاڵچنی یەهودییەکان ، کە لەمێشکیاندا پەرە بە بیرۆکەی ئازادی پاریا دەدەن." بە بڕوای ئارێنت ئەم تێگەیشتنە"بێ مانا وبێ ئامانج بوو، چونکە پەرۆشی مرۆیی لە بەئەنجام گەیاندنی مەبەست و ئامانجێك لەم جیهانە فانییەدا بێبەرپرسیارییەتی لەبەرانبەر ژیان، ئابینا دەردەخات".

لەگەڵ ئەوەشدا رەخنەگرتن لە تێگەیشتنی مێژوویی یەهودییەکان بەو مانایە نییە کە مەبەستی بێ ئەم مێژووە لەئاستی رووداوە پەراگەندەو داماڵراوەکان لەهەر جۆرە مانایەکی کەلتووری وسیاسی بهێنێتە خوارەوە. بەپێچەوانەوە ئەو لەپشتی هەر فەردانیتێکی مێژوویدا بەدوای" یادەوەری نەتەوەیەکدا بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوەو پابەندە بە پرەنسیپ و نەریتەکانی خۆی" و بۆی دەگەڕێت.بەڵام پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە کە ناتوانین سەرنج لە توێژینەوەی هانا نائێنت بەشێوازی مێژوونووسی ستایشی زێدەرۆییانە دەربارەی نەتەوەی یەهود بدەین.(هانس جۆناس) فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی و نووسەری کتێبی(ئەسڵی بەرپرسیارێتی).لەبارەی هانا ئارێنت دەنووسێت:" هانا بووە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی باس و گفتوگۆ لەبواری تیۆری سیاسیدا و شێوە لێکۆڵینەوەکەشی لەمەڕ ئایدیا و چەمکەکان بەسەر ئێوەندی رۆشنبیریدا سەپاند". ئەتوانین ئەو شێوە لێکۆڵینەوە رەخنەییەی ئارێنت لەوەڵامێکدا ببینین کە ئەو سەبارەت بەدادگایکردنی(ئاشمن) لەئۆرشەلیم و بەگرشوم شولمیدای و هانا لەوەڵامی شولمدا پشتیوانی نەکردنی ئەو لەنەتەوەی یەهودی بەتوندی دەخاتە ژێر رەخنەو دەنووسێت:" من هەرگیز لەژیانمدا نەتەوەیەك یاخود کۆمەڵە خەڵکێکم خۆشنەویستووە، ئێستا چ ئەڵمانییەکان بن، چ

فەرەنسییەکان، چ پرۆلیتارەکان و ... تاد لەراستیدا من تەنها برادەرەکانم خۆشدەوێن و لەتوانام دانییە بەجۆرێکی دیکە مەیلم نەبخەم. هەروەها لەوێوە کەمن یەهودیم، خۆشویستنی یەهودییەکان بە بۆچوونی من کارێکە گومانی تێدایە. من خۆم و هەموو ئەوەی کە جەوهەری ئێمەی یەهودییەکان پێکدێنێت خۆشم ناوێن.. بەلام تەنیا لەبوارێکدا لەگەڵتان تەبام، ئەو ناداپەروەرییانەی کە بەهۆی نەتەوەکەمەوە شێوە دەگرن زیاتر لەو ناداپەروەرییانەی کە بەهۆی نەتەوەکانی‌تر ئەنجام دەدرێن ئازارم دەدەن." کرۆی وێستگەکانی دیدی ئارێنتیش ئەوەیە کە مانای مێژووی یەهودییە پارياکان بەشێوەیەکی جیاو تەنها لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکو لەنێو مێژوویەکی فراوانتردا واتا لەمێژووی غەیرە یەهودی رۆژئاواییدا شەن و کەوی دەکات. بەم شێوەیە بەنیشاندانی ئەزموونە هەمە جۆرەکانی ئەم نەتەوەیەلە بەشدار بوونیان لە مێژووی ئەوروپا سەرنجی خوێنەر بۆ راستی دەردناکی ئەم(لەجیهاندەرکردنە)ی پاریای کۆمەڵایەتی یەهودی رادەکێشێت.کەواتە هانا ئارێنت بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو دیاردەیە (فینۆمینۆن)یە، روخسارە مێژووییەکانی نوکیسگان و پارياکان بەیەکەوە هەڵدەسەنگێنێ وجیاوازییەکانی نێوانیان نیشان دەدات. بەبۆچوونی ئارێنت(دیاردەی نوکیسەی کۆمەڵایەتی، بەرهەمی سەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپایە، بەهەمان شێوە کە پاریای سیاسی لەرووخسارە تەوەرییەکانی سەدەی بیستەمە." ئارێنت بەروونی ئەوە دەردەخات کە چ جۆرە رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی پێویستی بەبوونی نوکیسگانی سەدەی نۆزدەیەمە.(بۆنموونە یەهودییە دەربارییەکان) کە" لەمێژووی یەهودیدا لەسیمای پارياکان زیاتر دیارن." لەوانەیە پێویستی بە وەبیر هێنانەوە نەبێت کە بەگوتەی ئارێنت"مێژووی یەهودییە مۆدێرنەکان کە یەهودییە دەربارو ملیۆنێرەکان و یەهودییە خێرخوازەکان دەستی پێکردووە، ئاراستەیەکی تری لەم نەریتەدا بەفەرامۆشی سپاردووە کە نوێنەرەکانی ئەو خەڵکانی وەك" هایرنش هاین و راهل وارنهاگن، شولم ئالاشیم، بێرنار لازار و فرانتس کافکا، یاخود تەنانەت چارلی چاپن .. بوون"ئارێنت دەڵێت ئەم تاکانە ناسێنەری نەریتی کەمایەتییەکی یەهودییەکانن کە بەروو وەرگێڕان لەنوکیسەگان پایەی(پارياییە هوشیارەکان)یان پەسندکرد. بەبۆچوونی ئارێنت هەموو ئەو

شایستەییانەی کە بەسیمایان دەزانن وەك میهرەبانی ، مرۆڤدۆستی، گاڵتەجاڕیو هۆشمەندی بەبێ دوو دڵی بەشێکن لەخەسڵەتی پاریاکان. بەپێچەوانەی هەموو کەم و کورتییەکانی تری یەهودییەکان وەك بێ ئەدەبی، نەزانیسیاسی، گرێی سووکاسەتی، کەم و کورتی هەموویان خەسڵەتی نوکیسەگانن. بۆیرانە دەتوانین بڵێین کە رەسەنایەتی و وردی لێکۆڵینەوەی ئارێنت لەمێژووی یەهود، سەرنجی تایبەتی خۆیەتی لەکاروباری گشتیو دژەتییە لەگەڵ ئەزموونی تاکەکەسی رزگاربوون؛ چونکە بەگوتەی ئەو" خەمبارترین رەگەزی مێژووی یەهود لەم خاڵدا شاراوەیە کە تەنیا دوژمنەکانی، نەك دۆستەکانی ئەم شتەیان زانیوە کە مەسەلەی یەهودییەکان مەسەلەیەکی سیاسییە". بێگومان بەزیاد لەپێویست جەختکردنە سەر لایەنی سیاسی ترسی ئەوەی هەیە کە گرنگییەکی کەم بە بەهای فەلسەفی و فیکری لێکۆڵینەوەی ئارێنت بدرێت. بەڵام لەوێوە مەبەستی ئێمە لەنووسینی ئەم وتارە داواکردنە لەخوێنەران بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئارێنتو، تەسەور دەکەین کە ئاشنایی لەگەڵ کتێبی (ئەریتی شاراوە) ببێتە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر ئەوانەی بەرهەمەکانی هانا ئارێنتیان خۆش دەوێت تایبەتمەندی ئەم نووسەرە دووبارە نیشاندانەوەی رووداوە مێژووییەکان لەرەهەندی فەلسەفیدا بدۆزنەوە.

سەرچاوە: مۆدێرنێتە، دیموکراسی و رۆشنفکران
رامین جیهان بەگلو ، لا 130-133 .

خۆشەویستی ئەوکاتە دێت کەخۆی دەیەوێ ژنو.. ژیانی بلیمەتەکان

ن: هاشم سالح

و: رەوشت رەشید

بەم دواییانە لەپاریس کتێبێك دەرچوو باسی رۆڵی ئافرەت دەکات لەجولاندنی پرۆسەی ئەفراندن لەلای پیاوی داهێنەر، بەتایبەتیش لەلای پیاوە بلیمەتەکان.

دەکرێ بگوترێت کە بلیمەتەکان دوو جۆر هەڵوێستیان هەیە لەئاست ژناندا، یان هەڵویستی گرنگی پێدانی زیاد لە پێویست، یانیش هەڵوێستی پشتگوێخستنی زیاد لە پێویست، واتە بلیمەتەکان هەمیشە بەپێچەوانەی خەڵکی ئاسایی زیادەرۆیی دەکەن لە هەڵوێست نواندنیاندا. ئەگەر سەیری ژیانی گەورە فەیلەسوفانی وەك دیکارت یان کانت بکەین، دەبینین ئافرەت رۆڵێکی وا نابینێت کە جێگەی باسکردن بێت. دیکارت ژنێکی ساویلکەی هێنابوو کە لە کارەکەر دەچوو، هیچ رۆڵێکیشی لەژیانی گشتی دیکارت " واتەژیانە فیکرییەکە"ی نەبینی.

هەرچی جان جاك رۆسۆشە ئەوا بەدرێژایی ژیانی لەگەڵ ئافرەتێك ژیا کە خۆشی نەدەویست، ئافرەتێکی خۆشویست کە تاکە رۆژێکیش لەگەڵیا نەژیا، بگرە دەستیشی پێنەکەوت. بەڵام ئەمانوئێل کانت، لەبارەیەوە نەزانراوە کە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا هەبووبێت، بەجۆرێك ژیانی دووروو درێژی خۆی خستە خزمەت بەرجەستەکردنی

ئەو فەلسەفەیەی کە بەدرێژایی دووسەد ساڵ و تا ئێستاش زاڵ بوو بەسەر عەقڵی ڕۆژئاوایی.

دەگێرنەوە کانت خوازبێنی ئافرەتێکی کرد، بەڵام دوایی بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە نووسینی یەکێك لە کتێبە گرنگەکانی ئافرەتەکەی بیرچووبووەوە، کاتێکیش بیری هاتەوەو ویستی بۆی بگەڕێتەوە ،ژنە چەند لەمێژ بوو شووی کردبوو، یەك دوو منداڵیشی هەبوون.

کاتێکیش بەساڵاچوو لەچل و پەنجا ڕەتی کردو ناوبانگی دەرکرد، یەکێك لەو شتانەی کە زۆر تەریقی دەکردەوەو تووشی ئیحراجی بوونی دەکرد ئەو پرسیارە بوو"مامۆستا کانت بۆچی ژنت نەهێناوە؟" ئەویش هەمیشە بەم شێوەیە وەڵامی دەدایەوە، : کاتێك کە لاو بووم هەژار بووم و نەمدەتوانی ئەرك وپێداویستی‌یەکانی خێزان لەئەستۆبگرم. کاتێکیش بەناوبانگ بووم و دەسەڵاتی ئەوەم پەیداکرد کە ژن بهێنم، ئەوا چیدی هەوەسی ئافرەتانم نەمابوو، چونکەپیر ببووم و شەمەندەفەر جێی هێشتبوم. هەرچی شاعیرو هونەرمەندان و پەیوەندییەکانیشیانە بەئافرەتانەوە ئەوا بارێکی دیکەیە. دیکەوە.. چونکە لە ڕاستیدا دەگمەن ژیانی شاعیرێك دەبینیت کە خاڵی بێت لە خۆشەویستیەکی توندو عەشقێکی شێتانە،. زۆر جاریش ئەو خۆشەویستییە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە ئیلامی شاعیرو کرانەوەو تەقینەوەی بلیمەتی و کپی شاعیر. لێرەدا چیرۆکی ریلکەو ئەو کچە شۆخە رووسیە"لواندەر یاسالومی" بەنموونە دەهێنینەوە، کە پێشتر هەمان کچ ئەندێشەی (نیچە)ی داگیر کردبوو. ریلکە کاتێك تەمەنی 20 ساڵان بوو سالۆمی ناسی و ئەمیشیان کامڵە ژنێکی چل ساڵان بوو، کە دواتر ببوە هۆی ئەوەی گڕێ دەروونیەکانی ریلکە بکاتەوەو وەکو ئاگر بلیمەتی ئەو پیاوە دابگیرسێنێ .

هەروەها چیرۆکی (ئەلفرێد دومۆسێ)مان هەیە لەگەڵ ئەو کچە نووسەرە بەناوبانگەو سەربەستەی کە ناوێکی پیاوانەی بۆخۆی دانابوو: جۆرج ساند، دومۆسێ ئەو کچەی زۆر خۆشدەویست ،کچە لەسەرەتا ئەمی خۆشویست، بەڵام زۆری نەبرد دومۆسێی جێهێشت و رووی کردە پیاوێکی دی، بەمەش ئاگری بەردایە ناخی دۆمۆسێی شاعیر، دومۆسێ بەدرێژایی ئەو شەوانە چاوەڕێی ئەو کچەی دەکرد تا ئەو دەمەی کچە لەشەوە سوورەکانی

تەواو دەبوو و نزیك بەرەبەیان دەگەڕایەوە، دومۆسێش شەوتخونی بۆدەکرد و جوانترین قەسیدەی لەشیعری ڕۆمانسی سەدەی(19)ەیەمی بۆ نووسی کەنا وی(شەوانی مۆسێ)یە، بەم جۆرە ئازاری خۆشەویستی بەسوودە بۆ هونەرمەندو، بلیمەتەکان دەتەقێنێتەوە. بگرە زۆرجار سەرکەوتن لەخۆشەویستی لەوانەیە مەترسی بێت بۆ سەر ئەفراندن، دەکرێ درێژە بەم بابەتە دڵگیرە بدەین و زیاتر قسەی لەسەر بکەین، بەڵام با تۆزێك لەبەردەم ئەم کتێبە نوێیە بوەستین کە نووسەرەکانی دوو کەسن نەك یەك. یەکەمیان مێژوونووس و ڕۆماننوسێکی فەرەنسییەو دوومیشیان نووسەر و دیبلۆماتێکی ڕووسییەو بەیەکەوە کتێبێکی گرنگیان دەربارەی ئەو کچە ڕووسییە جوانانە کۆکردۆتەوە کە دوای شۆڕشی بەلشەفیك و پێش ئەو شۆڕشەش بۆ گەڕان بەدوای ئارامی و ئاسایش ودواتریش بۆ گەڕان بەدوای خۆشەویستی و ناوبانگ و بلیمەتیان ڕووەو فەرەنسا کۆچیان کردبوو.

دوای ڕوخانی شیوعیەت، ئەرشیفی ڕووسیەکان لەبەردەم ئەم دوو نووسەرەدا والآکراو، بگرە توانیان بگەنە ئەرشیفەکانی(ك.خ.ب) لەو ماوەیەدا، کە پڕ بوو لە زانیاری دەربارەی زۆر لە کەسایەتیەکان لە هونەرمەند ونووسەر و شاعیر و فەیلەسوفان لەگەڵ کچە نەشمیل و دڵرفێن و سەرنج ڕاکێشەکانی ڕووس، بەجۆرێك هەندێك لەو کچە قەشەنگانە ڕۆڵێکی سیاسی و بگرە "سیخوڕیشیان" بۆ بەرژەوەندی دەزگا ڕوسیەکان دەبینی.

بۆکەس نێهنی نییە کە (ئیلیزا) عەقڵ و دڵی (ئەراگۆن)ی داگیرکردبوو،(سیبیت)یش لەلایەن نێوەندە فەرەنسییەکانەوە بەوە تاوانبار کرابوو کە بەکرێگیراوێکی ڕوسیاییە، لەڕاستیشدا ئەو مێردی خۆ خستنە نێو حیزبی شیوعی و هەر خۆیشی وایلێکرد پەیوەندیکردنی بە سەربازگەی ڕووسی ئاشکرابکات لەسایەی جۆزێف ستالین. بەڵێ خۆشەویستی چاوەکان نابیناو، گوێیەکان کەڕ دەکات؟!! ئەوەی سەرنجی هەردوو نووسەری ئەم کتێبەی ڕاکێشا ئەوەبوو کەوا زۆربەی بلیمەتە فەرەنسییەکان لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا لەڕووی سۆزدارییەوە پەیوەندیدار بوون بە ئافرەتە ڕووسیاییەکانەوە. بۆنموونە ئۆلغا کە شووی بە پیکاسۆ کرد و (گالا) کە (ئیلیوار)ی خۆشویست پێش ئەوەی بکەوێتە تۆڕی سلفادۆر دالییەوە.

هەروەها (ئيليزا) و(ئاراگۆن) هەن كە ديوانە بەناوبانگەكەی بەناوی (شێتی ئيليزا) لەسەر نوسی و چيرۆكی خۆشەويستيان لە نێوەندە ئەدەبييەكان بەرادەيەك ناوبانگی دەركرد كە دەكرێ بەراورد بكرێ بەچيرۆكی(مەجنون لەيلا) لە ئەدەبی عەرەبيدا.هەروەها "ليدا" هەيە كە هونەرمەندی ناودار" ماتيسيس"ی پەرێشانكرد.

هەروەها (مايا)ش كەدڵی(رۆمان رۆڵان)ی بەرێدابردبوو، بەجۆرێك رۆڵان ئەچووە ژێر باری پێشكەشكردنی گوێرايەڵی و ستايشكردن بۆ ستالين. هەروەها پێويستە رێبەری ئێگسيستانياليزمی(وجوديوتی) فەرەنسی"جان پۆل سارتەر" لەبير نەكەين، چونكە ئەبەردی زۆری هەبوو، لەوانە چيرۆكێكی خۆشەويستی كپكراو يان نيمچە نهێنی لەگەڵ جوانێكی روسيدا بەناوی: لينا زوينان هەبوو، هەر بۆ ئەويش كتێبی بەناوبانگی"وشەكان"ی پێشكەشكردووە كە بەشێوەی گێرانەوەی ژيانی خۆيەتی، بەڵام لەپێشكەشكردنەكەدا تەنها ئاماژەی بە پيتی يەكەمی ناوی كچەكە كردووە، لەترسی ئەوەی نەكا تووڕەيی (سيمۆن دووبۆفوار)ی بەسەردا ببارێ. هەربۆيە لە پێشكەشكردنە كورت و تەماوييەكەی گوتويەتی"بۆ خاتوو ..ز.." رەخنەگر و كۆمێنتسازەكان زۆر بەدوای راڤەكردنی ئەم پيتە بوون بۆ ئەوەی بزانن ئەم(ز)يە، چيی دەگەيەنێت بەڵام نەگەيشتنە هيچ ئەنجامێك، بەجۆرێك سارتەر سەركەوتوو بوو لە پاراستنی نهێنی پەيوەندييەكەی و، لەگەڵ خۆشەويستەكەی تەنها لەكەنارەكانی رووباری يەلتيك نەبێ بەيەك نەدەگەيشتن، يانيش لەگۆشەو سوچەكانی پايتەختی سۆڤييەت كە جارجارە دەچووە سەردانی مۆسكۆ و ياوەری يەكتريان دەكرد، وەك ئەوەی هيچ روونەدابێ. .بالێرەدا بەدرێژی لەسەر دوو پەيوەندی بوەستين:يەكەميان پەيوەندی (گالا) بە(پۆل ئيليوار) و دواتريش بەسيلڤادۆر دالی و، دوومیشيان پەيوەندی (ئيليزا) بە(ئاراگۆن).

كاتێك گالا لەساڵی 1918 گەيشتە پاريس بۆ ئەوەی شو بە پۆل ئيليوار بكات و تاهەتايە لەفەرەنسادا بگيرسێتەوە، وڵات تازە لەشەرێكی وێرانكار هاتبووە دەرێ.

ئیلیوار خۆیشی لەشەڕەکەدا بەشداربوو، هەر بەجلی سەربازییشەوە هاتە کڵێسا بۆ ئەوەی ئەو کچە رووسیاییە مارە بکات کە خۆشیدەویست. بەلام وەکو سەرجەم نەوەکانی سەردەمی خۆی شەڕی جەرگبڕ دەروونی وێرانکردبوو.

بەدەگمەن ماڵێکی فەرەنسیت دەدۆزییەوە کە کوژراو یان بێسەرو شوێنێك یان بریندارێکیان نەبێت و دەکرێ بگوترێ بزوتنەوەی سوریالی فەرەنسی کە (ئەندرێی بریتۆن) رابەرایەتی دەکرد شتێك نەبوو جگە لە کاردانەوەیەکی ئەو شەڕەو مەرگەساتەکانی.

گەنجانی فەرەنسا ئەوکاتە دەیانویست دڵنەوایی خۆیان بدەنەوە، هەناسە بدەن و، مەرگەساتەکانی شەڕ و ئەو کارەساتانە لەبیر بکەن کە لەگۆڕەپانەکانی شەڕدا بینیبویان، بۆیە هیچ رێگایەکیان لەبەردەم خۆیاندا نەدەدۆزییەوە جگە لەپرژانە نێو بزوتنەوەیەکی هونەری سوریالی ئازادیخواز.

سوریالیزم ئەو بوارەی بۆ هونەرمەند رەخساند" شاعیر، یان ئەدیب، یان رۆماننوس..تاد" کە تۆزێك خۆی لەبیر بچێتەوە، نوقمی خەون وخەیالات ببێت و لەواقیعەوە بەرزبێتەوە بۆ سەرووی واقیع" کە ئەمە مانای حەرفی وشەی سوریالییە" . سوریالیزم پێویستیەکی مێژوویی جێبەجێ کرد چونکە لەکاتی گونجاودا هات و یارمەتی دامێنەرە فەرەنسییەکانیدا کە رزگاریان ببێت لەو رق و کینەو تورەهاتییەی کە فشاری دەخستنەسەر، لە دۆزەخی ئەو واقیعەی کە رەحم بەکەس ناکات. بەم جۆرە رێگەیاندا بە وزەو تواناکانیان، بتەقێتەوەو بەهەموو ئاراستەکان و چۆن حەز دەکات ئاوا گوزەربکات. هەروەها رێگەیان بەزماندا کە لەکۆت و زنجیرەکانی ئازاد بێت، واتە لە مانا قاموسیی و شەرعیەکان، بۆئەوەی مانای دیکە وەربگرێت و قۆزاخەکانی بشکێنێت. بواریان بەزماندا کە سنوری خۆی ببڕێت و گوزارشت نەوەك هەر لەمانا بەڵکو لە بێمانایی و، پوچی و نامەعقوڵیش بکات. ئەوان بینیان کە واقیعیەتی راست ئەوەیە کە ناواقیعی بیت! ئایا شەڕ واقیعی یان ماقوڵ یان خاوەنی هیچ مانایەکە؟ ئایا دەکرێ بەزمانێکی لۆژیکیانەی، فەرهەنگیانەی موحافیزکار گوزارشت لە عەبەسیەتی شەڕ بکرێت؟

ئایا پێویست نییە لەسەر هونەر کە گوزارشت لەشێتیتی واقیع بکات بەزمانێکی لەخۆی شێتتر؟ هەر لێرەوە مەسەلەی تەقینەوەی زمان سەری هەڵدا، کە لەشەستەکاندا گواسترایەوە نێو پانتاییەکانی شیعری عەرەبی هاوچەرخ.

ئەوانە هەندێك لەهەرە پاڵنەرە قوڵەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی سوریالیزم بوون، لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا"سەدەی بیستەم". پاشانیش فراوان بڵاوبوەوە بۆ ئەوەی ببێتە بزوتنەوەیەکی هونەری بەقەبارەی دونیا، وەك هەموو بزوتنەوە رەسەنەکانی دی کە لەپایتەختی رووناکی و ئازادی :(پاریس) سەریان هەڵدا.

بەڵام دواتر سوریالیزم لەمامەڵەو گوزارشتکردنیدا زیادەرۆیی کرد تاوەکو لەسەر دەستی هەندێك لەشوێنکەوتووە بچووکەکانی ، ئەوانەی‌هیچ داهێنانێکیان نەبوو گەیشتە ئاستێك لە ئابڕوچوون و وڕێنەبازی. بەهەرحاڵ"گالا" دونیای پۆل ئیلیواری داگیرکردبوو، ئیلیوار ئەم چەند دێرەی لەچامەیەکیدا بەناوی" گۆرانیەك بۆ گالا" نوسیبوو:

لەژیانم کەسم خۆشنەویتووە جگە لە گالا ..و
ئەگەر ئافرەتانی دیکە هەموویان رەتکەمەوە،
ئەوا بۆتۆ دووپات دەکەمەوە کە لەدونیا ئافرەتێکم نەدۆزییەوە
جگە لەگالا
کە مەیلێکی کەم بۆ ژیان و
مەیلێکی زۆر بۆ مردن ئەدات..

بەم شێوەیە ئیلیوار وگالا چوونە ناو بازنەی سوریالیستەکان و چوونە ریزی ئەندرێ بریتۆن و لویس ئاراگۆن و فیلیپ سوبول و رینێە شار و ئەوانەی دی.

ئیدی بزوتنەوەی سوریالیزم، پێشەنگی داهێنانی رۆشنبیریی ئەوکاتی لە فەرەنسا پێك هێنا، ئەو پێشەنگەی دەیەوێت ژیان بگۆڕێت. ئەندرێ بریتۆنیش وەکو سەرۆکی بزوتنەوە یان رابەری عەسابەیەك هەڵس و کەوتی دەکرد و گەرەکی "ئەلمۆنبارناسی" لەپاریس

بەهەموو قاوەخانەکانیەوە کربوو بە پایتەختێك بۆ ئەو بزوتنەوەیەی کە دەیەوێت جیهان بگرێت.

بەڵام گالا لە گۆڕان وەهەڵچون و داچرون و شێتییە سوریالییەکەی ئیلیوار ماندوو ببوو، لەوەش گرنگتر ، خۆشەویستی بۆ خۆی ماندوو ببوو، مەلەل گرتی، چونکە خۆشەویستی لەسەرەتاوە وەکو گەردەلول بەهێز دەست پێدەکات، پاشان بەتێپەڕبوونی ڕۆژ و ساڵەکان هێدی هێدی هێور دبێتەوەو بەرەولاوازی دەچێت، هەر خۆشەویستیەك بکاتە ئەنجامێکی پۆزەتیڤ و حوکمی بەرەو نەمان بۆ خۆی دەر دەکات. ئەمە سوننەتی ژیان و سروشتی شتەکانە.

بەتەنها دووری و بێبەشی وادەکات خۆشەویستی پتەوو بەهێز بێت‌و بەربەرەکانی "ڕکابەرێتی" زەمەن بکات. بەڵام بەبێ کێشتێ، بەتایبەتیش لەگەڵ یەکتر ژیانی هاوبەشی بەردەوام، دەبێتە هۆی دامرکانەوەی کڵپەی خۆشەویستی و کوژانەوەی خۆشەویستی، یان بڵێین هەڵوەرینی خۆشەویستی. بەداخەوە کە دەکرێ بڵێین خۆشەویستی وەکو گوڵە جوانەکان وایە، وەك چۆن گوڵەکان دەوەرن ئەویش هەڵدەوەرێ. بەم جۆرە دوای چەندین ساڵ خۆشەویستی و نزیکی و دواتر تۆران، پەیوەندی نێوان گالاو ئیلیوار کۆتایی هات. ئیدی کچە نەشمیلی روسیایی لەناخیدا بەدوای پەیوەندییەکی تازەدا دەگەڕا، یان بڵێین بلیمەتێکی تازە، ئەوەبوو کەسێکی دیکەی کە شێتی و بلیمەتیکەی ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نەبوو لە هی ئیلیوار دۆزییەوە، ئەویش سیلڤادۆر دالی بوو. بەڵام ئەوکات دالی ، ئەو دالیە ناودارە نەبوو کە ئێمە دەیناسین، بەڵکو گەنجێکی خەیاڵاوی بوو کە تەمەنی لە 25 ساڵ زیاتر نەبوو، ئەو هاتبووە پاریس بۆ گەڕان بەدوای ئیلهام و ناوبانگ و دەوڵەمەندی. چونکە کوڕێکی هەژاربوو، وەك هاوڕێکانی دەیانگوت لەدووری سەدان کیلۆ مەتر بۆنی هەژاری لێدەهات. گەنجێکی ئیسپانی بوو بەدرێژایی ڕیانی شەقامەکانی پاریس دەسوڕایەوەو شتێك لەگیرفانەکانیدا نەبوو، جگە لەبلیمەتیە کپ بووەکەی.. گالا هات بۆئەوەی بیلەرزێنێ و بروسکەی بلیمەتی تێدا دەربخات.

کاتێك دەربارەی هۆی هەڵبژاردنی گەنجێکی هەژار پرسیاریان لەگالای نەشمیلکرد، لەوەڵامدا وتی:" چونکە یەکسەر درکی ئەوەم کرد کە دالی بلیمەتە" گالا وەکو کچانی دیکەی رووسی کچێکی بەتەماح بوون ،بەدوای ناوبانگ و بلیمەتی دەگەڕا ، ئەو بەتەنها لەترسی شەڕی ناوخۆ وشۆڕشی بەلشەفیك وڵات و خێزانی خۆی جێنەهێشتبوو، بەڵکو بۆ دووپاتکردنەوەی خودێتی خۆی و ، کردنی شتێکی گەورەی وەهابوو کە قەرەبووی لەدەستدانی وڵاتو کەس و کار و خۆشەویستیان بکاتەوە. بەم جۆرە گالا بەدرێژایی ساڵانی پر لەزەحمەتی یاوەری دالی کرد، ساڵانی بێبەشی و هەوڵی گەیشتن، گالا کاری بۆ ئەوە کرد دالی بخاتە نێو کۆمەڵی سوریالیەکانو هەموو هەوڵێکی بەخشی بۆرازی کردنی بریتۆن.

بەم شێوەیە چووە ریزی سوریالیەکانو شاکارە یەکەمینەکانی خۆی پێشکەش کرد، شان بەشانی دەرهێنەرێکی سینەمایی بەناوبانگی بەرەچەڵەك ئیسپانی کە ئەویش "بۆنوێل"بوو.

هێندی هێندی دالی لەترسی درێژخایەنی لەهەژاری دەهاتە دەردوەو تا دواتر ناوبانگی دەرکرد و، هێشتا تەمەنی لە 35 ساڵی رەتی نەکردبوو، بوو بەیەکێك لە دەوڵەمەندترین هونەرمەندانی دونیا . کەڤاڵەکانیدالی بەسەدان هەزار لەپارە لەپاریس و نیۆیۆرك و پایتەختەکانی دیکەی دونیا دەفرۆشان. بەڵام کاتێك دالی گەیشتە ئەوەی دەیەویست ئیدی زیادەرۆیی لەشێتی خۆیکردوو، گەیشتە ئاستێك کە ستایشی هیتلەر و فرانکۆ بکات. لەو کاتەشدا لەلایەن (بریتۆن)ەوە بەخراپترین شێوە لە نێو ریزەکانی سوریالیستەکان دەرکرا.

ئاراگۆن لەچاوانی ئیلیزادا

کەی یەکەم جار ئاراگۆن ئیلیزای بینی؟ یان چاکترە بڵێین کەی ئیلیزا ئاراگۆنی بینی؟ چونکە ئیلیزا بەدوای ئەودا دەگەڕا،دەیەویست و، شوێن پێی هەڵدەگرت.

ئەراگۆن ئەوکات لەهەرەتی لاوی و لوتکەی شاعیریەتی دابوو، ئەو شای شاعیران بوو، کوڕێکی درێژ و جوان ، ئافرەتان لەهەموو جۆرو ڕەنگێك بەسەریدا دەباریرن و بۆ ئەو کچە ئەشمیلە روسیاییەش ئاسان نەبوو ئەو هەموو ریزانە بپرێت و بکاتە ئاراگۆن و دڵی داگیر بکات. جگە لەمە ئەراگۆن تازە لەچیرۆکێکی گەورەی خۆشەویستی هاتبووە دەرێ ئەویش

لەگەڵ خانمێکی ئەمریکیدا کەناوی: نانسی کۆنار بوو. خۆشەویستی پێشووش بەئاسانی لەدڵ دەرناچێت، ماوەی دوای خۆشەویستیش لەوانەیە درێژخایەن بێت یان کورت خایەن، زۆرجاریش لەدوای خۆی ئەشتەروبرینی وا جێدەهێڵێت کە سارێژبوونی ئاسان نییە.

خۆشەویستی مەزن دەگمەنەو باجەکەشی گرانە. خۆشەویستی بەپێچەوانەی ئەوەی زۆربەمان لێیتێگەیشتووین مەسەلەیەکی ترسناکە، راستە لەسەرەتا تامی هەنگوینی هەیە، بەڵام لەوانەیە دواتر یەکجار تاڵ بێت. زۆر لە شاعیرو هونەرمەندان لەسایەی چیرۆکێکی خۆشەویستیدا ژیانیان گۆڕاوە. بەڵام ئەراگۆنی ئاسراو بەجوانی و گەنجی وبلیمەتیەکەی

ناکرێ ئاوا بەئاسانی لەگەڵ یەکەم لێداندا بکەوێت،دوارۆژی لەبەر... ئەو هەوڵیشی لەبەردەمدا زۆرن کێش دەزانێ" لەوانەشە خۆشەویستی لەشوێنێکەوە بێت کە پێی بزانین یان پێی نەزانین. لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا پێینازانین.

خۆشەویستی ئەو کاتە نایەت کەئێمە دەمانەوێت ودەیخوازین، خۆشەویستی ئەو کاتە دێت کەخۆی دەیەوێ و بەئاگایی شوێن و زەمەن و رەنگە لەشوێنێکەوبێت ئێمە نەمانەوێ، یان هەرگیز باوەڕ نەکەین. بەڵام کاتێك دێت وەکو شایەکی شەپۆلدار خۆی دەسەپێنێ و قابیل بە دەمەتەقێ و گەڕانەوە نییە.

لەو ئێوارە جوانەداو، لەیەکێك لەجوانترین قاوەخانەکانی پاریسدا کە دەکەوێتە ناوەراستی رێگای نێوان (ئەلمونبارناس)و(ئەلبۆر رۆیال) لویس ئارگۆن لەگەڵ خۆشەویستیدا لەژوان بوو، لەگەڵ گەورەترین چیرۆکی خۆشەویستی لەژیانیدا. کاتێك لەقاوەخانەکەی"لاکلوزری دی لیلا" چووە ژوورەوە ئیلیزا تریۆلێ دانیشتبوو وەك ئەوەی چاوەڕوانی ئەو بکات. بەیەکگەیشتنێك بوو لەرێگەی رێکەوت، بەبێ رێکخستن و ژوان، بەڵام بەجۆرێك دەستی پێکرد وەك ئەوەی چەندین ساڵە ئامادەباشی بۆدەکرێت. هەندێك ژوان هەن نهێنین، نایزانین و پێیان نازانین، لەدەرەوەی ویستی ئێمە دەبەسترێن و وا پێدەچێت کەزیاتر لەژوانە راستەقینەییەکان رێکخراو و ئامادەباشیان بۆکراوەبێت. بەجۆرێك دەستی قەدەر بمانەوێ یان نا بۆ ئەوێمان پەلکێش دەکا. لەم جۆرە ژوانانەش ئەم بەیەك گەیشتنەی نێوان ئەراگۆن وئیلیزایە.

ئەراگۆن کە لەگەڵ دوو هاوڕێی سوریالیستی لەو گەڕەکە خەریکی پیاسەکردن بوون، گوتی: بۆ نەچینە ژوورەوەو شتێك بخۆینەوە؟ ئیلیزاش کە بە مانەوەی لەپاریس بێزار ببوو ،هەستی بە بێ ئومێدی و بێتواناییەکی زۆردەکرد و بگرە خەریك بوو بگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ، ئەمیشیان لەژوورەکەی خۆی لەیەکێك لەهوتێلەکانی ئەلمۆنبارناس هەڵسایە سەر پێ و هەنگاوەکانی بەبێی ئاگایی خۆی گەیاندیانە ئەو قاوەخانە جوان و بەناوبانگە. دەیەویست لەوێ دڵی خۆی بداتەوەو خۆی بەتاڵ بکاتەوەو بیر لەچارەو دوارۆژی خۆی بکاتەوە.

گوتمان ئەو قاوەخانەیە بەناوبانگە، چونکە کاتێك تۆ لەسەر کورسیەکانی دادەنیشیت و سەیری مێزەکەی پێش خۆت دەکەی دەبینی ناوی گەورە شاعیرو هونەرمەندانی فەرەنسا لەسەر دارەکە هەڵکۆڵراو سیزە ڤێلین وبۆدلێر دانیشتوون ولەوێش جیرارو دۆنرڤ ، ڤیکتۆر هۆگۆ دانیشتوون.لەشوێنێکی دیکەشدا ئەندرێ بریتۆن و لویس ئاراگۆن و پۆل ئیلیوار، ئیدی ئەم قاوەخانەیە تائێستاش هەیەو دەکرێ ئەگەر بۆتکرا سەردانی بکەیت و ئەو کون و قوژبنانە بناسیتەوە کە گەورە شاعیرو نوسەرانی فەرەنسای تێدا دانیشتوون.

ئەراگۆن لەپارچە شیعرێکیدا دەربارەی ئیلیزا دەنوسێت:

"نهێنیەکی گەورەت پێدەڵێم: زەمەن تۆیت
زەمەن ژنێکە پێویستی بەپیاوێکە پیای هەڵبلێ و
گەورەی بکا.
زەمەن وەك شیعرێکی چڕی شەپۆڵدار
بێکۆتاییە
نهێنیەکی گەورەت پێدەڵێم: من لێت دەترسم
لەو شتە دەترسم کە ئێواران بەرەو پەنجەرەکانت دەبا
دەترسم لەبزاوتەکانت
لەناماژەکانت
لەو وشانەی کە ناگوترێن.

لەزەمەنی خێراو لەسەرخۆ دەترسم.
لەتۆ دەترسم
نهێنیەکی گەورەم بۆ ئاشکرا کردیت
ئیدی دەرگاکان داخە
ئاسانترە بۆ مرۆڤ بمرێت لەوەی خۆشەویستی بکات.
هەربۆیەش وامن ئەستەم دەژیم
ئەی خۆشەویستی من

سەرچاوە:

قراءة في الفكر الاوربي الحديث، هاشم صالح، 1994، ل 55

گۆرانیەك بۆ شەو!

زۆراب

ڕەنگ و بۆیەگرتنەوە مێژووەکەی دوورو درێژە. هونەرمەندان و عاشقانی هونەریی دەزانن مێژووی ئەو ڕەنگ وبۆیەی ئێستا لەبەردەستدایە چەند سەیرو سەمەرەیە. هەندێك لەهونەرمەندان ڕەنگ یان بۆیەی تایبەتی خۆیان هەبووە.ئەمەش زیاتر هونەرمەندانی وەك داڤینشی وپێشینەکان دەگرێتەوە.

تا ئەو کاتەی ڤانکوخ خولیای شەوو تاریکایی چووە ناخییەوە کەسێك، هونەرمەندێك نەبووە، توانیبێتی وەکو ئەو لەتاریکاییدا ڕەنگەکان بەکاربهێنێت. بەڵگەشمان بۆ ئەمە

تابلۆکانیەتی،بڕوانە (شەوی پڕ ئەستێرە)،(قاوەخانە لەئێوارەدا)و تابلۆکانی تری کە بەشەو بەرهەمی هێناون. دەڵێن ڤانکوخ شەپقەیەکی قامیشی یان لاسکەی لەسەردابووە، لەرووی پێشەوەی قەراغی شەپقەکە مۆمێکی داگیرساوی داناوەو بەو جۆرە ستافییلەکەی رۆشنکردۆتەوە، یان بلێین پالێتەکەی رۆشنکردۆتەوە تاوەکو بتوانێ مۆتێڤەکانی سەر خام وبۆیەکانی سەر پالێتەکەی ببینێت.

هەندێك جار وا دێتە خەیاڵم لەخۆم بپرسم تۆ بلێیت چاوی ڤان کوخ تایبەتمەندی خۆی نەبووبێت؟ ئەی چۆن توانیویتی ئەو رەنگە شەوەکیانە بەو شێوە رەسەنە ببینێت؟ یان، چۆن توانیویتی لە تاریکیدا رەنگەکانی تاریکیو شەو لەسەر خامەکەی زیندوو دووبارە بکاتەوە؟

نازانرێت چۆن بووە، ئەوەی بەڵگە نەویستە ئەوەیە ڤانکوخ کاتی زۆری بەشەو لەدەرەوە بردۆتە سەر. کێ دەڵێت هاو دەردییەکەی ڤانکوخ لەگەڵ مانگەشەوو ئەستێرەکان، هەمان هاودەردییەکەی بێکەس لەگەڵ مانگ نەبووە"؟

هەندێکجار وای بۆدەچم ڤانکوخ هێندە تەماشای ئاسمانی کردووە ئەستێرەو هەسارەکانی هەموو ناسیوون، یان تەنانەت موعجیزەکانیشی دیون. تۆبلێیت یەزدان هێندە بەزەیی پێداهاتبێتەوە موعجیزەی پیشان دابێت!؟ نازانین، ئەوەندە هەیە کە لەتابلۆی(شەوی پڕ ئەستێرە) ورد دەبمەوە دۆش دادەمێنم. ئەو جوڵەو خرۆشانەی دەبینرێت جێگەی سەرسوڕمان ولێخوردبوونەوەیە.

باپێکەوە بزانین (ئینگو ئێف ڤالتەر) چی نوسیوە، بڕوانە لاپەڕە(105_ 107)ی کتێبی ڤانکوخ کە بەندە لەسویدییەوە وەرگێڕاوە:

(لە " ئەستێرە شەو"دا، کە یەکێکە لەگرنگترین و سەیرترین کارەکانی ڤانکوخ، هەردوو جۆرە فۆرمە هێڵییەکان لەیەك وێنەدا یەك خراون، دووبارە، زیاد لەجارێك، نیگارکردنی شەو تێماو بابەتی وێنەکەیە، بەڵام لەمەیاندا لەهەل و مەرجێکی تەواو جیاوازدا ، ئەمە یەکێکە لە ئیشە دەگمەنەکان کە ڤانکوخ تیایدا لەسروشتە راستەوخۆکە لادەدات و، رەنگ و فۆرمی‌وا دادەهێنێت بۆ ئەوەی بەتەواوی بەیارمەتی خەیاڵ کەش و هەوایەکی تایبەتی"بخاتەڕوو" و

بيهێنێته پێشەوە. يارييەكى گەردوونى ، زۆر دراماتيكى لەئاسماندا روودەدات. دوو نێبو لە (تەم و مژى)ى گەورە دەرژێنە يەكەوەو، يانزە ئەستێرەى زۆر گەورە كراو بەخولگەى روناكييەكەيانەوە دەرژێنە ناو تاريكى شەوەو،مانگێكى نائاسايى رەنگ پرتەقاڵى وادەردەكەوێت ببێت بە خۆر .)

پاشان دەڵێت:

(چونكە رووداوى راستەقينەى وێنەكە لەسەر زەوى روونادات بەڵكو لە ئاسماندايە، لە تابلۆى (ئەستێرە شەودا)، (كە لەوانەيە وێنە-رونيا-يەكى ئاخر زەمانى بێت)، ڤانكۆخ هەوڵى داوە خۆى لەهەست و سۆزى بالادەست ئازاد بكات . لەهەمانكاتدا پێويستە وێنەكە وەكو هەوڵێك سەير بكرێت كە وێنە ئاسا ئارەزوو خولياى بۆ بێكۆتايەتى سروشت دەردەبرێت.)

ئيمە دەزانين ڤانكوخ قەشەبووە، ئاگادارى ئينجيل وتەورات بووە، بەلام نازانين قورئانى خوێندۆتەوە يان نا. دەشزانين لەلاى هونەرمەندانى ئەوروپا بۆنەو گێڕانەوە ئاينييەكان كراون بە تابلۆ ، نمونەشمان (دوا شێو)،(العشاء الاخير)ە. داڤينشى ، دالى و زۆر هونەرمەندى تر، هەريەكەو بەشێوەى خۆى لەرێگەى نيگارەوە تەرجەمەيان كردووە.. نازانين ئايا (شەوى پڕ ئەستێرە) تەرجەمەكردنێكى لەو جۆرەيە يان نا بەلام هەروەك (ڤاڵتەر) ژماردوونى ئەوا (يانزە ئەستێرە و مانگ كە پێدەچێت خۆريش بێت) ديارن، ئاخۆ ئەمە هەمان شت نييە كە (يوسف) بەباوكى دەڵێت و بۆى دەگێڕێتەوە!؟ بۆ ئەمە بڕوانە: الكتاب المقدس، العهد القديم،(الاصحاح السابع والثلاثون) لە (سفر التكوين)دا، ظيرس (8_9):" فقال اني قد حلمت حلما ايضا واذا الشمس والقمر واحد عشر كوكب ساجد لي. وقصه على ابيه وعلى اخوته.)

دواتر گەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین ئەوا لە (سورە یوسف)دا، ئایەتی (3) دەخوێنینەوە:" اذ قال يوسف لابيه ياابت اني رايت احد عشر كوكبا والشمس والقمر رايتهم لي ساجدين".

رانانی کتێب

ناوی کتێب: ڤان کوخ
نوسینی: ئینگۆنیف والتەر
وەرگێڕانی لەسویدییەوە:زۆراب
بۆسویدی: پیتەر گۆکسام
لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

"ناتوانم هیچ بکەم-خەتای من نییە_ کەتابلۆکانم نافرۆشێن بەڵام ڕۆژێک دێت خەڵکی بۆی دەرئەکەوێت کە لەپارەی ڕەنگەکانیان بەنرخترن".

ڤینسێت ڤانکوخ

رانانی: ڕەگەز ڕەشید

کتێبی ڤانکوخ هەڵبژاردەیەکە لەکەڤاڵ و ژیاننامەی هونەرمەندی مۆڵەندی "ڤانکوخ 1853–1890 "، کەنوسەرو وەرگێری بەڕێز و بەخشندە (زۆراب) لەبەرگێکی قەشەنگ و ڕێک و پێکدا لەزمانی سوێدییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، شایەنی گوتنە چوار کەڤاڵی ڤانکۆخ پانتایی بەرگەکەیان گرتووەو ناوەوەی کتێبەکەش (75) کەڤاڵ و(17) وێنەی

فۆتۆگراف تایبەت بەشوێن و ژیانی ڤانکۆخ شانبەشانی نوسینەکان ئەروات و نوسەر هەوڵیداوە زۆربەی کەڤاڵەکان بگەڕێنێتەوە بۆ رووداوو لایەنە ستاتیکیەکانیان بخاتەروو، شایەنی گوتنیشە لە (75) کەڤاڵەکانیش، چواریان لەناوناخنی کتێبەکە بەرەنگ ئامێزی دێنە دیتن. لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئەو نووسین و کەڤالانە یاداشت و نامەکانی ڤانکۆخ بۆ"تیو"ی برای و خوشکەکەی بەشێکی نوسینەکە داگیرئەکەن.

ناوناخنی کتێبەکە دابەش ئەبێتە سەر پێنج بەشەوە لەبەشی یەکەمەوە بەناوی(نیوەی کەشیش نیوەی هونەرمەند، سالآنی سەرەتای لە هۆڵەندا 1881-1885 ".نوسەر بەودێرانە دەست پێدەکات "ژیانە ئەو تاکە تێکشکانێکی گەورەبوو، لەهیچ کام لەو شتانە کە بۆسەردەمەکەی بایەخداربوون سەرکەوتوونەبوو، ئەیتوانی خێزان پێک بهێنێت، خۆی بژێنێت، بەلأم لە نیگارکێشاندا توانی ئامرازێك بدۆزێتەوە، ئامرازەکەی خۆی بەهۆیەوە" بتوانێت" بەرپەرچی پشێوی واقیع بداتەوە". هەرلەوبەشەدا (10) کەڤالی ڤانکۆخ بەناوو رووبەروو شوێنەوە نمایش کراون..دواییش دەچێتە سەر ئەو دڵەراوکێ و ناسۆرییانە کە لەپانتایی نامەکانیدا بۆ "تیو"ی برای و یادشتنامەکانی دەبینرێت .. کۆتایی هێنان بەو بەشە کۆتایی هێنانە بەکەشیشی و ژیانی رابردووی ، قسەکردنە لەسەر کەڤالی "ستیل لایف و کتێبی پیرۆزی کراوە" بە ئەندازەیەك دەیگەیێنێتە سەر ئەو گوزارشتانەی کە ڤانکۆخ ژیانی رابردوو جێ دەهێڵێ و بەهۆی ئەو کوتلە و بەشانە جارێکی دیکە لەسەرەتاوە دەست پێدەکات.

بەشی دووەمی ئەو کتێبەش"سالی خوێندن لەپاریس و ئەنتوێرپێن و پاریس 1885-1888" سەرەتایی دەسپێکردنی بەپەیڤێکی ڤانکوخ دستپێدەکات کە دەبێژێ" من پێم باشترە مانگی سەد فرانکم هەبێت و ئازادبم لەوەی چی لەو پارەیە بکەم، لەوەی دوسەد فرانکم هەبێ بەبێ ئەو ئازادییە" دواییش راستەوخۆ دوای ئەو پەیڤە بۆیەکەم جار لە(ئەنتوێرپێن) دەست بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەکەی دەکات، بەلأم خۆی دادەبڕێنێت لەگشت ئەو لاسایی کردنەوە میکانیکانەو بەشێوازی تاکانەی خۆی دەست دەکات بە نیگارکێشان.

ژوورێکی چۆڵ جگە لەرەنگ هیچی‌تر ناناسن، لەو کاتەشەوە نامەیەك بۆ خوشکەکەی دەنووسێ و دەڵێ(هەروەها لەدەرونیشدا، لەهەوای ئازاددا ، لەدوای شالاوی نەخۆشیەکەوە بێنده هەست بەتەنهایی دەکەم، کەئیتر ناوێرم بچمە دەرەوە).

کۆتایی هێنان بەو بەشە قسەکردنە لەسەر کەڤاڵە کۆتاییەکانی ڤانکۆخ و خستنەرووی وانامەی تەواونەکراوی ڤانکۆخ کە بۆ "تیو"ی برای نوسیبوو. تائەو کاتە خەمۆکی و نامۆیی سەرتاپای ڤانکوخ دەگرێ وئێوارەیەك لەکێڵگەیەکی چۆڵ بەدەمانچەیەك کۆتایی بەژیانی دێنێ.دوا دێرەکانی ئەم بەشە قسەکردنە لەسەر" رەنگ و هێڵ و دارشتن" لە کەڤاڵەکانی ڤانکوخدا و نوسەر گرنیان دەداتەوە بەژیان و ناسۆریەکانی هونەرمەند و هونوسێ" ئەو لەم جیهانەدا ناسۆری چەشت و لەلایەن جیهانیشەوە لەت و پەتکرا.. لەرێگای هونەردکەیەرد جیهانێکی ردنگاو رەنگی پڕ جوڵەی بزخۆ خولقاند، ئەو جیهانەش هەموو ئەو ئانیارییانەی تیابوو کە ئەو لەباری ـبوون ـدوە دەیزانی". شایەنی ئا. ـە ئەوبەشە (20 کەڤاڵ دەگرێتەخۆ. بەشی کۆتاییش لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەو کەڵە هونەرمەندەیە لەیەکەم ڕۆژی لەدایك بوونی تا ئەو کاتەی دەمرێ.. لەپاڵ ئەوەشدا وێنەی فۆتۆگراڤ(ڤانکوخ) و تیو)ی برای و کۆمەڵێك لەو شوێنانەی کەتێیدا گوزەراوە وەکو" ژووری لەدایك بوونی، ژوورەکەی خۆی، ژوورەکانی گەلەری هونەری کەڤانکۆخ تیایدا فێری کرین و فرۆشتنی ـەڤاڵی هونەری دەبێت ، خانووی قەشێیەتی لە نیونێن، ژوورەکەی لەنەخۆشخانەی هرووني ، ئەو ژوورەی کە خۆی تیایدا مردووو، دوایش هەردوو گۆڕی"تیو" و ڤانکوخ و چەندان وێنەی دیکەی تیایە".

ئەوەی جێگای باسە وەرگێڕانی ئەو کتێبە بۆ کتێبخانەی کوردی نەوەك هەر کارێکی کەم نییە،بەڵکو زۆریش پێویستە،لەلایەکی دیکەشەوە (زۆراب) ئەوە دووەم کتێبیەتی کە ـەزمانێکی تیۆرییانەی شێوەکاری وەریاندەگێڕێتەسەر زمانی کوردی کە پێشتر کتێبی یکاسۆشی بەهەمان شێوە خستەبەردیدی خوێنەرانی کورد، بەم زووانەش کتێبێکی دیکەی ـێوەکاری سەبارەت بە هونەرمەندی ئیسپانی (سیلڤادۆر دالی) کە لەسویدییەوە ردوویەتی بەکوردی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەر.

هەر لەو بەشەدا ڤانکوخ ئاشنایەتی لەگەڵ "هێنری دو تۆلۆز لۆتریك وئێمیل بێرنارد و کامیل پیسارۆ و گۆکان" پەیدا دەکات و پێشانگای خۆی لە ڕێستورانتێکی خیابانی لەگەڵ "تۆلۆز و بێرنارد و لویس ئەنکوێتلین"دەکاتەوە، بەڵام هیچ لەو کەڤاڵانە نافرۆشێن.. ئیدی لێرەوە نەفرۆشانی کەڤاڵی ڤانکوخ دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆی.

هەر لەو بەشەدا ڤانکوخ لەپاریس زۆر شت فێر دەبێت وەکو" کارکردنی ئیمپرەشونیزم لەگەڵ ڕووناکی و هەڵوەشانەوەی ڕووبەرەکان لە ستراکچەری گرافیکیداو ڕووبەرە زەخرەفییە یابانییەکان و..تاد" ئیدی بەتەواوی لەکۆتایی ئەو بەشەدا ڕوو لە ئەکادیمیەکان و میکانیکیەکان وەردەگێڕێ وئەو ڕێگایە دەگرێتەخۆ کە پێشتر پۆل سیزان پیایدا ڕۆیشتبوو.. پاشان سەفە بەرەو ئارلێ دەکات. ئەم بەشەش (12) کەڤاڵی لەخۆگرتووە.

لەبەشی سێیەمدا بەناوی" تەقینەوەی ڕەنگەکان 1888–1889" بەکەڤاڵی "دوانزە گوڵەبەڕۆژەکە لە گۆزەدا"دەستپێدەکا، کە یەکێکە لە کەڤاڵە هەرە بەناوبانگەکانی ڤانکۆخ. لەئارلێ ڤانکۆخ کێشەی (مۆدێلی) توش دێت و دەست دەکات بەدروستکردنی سروشت. دوابەدوای ئەوەش ڤانکۆخ کۆمەڵێك مۆدێلی دەست دەکەوێت و ڕەسمیان دەکێشێ. هەر لەو ساتەوە ڤانکۆخ لەگەڵ گۆکان لەژوورێکدا نیشتەجێ دەبن وەك دوو هاوڕێی شێت و نامۆ پێکەوە دەست دەکەن بەرەسمکردن، بەڵام هەردووکیان هەمیشە پێکەوەو تووڕە لەیەکدی دەژیان، بۆیەش گۆکان بڕیاردەدات جێی بێڵێ، تانێوارەیەك ڤانکوخ لەو نامۆییەدا تورەیی دەیگرێ وبەچەقۆیەك گوێچکەیەکی دەبڕێ ، دواییش لەناو زەرفێکی دەنێ و دەیبات بۆسۆزانیەك لەسۆزانیخانەیەکدا، دوای ئەوەی لەبیمارستان دێتە دەرەوە ناوی خۆی بۆنەخۆشخانەیەکی دەروونی دەنوسێ، لەکۆتایی بەشەکەشدا بۆ(سانت ڕێمی) دەگوازرێتەوە. ئەم بەشەش (28) کەڤاڵ دەگرێتەخۆ.

پێنجەم بەش بەناوی(نیگارکردن ژیانە/ سانت ریمی ونۆڤەر 1889 1890) ، بەکەڤاڵی کڵێسای ئۆڤەر دەست پێدەکات. دوا بەدوای ئەو کەڤاڵەش چەندەها نامەو قسەکردن لەسەریان دێنەپێش، لێرەشەوە تەواو نامۆیی و خەمۆکی ڤانکوخ دەستپێدەکات.تادێ نامەو کەڤاڵەکانی ڕەشبینتر دەبن.. هەر لەو بەشەدا نەخۆشی جارێکی دیکە دەیگرێ ودەیباتە

کتێبی نوێ

ئازاد بەرزنجی ،روناکبیر و وەرگێر:
کاری جوانو بەپێزو هوشیار گەرا لەنێوەندی رۆشنبیری کوردیدا

دوای وەرگێڕانی چەندین کتێبی بەپێزەەر لەرۆمانی چاوەکان وکۆمەڵە چیرۆك و چەند وێسکەیەکی فیکری و ئەدەبی و تریفەی تەنیای سوهراب و لەبارەی تورکیا و ..تاد، لەم دواییەدا کۆمەڵێك وتار وەرگێڕدراوی لە کتێبێك بەناوی (لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوادا) بەخوێنەرەکانی گەیاندن لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوادا، کۆمەڵێك وتاری فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی و راو بۆچوونی چەندین نوسەروبیریاری بێگانە لەدونیادا لەخۆدەگرێت کە لەبلاوکراوەنی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە، بەو هیوایەی کاك ئازاد بەرزنجی خوێنەرە تایبەتەکانی لە بەرهەمەکانی بێبەش نەکات و لە هەڵبژاردنی بابەت و تێز و بوارەکانی بیرکردنەوەدا بەهەما شێوەی ئێستا سەرکەوتوو بێت.

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدو دوو کتێب:

* شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، ناوی کتێبی یەکەمی نوسەرو وەرگێڕ کاك نەوزادە کە لەتوێی (200) لاپەڕەدا کەوتۆتە دەستی خوێنەران و تیایدا چەند دەقێکی شیعری کەمی(ئازاد صبحی و دانا صۆفی و دلاوەر قەرەداغی و ئەحمەدی مەلان)و چەند چیرۆکێکیش کە هی چیرۆکنووسان(رەئووف بێگەردو ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و جەلیل کاکەوەیس و جەبار جەمال غەریب و خۆرخێ لویس بۆرخێس)ن ، خوێندنەوەیان بۆکراوەو لەرووی رەخنەییەوە خراوەتە بازنەی توێژینەوەی رەخنەیی و خوێندنەوە هەنگوینیەکانی کاك نەوازد، دەقەکانیش لەپاشبەندی کتێبەکە وەك شیعرو چیرۆك بلاوکراونەتەوە. ئەم کتێبە وەك دەق و رەخنە بەشداری لە کتێبخانەی کوردی کردووە، کە لەلایەن چاپخانەی رەنج لەسلێمانی بەچاپ گەیانراوە.

* کتێبی دووەمی نەواز ئەحمەد ئەسوەد کە بەم دواییانەوە کەوتە بەردیدی خوێنەران لەژێر ناوی (بیریی رەخنەیی هاوچەرخ) بووکە کۆمەڵێك وتاری وەرگێردراوی لەخۆ گرتووە، وتارەکانیش هی بیریار و ئەدیب و شاعیرە عەرەبەکانی وەك(ئەدۆنیس و جابری و سەعید غانمی و د. محەمەد بەرادەو ئیدوارد سەعیدو د. عەلی حرب..تاد)ین جێی ئاماژەیە ئەم کتێبەی کاك نەوزاد کەوەرگێڕدراوە بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەزانرێ و ئاشانایەتیمان لە سەر بوارو بیریی رەخنەیی هاوچەرخ لەروانگەی بیریارانی عەرەب پێدەبەخشی و جێگای سود لێوەرگرتنە، ئەم کتێبە لەدووتوێی (226) لاپەڕدا دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان لەهەولێر بەچاپی گەیاندووە.

* رەنووف بيكەرد و زۆربا لەباوەشى حەزەكاندا:

يەكێك لەباشترين رۆمانەكانى () زۆربايە كە بەم دواييانە لەلايەن مامۆستاى خۆشەويست (رەنووف بيگەرد)ەوە ، بەشيرينترين شێوەى وەرگێڕان كرا بەكوردى، جيالەوەى كە كتێبخانەى كوردى پێويستى بەدەيان وەرگێڕانى لەم شێوەيە هەيە، زۆربا بەكوردى گرنگيەكى زۆرى هەبوو بەتايبەت بۆ ئەو نەوەيەى دواى راپەرين كە كەمتردەتوانن لەزمانەكانى تردەوە سود لەبوارو ژانەراكانى ترى ئەدەب و رۆشنبيرى وەربگرن، زۆربا و سەرۆك هەميشە وێنەكانى ژيان و سەراب و وێرانييەكانى گێڕانەوەيەكن كە ناكرێ پێيانەوە نەگرين و نەگرين و لێيەوە فێرنەبين ، زۆربا لەرووى زمانەوە بەپێى راپرسەكانى ئێمە وەكو (نما) بەشێوەيەكى زۆر چاك وەرگێڕدراوە، ديارە ئێمە ئەو زمان شيرينى و جوانى بەخشينەى مامۆستا رەئووفيش بەوەرگێڕانەكە، هەم بۆ ئەوە دەگێڕينەوە كە شارەزاييەكى فرەى لەزمانەكانى (فارسى و عەرەبى) هەيە كە وەك خۆى ئامارەى پێداوە لەهەردوو دەقەكە سودى وەرگرتووە بۆ بەكوردى كردنى، هەم بۆ ئەو ئەزموونە دووروو درێژەى كە مامۆستا لەبوارى چيرۆك نووسيدا هەيەتى و شيرين زمانى كردووە.

*** (ديموكراسيەت .. جياوازى و پێكەوە ژيان)

ناوى شەشەمين كتێبى سەنتەرى نمايە كە بەم دواييانە وەك كۆمەڵێك وتارى نووسين و وەرگێڕدراو لەدوو توێى (203) لاپەرەدا، كەوتە بەردیدەى خوێنەران كە لەنوسين و وەرگێڕانى (ئيسماعيل كوردە) بوو.